ئەو کتێبەی زیاتر لە دوو ملیۆن دانەی لێ فرۆشراوە.

نهێنی سەرکەوتنی گەلانی شارستانییە دێرینەکان.

بەهێزترین کتێبی هاندان لە بواری دارایی و سامان دا.

# دەوڵەمەندترین


# پیاوی بابل

GEORGE S.CLASON

جۆرج کلاسۆن

وەرگێڕانی

ئیبراهیم بەهائوددین



Scanned by CamScanner




Scanned by CamScanner

ئەو کتێبەی زیاتر لە دوو ملیۆن دانەی لێ فرۆشراوە.
نهێنی سەرکەوتنی گەلانی شارستانییە دێرینەکان.
بەهێزترین کتێبی هاندان لە بواری دارایی و سامان دا.

# دەوڵەمەندترین

# پیاوی بابل

جۆرج کلاسۆن

وەرگێڕانی
ئیبراهیم بەهائوددین

چاپی یەکەم
٢٠١٨

Scanned by CamScanner

لە بڵاوکراوەکانی خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما

زنجیرە ٢٥٦

## ناسنامەی کتێب

# دەوڵەمەندترین پیاوی بابل

- نووسینی: جۆرج کلاسۆن
- وەرگێڕانی: ئیبراهیم بەهائودەین
- نەخشەسازی و بەرگ: فواد کەوڵۆسی
- نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم
- ساڵی چاپ: ٢٠١٨
- شوێنی چاپ: چاپخانەی گەنج
- تیراژ: ١٠٠٠

---

ناونیشان

سلێمانی — سابوونکەران — نێوان گەراجی عوسمانی تەمین و شوقەکانی تەکیە ڕووتە. ژمارەی مۆبایل: (٠٧٧٠١٥٧٤٢٩٣) (٠٧٥٠١١٩١٨٤٧)

Scanned by CamScanner

# ناوەڕۆك

پێشەکی وەرگێڕ ........................................................................ ٧
ئەو پیاوەی ........................................................................ ٩
خەونی بە دەوڵەمەندی یەوە دەبینی ........................................................................ ٩
دەوڵەمەندترین پیاوی بابل ........................................................................ ٢٠
حەوت ڕێگا، بۆ زاڵبوون بەسەر کیسە بەتاڵەکان ........................................................................ ٣٩
چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ دەرفەتەکان ........................................................................ ٧٢
ئەو پێنج یاسایەی ........................................................................ ٩٠
مامەڵەکردن لەگەڵ دراودا ڕێکدەخەن ........................................................................ ٩٠
بازرگانی گەوهەرەکان لە بابل ........................................................................ ١١٢
شوورەکانی بابل ........................................................................ ١٣٧
بازرگانی ووشترەکان لە بابل ........................................................................ ١٤٤
تابلۆ قوڕینەکانی بابل ........................................................................ ١٦٣
ئەو پیاوەی لە بابل، باشترین بەختی هەبوو ........................................................................ ١٨٣
پوختەیەك دەربارەی شاری بابل ........................................................................ ٢١٣



Scanned by CamScanner

( ئاخۆ دەبێت کتێبێك لە بیستەکانی سەدەی ڕابردوو نوسرابێتەوە، سەبارەت بە داهاتە داراییەکان چی پێشکەش بە وەبەرهێنەرەکانی ئەو سەردەمە بکات؟

بێ گومان زۆر پێشکەش دەکات. لەبەر ئەوەی ئەو کتێبە لە کۆمەڵێك بەسەرهات و چیرۆك پێکهاتووە کە لەلایەن (جۆرج کلارسۆن) نوسراونەتەوە و تیایاندا بنەما سەرەکییە داراییەکان دەخاتە ڕوو. بەڕاستی ئەو کتێبە، دیارییەکی ناوازەیە بۆ هەموو کەسێك، بۆ ئەوەی لە بواری ئابووریدا شارەزایی پەیدا بکات.

**(لۆس ئەنجلۆس تایمز).**

ئەوە داهاتووی تۆیە لەبەردەمت ڕاخراوە، بەچەشنی ڕێگایەك بەرەو زەوی یەکی فراوان. هەست دەکەیت بەدرێژایی ئەو ڕێگەیە بە ئاواتی ئەوەیت چەندین هیوا بەدی بێنیت و چەندین ئارەزوو تێر بکەیت.

بۆ ئەوەی ئەو هیواو ئارەزووانەت بەدی بێنیت، پێویستە لەمامەڵەکردن لە گەڵ ساماندا سەرکەوتوو بیت. ئەو بنەمایانە بەکار بێنە کە لە لاپەڕەکانی داهاتوودا باسکراوون. ڕێگە بۆ ئەو بنەمایانە خۆش بکە تاکو لە گیرفانە بەتاڵەکان ڕزگارت بکەن، و بەرەو ئەو ژیانە پڕ لە پیت و کامەرانییە ئاڕاستەت بکەن، کە گیرفانە پڕەکان لەتوانایاندا هەیە بەدی بهێنن.

یاساکانی سامان و دارایی، یاساگەلی جیهانین و بەهەمان شێوەی یاسای کێشکردنی زەوی نەگۆڕ و جێگیرن. هیوادارم ئەو یاسایانە، بیرکردنەوەیەکی جێگیر لای تۆ دروست بکەن، بۆ ئەوەی گیرفانێکی پڕت بۆ مسۆگەر بکەن و لەڕووی داراییەوە بەرەو پێشەوە هەنگاو بنێیت.



Scanned by CamScanner

سامان، پێوەری سەرکەوتنە لە ژیانی دونیا.

سامان، هۆکارێکە بۆ ئەوەی زیاتر چێژ لە بەخششەکانی ژیان وەربگرین.

سامان، لای ئەو کەسانە زۆرە، کە لە یاسا سادەکانی بەدەستهێنانی سامان تێگەیشتوون.

ئەو یاسایانەی ئەمڕۆ دارایی و سامان ڕێکدەخەن، هەمان ئەو یاسایانەن کە بەر لە شەش هەزار ساڵ هەبوون. ئەوکاتەی شەقامەکانی بابل پڕبوون لە کەسانی زەنگین.

## سەیرکە،

## سامان لای ئەو کەسانە زۆرە، کە لە یاسا سادەکانی بەدەستهێنانی سامان تێگەیشتوون.

١- لە پاشەکەوتکردن دەست بەکاربە.

٢- خەرجییەکانت سنووردار بکە.

٣- هەوڵی زیادکردنی سامانت بدە.

٤- پارێزگاری لە سامانت بکە.

٥- شوێنی نیشتەجێبوونت، لە پڕۆژەیەکی وەبەرهێناندا بەکاربێنە.

٦- داهاتێکی جێگیر بۆ دواڕۆژی خۆت، مسۆگەر بکە.

٧- توانای دەستکەوتە داراییەکانت زیاتر بکە.

(دەوڵەمەندترین پیاوی بابل)



Scanned by CamScanner

# پێشەکی وەرگێڕ

توانای دارایی، بنەمای سەرەکی دابینکردنی پێویستی یەکانی مرۆڤ و جێبەجێکردنی ئارەزووەکانییەتی. جا لەبەر ئەوەی زۆر جار پێویستییە ڕاستەقینەکانی مرۆڤ، لەگەڵ ئارەزووەکانی تێکەڵ بەیەکتر دەبن و سنووری نێوانیان کاڵ دەبێتەوە، و لەبەر ئەوەی حەز و ئارەزووەکانی مرۆڤ هەمیشە لەهەڵکشاندان و هەرچەند زیاتر بەدیهێنانی ئەو ئارەزووانەی بۆ بڕەخسێت کە هەیەتی، ئارەزووی تازە دەخوازێت و هەوڵی بۆ دەدات، بۆیە هەمیشە بنمیچی داواکاری یەکانی مرۆڤ لەسەرووی توانا دارایی یەکانی بووە. بەو شێوەیە، ئەگەر پلانێك بۆ خەرجی یەکان دانەنێت، هەردەم لەهەڵکشاندا دەبن و ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی هیچ کات فریای خەرجی یەکانی نەکەوێت. لەسەردەمی ئێستادا، بازاڕسازی بەجۆرێك پەرەی سەندووە کە سەرمایەدارەکان لەسەر ئاستی تاك و لەسەر ئاستی وڵاتە زلهێزەکان چەندین هۆکاریان لەبەر دەستدایە بۆ ئەوەی بنمیچی داواکاری مرۆڤەکان و تەنانەت وڵاتەکانیش، بەرزتر بکەنەوە تاوەکو کاڵاکانیان پێ بفرۆشن و گیرفانەکانیان بەتاڵ بکەن. ***هەمیشە وتراوە: "پێویستبوون، هۆکاری هاتنەکایەی داهێنانەکانە". بەڵام لەم سەردەمەی ئێمەدا، تەکنەلۆژیا و پێشکەوتنی زانستی لە خزمەتی ئەوەدایە کە داهێنان بکات بۆ ئەوەی پێویستییەك و داواکارییەکی تر بۆ مرۆڤەکان بێنێتە کایەوە، وکڕیار و بازاڕێك بۆ سەرمایەدارەکان بێنێتە کایەوە. بۆیە لە ئێستادا ئەوە ڕاسترە کە بڵێین: "داهێنان هۆکاری هاتنەکایەی پێویست بوونە".***

جا ئەگەر هەر تاکێکی مرۆڤەکان بەپێ ی پلانێکی تۆکمە و جێگیر مامەڵە لەگەڵ بابەتە دارایی یەکان و داهات و خەرجی یەکانی نەکات، هەمیشە لەقەیران و قەرزاری

پشت بە پلەی یەکەم هەر وولاتێکیش، پێشکەوتنی هەر وولاتێکیش، بە پلەی یەکەم پشت دەژیت. پێشکەوتنی هەر وولاتێکیش، بە پلەی یەکەم پشت

و سەرگەردانی و هەژاریدا دەژیت. پێشکەوتنی هەر وولاتێکیش، بە پلەی یەکەم پشت
بە گەشەسەندنی دارایی هەر تاکێکی وولاتەکە دەبەستێت.

ئەم کتێبە، لەگەڵ سەرکەوتنە کەسی یەکانی هەر تاکێك لە ئێمە، مامەڵە دەکات.
سەرکەوتنیش مانای ئەو دەسکەوتانە دەگەیەنێت کە لە ئەنجامی هەوڵ و تواناکانی
ئێمەوە بەدی هاتوون. ئامادەکاریی گونجاو، بنەمای سەرکەوتنە. کردارەکانمان،
تەنیا بە دانایی و بیرکردنەوەی ئێمە، سەرکەوتوو دەبن. بیرکردنەوەی ئێمەش، تەنیا
بە تێگەیشتنمان لە بابەتەکان سەرکەوتوو دەبێت.

ئەو کتێبە، کە چەند ڕێگەچارەیەك دەخاتەڕوو بۆ ئەوەی خۆمان لە گیرفانی
بەتاڵ بەدوور بگرین، ڕێبەرێکە بۆ تێگەیشتن لە بابەتە دارایی یەکان. ئامانجی ئەوەیە
دیدگایەکی ڕوون و ئاشکرا پێشکەش بەو کەسانە بکات کە بۆ سەرکەوتنێکی دارایی
تێدەکۆشن. یارمەتیان دەدات بۆ ئەوەی سامان بەیەکەوە بنێن، و پارێزگاری لێ
بکەن، و گەشە بە پاشەکەوتەکانیان بدەن، بۆ ئەوەی سامانی زیاتر کۆبکەنەوە.

لە لاپەڕەکانی ئەو کتێبەدا، بۆ سەردەمە دێرینەکان دەگەڕێینەوە. دەچینەوە
شاری بابل. ئەو شارەی کە بە بێشکەی هەڵقوڵانی بنەما سەرەکی یەکانی
کۆکردنەوەی سامان ناسراوە. ئەو بنەمایانەی تا ئێستاش لەسەرانسەری جیهاندا
کاریان پێدەکرێت و پەیڕەو دەکرێن.

نووسەری ئەو کتێبە، هیوا دەخوازێت خوێنەرەکانی ئەمڕۆش لە دووتوێ ی
لاپەڕەکانی ئەو کتێبەدا هەمان ئەو هاندەرە بدۆزنەوە، بۆ ئەوەی گەشە بە دارایی و
سامانەکانیان بدەن، و سەرکەوتنی دارایی مەزن بەدەست بێنن، و چارەسەر بۆ کێشە
دارایی یەکانیان بدۆزنەوە. ئەو کێشە و گرفتانەی لەسەرتاسەری جیهان مرۆڤەکان
باسیان دەکەن.

ئیبراهیم بەهائوددین

گوندی خەتێ

نیسانی ٢٠١٨

# ئەو پیاوەی
# خەونی بە دەوڵەمەندی یەوە دەبینی

(بانسەر)– ئەو پیاوەی وەستای دروستکردنی گالیسکەکان بوو لە شاری بابل– بەتەواوی نائومێد بوو بوو. لەسەر شوورە نزمەکەی دەوری ماڵەکەیان دادەنیشت، و بەنائومێدی یەوە سەیری خانووە بچووکەکەی و حەوشەکەی دەکرد، کە گالیسکەیەکی نیوەچڵ لەناوەڕاستەکەی دانرابوو.

هەمیشە هاوسەرەکەی لەبەر دەرگای ژوورەکەی دەوەستا بۆ ئەوەی بە نیگایەکانی بە (بانسەر) بڵێت: ماڵەکەیان خواردنی تێدا نی یە، و دەبوایە ئێستا خەریکی تەواوکردنی گالیسکەکە بێت و تایەی گالیسکەکە بە پێستە داپۆشێت و بەشەکانی تر بڕازێنێتەوە و بۆیەی بکات، بۆ ئەوەی ڕادەستی کڕیارە زەنگینەکەی بکات و دراویان دەسکەوێت.

بەڵام سەرەڕای ئەو نیگایانە، (بانسەر) بە جەستە زەبەلاحە بەهێزەکەیەوە، بەبێدەنگی لەسەر شوورەی نزمی ماڵەکەی دادەنیشت. بە ئارامی بیری لەو کێشەیە دەکردەوە کە تا ئێستا چارەیەکی بۆ نەدۆزیوەتەوە. تیشکی گەرمی خۆر–کە ئەو دۆڵەی پێ دەناسرێتەوە لەکەنار ڕوباری فوراتدا– بێ بەزەییانە جەستەی دەسوتاند و تك تك



Scanned by CamScanner

ئارەقە بەنێوچەوانیدا دەهاتەخوار و بەسەر سینگی تووکنیدا شۆڕدەبووەوە.
لە پشتەوەی ماڵی (بۆنسەر)، شووره ڕازاوەکانی چواردەوری قەڵای پاشا، بە ئاسماندا بەرز دەبوونەوە. ماڵە بچووکەکەی (بۆنسەر) و زۆربەی خانووەکانی تر لەژێر سێبەری شکۆداری ئەو قەڵایەدابوون. سروشتی بابل بەو جۆرە بوو. تێکەڵەیەك لە شکۆمەندی و هەژاری. لەناو ئەو شوورە بەرزەی کە دەوری شاری بابلی دابوو، زەنگینی یەکی بێ سنوور و هەژاریی یەکی پڕ لە ئازار، بەبێ بەرنامە و پلان تێکەڵ بەیەکتر بووبوون.
ئەگەر (بانسەر) سەیری دواوەی خۆی بکردایە، گالیسکەی زەنگینەکانی ئەو شارەی دەبینی کە لەسەر ڕێگاکە دەنگ و ژاوەژاویان دروست دەکرد. هەروەها ئەو بازرگانانەی دەبینی کە پێڵاویان لەبەردابوو، لەپاڵ ئەو سواڵکەرانەی بەپێ ی پەتی بەڕێدا دەڕۆیشتن.
تەنانەت زەنگینەکانیش ڕێگاکەیان چۆڵ دەکرد بۆ ئەو کۆیلانەی بەدوای یەکەوە ڕیزیان بەستبوو هەریەکەیان کوندەیەکی پڕ لە ئاوی بەشانەوەبوو کە لەپێستی مەڕ دروست کرابوو، بەرەو کۆشکەکان دەڕۆیشتن بۆ ئەوەی باخە هەڵواسراوەکان ئاوبدەن.
(بانسەر) بەڕادەیەك لەچاڵی بیرکردنەوەدا نقووم بووبوو، لەو هەموو ژاوەژاوو چالاکی یەی شارەکەی بێ ئاگابوو. لەناکاو دەنگی گیتار، لەزیندەخەوەکانی خەبەری کردەوە و سەیری دواوەی خۆی کرد، ڕوخسارێکی نەرم و نیان و بەخەندەی بینی. خۆشەویستترینی هاوڕێکانی بوو کە ناوی (کووبی) بوو.

(کوویی)، بە سڵاوێکی گەورە دەستپێکرد ووتی: " هاوڕێ خۆشەویستەکەم، هیوادارم ژیانێکی خۆش و دڵگیرت هەبێت، هەرچەندە وادیارە زۆر کامەرانیت تا ئەو ئاستەی پێویستت بەوە نەماوە کاربکەیت. من خۆشحاڵم بەو بەختەوەری یەی تۆ. لەوەش زیاتر هیوا دەخوازم لەو بەختەوەری یەی خۆت بێ بەشم نەکەیت و بمکەیت بە هاوبەشی خۆت. تکایە دوو (شیکل) لە کیسەی دراوەکانت دەربێنە و بەقەرز بیدە بەمن، کە وادیارە کیسەکەت زۆری تێدایە. لەدوای جەژنی خانەدانان، بەزووترین کات بۆت دەگەڕێنمەوە.

(بانسەر) بەنائومێدی یەوە وەڵامی دایەوە: "ئەگەر خاوەنی دوو شیکل بوومایە، بەقەرز بەهیچ کەسێکم نەدەدان، تەنانەت ئەگەر خۆشەویستترین هاوڕێشم بوایە. لەبەر ئەوەی ئەو کاتە، ئەو دوو شیکلە هەموو سامانی من دەبوو. وابزانم هیچ کەس ئامادە نی یە تەواوی سامانی خۆی ببەخشێت، تەنانەت ئەگەر بۆ خۆشەویستترین کەسیش بێت"

(کوویی) زۆر بەسەرسامی یەوە ووتی: "چی!، تۆ لە کیسەی دراوەکانی خۆتدا تەنانەت یەك شیکلیشت نی یە، سەرەڕای ئەوەش چەشنی پەیکەرێك لەسەر شوورەی ماڵەکە دانیشتوویت؟! کەواتە بۆچی ئەو گالیسکەیە تەواو ناکەیت؟ ڕێگەی تر چی یە بۆ ئەوەی ووزگی هەمیشە برسیت تێر بکەیت؟ بەڕاستی ئەو ڕەفتارە لەتۆ چاوەڕوان ناکرێت. مەگەر ئەو هەموو هێز و توانایەی تۆ چی بەسەر هات؟ شتێك هەیە نیگەرانی کردوویت؟ گرفتێکت هاتۆتە پێش؟"



Scanned by CamScanner

(بانسەر) وەڵامی دایەوە ووتی: "وەك ئەوەیە سزایەك یان ئەشکەنجەیەك بەسەرمدا سەپێنرابێت، بابەتەکە بە خەونێك دەستی پێکرد-خەونێکی بێ مانا-تیایدا بینیم کەسێکی زەنگینم. کیسەیەکی پڕ لە دراوی کانزایی، بە پشتێندەکەمدا هاتبووە خوار، بێباکانە بە جوانی سوالکەرەکانم دەبەخشی. بە دراوە زیوی یەکان، هەرچی گەوهەر و خشڵی جوان بوو بۆ هاوسەرەکەم دەکڕین. ئارەزووی هەرچی یەکم هەبوایە بەدەستم دەهێنا. جگە لەوەش، بەهۆی دراوە زێڕەکانم، دوارۆژم مسۆگەربوو. مەترسیم لە خەرجکردنی دراوە زیوی یەکان نەبوو. هەستێکی دڵنیایی زۆر خۆشم هەبوو! ئەگەر تۆ ئەوکات منت بدیبایە، هەستت نەدەکرد هەمان هاوڕێ زەحمەتکێشەکەی تۆ بم. تەنانەت هاوسەرەکەی منیشت نەدەناسی یەوە، لەبەر ئەوەی هیچ چرچ و لۆچێك بە ڕوخساری یەوە نەمابوو. ڕووخۆش و دەم بەخەندەبوو. ئەو ئافرەتە بوو کە لەسەرەتای هاوسەرگیریمان پێ ی ئاشنابووم".

(کووبی) ووتی: " ئای کە خەونێکی چەند خۆشە، بەڵام بۆچی ئەو هەستە خۆشانە دەبنە هۆی ئەوەی تۆ بەو خەمۆکی و نائومێدی یەوە لەسەر شوورەی ماڵەکەت دابنیشیت؟"

(بانسەر) ووتی: "بەڕاستی ئەو پرسیارە لە من دەکەیت؟ بێ گومان لەبەر ئەوەی کاتێك خەبەرم بووەوە و هاتەوە یادم کە کیسەکەم هیچ دراوی تێدا نی یە، زۆر نیگەران بووم. با بەیەکەوە گفتوگۆ لەسەر ئەو بابەتە بکەین.



Scanned by CamScanner

هەروەك دەرياوانەكان دەڵێن ئێمە هەردوكمان، لەناو يەك بەلەمداين. كاتێك منداڵ بووين، لای مامۆستاكان فێری زانست و زانياری بووين. دوای ئەوەی گەورەتر بووين، هاوبەشی خۆشی يەكانی يەكتر بووين. ئينجا دوای ئەوەی تەواو پێگەيشتين، هەميشە هاورِێ ی نزيكی يەكتر بووين. بە بەشی خۆمان رِازی بووين و نيگەران نەبووين لەوەی كە ئەو هەموو كاتژمێرە كارمان دەكرد، و بێباكانە دراوەكانمان خەرج دەكرد. لە ساڵانی رِابردوودا برِێكی زۆر پارەمان دەسكەووت. بەڵام ئێستا دەبێت خەوون بەو ساتانەوە ببينين، بۆ ئەوەی هەست بە كامەرانی زەنگينی يەوە بكەين.

ئای خودايە ! مەگەر ئێمە لەگەڵ مەرِە بەستەزمانەكاندا جياوازيمان چی يە؟ ئێمە لە دەوڵەمەندترين شاری جيهاندا دەژين. تەنانەت گەرِيدەكانيش دەڵێن: لە جيهاندا هيچ شارێك لەو شارە زەنگينتر نی يە. ئەو شارە بۆ ئێمە مانای دەوڵەمەندی دەبەخشێت، بەڵام ئێمە لەناويدا هيچ بەهايەكمان نی يە. ئينجا دوای تێپەرِبوونی نيوەی تەمەنمان لەكار و زەحمەتيدا، ئێستا بە كيسەيەكی بەتاڵەوە هاتووی، داوای قەرزێكی بچووك لە من دەكەيت. داوای دوو تاكە شيكل لە من دەكەی بۆ ئاهەنگی خانەدانەكان. ئێستا بە چی وەڵامی تۆ بدەمەوە؟ پێت بڵێم: ئەوە كيسەكەی من، ئەو دراوانەی تێيدايە بەيەكەوە و بە دڵخۆشی دابەشی دەكەين؟ نەخێر.. من دان بەوەدا دەنێم كە كيسەكەی من وەك كيسەكەی تۆ بەتاڵ نی يە. بەڵام مەسەلە چی يە؟ لەبەرچی ناتوانين وەك پێويست زێرِ و زيو بەدەست بێنين، بۆ ئەوەی بەتێری نان بخۆين و وەك پێويست پۆشاك لەبەر بكەين؟".



Scanned by CamScanner

له ووته‌كانی به‌رده‌وام بوو ووتی: "ئینجا بیر له مناڵه‌كانمان بكه‌وه. مه‌گه‌ر له‌سه‌ر رێبازی باوانیان نارۆن؟ ئاخۆ ئه‌وانیش ناچار ده‌بن خۆیان و خانه‌واده و مناڵه‌كانیان، به‌درێژایی ژیانیان له كۆمه‌ڵگه‌یه‌كدا بژین كه پڕ له زێڕو گه‌وهه‌ره، سه‌ره‌ڕای ئه‌وه‌ش، خۆمان ئاسا به خواردنی شیری بزن و هه‌ویره به‌رۆن ڕازی بن؟!".

(كوبی) به سه‌رسامی یه‌وه وه‌ڵامی دایه‌وه ووتی: "من به‌درێژایی ژیانی هاوڕێ یه‌تیمان نه‌مبینیوه تۆ به‌و شێوازه بدوێیت!"

(بانسه‌ر) ووتی: "له‌به‌ر ئه‌وه‌ی به‌درێژایی ئه‌و ساڵانه، به‌و شێوه‌یه بیرم نه‌كردۆته‌وه. من له‌به‌یانی یه‌وه تا دره‌نگانی شه‌و له‌و كه‌لاوه‌یه كارده‌كه‌م و ئه‌و گالیسكه ناوازانه دروست ده‌كه‌م كه هیچ مرۆڤێكی تر له‌تواناید‌ا نی یه دروستیان بكات. له‌كانگای دڵمه‌وه هیوا ده‌خوازم ڕۆژێك بێت و ئه‌و پیشه‌یه‌م به‌رز بنرخێنن و به‌هۆیه‌وه ده‌وڵه‌مه‌ند بم و ببمه خاوه‌نی زه‌وی مه‌ڕو ماڵات. جل و به‌رگی جوان بپۆشم و كیسه‌كه‌م پڕ له دراو بكه‌م. من ئاماده‌م به‌هه‌موو توانا جه‌سته‌یی و عه‌قڵی یه‌كانمه‌وه كاربكه‌م بۆ ئه‌وه‌ی به‌و ئاواته بگه‌م. به‌ڵام هیوا ده‌خوازم دادپه‌روه‌رانه هه‌ڵسه‌نگاندن بۆ كاره‌كانم بكرێت.

مه‌سه‌له چی یه؟! بۆچی ناتوانین شایسته‌ی خۆمان له‌و شتگه‌له باشانه به‌ده‌ست بێنین كه زه‌نگینه‌كان به گه‌وهه‌ر و زێڕه‌كانیان به‌ده‌ستی دێنن؟".

كوبی وه‌ڵامی دایه‌وه ووتی: "پێت وایه وه‌ڵامی ئه‌مانه لای منه؟ منیش وه‌ك تۆ نیگه‌رانی ئه‌و دۆخه‌م. له‌به‌ر ئه‌وه‌ی هه‌موو ئه‌و پاره‌یه‌ی له



Scanned by CamScanner

ژەنینی گیتارەکەمدا بەدەستی دێنم، بەخێرایی خەرجی دەکەم. بەزۆری ناچار دەبم قەرز وەر بگرم بۆ ئەوەی ئەندامانی خانەوادەکەم برسی نەبن. من زۆر تامەزرۆی ئەوەم گیتارێکی گەورە بەدەست بێنم، بۆ ئەوەی بتوانم ئەو ئاوازانە بژەنم کە تا ئێستا خودی پاشا نەیبیستوون، بەڵام لەتوانامدا نی یە".

(بۆنسەر) ووتی: " پێویستە تۆ ئەو گیتارە گەورەیە بەدەست بێنیت، لەبەر ئەوەی هیچ کەسێکی تر لە شاری بابل لەتوانایدا نی یە بەو کارامەیی یە گیتار بژەنێت. نەوەك تەنیا پاشا، بەڵکو تەواوی خەڵکی شار پیێ ی دڵخۆش دەبن. بەڵام چۆن دەتوانیت ئەو پارەیە بەدەست بێنیت کە بۆ کرینی ئەو گیتارە پێویستە، لەکاتێکدا من و تۆ بە هاوشێوەی کۆیلەکانی پاشا، هەژار و نەدارین؟ گویێ لەدەنگی زەنگوڵەکە بگرە! خەریکە لێمان نزیك دەبنەوە" ئینجا ئاماژەی بۆ کۆیلەکان کرد کە بەدوای یەکەوە بە ڕێگادا ڕیزیان بەستبوو، و هەریەکێکیان کوندەیەکی گەورەی پڕ لە پاشەڕۆی لەسەر پشت بوو، بۆ دەرەوەی شاریان دەبرد.

(کوبی) ئاماژەی بۆ هەڵگری زەنگوڵەکە کرد، کە لە پێشەوەی ڕیزەکە دەڕۆیشت و هیچی لەسەر شان نەبوو، ووتی: "ئەو پیاوەی لە پێشەوە ڕێبەری یان دەکات جەستەیەکی زۆر جوان و بەهێزی هەیە. دیارە کە پێگەیەکی گەورەی لەو شارەدا هەیە".

(بانسەر) وەڵامی دایەوە ووتی: "لەو ڕیزەدا پیاوی بەهێزی زۆری وەك ئێمەی تیایە. پیاوی باڵابەرز و قژ زەرد کە لە باکوورەوە هاتوون، پیاوی ڕەشپێست کە لە باشوورەوە هاتوون هەندێکی تریشیان ڕەنگ ئەسمەرن



Scanned by CamScanner

و له وولاتانی دراوسیّ هاتوون. هەموویان لەنێوان باخە هەڵواسراوەکان و ڕووبارەکەدا، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ و ساڵ لەدوای ساڵ دێن و دەچن. هیچ کامەرانی یەك بە ڕوخساریانەوە دیار نی یە. لەسەر پووش و گیا دەخەوون، و هەویرە بەڕێن دەخۆن. بەڕاستی ئەوانە مایەی بەزەیی پیا هاتنەوەن، کوبی!".

(کوبی) ووتی: " منیش بەزەییم بەحاڵیاندا دێتەوە، بەڵام سەرەڕای ئەوەی ناومان لەخۆمان ناوە مرۆڤی ئازاد، پێم وایە حاڵی ئێمەش لە حاڵی ئەوان باشتر نی یە".

(بانسەر) ووتی: " ئەوە ڕاستی یەکەیە کوبی. هەرچەندە هەستێکی ناخەزە، بەڵام ئەوە ڕاستی یەکەیە. ئێمە ژیانێکی هاوشێوەی کۆیلەکان دەژین. کاردەکەین و کاردەکەین و کاردەکەین! بێ ئەوەی هیچ دەسکەوتێکمان هەبێت".

(کوبی) ووتی: " باشە ناکرێت بزانین ئەو زەنگینانە چی دەکەن بۆ ئەوەی زێڕ و سامانیان دەسکەوێت، تاوەکو ئێمەش وەك ئەوان ڕەفتار بکەین؟".

(بانسەر) لەدوای بیرکردنەوەیەکی قووڵ ووتی: " لەوانەیە چەند نهێنی یەك هەبێت و بتوانین لەکەسانی شارەزا داوا بکەین فێرمان بکات".

(کوبی) ووتی: " ئەمڕۆ هاوڕێ یەکی دێرینم بینی یەوە ناوی (ئەرکاد)ە. سواری گالیسکە زێڕینەکەی بووبوو. پێویستە باسی ئەوە بکەم کە وەك زەنگینەکان ڕووی خۆی لە من وەرنەگێڕا، بەڵکو لەجیاتی



Scanned by CamScanner

ئەوە دەستی بەرزکردەوە و هەموو ئەوانەی لەوێ بوون بینیان چۆن سڵاووم لێ دەکات و بەڕوومدا پێدەکەنێت".

(بانسەر) ووتی: " دەڵێن ئەو پیاوە دەوڵەمەندترین پیاوی شاری بابله".

(کوبی) ووتی: "زۆر دەوڵەمەندە. تەنانەت باس لەوە دەکەن کە پاشا داوای لێ کردووە لەکاروباری گەنجینەدا یارمەتی بدات!".

(بانسەر) ووتی: " زۆر دەوڵەمەند و هەبوونە، لەوە دەترسم ئەگەر لە تاریکایی شەودا بیبینم بێ دەستی خۆم کیسە پڕ لە دراوەکەی بدزم".

(کوبی) ووتی: "سامانی پیاوە دەوڵەمەندەکان لە کیسەکانیاندا نی یە. لەبەر ئەوەی کیسە پڕ لە دراوەکان بەخێرایی بەتاڵ دەبنەوە، ئەگەر خاوەنەکەی سەرچاوەیەکی دارایی بەردەوامی نەبێت بۆ ئەوەی کیسەکەی بۆ پڕ بکاتەوە. (ئەرکاد) سەرچاوەیەکی دارایی هەیە کە بۆتە هۆی ئەوەی خەرجی یەکانی هەرچەند بیبێت، کیسەکەی هەر بە پڕی دەمێنێتەوە".

(بانسەر) هاواری کرد: " سەرچاوەی دارایی! ئەوەیە من بەدوایدا دەگەڕێم. من بە ئاواتی ئەوەم سەرچاوەیەکی دارابیم هەبێت کە هەرچەند لەسەر شوورەیماڵەکەم دابنیشم، یان بۆ وولاتە دوورەکان گەشت بکەم، کیسەکەم هەر بە پڕی بمێنێتەوە. بێ گومان (ئەرکاد) دەزانێت چۆن مرۆڤ سەرچاوەیەکی دارایی جێگیر بۆخۆی دابین بکات. پێت وایە بتوانێت ئەو بابەتە بۆ کەسێکی بیرکۆڵی وەك من شی بکاتەوە؟"

(کوبی) ووتی: "پێم وابێت ئەو زانیاری یەی بە (نوماسیر)ی کوڕی خۆی داوە. هەروەك دەووترێت ئەو کوڕەی چۆتە شاری (نینیفی) بێ

ئەوەی هیچ یارمەتی یەك لەباوکی وەربگرێت. ئێستاش بۆتە دەوڵەمەندترین پیاوی شارەکە!".

(بانسەر) گەشایەوە ووتی: " تۆ بیرۆکەیەکی نایابت بەمن بەخشی کوبی. هیچ زیانی نی یە ئەگەر داوای ئامۆژگاری لە هاوڕێ یەکی وەك (ئارکاد) بکەین. هەمیشە هاوڕێ یەکی باش بووە بۆ ئێمە. با واز لەوە بێنین کە ساڵێك زیاترە کیسەکانمان دراوی تێدا نی یە. ئەو بابەتە ئێمە ناوەستێنێت. ئەوەی نیگەرانمان دەکات ئەوەیە کە لەو شارە زەنگینەدا، و لەو هەبوونەی دەورووبەرمان، خاوەنی هیچ زێڕ و گەوهەرێك نین. هیوامان وایە دەوڵەمەند بین. وەرە با بەیەکەوە بچینە لای (ئارکاد) و پرسیاری لێ بکەین، چۆن ئێمەش دەتوانین سەرچاوەیەکی دارایی جێگیر بەدەست بێنین".

(کوبی) ووتی: " هاندەرێکی ڕاستەقینە لەناخی تۆدا بەدی دەکەم. تەنانەت تێگەیشتنێکی تازەت بۆ من دروست کرد. ئێستا دەزانم هۆکاری هەژاری ئێمە چی یە. ئێمە هیچ کات هەوڵی ئەوەمان نەداوە زەنگین بین. تۆ بە ئارامی و ماندووبوونێکی زۆرەوە کارت دەکرد و بەهێزترین گالیسکەکانی شاری بابلت دروست دەکرد. هەموو هەوڵەکانت بۆ ئەوە بوو گالیسکەی جوان و ناوازە دروست بکەیت، بۆیە هەمیشە لەوەدا سەرکەوتوو بوویت. من زۆر هەوڵم دەدا ببم بە کارامەترین ژەنیاری گیتار لە شاری بابل، بەهەمان شێوە منیش لەو کارەدا سەرکەوتوو بووم.

لەبەدیهێنانی ئەو ئامانجانەدا سەرکەوتوو بووین کە ئەوپەڕی توانای خۆمان تیادا خستبووە گەڕ. هەر بەو شێوەیە ژیانمان بەسەردەبرد،



Scanned by CamScanner

ئەگەر ئەو بیرۆکەیە نەبوایە کە ئێستا بەچەشنی تیشکی خۆر بەرچاوڕووونیمان بۆ دەکات، و هانمان دەدات بۆ ئەوەی سەرکەوتنی زیاتر بەدەست بێنین. ئێمە بەو بیرۆکەیە تازەیە، دەتوانین ڕێگەیەکی ئابرومەندانە بدۆزینەوە بۆ ئەوەی ئارەزووەکانمان بەدی بێنین".

(بانسەر) وەڵامی دایەوە ووتی: "ئەمڕۆ بەیەکەوە دەچینە لای (ئەرکاد)، هەروەها داوا لەهاوڕێ هەژارەکانی تریشمان دەکەین لەگەڵمان بێن بۆ ئەوەی لە ئامۆژگاری یەکانی سوودمەندبن".

(کوبی) ووتی: "تۆ هەمیشە بایەخی زۆر بە هاوڕێکانت دەدەیت، هەر لەبەر ئەوەش هاوڕێ ی زۆرت هەن. وەك خۆت ووتت: ئەمڕۆ هاوڕێکانمان لەگەڵ خۆمان دەبەین و دەچینە لای (ئەرکاد)".



Scanned by CamScanner

# دەوڵەمەندترین پیاوی بابل

لە بابلی کۆندا پیاوێکی زۆر زەنگین هەبوو، ناوی (ئارکاد) بوو. ئەو پیاوە بەهۆی سامانە زۆرەکەیەوە، لەسەرتاسەری وولاتدا ناوبانگی هەبوو. هەروەها بە دەستکراوە و بەخشین ناسرابوو. لەگەڵ خۆی وخانەوادەکەیدا زۆر دەست کراوە بوو، لەکاری خێرخوازیشدا سامانی خۆی دەبەخشی. بەلام سەرەڕای ئەوەش سامانەکەی بەخێرایی گەشەی دەکرد و داهاتی ساڵانەی لە خەرجی یەکانی زیاتر بوو.

ڕۆژێکیان کۆمەڵێک لە هاوڕێکانی سەردەمی منالی هاتنە لای و وتیان:

" تۆ زیاتر لە ئێمە بەخت یاوەرت بووە. لەبەر ئەوەی بوویتە دەوڵەمەندترین پیاو لەتەواوی شاری بابل، لەکاتێکدا ئێمە تا ئێستاش لەپێناو مانەوە و نانەزگ تێدەکۆشین. تۆ لەتواناتدا هەیە باشترین پۆشاک بکەیتە بەر و خۆشترین خواردن بخۆیت، لەکاتێکدا گەر ئێمە بتوانین سادەترین پۆشاک و خواردن بۆ خانەوادەکانمان دابین بکەین، شانازی بەخۆمان دەکەین.



Scanned by CamScanner

ئێمە و تۆ لەڕابردوودا وەك یەك بووین. لەهەمان مامۆستا زانیاریمان وەرگرتووە، و هەمان یاریمان بەیەکەوە کردووە. تەنانەت تۆ لە یاری و فێربووندا لە ئێمە ژیرتر نەبوویت. هەروەها لە ساڵانی دواتریشدا پلە و پایەت لە ئێمە بەرزتر نەبوو.

لەکارکردندا لە ئێمە ماندووتر نەبوویت. کەواتە لەبەرچی قەدەر لەنێوان هەموماندا تۆی هەڵبژارد بۆ ئەوەی چێژ لەهەموو لایەنەکانی ژیان وەربگریت، لە کاتێکدا ئێمەش هاوەشێوەی تۆ شایانی ئەوەین چێژ لە بەخششەکانی ژیان وەربگرین؟".

(ئەرکاد) لەوەڵامدا ووتی: "هۆکاری ئەوەی کە لەماوەی ئەو ساڵانەدا سامانی زۆرتان دەست نەکەوتووە، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئێوە لەفێربوونی یاساکانی دەسکەوتنی سامان شکستتان خواردووە، یان فێری بوون بەڵام پابەندی یاساکان نەبوون".

" قەدەر، کامەرانی بەردەوام بۆ هیچ مرۆڤێك ناهێنێت. بەڵکو بابەتەکە تەواو پێچەوانەی ئەوەیە، لەوانەیە هەژاری و مایەپووچی بۆ هەموو ئەوانە بێنێت کە بێ ماندووبوون سامانێکیان دەسکەوتووە، و لەخەرجکردنیدا دەست بڵاوبوون. بەزۆری ئەو جۆرە کەسانە دەبن بە کۆیلەی ئارەزووەکانیان، و هەموو ئەو سامانەی دەستیان کەوتووە پەرش و بڵاوی دەکەن. هەندێك مرۆڤی تریش هەن، لەترسی لەدەستدانی سامانەکەیان، دەستی پێوە دەگرن و لەژیانێکی کولەمەرگی و برسێتیدا دەژین بێ ئەوەی هیچ کەس پێیان بزانێت.



Scanned by CamScanner

لەوانەیە هەندێکی تر هەبن کاتێك بێ ماندووبوون سامانێك بەدەست دێنن، هەوڵدەدەن زیاتری بخەنە سەر و لەهەمان کاتدا تێدەکۆشن بۆ ئەوەی بەکامەرانی و لە ئارامیدا بژین. بەلاّم ئەوانە ڕێژەیەکی زۆر کەمن. بیر لەو کەسانە بکەنەوە کە سامانێکی لەناکاویان دەسکەوتووە، ببینن ئاخۆ ئەو حاڵەتە بەسەریاندا جێ بەجێ دەبێت".

هاوڕێکانی دانیان بەوەدا نا کە چەندین کەس دەناسن ئەم ووشانەیان بەسەردا جێ بەجێ بووە. ئینجا داوایان لێ کرد بۆیان باس بکات چۆن دەوڵەمەند بووە، بۆیە لەسەر ووتەکانی بەردەوام بوو ووتی:

" لەسەردەمی لاویدا، سەیری دەوروویەری خۆمم کرد و بیرم لەهەموو ئەو شتە تازانە کردەوە کە مایەی دڵخۆشی و کامەرانی بوون. تێبینیم کرد کە هەبوونی سامان کاریگەریی ئەو شتانە زیاتر دەکات.

" سامان بریتی یە لەهێزێك کە بەهۆیەوە چەندین شت بەدی دێنیت.

"دەتوانیت بەهۆیەوە ماڵەکەت بڕازێنیتەوە.

"دەتوانیت بە دەریادا گەشت بکەیت.

"دەتوانیت خۆشترین خواردنی وولاتە دوورەدەستەکان تاقی بکەیتەوە.

" هەروەها دەتوانیت زێڕ و گەوهەرە گرانبەهاکان بکڕیت.

"دەتوانیت ئەم شتانە و چەندینی تریش بەدەست بێنیت کە بۆ جەستە و بۆ ڕۆح دەبنە هۆی دڵخۆشی و کامەرانی.

" دوای ئەوەی لەو بیرکردنەوەیە تەواو بووم، بڕیارم دا بەشی خۆم لە خۆشی یەکانی ژیان بەدەست بێنم. من لەو کەسانە نەبووم کە لەدوورەوە



Scanned by CamScanner

دەوەستن و ئێرەیی بە خۆشی یەکانی کەسانی تر دەبەن. هەروەها لەو کەسانەش نەبووم کە بەوە ڕازی بم پۆشاکی بێ نرخ لەبەر بکەم. بەوە ڕازی نەبووم وەك پیاوێکی هەژار ژیان بەسەر ببەم. بەڵکو کارم بۆ ئەوە دەکرد لەسەر سفرەی پڕ لە کامەرانی ژیاندا ببمە میوان.

"ئینجا هەروەك خۆتان دەزانن، لەبەر ئەوەی من کوڕی بازرگانێکی سادە بووم و ئەندامی خانەوادەیەکی گەورەبووم، هیوام بە سامانێك نەبوو کە لەڕێگەی میراتەوە دەستم بکەوێت. بۆیە بە توانا و بیرکردنەوەی خۆم، توانیم بەو ئامانجە بگەم کە پێویستی بە کات و پلان دانان هەیە.

" هەموو مرۆڤەکان کاتی پێویستیان لەبەر دەستدا هەیە. ئێوەش هەمووتان ئەوەندە کاتتان لەبەر دەستدا هەبووە کە ئەگەر کارتان تیا بکردایە، لە ئێستادا زەنگین دەبوون. بەڵام هەروەك خۆتان دانی پێدا دەنێن، ئێستا هیچ شتێکتان نی یە شانازی پێوە بکەن، جگە لە خانەوادەیەکی شکۆمەند کە مایەی شانازی ئێوەیە.

" سەبارەت بە پلان دانان، مەگەر کاتێك منالّ بووین مامۆستاکەمان فێری نەکردین کە زانست دوو جۆرە: جۆری یەکەم ئەو شتانەن کە فێریان دەبین و دەیانزانین، جۆری دووەمیش ئەو کارکردنەیە کە فێرمان دەکات چۆن ئەوە بزانین کە پێشتر نەمان زانیوە؟

" بۆیە من بڕیارم دا ئەوە بزانم ئاخۆ مرۆڤ چۆن دەتوانێت سامانێکی زۆر کۆبکاتەوە. ئینجا دوای ئەوەی بەم بابەتە ئاشنا بووم، بڕیارمدا بەرنامەڕێژی بۆ بکەم و بەکارامەیی جێ بەجێ ی بکەم. مەگەر دانایی ئەوە نی یە کە ئەگەر لە ژیاندا بین چێژی لێ وەربگرین؟



Scanned by CamScanner

" دوای ئەوە لە خانەی چاپەمەنی یەکان، کارێکم دەستکەوت و ڕۆژانە چەندین کاتژمێر نووسینەوەم لەسەر تابلۆ قوڕینەکان دەکرد. هەفتە لەدوای هەفتە و مانگ لەدوای مانگ کارم کرد، لەکۆتاییدا بەهۆی خەرجی خواردن و جل و بەرگ و پێداویستی یەکانم، نەمتوانی هیچ بڕە دراوێك پاشەکەوت بکەم. بەڵام وورەم لەدەست نەدا و لەسەر کارکردن بەردەوام بووم.

" ڕۆژێکیان بازرگانی ناودار (ئیلگامێش) هاتەماڵی مامۆستای شارەکەمان و داوای نووسینەوەی وێنەیەکی کرد لە یاسای نۆیەم، پیّ ی ووتم: پێویستە لەماوەی دوو ڕۆژدا ئەم داواکاری یەی من تەواو بکەیت، ئەگەر زووتر لەم وادەیە تەواووی بکەیت، دوو دراوی (مس) ت پیّ دەدەم.

" منیش زۆر بە گەرم و گوڕی دەستم بەکارەکە کرد، بەڵام دەقی یاسایەکە زۆر دووروودرێژ بوو. کاتێك (ئیلگامێش) گەڕایەوە، کارەکەم تەواو نەکردبوو. تا ئەو ئاستە تووڕە و زویر بوو کە ئەگەر کۆیلەی ئەو بوومایە زۆری تێهەڵدەدام. بەڵام لەبەر ئەوەی ئاشنای نزیکی مامۆستای شارەکەمان بووم، ڕێگەی نەدا ئازارم بدات. من ترسنۆك نەبووم، بۆیە پێم ووت: (ئیلگامێش) تۆ کەسێکی زۆر دەوڵەمەندیت. ئەگەر پێم بڵێیت چۆن وەك تۆ دەوڵەمەند دەبم، بەدرێژایی شەو کار دەکەم و بەر لەخۆرهەڵات کارەکەی تۆ تەواو دەکەم.

" بەخەندەیەکەوە وەڵامی دامەوە ووتی: "تۆ زۆر فێڵباز و چاوچنۆکی، بەڵام ڕازیم ئەو گرێبەستە لەگەڵ تۆدا ئەنجام بدەم".



Scanned by CamScanner

" ئیتر سەرەڕای ئازاری پشتم و ئەو ژانەسەرەی بەهۆی چرای ڕۆناکی یەکەوە تووشی هاتم، بەدرێژایی شەو کارم کرد و لەگەڵ خۆرهەڵات کاتێك (ئیلگامێش) هاتە لام، کارەکەم تەواو کردبوو. بۆیە پێم ووت: " ئێستاش بەڵێنەکەی خۆت جێ بەجێ بکە"

" لەوەڵامدا ووتی: تۆ ئەرکی خۆت لە گرێبەستەکەدا جێ بەجێ کرد، بۆیە منیش ئێستا ئامادەم بەشەکەی خۆم جێ بەجێ بکەم. ئەو شتانەت بۆ باس دەکەم کە دەتەوێت بیانزانیت. من پیاوێکی پیر و بەساڵاچووم و حەز دەکەم زمانم کار بکات. کاتێك لاوەکان دێنە لای پیرەکان بۆ ئەوەی ئامۆژگاری وەربگرن، دانایی و شارەزایی تەمەن فێردەبن. بەڵام بەزۆری لاوەکان لەو باوەڕەدان کە پیرەکان تەنیا شارەزایی ساڵە بەسەرچووەکانیان لەلایە، بۆیە هیچ سوودێك لە ئامۆژگاری یەکانیان وەرناگرن. بۆیە تۆ پێویستە ئەوە بزانیت کە ئەو ڕۆژەی ئەمڕۆ لەبەربەیاندا دەردەکەوێت، هەمان ئەو ڕۆژەیە کە ساتی لەدایکبوونی باوکی تۆ، دەرکەوت و تا مردنی دوایین نەوەی تۆش هەر ئەو ڕۆژەیە کە دەردەکەوێت.

" ئینجا ووتی: بیرکردنەوەی لاوەکان، تروسکایی کاتین و چەشنی داڕژانی ئەستێرەکان بەئاسماندا دەدرەوشێنەوە و وون دەبن، بەڵام ووتەی پیاوە پیرەکان چەشنی ئەستێرە جێگیرەکان بەردەوام دەدرەوشێنەوە، و تەنانەت دەریاوانەکانیش لە زانینی ئاڕاستەکاندا پشتی پێ دەبەستن.



Scanned by CamScanner

" جوان گویێ لە ووتەکانم بگرە، لەبەر ئەوەی ئەگەر وانەکەیت، لەتێگەیشتنی ئەو ڕاستیانەی بۆت باس دەکەم، شکست دێنیت. ئەو کاتە لەو باوەڕەدا دەبیت کە هەموو ماندووبوونی ئەو شەوەت بەفیڕۆ داوە!

ئینجا ژیرانە لەژێر برۆ سپی یەکانیەوە سەیری کردم و بە ئاوازێکی نەرم و جێگیر ووتی: "کاتێك بڕیارم دا بەشێك لە داهاتەکەم پاشەکەوت بکەم، ڕێگەی دەوڵەمەندیم گرتەبەر. پێویستە تۆش هەمان ئەو هەنگاوە جێ بەجێ بکەیت"

ئینجا لەتێڕامانە تیژەکەی بەردەوام بوو، هەستم دەکرد نیگاکانی بەناو جەستەی مندا تێدەپەڕێت، بەڵام دوای ئەوە بێدەنگ بوو!

منیش پرسیارم لێ کرد: هەر ئەوەندە؟

لەوەڵامدا ووتی: ئەو ئامۆژگاری یە، بیرکردنەوەی شوانی مەڕەکان، بۆ بیرکردنەوەی بازرگانێك دەگۆڕێت

منیش پرسیم: بەڵام من تەواوی داهاتەکەم بۆ خۆمە، واتە ئەوە ڕەفتارێکی تەواوە؟

" لەوەڵامدا ووتی: ئەوە تەواو نی یە، مەگەر تۆ دراو بە بەرگدروو نادەیت؟ مەگەر هیچ دراوێك بە وەستای پێڵاوەکانت نادەیت بۆ ئەوەی پێڵاوت بۆ دروست بکات؟ تۆ دەتوانیت بێ خواردن بژیت؟ مەگەر دەتوانیت بێ ئەوەی هیچ بڕە دراوێك خەرج بکەیت، لە شاری بابل بژیت؟ لە مانگی ڕابردوودا چەند دراووت پاشەکەووت کردووە؟ ئەی ساڵی ڕابردوو چی؟ تۆ زۆر دەبەنگی! دراوەکانت بەهەموو کەسێك دەدەیت جگە لەخودی خۆت! تۆ لەپێناوی کەسانی تر کار دەکەیت. جیاوازیت لەگەڵ



Scanned by CamScanner

کۆیلەکان چی یە؟! تەنیا بۆ ئەوە کار دەکەیت کە گەورەکەت دراووت پێ بدات بۆ ئەوەی لە پۆشاك و خواردن خەرجی بکەیت! بەڵام ئەگەر دەیەکی داهاتەکەت پاشەکەوت بکەیت، دوای دە ساڵ چەند دراوت دەبێت؟

"منیش لەوەڵامدا ووتم: ڕێك بەقەد داهاتی ساڵێکی تەواووم دەبێت.

ئینجا ووتی: تۆ ئێستا بە نیوەی ڕاستی یەکە ئاشنا بوویت. هەر دراوێکی زێڕ کە پاشەکەوتی دەکەیت، خزمەتکارێکە و لەبەرژەوەندی تۆدا کاردەکات. هەر دراوێکی (مس)یش کە لە دراوە زێڕەکەوە دەستت دەکەوێت، بەرهەمی زێڕە پاشەکەوت کراوەکەیە و دەتوانێت بەرهەمێکی تری هەبێت. جا ئەگەر دەتەوێت دەوڵەمەند بیت، پێویستە زێڕە پاشەکەوتکراوەکانت بخەیت بۆ ئەوەی داهاتی زیاتر بەدەست بێنیت. بەهەمان شێوە پێویستە بەرهەمەکەش داهاتێکی ترت بۆ بەدی بێنێت. بەو شێوەیە هەموو دراوەکانت یارمەتیت دەدەن، بۆ ئەوەی ئارەزووەکانت بەدی بێنیت.

ئینجا ووتی: تۆ وادەزانیت من تۆم فریو داوە بۆ ئەوەی بەدرێژایی شەو کار بۆ من بکەیت، بەڵام لە ڕاستیدا من هەزاران جار ئەوەندەی ماندووبوونەکەی تۆم بەتۆ بەخشیوە.

پێویستە بەشێك لە داهاتەکانت پاشەکەوت بکەیت. داهاتەکەت هەرچەند کەم بێت، پێویستە ئەو بەشە لە دەیەکی داهاتەکەت کەمتر نەبێت. لەوانەیە ئەو دەیەکە کەمترین بڕە دراو بێت کە بتوانیت پاشەکەوتی بکەیت، بەڵام پێویستە سەرەتا بەشی خۆت لەو داهاتە جیا



Scanned by CamScanner

بکەیتەوە. زیاتر لەو برە پارەیە خەرج مەکە کە لەدوای برینی ئەو دەیەی دەمینیتەوە.

سامان، هاوشێوەی درەختێکی بەردارە. لە دەنکۆڵەیەکی بچووکەوە دەڕوێت. یەکەمین دانە دراوی بچووک، کە پاشەکەوتی دەکەیت، دەبێتە ئەو دەنکۆڵەیەی کە درەختی سامانی لێ دەڕوێت. هەرچەند زووتر ئەو دەنکۆڵەیە بچێنیت، درەختەکە زووتر گەشەدەکات. هەرچەند زیاتر خزمەتی درەختەکە بکەیت و بە پاشەکەوتە جێگیرەکان ئاودێری بکەیت، زووتر لەژێر سێبەریدا دەحەسێیتەوە.

(ئیلگامێش) دوای ئەم ووتانە تابلۆیەکانی خۆی کۆکردنەوە و شوێنەکەی جێهێشت.

زۆر بیرم لە ووتەکانی کردەوە و هەستم کرد بابەتەکە شایانی تاقیکردنەوەیە. بۆیە هەوڵم دا جێ بەجێ ی بکەم. بۆیە هەرجارێك برە پارەیەکم دەهاتە دەست، لەهەر دە دانە دراو، دانەیەکم پاشەکەوت دەکرد. بەو شێوەیە زیاتر لە پێشوو، خەرجی یەکانی خۆم کەم کردنەوە. دوای ئەوەی بۆ ماوەیەکی زۆر بەو خەرجی یە کەمەوە ژیام، هەستم بە جیاوازی یەکی بچووك دەکرد. هەرچەند دراوە پاشەکەوتکراوەکانم زیاتر دەبوون، زیاتر ئارەزووی ئەوەم دەکرد خەرجی بکەم و بیدەم بەو کاڵا جوانانەی کە بازرگانەکان لە ووڵاتی فینیقی یەکان هاوردەیان دەکرد. بەڵام زۆر بەدانایی توانیم خۆم لەو خەرجی یانە بپارێزم.

" دوای دوانزە مانگ (ئیلگامێش) گەڕایەوە لام ووتی: " کوڕی خۆم، دەیەکی داهاتەکانی ساڵی ڕابردووت بەخۆت بەخشیووە؟



Scanned by CamScanner

" منیش بە شانازی یەوە ووتم: بەڵێ گەورەم.

" بە زەردەخەنەیەکەوە ووتی: ئەوە کارێکی باشە، چیت لەو دراوە پاشەکەوتکراوانە کردووە؟

" منیش ووتم: بە (ئەزموور) ی وەستای قرمیدم داوون، بۆ ئەوەی لە بەندەری تیرۆس هەندێك گەوهەری بەهادارم بۆ بکڕێت. کە گەڕایەوە بە نرخێکی زیاتر دەیانفرۆشینەوە و قازانجەکەی بەیەکەوە دابەش دەکەین.

"بەنیگەرانی یەوە ووتی: پێویستە لەنەزانینی خۆمان، فێری زانست بین. چۆن متمانەت بە وەستای قرمید کرد کە لە گەوهەر بزانێت؟ مەگەر تۆ لەبارەی زانستی ئەستێرەکان، پرسیار لەنانەوا دەکەیت؟! ئاشکرایە کە ئەگەر بیرکردنەوەیەکی دروستت هەبێت پێویستە بچیتە لای زانایەکی فەلەکناس!. کوڕی خۆم، پاشەکەوتەکانت بەفیڕۆ داوون! تۆ درەختی دەوڵەمەندبوونت لەڕەگەوە هەڵکێشاوە. بەڵام دەتوانیت دووبارە بیچێنیتەوە. جارێکی تر هەوڵ بدە. ئەمجارەیان، ئەگەر ویستت ئامۆژگاری لەبارەی گەوهەرەکانەوە وەربگریت، بڕۆ لای بازرگانی گەوهەرەکان و داوای ئامۆژگاری لێ بکە. ئەگەر ویستت لەبارەی مەڕداری یەوە شتێك بزانیت، بڕۆ لای شوانی مەڕەکان. پێدانی ئامۆژگاری لەلایەن مرۆڤەکانەوە کارێکی ئاسانە، بەڵام دڵنیابە کە تەنیا ئەو ئامۆژگاری یە لەگوێ بگریت کە شایانە. ئەو مرۆڤەی ئامۆژگاری سەبارەت بە پاشەکەوتەکانی لە کەسانێك وەردەگرێت کە لەو بوارەدا ئەزموونیان نەبێت، هەموو دراوەکانی لەدەستدەدات بۆ ئەوەی ناڕاستی



Scanned by CamScanner

بۆچوونەکانیان بسەلمێنێت. (ئیلگامێش) دوای ئەم ووتانە منی جێهێشت و ڕۆیشت.

" ووتەکانی بە ڕاست گەڕان، فینیقی یە ناپاکەکان چەند پارچە شووشەیەکی بێ بەهایان بە ئەزموور فرۆشتبوو کە لەشێوەی گەوهەربوون و ئەویان فریو دابوو. بەلأم من ئامۆژگاری یەکەی (ئیلگامێش) م جێ بەجێ کرد و جارێکی تر دەیەکی داهاتەکەم پاشەکەوت کرد. ئەمجارەیان لەسەر ئەو نەریتە ڕاهاتبووم و وەك جاری پێشوو کارێکی زەحمەت نەبوو.

" دوای دوانزە مانگی تر، (ئیلگامێش) دووبارە هاتەوە لام ووتی: ئەمجارەیان چیت کردووە؟.

"لەوەلأمدا پێم ووت: سووربووم لەسەر ئەوەی بەشی خۆم لە داهاتەکەم پاشەکەوت بکەم. ئینجا هەموو پاشەکەوتەکەم بە (ئاجار) ی وەستای زرێ داوە بۆ ئەوەی (برۆنز) بکڕێت و هەر چوار مانگێك بەشە قازانجەکەی من بدات.

(ئیلگامێش) ووتی: " ئەوە کارێکی زۆر باشە. قازانجەکە چی لێ دەکەیت؟.

" منیش ووتم: ناوە ناوە خوانێکی گەورەی پڕ لە هەنگوین و جۆرەکانی خواردنەوە و کێك بۆخۆم ساز دەکەم. هەروەها کراسێکی قورمزی زۆر جوانم بۆخۆم کڕیوە. ڕۆژێك دێت بتوانم گوێدرێژێکی بچووکی جوانیش بۆخۆم بکڕم.

"(ئیلگامێش) پێکەنی ووتی: تۆ خەریکە بەرهەمی پاشەکەوتەکانت دەخۆیت. کەواتە چۆن چاوەڕێ دەکەیت ئەو بەرهەمە لە بەرژەوەندی تۆ



Scanned by CamScanner

کاریکات؟ چۆن بەرهەمی ترت بۆ دابین بکات؟ سەرەتا سوپایەك لە کۆیلە زێڕینەکان بۆخۆت دابین بکە، مەبەستم دراوی زێڕە. ئینجا دوای ئەوە دەتوانیت چەندەها خوانی ڕازاوە بۆخۆت ئامادە بکەیت بێ ئەوەی پەشیمان ببیتەوە. ئەمجارەش (ئیلگامێش) ماڵئاوایی لێ کردم و شوێنەکەی جێهێشت.

" بۆ ماوەی دووساڵی دواتر (ئیلگامێش) م نەبینی یەوە. ئەمجارەیان کە دوای دوو ساڵ هاتەوە لام، ڕوخساری چورچ و لۆچی زۆری تێکەوتبوو. چاوەکانی لە بینین لاواز بووبوون و زۆر پیر بووبوو. ووتی: (ئەرکاد)، ئەو سامانەت کۆنەکردۆتەوە کە بە ئاواتیەوە بوویت؟

" منیش ووتم: بەشێکم کۆکردۆتەوە. لەو بەشەی کۆمکردۆتەوە و لە قازانجەکانیش، دەسکەوتی تریان لێ بەدەست دێنم.

ووتی: "تا ئێستاش ئامۆژگاری لەوەستای قرمید وەردەگریت؟

منیش ووتم: " ئەوان تەنیا سەبارەت بە قرمید زانیاری باشم بۆ باس دەکەن!

(ئیلگامێش) ووتی: " ئێستا وانەکە بەتەواوی فێر بوویت. سەرەتا فێربوویت بە خەرجی یەکی کەمتر لەو بڕە پارەیەی دەستت دەکەوێت، ژیان بەسەر ببەیت. ئینجا فێر بوویت ئامۆژگاری تەنیا لەو کەسانە وەربگریت کە لە بوارەکەدا شارەزایی تەواویان هەیە. لەکۆتایشدا فێربوویت چۆن سامانەکەت لەبەرژەوەندی خۆتدا بەکار بخەیت.

" خۆت فێری ئەوە کرد چۆن سامان کۆبکەیتەوە و چۆن پارێزگاری لێ بکەیت. بۆیە ئێستا تۆ ئامادەییت تیایە بۆ ئەوەی بەرپرسیارێتی بگریتە



Scanned by CamScanner

دەست. من لە ئێستادا پیربووم و کوڕەکانیشم تەنیا بیر لە خەرجکردن دەکەنەوە و بەلای کارکردن و کۆکردنەوەی سامانەوە ناچن. منیش سامانێکی زۆرم هەیە و لەوانەیە لەتوانامدا نەبێت وەك پێویست بایەخی پێ بدەم و پارێزگاری لێ بکەم. بۆیە ئەگەر بچیتە (نیبوور) و چاودێری زەوی یەکانم بکەیت، ئەتکەم بە هاوبەشی خۆم و پشکی خۆت لە زەوی یەکانی من بەدەست دێنیت.

" بەو شێوەیە چووم بۆ (نیبوور) و بەرپرسێتی زەوی یەکانم گرتە دەست. جا لەبەر ئەوەی سێ یاسا سەرەکی یەکەی سەرکەوتن لەمامەڵەکردن لەگەڵ سامان فێربووم، لەتوانامدا هەبوو تا ئاستێکی زۆر لەبەهای ئەو زەوی یانە بەرز بکەمەوە. بەو شێوەیە سەرکەوتنێکی ئابووری گەورەم بەدەست هێنا. دوای ئەوەی (ئیلگامێش) کۆچی دوایی کرد، بەپێ ی یاسا پشکی تایبەت بەخۆم لەو زەوی و زارەدا بەدەست هێنا".

دوای ئەوەی (ئەرکاد) لەگێڕانەوەی سەربردەی خۆی تەواو بوو، یەکێك لە هاوڕێکانی ووتی: " تۆ کەسێك بوویت بەخت یاوەرت بووە، بۆیە (ئیلگامێش) تۆی کردووە بە میراتگری خۆی".

(ئەرکاد) ووتی" بەخت یارم بووە، لەبەر ئەوەی بەر لەوەی (ئیلگامێش) ببینم ئارەزووی بەدەستهێنانی سەرکەوتنی داراییم هەبوو، مەگەر من لەماوەی چوار ساڵدا بەردەوام ئەوەم نەسەلماندووە کە سووربووم لەسەر بەدیهێنانی ئامانجەکەم لەڕێگەی پاشەکەوتکردنی دەیەکی داهاتەکانم؟ ئەگەر ڕاوچی یەك بۆ چەندین ساڵ لەنەریتی ماسی



Scanned by CamScanner

یەکان ووردبوویێتەوە و فێری ئاڕاستەی هەڵکردنی با و ڕێڕەوی شەپۆڵەکان و چۆنیەتی هەڵدانی تۆڕ بووبێت، دەووترێت ئەو ڕاوچی یە بەخت یاوەری بووە بۆیە سەرکەوتووە؟! دەرفەتە باشەکان بۆ ئەو کەسانە نایەنە پێش کە ئامادە نین سوودی لێ وەربگرن".

هاوڕێ یەکی تر ووتی: "تۆ خاوەن ویستێکی بەهێز بوویت کە توانیت بەردەوام بیت دوای ئەوەی سالێ یەکەم تەواوی دراوەکانت لەدەستدان. بەڕاستی تۆ زۆر بەهێز بوویت!

(ئەرکاد) لەوەلامدا ووتی: "ویستی بەهێز! ئەمە ووتەیەکی بێ مانایە. تۆ لەو باوەڕە دایت ویستی بەهێز ئەو توانایە بە مرۆڤ دەدات بارێك هەڵبگرێت کە ووشتر لەتوانایدا نەبێت هەڵیبگرێت، یان بەردێك بەدوای خۆیدا ڕابکێشێت کە گاجووت لەتوانایدا نی یە ڕایکێشێت؟! ویستی بەهێز تەنیا ئەو سووربوونەیە کە وادەکات لە هەوڵی بەدیهێنانی ئامانجەکەت سارد نەبیتەوە. جا ئەگەر ئامانج و ئەرکێکم بۆخۆم دەستنیشان کرد، ئامانجەکە بەدی دێنم ئەگەر هەرچەند بەهایەکی کەمیشی هەبێت. ئەگەر ئەرکە بچووکەکان بەجێ نێنم، چۆن متمانەم بەخۆم دەبێت بتوانم کارە مەزنەکان ئەنجام بدەم؟ ئەگەر بڕیارم دا لەماوەی سەد ڕۆژدا لەکاتی پەڕینەوەم بەسەر پردی شارەکەدا، بەردێك هەڵبگرمەوە و فڕێ ی بدەمە ناو ئاوەکە، ئەو کارە جێ بەجێ دەکەم. جا ئەگەر بۆ نموونە لە ڕۆژی حەوتەمدا لە پردەکە پەڕیمەوە و لەیادم چوو بەردەکە هەڵبگرمەوە، بەخۆم نالێم: بەیانی دوو بەرد هەڵدەگرمەوە، بەڵکو لەجیاتی ئەوە دەگەڕێمەوە و بەردەکە هەڵدەگرمەوە و فڕێ ی دەدەمە نێو ئاوەکە.



Scanned by CamScanner

بەهەمان شێوە، لە ڕۆژی بیستەمیندا بەخۆم ناڵێم: (ئەرکاد) ئەوە کارێکی بێ بایەخە. مانای چی یە ڕۆژانە یەك بەرد هەڵبگریتەوە! مشتێك لەو بەردانە بدە و هەموویان بەیەکەوە فڕێدە ناو ئاوەکە، ئیتر بەو شێوەیە تەواوی ئەرکەکە بەکۆتا دێت! نەخێر. من ئەوە بەخۆم ناڵێم و ئەو کارەش ئەنجام نادەم. کاتێك ئەرکێك بۆخۆم دەستنیشان دەکەم، پێویستە تا کۆتایی یەکەی بەئەنجامی بگەیەنم. بۆیە من سوورم لەسەر ئەوەی ئەرکێکی زەحمەت بۆخۆم دەستنیشان نەکەم. لەبەر ئەوەی من حەز دەکەم بڕێك کاتی زیادم لەبەر دەستدا بمێنێتەوە".

ئینجا یەکێکی تر لە هاوڕێکانی ووتی: "ئەگەر ئەوەی تۆ باسی دەکەیت ڕاست بێت، مانای ئەوەیە ئەگەر هەموو مرۆڤەکان ئەو کارە بکەن، سامانی پێویست لەبەردەستدا نامێنێت بۆ ئەوەی هەموان وەك یەکتر لەو سامانە سوودمەند بن!"

(ئەرکاد) لەوەڵامدا ووتی: "هەرچەند مرۆڤ هەوڵی زیاتر بدات، سامان زیاتر گەشە دەکات. بۆ نموونە، کاتێك پیاوێکی زەنگین کۆشکێکی تازە دروست دەکات، ئەو دراوانەی خەرجی دەکات بەفیڕۆ دەچن؟ بێ گومان نەخێر. لەبەر ئەوەی وەستای قرمید بەشێکی ئەو دراوانە بۆخۆی دەبات، کرێکارەکان بەشێك دەبەن، بەهەمان شێوە هەرکەسێك کارێك لە دروستکردنی ئەو کۆشکەدا ئەنجام بدات، بەشێکی لەو دراوانە دەستدەکەوێت. بەڵام ئایا کاتێك کۆشکەکە تەواو دەبێت، نرخەکەی یەکسان نی یە بەو سامانەی کە لێ ی خەرج کراوە؟ هەروەها ئایا ئەو زەوی یەی دەکەوێتە تەنیشت کۆشکەکە، نرخی بەرز نابێتەوە بەهۆی



Scanned by CamScanner

دروستکردنی ئەو کۆشکە؟ سامان، بە شێوەیەکی جادوویی گەشە دەکات و هیچ کەس ناتوانێت پێشبینی بکات گەشەکردنەکە لە کوێدا دەوەستێت. مەگەر فینیقی یەکان بەو دراوانەی لە کەشتی یە بازرگانی یەکانیان دەستیان کەوتبوو، لەسەر کەنارە بیابانەکان شارە مەزنەکانیان دروست نەکردووە؟"

هاورێ یەکی تر پرسیاری کرد: " کەواتە، بەچی ئامۆژگاری ئێمە دەکەیت بۆ ئەوەی بەهەمان شێوەی تۆ دەوڵەمەند بین؟ ساڵەکانی تەمەنی ئێمە تێپەڕیوون، ئێستا ئێمە گەنج و لاو نین و تا ئێستاش هیچ برە دراوێکمان پاشەکەوت نەکردووە !".

(ئەرکاد) ووتی: " ئامۆژگاریتان دەکەم ووتەکانی ئەلگامێش جێ بەجێ بکەن و هەریەکێك لە ئێوە لەدڵی خۆیدا بڵێت: (بەشێك لە داهاتەکەم پاشەکەوت دەکەم). هەموو بەیانی یەك کە لەخەو هەڵدەستن ئەم ووشانە دووبارە بکەنەوە، هەروەها لەکاتی نیوەڕۆدا و لەکاتی شەو، هەموو سات و هەموو ڕۆژێك ئەم ووشانە بڵێنەوە. لەناخی خۆتاندا چەندبارەی بکەنەوە تاوەکو لەدەروونتاندا جێگیر دەبن.

" پێویستە هەریەکێك لە ئێوە ئەو بیرۆکەیە لە ناخی خۆیدا بچەسپێنێت. ئینجا برێکی گونجاو لە داهاتەکەی پاشەکەوت بکات. هەوڵ بدەن ئەو برە دراوانەی بۆ دواڕۆژی خۆتان پاشەکەوتی دەکەن لە دەیەکی داهاتەکانتان کەمتر نەبێت. هەوڵ بدەن بەو برە دراوانەی لەبەر دەستاندا دەمێنێتەوە خەرجی یەکانتان جێ بەجێ بکەن. دوای ئەوەی برێك لەو سامانە کۆدەکەنەوە، هەست بە زەنگینی دەکەن کاتێك دەبینن ئەو برە



Scanned by CamScanner

پاشەکەوتە مافی خۆتانە و بەتەنیا خۆتان خاوەنین. بەو شێوەیە چێژ لە زیان وەردەگرن. ئەوکاتە هەستدەکەن هەوڵی زیاتر دەدەن بۆ ئەوەی زیاتر کۆبکەنەوە. مەگەر کاتێك داهاتەکانتان زیاتر دەبێت، رێژەی پاشەکەوتەکەش زیاتر نابێت؟

" ئینجا پێویستە لەسەر هەر یەکێکتان فێری ئەوە بێت چۆن ئەو سامانە لەبەرژەوەندی خۆی بەکار بێنێت. ئەو سامانە بکەن بە کۆیلەی خۆتان. بەرهەمی سامانەکە و بەرهەمی بەرهەمەکەی لەبەرژەوەندی خۆتان بەکار بێنن.

"داهاتێك بۆ دوارۆژی خۆتان مسۆگەر بکەن. سەیری بەساڵاچووەکان بکەن و لەیادتان نەچێت ئێوەش وەك ئەوان پیردەبن. بۆیە زۆر بەووریایی وەبەرهێنان لە سامانەکانتاندا بکەن تاوەکو لەدەستی نەدەن.

"پێویستی خانەوادەکانتان دابین بکەن. بۆ ئەو مەبەستە، دەتوانن هەمیشە و بەردەوام، بە شێوەیەکی رێکخراو برە پارەیەکی کەم پاشەکەوت بکەن. بەو شێوەیە مرۆڤی ژێر چاوەڕوانی ئەوە نابێت لەناکاو سامانێکی زۆر بەسەریدا برژێت بۆ ئەوەی دەوڵەمەند بێت.

" راوێژ بەکەسانی شارەزا و دانا بکەن. داوای ئامۆژگاری لەو کەسانە بکەن کە رۆژانە لەگەڵ دراودا کار دەکەن. داوایان لێ بکەن رزگارتان بکەن لەهەڵەکانتان بۆ ئەوەی بەهەڵەدا نەچن وەك چۆن من بەهەڵەداچووم کاتێك دراوەکانم بە (ئەزمیر) دان بۆ ئەوەی کاریان پێ بکات. دەسکەوتێکی کەمی بەردەوام، زۆر باشترە لە سەرکێشیکردنێك کە ئەنجامەکەی دیارنەبێت.



Scanned by CamScanner

" چێژ له ژیاننتان وەربگرن. هەوڵ مەدەن زیاتر لەتوانای خۆتان پاشەکەوت بکەن. ئەگەر بەبێ ماندووبوون توانیتان دەیەکی داهاتەکانتان پاشەکەوت بکەن، قەناعەت بەو بڕە پاشەکەوتە بهێنن. ئینجا هەوڵ بدەن بەپێ ی ئەو داهاتەی خۆتان بژین. لەخەرجکردن مەترسن و بەرەزیلی مەژین. ژیان جوانە و پڕیەتی لەو شتانەی پێویستە بایەخیان پێ بدەین و ئەو شتانەش کە مافی خۆمانەچێژیان لێ وەربگرین.

هاورێکانی (ئەرکاد) سوپاسیان کرد وماڵئاواییان لێکرد و شوێنەکەیان جێهێشت. هەندێکیان بێدەنگ بوون، لەبەر ئەوەی لە ووتەکانی تێنەگەیشتن و نەیاندەزانی پێویستە چۆن هەڵس و کەوت بکەن. هەندێکی تریشیان بە دڵپەستی ڕۆیشتن لەبەر ئەوەی لەو باوەڕەدابوون کە پێویست بوو ئەو پیاوە زۆر دەوڵەمەندە، دراوەکانی لەگەڵ ئەو هاوڕێ دێرینانەی دابەش بکات کە بەخت یاوەریان نەبووە و بەهەژاری ماونەتەوە. بەڵام هەندێك لە هاورێکانی (ئەرکاد) بە دیدگایەکی تازەوە شوێنەکەیان جێهێشت. هەستیان کرد (ئەلگامێش) چەندین جار هاتۆتەوە لای (ئەرکاد) لەبەر ئەوەی حەزی کردووە مرۆڤێك ببینێت کە شوێنکەوتەی هەنگاوەکانی خۆی بێت، و لەتاریکی یەوە بەرەو ڕۆناکی هەنگاو بنێت. ئینجا دوای ئەوەی ئەو مرۆڤەی لە ڕۆناکیدا بینیوەتەوە، ئەو شوێنە بووە کە چاوەڕوانی کردووە. هیچ کەس لەتوانایدا نەبووە ئەو شوێنە پڕ بکاتەوە تاوەکو خۆی هاتووە و لەبابەتەکە تێگەیشتووە، بەو شێوەیە ئامادە بووە بۆ ئەوەی دەرفەتەکە بۆ بەرژەوەندی خۆی بەکاربێنێت.



Scanned by CamScanner

بەو جۆرە، ئەو کۆمەڵە هاوڕێ یەی بەو شێوەیە لێ ی تێگەیشتبوون، لە ساڵەکانی دواتردا سەردانی (ئەرکاد) یان دەکرد. ئەویش زۆر بەگەرمی پێشوازی لێ دەکردن. لەگەڵیاندا کۆدەبووەوە و بەخۆشحاڵی یەوە وەك شارەزایەك ئامۆژگاری دەکردن. هەروەها یارمەتی دان بۆ ئەوەی سامان پاشەکەوتکراوەکانیان بەکاربخەن و قازانجی زیاتری لێ وەربگرن.

خاڵی وەرچەرخان لەژیانی ئەو کەسانەدا، ئەو کاتە بوو کە هەستیان بەو ڕاستی یە کرد کە (ئیلگامێش) بۆ (ئەرکاد) ی باس کردبوو، ئەویش بۆ ئەوانی گواستەوە.

---

## بەشێك لە داهاتەکەت پاشەکەوت بکە

---



Scanned by CamScanner

# حەوت ڕێگا، بۆ زاڵبوون بەسەر کیسە بەتاڵەکان

بەدرێژایی مێژوو، بابل بە گەنجینە ئەفسانەیی یەکان و بە دەوڵەمەندترین شاری جیهان ناوبانگی دەرکردووە. دەوڵەمەندیی ئەو شارە، دەرەنجامی دانایی دانیشتوانەکەی بووە. بۆیە سەرەتا پێویست بووە لەسەریان فێربن چۆن دەوڵەمەند دەبن.

کاتێك پاشا چاکخوازەکەیان (سارجۆن)، لە جەنگی دژ بەنەیارەکانی بەسەرکەوتوویی گەڕایەوە بابل، ڕووبەڕووی قەیرانێکی مەترسیدار بووەوە کە ڕاوێژکارەکەی بەو شێوەیە بۆی خستەڕوو:

" لەدوای چەندین ساڵی خۆشگوزەرانی کە گەلەکەمان تیایدا ژیا، بەهۆی بونیادنانی دەروازە ئاوی یە مەزنەکان و کۆشك و تەلارە بەرزەکان لەلایەن بەڕێزتانەوە، لە ئێستادا و لەدوای تەواوبوونی ئەو پڕۆژانە، خەڵکی توانای بەڕێوەبردنی گوزەرانی خۆیان لەدەستداوە.

"کرێکارەکان بەبێ کار دانیشتوون و بازرگانەکانیش کڕیاریان زۆر کەم بوون. هاوڵاتیان ناتوانن بژێوی ژیانیان دابین بکەن."



Scanned by CamScanner

پاشا پرسیاری لێکرد: " بەلام ئەو هەموو دراوەی لەو چاکسازیان خەرجمان کردووە، چی بەسەر هات و بۆ کوێ چوو؟"

ڕاوێژکارەکە ووتی: " بە بڕوای من زۆربەی ئەو سامانە لەلای چەند دەولەمەندێکی شارەکەمان ماوەتەوە. زۆر بەخێرایی لەدەستی زۆرینەی هاولاتیانەوە، بە هاوشێوەی شیری پالاوتەکراو، بەنێوان پەنجەکانیاندا چووە خوارەوە و وون بوو. ئێستا وەك جاران، دراو لەبازاڕدا دەستاو دەستی پێ ناکرێت. زۆربەی هاولاتیان هیچیان دەست ناکەوێت پاشەکەوتی بکەن".

پاشا کەمێك بیری کردەوە، ئینجا ووتی: "بۆچی دەبێت کەمینەیەك دەست بەسەر هەموو زێڕی وولاتەکەدا بگرن؟"

ڕاوێژکار ووتی: "لەبەر ئەوەی ئەو کەمینەیە دەزانن چۆن ئەو کارە ئەنجام بدەن. هیچ مرۆڤێکیش مافی ئەوەی نی یە کەسێك سزا بدات لەسەر ئەوەی کە دەزانێت سامان کۆ بکاتەوە. هەروەها دادپەروەری نی یە ئێمە دەست بەسەر سامانی کەسێکدا بگرین کە بە شێوازێکی یاسایی دەستی کەوتووە و بیدەین بەیەکێکی تر کە توانای بەدەستهێنانی کەمترە".

پاشا پرسیاری کرد: "بەلام لەبەرچی هەموو مرۆڤەکان چۆنیەتی کۆکردنەوەی سامان فێرنابن، بۆ ئەوەی دەولەمەند بن و لەخۆشیدا بژین؟"



Scanned by CamScanner

ڕاوێژکار ووتی: "خاوەن شکۆ زۆر ئاسایی یە ئەوانەش فێر بن، بەلاّم کێ فێریان بکات؟ بێ گومان پیاوانی پەرستگا هیچ لەبارەی دراوو دارایی یەوە نازانن"

پاشا پرسیاری کرد: " کەواتە لەسەرتاسەری شارەکەماندا، کێ لەهەمووان باشتر شارەزایی لە چۆنیەتی کۆکردنەوەی سامان هەیە؟"

ڕاوێژکار ووتی: "وەلاّمەکە لەناو خودی پرسیارەکە دایە خاوەن شکۆ. لەسەرتاسەری بابلدا، کێ زۆرترین سامانی کۆکردۆتەوە؟"

پاشا ووتی: " ووتەکەی تۆ تەواوە. (ئەرکاد) دەوڵەمەندترین پیاوی بابلە. بەیانی، لێرە ئامادەی بکە"

هەروەك پاشا فەرمانی دابوو، لەڕۆژی دواتردا ئەرکاد ئامادە بوو. سەرەڕای ئەوەی تەمەنی حەفتا ساڵ بوو، بەلاّم چوست و چالاك لەبەردەم پاشا وەستابوو.

پاشا ووتی: " ئەرکاد، ڕاستە دەووترێت تۆ دەوڵەمەندترین پیاویت لە شاری بابل؟"

ئەرکاد ووتی: "خاوەن شکۆ، ناوبانگم بەوە ڕۆیشتووە و ئیتر هیچ کەس گومانی لەو ڕاستی یە نی یە"

پاشا: "چۆن بەو ڕادەیە دەوڵەمەند بووی؟"

ئەرکاد: "لەڕێگەی بەکارهێنانی ئەو هەل و دەرفەتانەی کە بۆ سەرجەم دانیشتوانی شارە جوانەکەمان بەردەستن"

پاشا: "هەنگاوێکی دیاریکراو هەیە، کە دەسپێکی بەیەکەوەنانی سامانەکەت بووبێت؟"



Scanned by CamScanner

ئەركاد: "تەنیا ئارەزوویکی بەتین بۆ دەسکەوتنی سامان. هیچ شتێکی تر نەبوو"

پاشا ووتی: "شارەکەمان لە حاڵەتێکی زۆر ناهەمواردایە. ئەوەش بەهۆی ئەوەی کە تەنیا چەند کەسێك لەو شارەدا هەن لەچۆنیەتی بەیەکەوەنانی سامان شارەزایی یان هەیە، لەئەنجامدا سامانی وولاتیان لای خۆیان گلداوەتەوە. لەکاتێکدا زۆرینەی هاولاتیانی شارەکەمان زانیاری یان لەبارەی چۆنیەتی پارێزگاریکردن لەدەسکەوتەکانیان نی یە.

من ئاواتم ئەوەیە شاری بابل ببێتە دەوڵەمەندترین شاری جیهان. جا بۆ ئەوەی ئەو ئاواتەمان بێتە دی، پێویستە شارەکە پڕ بێت لە ساماندار و زەنگین. بۆیە پێویستە هاولاتیان فێر بکەین چۆن بتوانن سامان بەیەکەوە بنێن. ئەركاد، تۆ پێم بڵێ، هیچ نهێنی یەك هەیە لەکۆکردنەوەی ساماندا یارمەتی مرۆڤ بدات؟ ئایا دەکرێت ئەو نهێنی یە بەکەسانی تریش بووترێت و فێر بکرێن؟"

ئەركاد: " بەڵێ خاوەن شکۆ، هەرشتێك، هەر مرۆڤێك بیزانێت، مانای ئەوەیە دەکرێت مرۆڤەکانی تریش فێری بن"

لێرەدا ڕوخساری پاشا گەشایەوە ووتی: "ئەركاد، تۆ هەمان ئەم ووشانە دەدرکێنیت کە من حەزیان پێ دەکەم! تۆ ئامادەیت خۆت ببەخشیت بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجە؟... زانیاری یەکانت بەکۆمەڵێك فێرکار بدەیت و ئەوانیش کەسانی تر فێر بکەن تا دەگاتە ئەوەی کە هەموو هاولاتی یەکی شانشینەکەم ئەو زانیاری یانەی پێ بگات؟"



Scanned by CamScanner

ئارکاد سەری نزم کرد و ووتی: " من خزمەتکارێکی ملکەچی هەموو فەرمانەکانی تۆم گەورەم. زۆر بەخۆشحاڵی یەوە هەموو زانیاری یەکانم دەبەخشم بۆ ئەوەی هاولاتیانی شارەکەم بەخۆشی بژین و ئێوەش پایەدار بن. بۆیە داواکارم ڕاوێژکارەکەتان ڕاسپێرن بۆ ئەوەی پۆلێکی سەد کەسی ئامادە بکات. منیش ئەم حەوت ڕێگەچارەیان فێر دەکەم کە کیسەی دراوەکانی منی بەپڕی هێشتۆتەوە، دوای ئەوەی بەتاڵترین کیسەدراوی شاری بابل بوو".

لەدوای دوو هەفتە، بەفەرمانی پاشا سەد پیاو هەڵبژێردران و لە هۆڵێکی گەورەدا کۆبوونەوە. لە شێوەی چەند نیوە بازنەیەك ڕیزبوون و لەناوەڕاستیاندا ئەرکاد لەتەنیشت مێزێکی بچووکەوە دانیشتبوو. لەسەر مێزەکە چرایەك دانرابوو.

لەو کاتەدا یەکێك لەقوتابیەکان دەستی لەشانی هاوپۆلەکەی تەنیشتی دا و ووتی: " سەیری دەوڵەمەندترین پیاوی بابل بکە، مرۆڤێکی ئاسایی یە وەك هەر پیاوێکی تر و هیچ جیاوازی یەکی لێ بەدی ناکرێت!"

ئەرکاد دەستی بە ووتارەکەی کرد ووتی: "لەبەر ئەوەی من خزمەتکارێکی گوێڕایەڵی پاشای شکۆمەندی شارەکەمانم، ئەمڕۆ لەسەر فەرمانی بەڕێزیان لەبەردەم ئێوەدا وەستاووم. لەبەر ئەوەی من ڕۆژێك لە ڕۆژان، گەنجێکی هەژار بووم و ئارەزووی ئەوەم هەبوو دەوڵەمەند بم. و لەبەر ئەوەی ئەو زانیاری یەم دەستکەوت کە بەهۆیەوە ئەو هەموو سامانە بەیەکەوە بنێم، پاشا داوای لێکردم ئەو زانیاری یانە بۆ ئێوەش بگوازمەوە.



Scanned by CamScanner

"ئەو سامانەی ئێستا هەمە، لە هیچەوە دەستی پێ کردووە و بەسادەترینی ڕێگاکان دەستم کەوتووە. هیچ تایبەتمەندی یەك لە خودی مندا نەبوو کە لەئێوە و لەهەر هاولاتی یەکی ئەو شارەدا نەبێت.

" یەکەمین شوێنی کۆکردنەوەی سامانەکەی من، کیسە کۆنەکەی دراوەکانم بوو. لە بەتاڵی ئەو کیسەیە بێزار بووبووم. هەمیشە بەئاواتی ئەوە بووم پڕ لە دراو بێت. چەند حەزم دەکرد گوێبیستی زرینگەی بەریەککەوتنی دراوەکانی ناو ئەو کیسەیە بم.

بۆ ئەوەی ئەو ئاواتە بەدی بێنم، بەدوای هەموو ئەو ڕێگایانەدا گەڕام کە دەبنە هۆی ئەوەی بەسەر ئەو کیسە بەتاڵەدا زاڵ بم. بەو شێوەیە حەوت ڕێگەم دۆزی یەوە.

" ئەی ئەوانەی لەبەردەمی مندا دانیشتوون، ئەم حەوت ڕێگەیەتان بۆ باس دەکەم کە دەبێتە هۆی ئەوەی بەسەر کیسە بەتاڵەکانتاندا زاڵ بن. ئامۆژگاری هەر یەکێکتان دەکەم کە ئارەزووی کۆکردنەوەی سامانی هەیە پابەندی ئەو ڕێگایانە بێت. لەهەر ڕۆژێکی هەفتەی داهاتوودا، یەکێك لەو ڕێگایانەتان بۆ باس دەکەم.

" زۆرباش گوێ لەو زانیاری یانە بگرن کە بۆتان باس دەکەم. زۆر بەووردی لەگەڵ مندا بیر لەو ڕێگایانە بکەنەوە و لەنێوان خۆتاندا گفتوگۆی لەسەر بکەن. تەواوی ماندووبوونتان بخەنەگەڕ بۆ ئەوەی ئەم وانانە فێر بن کە یارمەتیتان دەدەن یەکەم تۆی درەختی ساماندار لە کیسەکانتاندا بچێنن. سەرەتا پێویستە هەر یەکێك لە ئێوە، بەدانایی یەوە لە بونیادنانی سامانە تایبەتی یەکەیدا دەسبەکار بێت. تەنیا ئەو کاتە،



Scanned by CamScanner

ئامادە دەبێت و شیاوی ئەوە دەبێت ئەو ڕاستی یانە فێر بێت و کەسانی تریش فێر بکات.

" بەچەند ڕێگەیەکی ئاسان، فێرتان دەکەم چۆن کیسەی دراوەکانتان پڕ لە دراو بکەن. ئەوەش هەنگاوی یەکەمە بەرەو بونیادنانی سامانێکی زۆر. هیچ یەکێك لە ئێمە ناتوانێت بەرەوپێشچوونێکی بەرچاو لەبونیادنانی ئەو سامانە بەدەست بێنێت، ئەگەر هەنگاوی یەکەمی تۆکمە و جێگیر نەبێت.

" ئێستاش تاوتویێ ی ڕێگەی یەکەم دەکەین".

ڕێگای یەکەم



دەست بە پڕکردنی کیسەکەت بکە

(ئەرکاد) ڕووی لە پیاوێك کرد کە لەڕیزی دووەم دانیشتبوو، وادیاربوو زۆر پەرۆشی بابەتەکە بێت، پرسیاری لێکرد: " هاوڕێ ی شیرینم، تۆ پیشەت چی یە؟"



Scanned by CamScanner

پیاوەکە لەوەڵامدا ووتی: "من دەقەکان لەسەر تابلۆ قوڕینەکان دەنوسمەوە"

(ئەرکاد) ووتی: "من یەکەمین کۆمەڵە دراووم لەو کارەدا بەدەست هێنا، بۆیە تۆش هەمان ئەو دەرفەتەت هەیە بۆ ئەوەی سامان کۆ بکەیتەوە"

ئینجا (ئەرکاد) ڕووی لە پیاوێکی ڕیزەکانی پشتەوە کرد کە ڕوخسارێکی سوورهەڵگەڕاوی هەبوو، پرسیاری لێکرد: "بێ زەحمەت تۆ پێم بڵێ، پیشەی تۆ چی یە و بژێوی ژیانت لەکام پیشە دابین دەکەیت؟"

لەوەڵامدا ووتی: "من گۆشفرۆشی دەکەم. ئاژەڵەکان لەمەڕدارەکان دەکڕمەوە و سەریان دەبڕم، ئینجا گۆشتەکە بە ئافرەتان دەفرۆشم و پێستەکانیش بە وەستای پێڵاو دەدەم، و لەبەرامبەردا نرخەکەی وەردەگرم".

ئەرکاد ووتی: " لەبەر ئەوەی تۆش بەهەمان شێوە کار دەکەیت و دراووت دەستدەکەوێت، مانای ئەوەیە هەموو ئەو تایبەتمەندی یانەت هەیە کە منیش هەمە و دەبنە هۆی سەرکەوتن".

(ئەرکاد) بەو شێوەیە لە گفتوگۆدا بەردەوام بوو بۆ ئەوەی بزانێت هەریەکێك لە قوتابیەکانی لەڕێگەی کامە پیشەوە بژێوی خۆی دابین دەکات. ئینجا دوای ئەوەی لە خستنەڕووی پرسیارەکانی تەواو بوو، ووتی:

" کەواتە قوتابیەکانم ئێستا ئێوە دەزانن کە چەندین کار و پیشە هەن مرۆڤ بەهۆیانەوە دەتوانێت داهات و سامان بەدەست بێنێت. هەریەکێك لەو پیشانە، ڕێگایەکن بۆ ئەوەی خاوەنەکەی بتوانێت بەشێك



Scanned by CamScanner

لە داماتەکەی بخاتە ناو کیسە تایبەتی یەکەی خۆی. بەو شێوەیە کیسەی دراوی هەریەکێك لە ئێوە، بڕێك لە دراوی تێدا دەبێت، هەریەك بەپێ ی توانای خۆی، مەگەر وانی یە؟"

هەموویان لەوەلآمدا پشتڕاستی ووتەکانی (ئەرکاد) یان کردەوە.

ئینجا (ئەرکاد) لە ووتەکانی بەردەوام بوو ووتی: "ئەگەر هەر یەکێك لە ئێوە ئارەزووی ئەوەی هەبوو سامانێك بۆخۆی کۆ بکاتەوە، دانایی ئەوەیە سوود لە سەرچاوەی ئەو داماتە وەربگرێت کە خۆی بونیادی ناوە."

ئینجا ڕووی لە پیاوێك کرد کە پێشتر خۆی ناساندبوو پیشەکەی هێلکەفرۆشی بوو، پرسیاری لێکرد ووتی: " ئەگەر سەبەتەیەك هەڵبژێریت و هەموو بەیانی یەك دە هێلکەی لەناو دابنێیت، ئینجا هەموو ئێوارەیەك نۆ هێلکەی لێ دەربهێنیت، لەکۆتاییدا چی ڕوودەدات؟"

پیاوەکە ووتی: "بەتێپەڕبوونی کات، سەبەتەکە پڕ دەبێت!"

(ئەرکاد) ووتی: لەبەرچی؟

پیاوەکە ووتی: " لەبەر ئەوەی من ڕۆژانە ژمارەیەکی زیاتر لەناو سەبەتەکە دادەنێم لەو ژمارەیەی کە لێ ی بەتاڵ دەکەم".

(ئەرکاد) بەخەندەیەکەوە سەیری قوتابیەکانی کرد ووتی: "هیچ کام لە ئێوە خاوەنی کیسەیەکی بەتاڵە؟"

لەسەرەتادا هەموویان سەریان سوڕما، ئینجا هەموویان دەستیان کرد بە پێکەنین و لەکۆتاییدا وەك گاڵتەیەك کیسە بەتاڵەکانیان بەهەوادا بەرز کردەوە.



Scanned by CamScanner

( ئەرکاد) ووتی: "کێشە نی یە. ئێستا ڕێگەچارەیەکی بەراییتان پێ دەڵێم کە فێری بووم بۆ ئەوەی بەسەر بەتاڵی کیسەی دراوەکانمدا زاڵ بم. لە هەر دە پارچە دراوێك کە دەیخەنە ناو کیسەکانتان، تەنیا نۆ دانەی لێ خەرج بکەن و هەمیشە دانەیەك بهێڵنەوە. لەناکاو هەستدەکەن کیسەکانتان هەڵاوساوە و زیادبوونی قورسایی کیسەی دراوەکانتان، هەستی ئارامی و دڵنەواییتان پێ دەبەخشێت.

" گاڵتە بە سادەیی ووتەکانی من مەکەن. هەمیشە ڕاستی یەکان، شتگەلی سادە و ساکارن. من پێشتر بەئێوەم ڕاگەیاند کە شێوازی چۆنیەتی کۆکردنەوەی سامانەکەی خۆم بۆ ئێوە باس دەکەم. ئیتر ئەوە هەنگاوی یەکەمی من بوو. منیش وەك ئێوە کیسەیەکی بەتاڵم هەبوو، چەندین جار نەفرەتم لێکردووە بەهۆی ئەوەی کە لەتوانایدا نەبوو ئارەزووەکانم بەدی بێنێت. بەڵام دوای ئەوەی فێربووم لەهەر دە دانە دراوێك، تەنیا نۆ دانەی لێ خەرج بکەم، بەرە بەرە کیسەکەم هەڵاوسا. کیسەکانی ئێوەش بەهەمان شێوە پڕ دەبن.

" ئێستاش ڕاستی یەکی سەیرتان بۆ باس دەکەم کە تا ئێستا منیش لەهۆکارەکەی تێنەگەیشتووم. لەو کاتەوەی دەستم بەوە کرد کە لەو دە دانە دراوەی دەستم دەکەوون، تەنیا نۆ دانەیان خەرج بکەم، زۆر بە سانایی توانیم لایەنی دارایی خۆم ڕێك بخەم. سەرەڕای ئەوەی کە بە ئەندازەی ئەو دەیەکەی داهاتەکەم، خەرجی یەکانی خۆم کەمکردەوە، بەڵام کاریگەری یەکی ئەوتۆی لەسەر ژیانم نەبوو. بێ گومان ئەوە یاسایەکی ئەزەلی یە کە زۆر بە ئاسانی سامان بۆلای ئەو کەسە کێش



Scanned by CamScanner

دەبێت، کە بڕێکی دیاریکراو لە داهاتەکەی پاشەکەوت دەکات. ئینجا بەپێ ی هەمان یاسا، ئەو کەسەی هەمیشە کیسەی دراوەکانی بەبەتاڵی جێبهێڵێت، سامان لێ ی دووردەکەوێتەوە.

" کەواتە، زیاتر حەز دەکەن کامە ئارەزووی خۆتان بەدی بێنن؟ ئەو ئارەزووە ڕۆژانەی حەز دەکەن تێریان بکەن، وەك جل و بەرگی گرانبەها و خواردنێکی زۆر و شتگەلە تەواوکاری یەکانی تر کە بەخێرایی تەواو دەبن و لەناو دەچن؟ یان شتگەلی گرانبەهای وەك زێڕ و زەوی و مەڕ و ماڵات و ئەو سەرمایانەی کە داهاتی زیاترتان بۆ دابین دەکەن؟ ئەو بڕە دراوانەی لە کیسەکانتان دەری دێنن، ئارەزووە یەکەمەکانتان بۆ بەدی دێنن، بەڵام ئەو بڕە دراوانەی دەیانهێڵنەوە، جۆری دووەمی ئارەزووەکانتان بۆ بەدی دێنن.

" قوتابیە خۆشەویستەکانم، ئەوە ڕێگەی یەکەمین بوو کە دۆزیمەوە بۆ ئەوەی بەسەر بەتاڵبوونی کیسەکەمدا زاڵ بم: لەهەر دە پارچە دراو کە دەیانخەمە ناو کیسەکەم، تەنیا نۆ دانەی لێ خەرج دەکەم. لەنێوان خۆتاندا گفتوگۆ لەسەر ئەو بابەتە بکەن. ئەگەر هەر یەکێك لە ئێوە توانی پێچەوانەی ووتەکانی من بسەلمێنێت، بەیانی کاتێك بەیەك دەگەینەوە بۆمان باس بکات".



Scanned by CamScanner

## ڕێگەی دووەم



## سنوورێک بۆ خەرجی یەکانت دابنێ

له ڕۆژی دووەم، (ئەرکاد) ووتی: "هەندێك لە ئێوە ئەو پرسیارەیان ئاراستە کردووم: مرۆڤ چۆن دەتوانێت دەیەکی داهاتەکەی پاشەکەوت بکات، لەکاتێکدا کۆی داهاتەکەی لەوە کەمتر بێت کە پێویستی یە سەرەتایی یەکانی خۆی پێ دابین بکات؟

" من پرسیار لە ئێوە دەکەم: دوێنێ چەند کەس لە ئێوە کیسەی دراوەکانی بەتاڵ بوو؟"

قوتابیەکان لەوەڵامدا ووتیان: "هەموومان"

(ئەرکاد) ووتی: " ئەوە سەرەڕای ئەوەی کە داهاتەکانتان جیاوازی هەیە!. هەندێکتان داهاتەکەی زیاترە و هەندێکتان خەرجی خانەوادەیەکی گەورەی لە ئەستۆ دایە، بەڵام لە کۆتاییدا هەمووتان کیسەکانتان بەتاڵە! ئێستا ڕاستی یەکی سەمەرەتان بۆ باس دەکەم. ئەو ڕاستی یە لەبارەی (خەرجی یە پێویستەکان) ەوەیە. ئەگەر چاوکراوە



Scanned by CamScanner

نەبین، هەمیشە خەرجی یە پێویستەکان بەرەو زیادبوون دەچن بۆ ئەوەی هاوشانی داهاتەکانمان بن.

" ئارەزووەکانتان و خەرجی یە پێویستەکان تێکەڵ بەیەکتر مەکەن. هەریەکێك لە ئێمە، ئارەزووەکانی زۆر لەتوانای دارایی و ئاستی داهاتەکەی زیاترن. بۆیە هەرچەند دەسکەوتەکانتان زیاتر دەبن، داهاتەکانتان لەو ئارەزووانە خەرج دەکەن. سەرەڕای ئەوەش، برێکی زۆر لەو ئارەزووانە دەمێننەوە کە ناتوانن تێریان بکەن.

هەموو مرۆڤەکان، ئارەزووەکانیان لەوە زیاترن کە بتوانێت وەڵامیان بداتەوە. ئێوە لەو باوەڕەدان من بەهۆی ئەو سامانە زۆرەوە، هەموو ئارەزووەکانم جێ بەجێ دەکەم؟ ئەوە بیرکردنەوەیەکی هەڵەیە. کاتەکانی من سنووری هەیە. تواناکانم سنووریان هەیە، گەشتەکانم سنووریان هەیە، ئەو خواردنەی کە دەیخۆم سنوورێکی هەیە. هەروەها سنووری چێژ بینینیشم دیاریکراوە.

" من پێتان دەڵێم کە بابەتەکە هاوشێوەی سەوزبوونی گژوگیا زیانبەخشەکانە لەو زەویانەی کە جۆتیار ڕێگە دەدات ڕەگەکانیان دابکوتن. لەبەر ئەوەی بەهەمان شێوە ئەو ئارەزووانە ئازادانە لەناخی مرۆڤەکاندا گەشەدەکەن، لەکاتێکدا ئەگەری بەدیهێنانیان هەبێت. ئارەزووەکانی تۆ زۆرن و لەژماردن نایەن، بەڵام تەنیا دەتوانیت ژمارەیەکی کەم لەو ئارەزووانە بەدی بێنیت.

"زۆر بە قووڵی ئەو نەریتانەی ژیانتان تاوتوێ بکەن. لەوانەیە هەمیشە ئەو جۆرە خەرجی یانە لە ژیانی تۆدا هەبن کە بتوانیت کەمیان بکەیتەوە،

یان بەنەواوی دەسبەرداریان بیت. دروشمتان ئەوە بێت کە هەر پارچە دراوێك پێویستە لەو شتە خەرج بکرێت کە لەسەدا سەد شایان بێت. بۆیە لەسەر تابلۆیەکی قورین، هەموو ئەو شتانە تۆمار بکەن کە ئارەزووی کرینی دەکەن. ئینجا ئەو شتانە دەستنیشان بکەن کە پێویستن، و دوای ئەوە لە سنووری ئەو نۆ پارچە دراوەی کە لە دە پارچە دراوی داهاتەکەتان خەرجی دەکەن، ئەو شتانە دەستنیشان بکەن کە ئارەزوویان دەکەن. بەو شێوەیە ئەو شتانە بسڕنەوە کە تەنیا بەشێکن لە ئارەزووە لەبن نەهاتووەکانتان و لەدەرەوەی سنووری ئەو توانا دارایی یە دان کە دەستنیشانتان کردووە. بە ئاسایی وەربگرن کە ژمارەیەکی زۆر لە ئارەزووەکانمان پێویستە وەلامیان نەدرێتەوە، بێ ئەوەی لەو ڕەفتارەتان پەشیمان ببنەوە.

" بودجەیەك بۆ خەرجی یەکانی خۆت دابنێ. دەسکاری ئەو دەیەکە مەکە کە پاشەکەوتت کردووە. ئەو پاشەکەوتە بکە بە ئارەززوە هەرە گرینگەکەی خۆت کە پێویستە جێ بەجێ ی بکەیت. بەگوێرەی ئەو بودجەیە خەرجی بکە و بەردەوام گۆڕانکاری تێدا بکە بۆ ئەوەی لەگەڵ پێویستی یەکانتدا بگونجێت و بۆ ئەوەی یارمەتیدەرت بێت لە پاراستنی کیسەکەت لە خاڵی بوونەوە.

لەو ساتەوەختەدا، یەکێك لە قوتابیەکان هەستایەوە، کراسێکی سووری بەزێڕ نەخشێنراوی لەبەربوو، ووتی: "من پیاوێکی ئازادم، باوەڕم بەوە هەیە کە مافی خۆمە چێژ لە ژیان وەربگرم. بۆیە من قبووڵ ناکەم بودجەیەکی دیاریکراووم هەبێت و سنووری خەرجی یەکانم دەستنیشان

بکات، من هەست دەکەم بەم شێوەیە ژیان چێژی نابێت و وەك ئەو گوێدرێژە دێمە بەرچاو کە بارێکی لێ بارکرابێت"

(ئەرکاد) وەڵامی دایەوە ووتی: " هاوڕێ خۆشەویستەکەم، مەگەر کێ ئەو بودجەیە دەستنیشان دەکات؟"

پیاوەکە ووتی: "من بەخۆم ئەو بودجەیە بۆخۆم دیاری دەکەم"

(ئەرکاد) ووتی: " ئەگەر گوێدرێژ خۆی بارەکەی خۆی دەستنیشان بکات، گەوهەر و زێڕ و کالآ قورسەکان دەستنیشان دەکات؟ بێ گومان نەخێر، بەڵکو گژ و گیا و دانەوێڵە و گۆزەیەك ئاو دەستنیشان دەکات و بە بیاباندا دەکەوێتە ڕێ!

ئامانج لە دانانی بوجە ئەوەیە کە یارمەتی کیسەی دراوەکانی تۆ بدات بۆ ئەوەی بە پڕی بمێنێتەوە. هەروەها یارمەتیت دەدات پێویستی یەکانت و هەندێك لە ئارەزووەکانت–بەپێ ی توانا– بەدی بێنیت. جگە لەوەش دەتوانیت بەهۆیەوە ئارەزووە هەرە گرینگەکەی خۆت بزانیت. ئەوەش لە ڕێگەی پاراستنی تۆ لە ویست و ئارەزووە کاتی یەکان. بەهەمان شێوەی ئەو ڕۆناکی یەی لە ناوەڕاستی ئەشکەوتێکی تاریکدا دەردەکەوێت، بوجەکەت، ئەو دراوەت بۆ دەستنیشان دەکات کە لە کیسەکەت دەتکێت، ئینجا تۆش دەتوانیت ئەو تکان و وونبوونە ڕابگریت و سنوورێك بۆ خەرجی یەکانت دابنێیت، لەپێناوی بەدیهێنانی ئامانجەکانتدا.


" کەواتە ئەوەش ڕێگەی دووەم بوو بۆ ئەوەی بەسەر کیسە بەتاڵەکانتاندا زاڵ بن:



Scanned by CamScanner

بودجەیەك بۆ خۆتان دەستنیشان بکەن، بۆ ئەوەی سنوورێك بۆ خەرجی یەکانتان دابنێن بەجۆرێك پێویستی یە سەرەکی یەکان دابین بکەن و لە ڕێگەی بەدیهێنانی بەشێك لە ئارەزووەکانتان چێژ لە ژیان وەربگرن. ئەمانە هەمووی، بیٚ ئەوەی زیاتر لە نۆ پارچە دراو خەرج بکەن لەو دە پارچەیەی کە بەدەستتان هێناوە.

## ڕێگەی سێ یەم



## کار لەسەر گەشەپێکردنی سامانەکەتان بکەن

لە ڕۆژی سێ یەمدا (ئەرکاد) ووتی: سەیری کیسەکانتان بکەن چۆن گەورە دەبێت. ئێستا، ئێوە ڕاهاتوون لەسەر پاشەکەوتکردنی دەیەکی داهاتەکەتان. سنوورێکتان بۆ خەرجی یەکانتان داناوە بۆ ئەوەی پارێزگاریی لە پاشەکەوتەکانتان بکەن. دوای ئەوە بیر لە ڕێگایەك دەکەینەوە بۆ ئەوەی سامانەکەتان گەشە بکات. ئەو دراوەی لەناو کیسەکەدا بیٚ کار دەمێنێتەوە، دڵ و دەروونی خاوەنەکەی ئارام دەکاتەوە، بەڵام هیچ بەرهەمێکی نابێت. ئەو بڕە دراوەی لە

دەسکەوتەکەمان پاشەکەوتمان کردووە، تەنیا سەرەتایە، بەڵام ئەو سوود و قازانجەی لێ ی پەیدا دەبێت، بنەمای بەیەکەوەنانی سامانەکەمانە.

" کەواتە چۆن گەشە بەو دراوانە بدەین کە پاشەکەوتمان کردوون؟ من لەیەکەمین وەبەرهێنانمدا شکستم خوارد، هەموو سامانەکەی خۆم لەدەستدا. دواتر ئەو سەربردەیەتان بۆ باس دەکەم. بەڵام یەکەمین وەبەرهێنان کە تیایدا سەرکەوتووبووم، ئەوە بوو کە بڕێك لە دراوەکانم بە پیاوێك دا ناوی (ئاجار) بوو، وەستای زرێ بوو. هەموو ساڵێك بڕێکی زۆری برۆنزی دەکڕی بۆ ئەوەی زرێ ی لێ دروست بکات. جا بۆ ئەوەی سەرمایەکی زۆری دەسکەوێت بەشی کڕینی برۆنزەکە بکات، هاوبەشی لەگەڵ ئەو کەسانەدا دەکرد کە دراوی پاشەکەوتکراویان هەبوو. (ئاجار) پیاوێکی دەسپاك بوو، لەدوای فرۆشتنی زرێکانی، قازانجێکی باشی پێدەدام.

" منیش هەموو جارێك، سەرمایەکەی پێشووم، بە قازانجەکەیەوە پێدەدا بۆ ئەوەی قازانجی زیاترم دەسکەوێت. بۆیە تەنیا سەرمایەکەم لەزیادبوون نەبوو، قازانجەکانیشم بەهەمان شێوە گەشەیان دەکرد. ئەوەی مایەی خۆشحاڵی بوو، ئەو بڕە دراوانەش بەهەمان شێوە دەگەڕانەوە ناو کیسەی دراوەکانم.

" من بۆ ئێوە دووپاتی دەکەمەوە کە سامانی مرۆڤەکان ئەوە نی یە کە لەناو کیسەکاندا هەیە، بەڵکو لەو قازانجانە دایە کە لێ ی پەیدا دەبێت و لەو ڕووبارە زێڕەیە کە بەردەوام دەڕژێتەوە ناو کیسەکە و هەمیشە بە



Scanned by CamScanner

پڕی دەبهێڵێتەوە. ئاواتی هەر مرۆڤێکیش ئەو داهاتەیە کە بەردەوام دراوی تر بەدوای خۆیدا دێنێت لەکاتی کارکردن و لەکاتی سەفەرکردندا.

"بەو شێوەیە داهاتێکی زۆرم پەیدا کرد کە بەهۆیەوە زۆر دەوڵەمەند بووم. ئەو سامانەی لەگەڵ (ئاجار) هاوبەشیم پێکرد، یەکەمین ئەزموونی من بوو لە وەبەرهێناندا. لەو ئەزموونەوە فێر بووم وەبەرهێنانەکانم فراوانتر بکەم بۆ ئەوەی سەرمایەکەم زیاتر بێت. سەرەتا لە داهاتێکی بچووک و پاشانیش لە داهاتێکی گەورەوە، ڕووبارێکی زێڕین ڕژایە ناو کیسەی دراوەکانم بۆ ئەوەی بە شێوازێك بەکاریان بێنم کە خۆم بڕیاری لەسەر دەدەم.

" سەیرکەن! لە ڕێگەی داهات و دەسکەوتە بچووکەکانمەوە، توانیم سوپایەك لە کۆیلە زێڕینەکان پێك بێنم-مەبەستم دراوە زێڕەکانە-کە هەر یەکەیان کار دەکەن بۆ ئەوەی پارچە زێڕی تر بەرهەم بێنن. ئینجا جگە لەوەی خۆیان لەبەرژەوەندی من کاریان دەکرد، بەرهەمەکانیان و بەرهەمی بەرهەمەکانیشیان کاریان دەکرد، تاوەکو ئەو داهاتەی لە کارکردنی هاوبەشی ئەوان پەیدا دەبوو، گەیشتە ئاستێکی زۆر گەورە.

"سامان زۆر بەخێرایی زیاد دەکات کاتێك دەسکەوتی هەبێت، هەروەك لەو سەربردەیەدا دەبینین: جوتیارێك، لەو کاتەی منداڵی یەکەمی دەبێت، دە دانە دراوی زیو بە بازرگانێك دەدات و داوای لێ دەکات بە قازانجەکانیانەوە بۆی پاشەکەوت بکات تاوەکو منداڵەکەی دەگاتە تەمەنی بیست ساڵ. بازرگانەکەش ئەو کارەی بۆ ئەنجام دەدات و ئەو دراوە زیوانە لەماوەی هەر چوار ساڵێکدا چواریەکی بەهاکەی خۆیان قازانجیان



Scanned by CamScanner

دەبێت. جا لەبەر ئەوەی جۆتیارەکە ئەو دراوانەی بۆ کوڕەکەی پاشەکەوت کردووە، داوا لە بازرگانەکە دەکات هەموو قازانجەکەیان لەگەڵ سەرمایەکە تێکەڵ بکاتەوە.

" کاتێك تەمەنی کوڕەکەی گەیشتە بیست ساڵ، جوتیارەکە چووە لای بازرگانەکە بۆ ئەوەی هەواڵی دراوە زیوەکان بزانێت. بازرگانەکە بۆی باسکرد کە دراوەکان لە ڕێگەی قازانجە هاوبەشەکانەوە زیادی کردووە و لە ئێستادا دە پارچە دراوە زیوەکان زیادیان کردووە و بوون بە سی پارچەو نیو.

" کاتێك جوتیارەکە ئەمەی بیست دڵی زۆر خۆش بوو. بەڵام لەبەر ئەوەی کوڕەکەی لەو کاتەدا پێویستی بەو دراوانە نەبوو، دراوەکانی لەلای بازرگانەکە هێشتەوە و لەهاوبەشیکردنیدا بەردەوام بوو. دوای ئەوەی کوڕەکەی تەمەنی گەیشتە پەنجا ساڵ و دوای ئەوەی باوکی کۆچی دوایی کرد، بازرگانەکە دراوە زیوەکان و قازانجەکانی بۆ کوڕەکە هێنایەوە کە ئەو کات ژمارەی دراوەکان گەیشتبووە شەست و حەوت دراوی زیو.

" بەو شێوەیە لەماوەی پەنجا ساڵدا، دراوەکان زیاتر لە حەڤدە جار بەقەد خۆیان زیادیان کردبوو.

" کەواتە ئەوە ڕێگەی سێ یەم بوو بۆ زاڵبوون بەسەر کیسە بەتاڵەکان: هەموو پاشەکەوتەکانت بەکاربێنە بۆ ئەوەی قازانجی لێ بکەوێتەوە و یارمەتیت بدات لە بەدەستهێنانی سەرچاوەیەکی داهاتی جێگیر کە تایبەت بەخۆت بێت، وەك ئەوەی بەردەوام ڕووبارێك لە دراو بڕژێتەوە ناو کیسەی دراوەکانت".



Scanned by CamScanner

## ڕێگەی چوارەم



**پارێزگاریی لە سامانەکەت بکە**

(ئەرکاد) لە ڕۆژی چوارەمدا بە قوتابیەکانی ووت: "بەدبەختی، نیشانەیەکی بریسکەداری هەیە. پێویستە مرۆڤ زۆر بە ووریایی پارێزگاریی لە کیسەی دراوەکانی بکات، ئەگینا لەدەستی دەدات. دانایی ئەوەیە سەرەتا پارێزگاریی لە دراوە کەمەکانمان بکەین و بەر لەوەی بتوانین دراوی زیاتر بەدەست بێنین، پارێزگاری یان لێ بکەین.

"هەموو خاوەن سامانێك، ئەو دەرفەتانە سەرنجی ڕادەکێشن کە ئەگەری هەیە بەهۆیانەوە سامانێکی زۆر کۆبکاتەوە. لەوانەیە خزم و هاوڕێکانی لەو جۆرە دەرفەتانە بەشدار بن و هانی بدەن بەشداری تێدا بکات.

" بنەمای یەکەم لە مسۆگەرکردنی وەبەرهێناندا، پاراستنی سەرمایەی تایبەت بەخۆتانە. مەگەر دەکرێت دەسکەوتە گەورەکان فریوت بدەن لەکاتێکدا ئەگەری لەدەستدانی سەرمایەکەت لە ئارادا بێت؟ نەخێر. سزای

سەرکێشی کردنت، ئەگەری لەدەستدانی سەرمایەکەی خۆتە. بۆیە بەر لەوەی دەسبەرداری سامانەکەت بیت، زۆر بە وورپایی هەموو پایەکانی مسۆگەرکردنی پاراستنی سەرمایەکەت تاوتوێ بکە. ڕێگە مەدە ئارەزووی خەیاڵی دەسکەوتی زۆر و خێرا، تۆ فریو بدات.

" بەر لەوەی سامانەکەت بە کەسێك بسپێریت، پێویستە لەدەسپاکی و ناوبانگی ئەو کەسە دڵنیا ببیتەوە، بۆ ئەوەی وادەرنەکەوێت کە تۆ هەموو ئەو سامانەی لەپەیداکردنیدا زەحمەتیت کێشاوە، بەدیاری پێشکەش بەو کەسە دەکەیت!

"بەر لەوەی سامانەکەت لەهەر بوارێکدا بەکار بخەیت، سەرەتا خۆت بەهەموو ئەو مەترسیانە ئاشنا بکە کە لەو بوارەدا ئەگەری بوونیان هەیە.

یەکەمین هەوڵی من بۆ بەکارخستنی پاشەکەوتەکانم، بۆ من مایەی نیگەرانی بوو، لەبەر ئەوەی هەموو ڕەنجی ماندووبوونی یەك ساڵم ڕادەستی (ئەزمیر) کرد کە ئەو کات وەستای قرمید بوو، هەمیشە لەڕێگەی دەریاوە سەفەری دەکرد. ڕەزامەندی دەربڕی کە لەبەندەری تیرۆس هەندێك لەو گەوهەرە گرانبەهایانە بکڕێت کە لای فینیقیەکان هەبوون، بۆ ئەوەی بەگرانتر بیفرۆشین و قازانجەکەی لەنێوان خۆماندا دابەش بکەین. بەڵام فینیقی یە ناپاکەکان فریویان دابوو چەندپارچە شووشەیەکیان بە نرخێکی زۆر گران پێ فرۆشتبوو. بەو شێوەیە تەواوی سامانەکەی خۆم لەدەستدا. ئێستا لەمیانەی ئەزموونی خۆم لەوە

تێگەیشتووم کە زۆر دەبەنگ بووم کاتێك داوام لە وەستای قرمید کردووە

گەوهەرم بۆ بکڕێت!.

" بۆیە ئامۆژگاریتان دەکەم متمانەی تەواو بە زانیاری یەکانی خۆتان

نەکەن و هەموو سامانی خۆتان لە پرۆژەیەکی پڕ لە مەترسیدا بەکار

نەخەن. لەوەش باشتر ئەوەیە کە ئامۆژگاری لە مرۆڤە بەئەزموونەکان

وەربگرن بۆ ئەوەی سوود لە دراوەکانتان وەربگرن. ئەو جۆرە ئامۆژگاری

یانە زۆر بە ئاسانی دەست دەکەوون و لەوانەیە دواتر بۆتان دەرکەوێت کە

ئەو ئامۆژگاری یە بەهایەکەی بەئەندازەی ئەو برە پارەیە بووە کە

خستووتانە گەڕ بۆ ئەوەی سوودی لێ وەربگرن، بەتایبەتی ئەگەر لە

مەترسی زەرەرێکی مسۆگەر ئێوەی ڕزگار کردبێت.

" کەواتە، ئەوە ڕێگەی چوارەمە بۆ ئەوەی لە کیفکە بەتاڵەکان

ڕزگارتان بێت. پارێزگاری لە سامانی خۆت بکە لە ڕێگەی بەکارخستنی

لەو پرۆژانەی مانەوەی سەرمایەکەت مسۆگەر دەکەن و هەرکاتێك ئارەزوو

بکەیت بتوانیت بیگەڕێنیتەوە و ببێتە هۆی ئەوەی قازانجی تازە بەدەست

بێنیت. سەبارەت بەم بابەتە ڕاوێژ بە کەسانی زانا بکە و ئامۆژگاری

لەکەسانی بە ئەزموون وەربگرە. ڕێگە بدە زانیاری یەکانیان ببنە هۆی

دوورکەوتنەوە لە وەبەرهێنانە پڕ لە مەترسی یەکان."



Scanned by CamScanner

## ڕێگەی پێنجەم



**وەبەرهێنان لە شوێنی نیشتەجێ بوونتدا بکە**

لە ڕۆژی پێنجەمدا (ئەرکاد) بە قوتابیەکانی ووت: "ئەگەر هەر یەکێك لە ئێوە نۆ بەشی داهاتەکەی بەکارهێنا بۆ ئەوەی پێویستی یەکانی پێ دابین بکات و چێژ لە ژیانی وەربگرێت، و ئەگەر بکرێت هەر بەشێك لەو نۆ بەشە لە وەبەرهێنانێکی بەسوود بەکاربهێنرێت بێ ئەوەی زیان بە شێوازی ژیانی بگات، ئەوکاتە سامانەکەی زۆر بەخێرایی گەشە دەکات.

" زۆرینەی پیاوەکانمان لە شاری بابل خۆیان و خانەوادەکانیان لە شوێنێکی نەشیاودا ژیان بەسەر دەبەن. کرێ یەکی زۆر بە خاوەن زەوی یە چاوچنۆکەکان دەدەن تەنیا بۆ ئەوەی ژوورێکی بچووکیان دەسکەوێت، بێ ئەوەی پارچە زەوی یەکی لەگەڵدا بێت ئافرەتەکانیان بتوانن ئەو گوڵانەی تیا بچێنن کە دڵخۆشیان دەکات. نەوەك تەنیا گوڵ، بەڵکو ئەو سەوزە و درەختانەش کە لەوانەیە بەروبوومیان هەبێت و سوودێك بە خانەوادەکەیان بگەیەنێت.

" سەبارەت بە پیاو، ئەوە دڵخۆشی دەکات کە هەنجیر لە درەختەکانی خۆی بخوات و ترێ لە مێوەکانی خۆی بەدەستی خۆی لێبکاتەوە. جا بۆ ئەوەی هەر پیاوێك خانوویێکی تایبەت بەخۆی هەبێت و



Scanned by CamScanner

بیکاتە شوێنێك کە بایەخی پێ بدات و شانازی پێوە بکات، پێویستە بوێر بێت و هەوڵێکی زۆر بدات. بۆیە ئامۆژگاریتان دەکەم هەریەکێك لە ئێوە خاوەنی بنمیچێك بێت بۆ ئەوەی خۆی خانەوادەکەی بە ئارامی لەژێریدا بحەسێنەوە.

" لە ئێستادا هەر پیاوێك بوێری و ویستێکی بەهێزی هەبێت، لەتوانایدا هەیە خاوەنی خانووی خۆی بێت. مەگەر خاوەن شکۆ بڕیاری نەداوە شوورەکانی شاری بابل فراوانتر بکات و لە ئێستادا زەوی یەکی زۆری بەکارنەهاتوو دەکەوێتە ناو بازنەی شار و دەتوانرێت بەنرخێکی زۆر گونجاو بکرێت؟


" هەروەها دەمەوێت ئەوەتان بۆ دووپات بکەمەوە کە خاوەن شکۆ ئارەزووی ئەو کەسانە لەبەرچاو دەگرێت کە هەوڵ دەدەن زەوی و خانوو بۆ خانەوادەکانیان دابین بکەن. جا ئەگەر لەتواناتدا هەیە بڕەپارەیەکی گونجاو کۆ بکەیتەوە کە خەرجی یەکانی دروستکردنی خانوێك لەخۆ بگرێت، زۆر بە ئاسانی دەتوانیت لەگەنجینەی شارەکەمان دراو قەرز بکەیت بۆ ئەوەی کرێ ی وەستای قرمید و کرێکارەکان بدەیت و لەدواتریشدا ئەو قەرزانە دەدەیتەوە.

" دوای ئەوەی دروستکردنی خانووەکە بەئەنجام دەگات، دەتوانیت بەهەمان ئەو بڕەپارەیەی پێشتر بە خاوەن زەوی یە چاوچنۆکەکانت دەدا، قەرزەکانی گەنجینە بدەیتەوە. بەو شێوەیە لە ماوەی چەند ساڵێکی کەمدا قەرزەکان بەکۆتا دێن. ئەو کاتە دڵت ئاسوودە دەبێت، لەبەر ئەوەی دەبیتە خاوەنی موڵکێك کە بەهایەکی هەیە.

" هەروەها ئافرەتە بەڕێزەکەشت دڵخۆشتر دەبێت و زیاتر لە جارێك دەچێتە سەر ڕووبارەکە بۆ ئەوەی جلەکانت بۆ پاك بکاتەوە و لەگەڵ خۆیدا گۆزەیەك ئاو دێنێتەوە بۆ ئەوەی گوڵەکان ئاودێر بکات.

" ئیتر بەو شێوەیە، لەگەڵ ئەوەی دەبیتە خاوەن موڵکی تایبەتی خۆت، زۆرێك لەبەخششەکان بەدەست دێنیت و بڕێکی باش لەخەرجی یەکانی ژیان کەم دەبنەوە و لەتواناتدا دەبێت ژمارەیەکی زیاتر لە ئارەزووەکانت بەدی بێنیت. کەواتە ئەوە ڕێگەی پێنجەمین بوو بۆ ئەوەی خۆت لە کیسەی بەتاڵ ڕزگار بکەیت: خانووی تایبەت بەخۆت هەبێت".

## ڕێگەی شەشەم



**داهاتێکی جێگیر بۆ دواڕۆژت مسۆگەر بکە**

لە ڕۆژی شەشەمدا (ئەرکاد) بە قوتابیەکانی خۆی ووت: " ژیانی هەر مرۆڤێك، لە منالّی یەوە دەست پێدەکات و بە پیربوون کۆتایی دێت. ئەوە ڕێگای ژیانە و هیچ کەس ناتوانێ لێ ی لابدات، تەنیا ئەو کەسە نەبێت کە بەر لەپیربوون کۆچ دەکات. بۆیە دەمەوێت ئەوەتان بۆ دووپات بکەمەوە کە پێویستە لەسەر هەر مرۆڤێك خۆی ئامادە بکات بۆ ئەوەی داهاتێکی



Scanned by CamScanner

گونجاو بۆ دواڕۆژ مسۆگەر بکات. وانەی ئەمجارە ڕێنماییت دەکات بۆ ئەوەی لەوکاتەی توانای کارکردنت کەم دەبێتەوە، کیسەی دراوەکانت بە پڕی بمێنێتەوە.

"ئەو پیاوەی بەهۆی شارەزایی لە یاسا داراییەکان دەسکەوتی بەردەوامی هەیە، پێویستە بەشێکی بیرکردنەوەی بۆ داهاتوو بێت. پێویستە پلان بۆ جۆرێك لە وەبەرهێنان دابنێت کە بۆ چەند سالێك دڵنیایی پێ بدات و بۆ ئەوەی دواتر بە ئاسانی قازانجی سەرمایەکەی بەدەست بێنێت.

" چەندین ڕێگە هەن کە بەهۆیانەوە مرۆڤ دەتوانێت دڵنیایی سەبارەت بەدواڕۆژی خۆی بەدەست بێنێت. لەوانەیە بتوانێت حەشارگەیەك ئامادە بکات و گەنجینەیەکی نهێنی تیا بشارێتەوە، بەڵام هەرچەند لە شاردنەوەی گەنجینەدا کارامە و لێزان بێت، لەوانەیە لەکۆتاییدا دەستی دزی پێ بگات. بۆیە من بۆ ئەو پلانە ئامۆژگاریتان ناکەم.

" دەکرێت مرۆڤ بۆ ئەو مەبەستە خانوو زەوی و زار بکڕێت. جا ئەگەر بە لێزانی ئەو کارە ئەنجام بدات و بیر لە دواڕۆژی سوود و بەهاکەیان بکاتەوە، لەوانەیە بەهاکەیان وەك خۆی بمێنێتەوە و قازانجەکەیان، یان نرخی فرۆشتنەکەیان ببێتە سەرچاوەیەك بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکە.

" دەکرێت مرۆڤ هەفتانە برەپارەیەك پاشەکەوت بکات بۆ ئەوەی لەکارێکدا بەکاری بێنێت قازانجێکی هەبێت. ئینجا قازانجەکانیش بخاتەوە ناو سەرمایەکە. من وەستایەکی پێڵاو دەناسم کە ناوی (ئانسان)ە. پێ ی



Scanned by CamScanner

ووتم لەگەڵ بازرگانێکدا ڕێکەوتووە هەفتانە دوو دراوی زیوی پێ بدات. ماوەی هەشت ساڵ بەو شێوەیە بەردەوام بووە و لەکۆتاییدا بازرگانەکە قازانجی ئەو دراوانەی بۆ هێناوەتەوە و بەو هۆیەوە زۆر دڵخۆش بووە. لەبەر ئەوەی کۆی ئەو دراوانەی بە بازرگانەکەی داوون و ئەو قازانجەی کە لێ ی پەیدا بووە لە ئێستادا گەیشتۆتە هەزار و چوارسەد دراوی زیو!

"منیش زیاتر دڵخۆشم کرد و هانم دا بۆ ئەوەی بەردەوام بێت. بەهۆی شارەزاییم لە بیرکاریدا بۆم سەلماند کە ئەگەر لەسەر ئەو کارەی بەردەوام بێت، لەماوەی دوانزە ساڵدا بازرگانەکە چوارهەزار دراوی زیوی پێ دەدات. ئەو بڕە سامانە پێویستی یەکانی تەواوی ژیانی بۆ دابین دەکات.

گومانی تێدا نی یە کاتێك ئەو بڕە پارە کەمانە بەشێوەیەکی بەردەوام پاشەکەوت دەکەیت، دەسکەوت و دەرەنجامی گەورەی دەبێت. هیچ مرۆڤێك ناتوانێت واز لە مسۆگەرکردنی سامانێك بهێنێت بۆ کاتی بەتەمەنداچوون و پەککەوتن، هەرچەند ئەو مرۆڤە کار و پیشەیەکی بەرچاویشی هەبێت.

" بە ئاواتی ئەوە بووم زیاتر سەبارەت بەو بابەتە بدوێم. بڕوایەکی بەتینم هەیە کە ڕۆژێك دێت پیاوێکی خاوەن عەقڵ ڕێگەیەك دەدۆزێتەوە مرۆڤ بەهۆیەوە بتوانێت داهاتێکی جێگیر بۆ دواڕۆژی خۆی و خانەوادەکەی مسۆگەر بکات. بەبۆچوونی من ڕۆژێك دێت پلانێکی لەو جۆرە جێ بەجێ بکرێت. ئەوەش بەخششێکی ناوازە دەبێت بۆ زۆربەی ئەو کەسانەی کە چەند دراوێکی کەم بە شێوەیەکی بەردەوام پاشەکەوت دەکەن و لەئەنجامدا دواڕۆژیان مسۆگەر دەبێت.

" بەلام لەبەر ئەوەی ئێمە لە ئێستادا دەژین و داهاتوو بۆ کەسانی تره، پێویستە ئەو ڕێگایانە بگرینە بەر کە لە ئێستادا بەردەستن. من هەمووتان ئامۆژگاری دەکەم لەو تەمەنەی توانای هزری و جەستەییتان هەیە، بڕێکی باش سامان کۆبکەنەوە. لەبەر ئەوەی کیسەی بەتاڵ، مایەی نیگەرانی یە بۆ کەسێکی بەساڵاچوو، یان خانەوادەیەك کە هیچ داهاتێکی نەبێت.

کەواتە، ئەوە ڕێگەی شەشەم بوو بۆ زاڵبوون بەسەر کیسە بەتاڵەکان: پاشەکەوت بکە بۆ ئەوەی لە قۆناخی پیربووندا پێویستی یەکانت دابین بکەیت و خانەوادەکەت بپارێزیت.

## ڕێگەی حەوتەم



توانکانت لەبەدەستهێنانی سامان زیاد بکە

(ئەرکاد) لە ڕۆژی حەوتەمدا بەو شێوەیە دەستی بە ووتەکانی کرد: "قوتابیانی خۆشەویست، من ئەمڕۆ باس لە کاریگەرترین ڕێگەی ڕزگاربوون لە کیسەی بەتاڵ دەکەم. سەرەڕای ئەوەش باس لە سامان ناکەم، بەڵکو باس لەنێوە دەکەم. باس لەو پیاوانە دەکەم کە بەرامبەرم

دانیشتوون و جل و بەرگی ڕەنگاو ڕەنگیان لەبەردایە. سەبارەت بەو نهێنی یانە گفتوگۆتان لەگەڵدا دەکەم، کە لە مزری ئێوە و ژیانی ئێوەدا هەن و لە دژی، یان لەبەرژەوەندی سەرکەوتنی ئێوە کار دەکەن.

"بەم دواییانە، گەنجێك هاتە لام و داوای قەرزی لێکردم. منیش پرسیارم لێکرد ئەو قەرزەی بۆچی یە، لەوەڵامدا ووتی بە داهاتی کارەکەم فریای خەرجی یەکانم ناکەووم.

بۆم دەرکەوت کە ئەو گەنجە توانای بەدەستهێنانی دراوی زیادەی نی یە بۆ ئەوەی قەرزەکەی پێ بداتەوە. بۆیە پێم ووت: "تۆ پێویستت بەکارکردن هەیە بۆ ئەوەی دراوی زیاتر بەدەست بێنیت. ئێستا بەنیازیت چی بکەیت بۆ ئەوەی تواناکانت لە بەدەستهێنانی دراوی زیاتردا بەرز بکەیتەوە؟

لەوەڵامدا ووتی: "هەر کارێك لەتوانامدا هەبووبێت، کردوومە. تەنیا لەماوەی ئەم دوو مانگەی دواییدا، شەش جار چوومەتە لای خاوەنی کارەکەم و داوای زیادکردنی کرێ یەکەم کردووە، بەڵام بێ سوود بوو. هیچ مرۆڤێکیش توانای لەوە زیاتری نی یە"

"ئێمە گاڵتە بە ساویلکەیی ئەو پیاوە دەکەین، سەرەڕای ئەوەی کە کاریگەرترین هۆکاری لەبەردەستە بۆ ئەوەی توانای بەدەستهێنانی خۆی زیاد بکات. ئەو پیاوە ئارەزوویێکی زۆر بەتینی هەبوو بۆ ئەوەی زیاتر بەدەست بێنێت، ئەو ئارەزووە تایبەتی یە، شایانی ڕێزگرتن بوو.

" زۆر پێویستە ئارەزوویێکی بەتینمان هەبێت بەر لەوەی دەستبەکاربین. پێویستە ئارەزووەکانت بەتین و دەستنیشان کراوبن،



Scanned by CamScanner

لەبەر ئەوەی ئارەزووە گشتی یەکان تەنیا ئاواتگەلێکی لاواز و بێ هێزن.
ئەو پیاوەی ئاواتی ئەوەیە دەوڵەمەند بێت، ئامانجێکی بێ سوودی هەیە.
بەلام ئەو پیاوەی ئارەزووی ئەوە دەکات پێنج دراوی زێڕ بەدەست بێنێت، ئارەزووەکەی ڕاستەقینەیە و دەتوانێت لەپێناویدا تێبکۆشێت تاوەکو بەدی دێنێت. لەبەر ئەوەی دوای ئەوەی ویستێکی بەهێز دەچێتە پاڵ ئارەزووەکەی، دەتوانێت ڕێگەی هاوشێوە بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی ئەمجارەیان دە دراوی زێڕ و دواتر بیست دراوو لەکۆتاییدا هەزار دراو بەدەست بێنێت. ئینجا تێبینی بکە دوای ئەوە چۆن دەبێتە کەسێکی زەنگین. لەمیانەی فێربوونی بۆ چۆنیەتی بەدەستهێنانی ئارەزوویێکی بچووک و دیاریکراودا، خۆی لەسەر ئارەزووی گەورەتر ڕادەهێنێت.
ئەوەیان ئەو کردارەیە کە لە ڕێگەیەوە سامان کۆدەبێتەوە: بە برەپارەی بچووک دەست پێدەکات، ئینجا گەورەتر و ئیتر بەو جۆرە مرۆڤەکە زیاتر فێردەبێت و توانای زیاتر دەبێت.
" پێویستە ئارەزووەکان بچووك و دیاریکراو بن. لەبەر ئەوەی ئامانجە گەورە و زۆرەکان، سەر لە مرۆڤ دەشێوێنن و لەتوانای بەدیهێنانی مرۆڤەکە بەدەر دەبن.
"ئەگەر مرۆڤ کارامەیی لە کارەکەیدا زیاتر بکات، توانای بەدەستهێنانی دراوی زیاتر دەبێت. لەو سەردەمانەی کە کاری نووسینەوەم لەسەر تابلۆ قوڕینەکان دەکرد بۆ ئەوەی ڕۆژانە چەند دراوێکی مس بەدەست بێنم، تێبینی ئەوەم کردبوو کە هەندێك لە کرێکارەکان لەمن زیاتر کار دەکەن و کرێ ی زیاتر لەبەرامبەریدا

وەردەگرن. بۆیە بڕیارم دا لەوکارەدا هیچ کەس لە پێشەوەی من نەبێت. ماندووبوونێکی نۆرم نەچەشت تاوەکو لە هۆکاری سەرکەوتنی ئەوان تێگەیشتم. بە زیاتر بایەخدان بەکارەکەم و زیاتر ووردبوونەوە و زیاتر خۆماندووکردن، کەمێك مابوونەوە لەمن لەپێشتر بن لەو کارەدا و تابلۆی زۆرتر ئامادە بکەن. بە هەوڵدانێکی ئاسایی، بەهۆی کارامەییم لەکارەکەدا پاداشتم وەردەگرت، بۆیە پێویستم بەوە نەبوو شەش جار لەمانگێکدا بچمە لای خاوەن کار بۆ ئەوەی کرێ یەکەم بۆ زیاد بکات!

" هەرچەند زیاتر فێربین، داهاتی زیاترمان دەستدەکەوێت. ئەو پیاوەی هەوڵدەدات زیاتر لەبارەی پیشەکەیەوە فێربێت، پاداشتی زیاتری دەستدەکەوێت. ئەگەر پیشەوەر بێت، پێویستە کارامەیی تایبەت بە پیشەکەی، لە کەسە بەئەزموونەکانی ئەو بوارە فێربێت. ئەگەر لە بواری یاسا و پزیشکیدا کار بکات، پێویستە ئاڵ و گۆڕی زانیاری یەکان لەگەڵ هاوپیشەکانی خۆیدا بکات. ئەگەر بازرگان بێت، دەتوانێت بەردەوام هەوڵ بدات باشترینی ئەو کاڵایانە هاوردە بکات کە دەتوانێت بە نرخێکی کەمتر بیانفرۆشێتەوە.

" بارودۆخی مرۆڤەکان هەمیشە لە گۆڕانکاری و باشتربووندایە. لەبەر ئەوەی مرۆڤە ژیرەکان هەمیشە هەوڵ دەدەن کارامەیی زیاتر بەدەست بێنن بۆ ئەوەی بتوانن بەشێوەیەکی باشتر خزمەتی خۆیان و خانەوادەکەیان بکەن. بۆیە من داوا لەهەموو پیاوەکان دەکەم بەردەوام لە پێشکەوتندا بن و لەشوێنی خۆیان نەوەستن، ئەگینا لەکەسانی تر دوادەکەوون.



Scanned by CamScanner

"شتگەلی زۆر هەن لە ڕێگەی بەدەستهێنانی ئەزموون، ژیانی مرۆڤ دەوڵەمەند دەکەن. ئەو شتانەی لەخوارەوە باسیان دەکەین، پێویست مرۆڤەکان ئەنجامیان بدەن بۆ ئەوەی ڕێز و شکۆی خۆیان بپارێزن:

" پێویستە مرۆڤ لەکەمترین ماوەدا قەرزەکانی بداتەوە، و شتگەلێك نەکڕێت کە توانای دابینکردنی نرخەکەی نەبێت. پێویستە بایەخ بە خانەوادەکەی بدات بۆ ئەوەی نیازیان لەبەرامبەریدا پاك بێت و هەمیشە بە چاکە باسی بکەن.

" پێویستە وەسیەتێکی تۆمارکراوی هەبێت بۆ ئەوەی دوای کۆچکردنی خۆی، سامانەکەی بە شێوەیەکی دروست و دادپەروەرانە دابەش بکرێت.

" پێویستە سۆزی لەبەرامبەر ئەو کەسانەدا هەبێت کە ڕووبەڕووی زیان و نەهامەتی بوونەتەوە و لە سنووری تواناادا یارمەتیان بدات. هەروەها پێویستە سۆزداریی بەرامبەر خۆشەویستانی خۆی دەربڕێت.

" ئیتر بەو شێوەیە، ڕێگەی حەوتەمین و کۆتایی بۆ ئەوەی خۆتان لە کیسە بەتاڵەکان ڕزگار بکەن ئەوەیە کە پەرە بە تواناکانتان بدەن. هەروەها هەوڵی فێربوون بدەن و زانیاریتان زیاد بکەن. بەجۆرێك ڕەفتار بکەن کە گوزارش لە ڕیزگرتنتان لە خودی خۆتان بکەن. بەو شێوەیە متمانەتان بەخۆتان زیاتر دەبێت و دەتوانن بە شێوازێکی دروست ئارەزووەکانتان بەدی بێنن.

" ئەمانە، حەوت ڕێگە بوون بۆ ئەوەی بەسەر کیسە بەتاڵەکانتاندا زاڵ بن. داوا لەهەموو ئەو کەسانە دەکەم کە هەوڵی دەوڵەمەندبوون



Scanned by CamScanner

دەدەن، کار بەو ڕێگایانە بکەن. ئەو ڕێگایانە لە دەرەنجامی ئەزموونی ژیانێکی سەرکەوتوو بەدی هاتوون.

" قوتابیە خۆشەویستەکانم، بابل سامانێکی ئەوەندە زۆری تێدایە کە ئێوە ناتوانن وێنای قەبارە و زۆری یەکەی بکەن. ئەو سامانە بەشی هەموومان دەکات.

" دەسبەکاربن و ئەو زانیاریانە جێ بەجێ بکەن کە فێری بوون. لەئەنجامدا ژیانێکی کامەران دەژین و سامانەکانتان زیاد دەبێت. ئەوەش مافی خۆتانە.

" دەسبەکاربن و ئەو ڕاستی یانە فێری هەموو ئەو هاوڵاتیانە بکەن کە لەژێر سێبەر و فەرمانی خاوەن شکۆدا دەژین، بۆ ئەوەی لە سامانی زۆری لەبن نەهاتووی ئەم شارە خۆشەویستە، لەگەڵ ئێوەدا بەشدار بن.



Scanned by CamScanner

# چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ دەرفەتەکان

" ئەگەر بەخت یاوەری مرۆڤ بێت، هیچ کەسێك ناتوانێت پێشبینی ئاستی ئەو بەختەوەری یە بکات. تەنانەت ئەگەر لە ڕووباری فوراتیشی باوێیت، بەرەو کەنار مەلە دەکات و گەوهەرێکی بەدەستەوەیە".

"پەندێکی بابلی"

ئارەزووی بەختەوەربوون، ئارەزوویێکی گشتی یە و لای هەموو مرۆڤەکان هەیە. هەروەك چۆن ئێستا لەدڵی مرۆڤەکاندا ئارەزووی بەختەوەری هەیە، چوار هەزار ساڵ بەر لە ئێستاش لە دڵی پیاوانی بابلی کۆندا هەبووە. ئێمە هەموومان ئاوات دەخوازین بەختی باش، ئێمە دەستنیشان بکات و یاوەری ئێمە بێت.

بەڵام ئایا ڕێگایەك هەیە بۆ ئەوەی بەختەوەری ڕوومان تێ بکات؟

پیاوانی بابلی کۆن، ئارەزوویان دەکرد ئەو نهێنی یە بزانن، بۆیە بڕیاریاندا بیدۆزنەوە. ئەوان پیاوی زۆر ژیر بوون و بیرمەندی مەزن بوون،



Scanned by CamScanner

هەر ئەوەش هۆکاری ئەوە بوو کە شارەکەیان دەوڵەمەندترین و بەهێزترینی ئەو سەردەمە بێت.

لەو ڕابردووە دێرینەدا، هیچ قوتابخانە و زانکۆیەکیان نەبوو. سەرەڕای ئەوەش، بنکەیەکی فێربوونیان هەبوو. بەڵام بەڕاستی ئەو بنکەیە زانستی بوو. لەنێوان باڵەخانە بەرزەکانی بابلدا، باڵەخانەیەك هەبوو کە لە گرینگیدا لە ئاستی کۆشکی پاشا و باخە هەڵواسراوەکان هەژماردەکرا. لە کتێبە مێژووییەکاندا بەدەگمەن باس لەو باڵەخانەیە کراوە، سەرەڕای ئەوەی کە کاریگەریی یەکی زۆر بەهێزی لەسەر لایەنی هزری ئەو سەردەمەدا هەبووە.

ئەو باڵەخانەیە، خانەی فێربوون بووە. لەوێدا مامۆستایانی خۆبەخش ئەو زانیاری یانەیان پێشکەش کردووە کە لە ئەزموونی ڕابردوو سەرچاوەیان گرتبوو. هەروەها لە گفتوگۆی کراوەدا، تاوتوێ ی بابەتە گرینگەکان کراوە. لە چوارچێوەی ئەو باڵەخانەیەدا، هەموو مرۆڤەکان یەکسان بوون. نزمترینی کۆیلەکان لەتوانایاندا هەبووە ئازادانە و دوور لە سزا، گفتوگۆ لەسەر بۆچوونەکانی ئەمیرێکی کۆشکی شاهانە بکەن.

لەنێوان ئەوانەی کە سەردانی ئەو خانەیان کردووە، پیاوێکی زەنگین هەبوو کە ناوی (ئەرکاد) بوو. بە دەوڵەمەندترین پیاوی بابل ناسرابوو. هۆڵێکی تایبەت بەخۆی هەبوو. هەموو ئێوارەیەك ژمارەیەکی زۆر لەو هۆڵەدا ئامادە دەبوون. هەندێکی بەتەمەن و هەندێکیان بەساڵاچوو بوون. بەڵام زۆرینەیان گەنج و لاوو بوون. ئەمانە هەموویان کۆدەبوونەوە بۆ ئەوەی چەندین بابەتی جۆراوجۆر تاوتوێ بکەن. بێنە بەرچاوی خۆت کە



Scanned by CamScanner

ئێمە گوێبیستی دەنگیان دەبین، بۆ ئەوەی بزانین ئاخۆ بەڕاستی هیچ لەبارەی چۆنیەتی بەختەوەربوونی مرۆڤ دەزانن.

تازە خەریك بوو خۆر لە شێوەی بازنەیەکی گەورەی سوور لە بیابانەکە ئاوا دەبوو، کاتێك (ئەرکاد) بەهێمنی بەرەو شوێنی خۆی لە هۆڵەکەدا هەنگاوی دەنا. لەو کاتەدا نزیکەی هەشتا کەس لەچاوەڕوانی ئەودا لەسەر چەند فەرشێکی ڕاخراوی ناو هۆڵەکە دانیشتبوون، و بەردەوام کەسانی تریش دەهاتنە ژوورەوە.

کاتێك (ئەرکاد) گەیشتە شوێنی خۆی، ووتارەکەی بەو پرسیارە دەست پێکرد: " ئەمشەو باسی چی بکەین؟"

دوای ماوەیەکی کەم، پیاوێکی بالأبەرز هەڵسایەوە کە کاری بەگدروویی دەکرد، ووتی: " من بابەتێکم هەیە، حەز دەکەم گفتوگۆی لەسەر بکەین، بەڵام لە خستنەڕووی بابەتەکەدا دوودڵم. مەترسی ئەوەم هەیە بابەتەکە سەبارەت بەتۆ و بەهاوڕێکانم بایەخی نەبێت".

ئینجا دوای ئەوەی (ئەرکاد) داوای لێکرد و ئامادەبوانیش داوایان کرد بابەتەکە بخاتە ڕوو، ووتی: "من ئەمرۆ بەخت یاوەرم بوو کیسەیەکی پڕ لە زێڕم دۆزی یەوە. ئاواتم ئەوەیە هەمیشە بەو شێوەیە بەختەوەربم. جا لەبەر ئەوەی هەست دەکەم هەموو هاوڕێکانم لەو ئاواتەدا لەگەڵ مندا هاوبەشن، پێشنیار دەکەم سەبارەت بە چۆنیەتی بەختەوەربوون گفتوگۆ بکەین. بەڵکو ئەو ڕێگایانە بدۆزینەوە کە بەهۆیانەوە بەخت یاوەری مرۆڤ دەبێت".



Scanned by CamScanner

(ئارکاد) ووتی: "ئەم هاوڕێ یەمان بابەتێکی زۆر گرینگی خستە ڕوو. شایانی ئەوەیە بیخەینە بەرنامەی گفتوگۆکانی ئەمشەومان.

بەختی باش، بە بیرکردنەوەی هەندێك لە مرۆڤەکان هاوشێوەی ڕووداوێکی لەناکاوە، ڕێکەوتێکی بێ ئامانج و بێ هۆکارە، کە بۆ مرۆڤ دێتە پێش. ئێستاش هاوڕێیان ڕای خۆتان سەبارەت بەو بابەتە دەربڕن. ئاخۆ هەوڵ بدەین بۆ ئەوەی بزانین ئاخۆ ڕێگایەك هەیە بۆ ئەوەی بەختی باش هان بدەین سەردانی هەریەکێك لە ئێمە بکات؟ کۆمەڵێکی زۆر لە و ئامادەبووانەی پەرۆشی ئەو بابەتە بوون ووتیان: بەڵێ! بەڵێ!

(ئەرکاد) ووتی: زۆر باشە، بۆ ئەوەی گفتوگۆکان دەست پێ بکەین، پێشنیار دەکەم سەرەتا گوێبیستی هەندێك لەو ڕووداوانە بین کە بەسەر ئامادەبووان هاتوون و چێژیان لە ئەزموونێکی هاوشێوەی ئەم هاوڕێ بەرگدرووە وەرگرتووە، لەو کاتەی بێ ماندووبوون گەنجینە و گەوهەرێکی گرانبەهایان دەسکەوتووە، یان دۆزیوەتەوە"

ماوەیەکی بێدەنگی بەسەر هۆڵەکەدا تێپەڕی و هەریەکێك لە ئامادەبووان سەیری دەورووبەری خۆی دەکرد و پێشبینی دەکرد کەسێك وەڵام بداتەوە، بەڵام هیچ وەڵامێك نەبوو. (ئەرکاد) ووتی: " هیچ کەسی نی یە؟ کەواتە وادیارە ئەو جۆرە ڕووداوانەی کە پەیوەستن بە بەختی باش، بەڕاستی زۆر دەگمەنن. کێ پێشنیارێکی هەیە بۆ ئەوەی لەمیانەیەوە لەسەر ئەو بابەتە بەردەوام بین؟"

ڕاستەوخۆ بازرگانێکی بەتەمەن هەستایەوە، کراسێکی سپی جوانی لەبەردابوو ووتی: " ئەگەر ئێوە و هاوڕێکانم ڕێگەم پێ بدەن، پێشنیارێك



Scanned by CamScanner

دەخەمە ڕوو. ئەگەر بابەتەکە تەنیا بە خودی خۆمانەوە پەیوەستە و هیچ پەیوەندی یەکی بە بەختەوە نی یە، هەروەها ئەگەر بەتەنیا تواناکانی ئێمە هۆکاری سەرکەوتنمان بێت لەکارەکاندا، بۆچی بیر لەو سەرکەوتنان نەکەینەوە کە پێشتر لێ ی نزیک بووینەتەوە بەڵام لەدەستمان چوون، ئەو ڕووداوانەی کە ئەگەر ڕوویان بدابایە، سەرکەوتنەکەمان بەدەست دەهێنا و دەبوون بە نموونەیەکی دەگمەنی ئەو بەخت باشی یە. بەڵام لەبەر ئەوەی نەهاتوونەتە دی، ناتوانین بەسەرکەوتن هەژماریان بکەین. من دڵنیام چەندین کەس لەوانەی لێرەدا ئامادەن، بەو جۆرە ئەزموونانەدا تێپەڕیوون و دەتوانن باسیان بکەن"

( ئەرکاد) ووتی: " بەڕاستی ئەوە ڕێگەیەکی زۆر بلیمەتانەیە بۆ ئەوەی لەو بابەتە تێبگەین. کەواتە کێ لە ئێوە بەختێکی باشی لەبەر دەستدا بووە، پاشان لەدەستی دەرووە؟"

چەندین کەس دەستی خۆیان بەرز کردەوە، یەکێکیان خودی بازرگانەکە بوو. (ئارکاد) ئاماژەی بۆ کرد ووتی: " لەبەر ئەوەی خۆت خاوەنی پێشنیارەکە بوویت، سەرەتا حەز دەکەین گوێبیستی تۆ بین".

بازرگانەکە ووتی: " حەز دەکەم ئەو سەربردەیەتان بۆ باس بکەم، کە نموونەیە بۆ ئەوەی ئەگەری نزیکبوونەوەی بەخت لە مرۆڤەکان بوونی هەیە. هەروەها نموونەیە بۆ ئەوەی چۆن مرۆڤەکان ڕێگە بەو بەختە دەدەن ڕابکات و دوور بکەوێتەوە، ئیتر بەو شێوەیە زەرەرێکی زۆر دەکەن و دواتریش پەشیمان دەبنەوە.



Scanned by CamScanner

" چەندین ساڵ لەمەوبەر، کاتێك گەنج بووم و تازە هاوسەرگیریم کردبوو. چەند هەنگاوێکی باشم لە کۆکردنەوەی دراودا بڕیبوو. ڕۆژێکیان باوکم هاتە لام و داوای لێکردم بەشێك لە داهاتەکەم بەکاربخەم. کوڕی یەکێك لە هاوڕێکانی، سەرنجی بۆ پارچە زەوی یەکی دێمەکار و ووشکی نزیك شوورەی شارەکەمان ڕاکێشابوو، کە دەکەوتە کەنارە بەرزەکەی ڕووبارەکە و نەدەتوانرا جۆگەی ئاوی بۆ ڕابکێشرێت.

" ئەو کوڕە پلانێکی دانابوو بۆ ئەوەی ئەم زەوی یە بکڕێت و سێ ناعوورەی بۆ دابنێت کە لە ڕێگەی گاجووتەکانەوە بەکاردەخرێن، بەو شێوەیە ئاوەکە بەرز دەبێتەوە و زەوی یەکە ئاودێر دەکات. هەروەها پلانی بۆ ئەوەش دانابوو کە دوای ئەوە زەوی یەکە بۆ بەشی بچووك بچووك دابەش بکات و بیفرۆشێتەوە دانیشتوانی شارەکە.

"بەڵام ئەو کوڕە خەرجی پێویستی نەبوو بۆ ئەوەی ئەو پلانەی جێ بەجێ بکات. بە هاوشێوەی خۆم، گەنجێکی تازە پێگەیشتوو بوو، دەسکەوتی باشی هەبوو، باوکی ئەویش وەك باوکی من، خانەوادەیەکی زۆری لەئەستۆدابوو دەسکەوتی دارایی زۆری نەبوو. بۆیە ئەو کوڕە بڕیاری دابوو هەندێك کەس هان بدات بەشداری لە پرۆژەکەیدا بکەن. ئەو کۆمەڵەیە لە دوانزە کەس پێك هاتبوون بەو مەرجەی هەر یەکێك لەوانە لەو جۆرە کەسانە بن کە داهاتێکی جێگیریان هەیە و ڕەزامەندی دەربڕن کە دەیەکی داهاتەکەیان لەو پرۆژەیە خەرج بکەن تا ئەو کاتەی زەوی یەکە ئامادە دەبێت بۆ فرۆشتن. ئینجا دوای ئەوە هەموویان قازانجەکە لە



Scanned by CamScanner

نێوان خۆیاندا دابەش بکەن بەگوێرەی ئەو پشکەی کە بەشداری تێدا کردووە.

" باوکم ووتی: کوڕی خۆم، تۆ ئێستا لە تافی لاوی دایت، هەموو ئاواتی من ئەوەیە سامانێکی تۆکمە بۆخۆت بەیەکەوە بنێیت بۆ ئەوەی شان و شکۆیەك لەناو خەڵکیدا بۆخۆت دروست بکەیت. هەروەها هیوادارم سوود لەو هەلانە وەربگریت کە پێشتر من تێ ی کەوتووم.

"منیش لەوەلامدا ووتم: باوکە گیان منیش هەمان ئەو ئاواتەم هەیە"

باوکم ووتی: " کەواتە، منیش ئەو ئامۆژگاری یەت دەکەم. ئەوەی پێویست بوو من لەتەمەنی تۆدا بیکەم و نەمکرد، ئێستا تۆ ئەنجامی بدە. دەیەکی داهاتەکانت پاشەکەوت بکە و لە پرۆژەیەکی وەبەرهێناندا بەکاری بێنە. بەو دەیەکەی پاشەکەوتی دەکەیت و بە قازانجەکانی یەوە دەتوانیت سامانێکی گرانبەها بۆخۆت مسۆگەر بکەیت بەر لەوەی بگەیتە تەمەنی من"

منیش ووتم: " ئای باوکە گیان ئامۆژگاری یەکی چەند ناوازەیە. من زۆر حەز دەکەم زەنگین بم، بەلام پێویستگەلی زۆرم هەن کە خەرجی زۆریان دەوێت. بۆیە دوودڵم لەجێ بەجێکردنی ئەو ئامۆژگاری یە. من ئێستا تەمەنم زۆر نی یە و کاتی زۆرم لەبەر دەستدا ماوە بۆ ئەوەی دواتر ئەو کارە ئەنجام بدەم"

باوکم ووتی: " منیش لەتەمەنی تۆدا بەهەمان ئێستای تۆ بیرم کردەوە، ئاگادارنەبووم تا ئەو کاتەی بینیم تەمەن تێپەڕیوە منیش تا ئێستا لەسەر حاڵەتی پێشوو ماومەتەوە و ئێستاش ناتوانم هیچ بکەم".

ووتم: " ئێمە ئێستا لەسەردەمێکی جیاوازدا دەژین باوکە، هەوڵ دەدەم خۆم لەو هەڵانە بەدووربگرم کە تۆت ێ کەوتیت.

باوکم ووتی: " ئەوە دەرفەتێکی باشە بۆتۆ هاتۆتە پێش و دەبێتە هۆی دەوڵەمەندی تۆ. تکات لێ دەکەم ئەو دەرفەتە لەدەست خۆت مەدە. بەیانی برۆ بۆ لای ئەو کورە و گرێبەستێکی لەگەڵدا مۆر بکە لەسەر ئەوەی کە دە لە سەدای داهاتەکەتی پێ بدەیت بۆ ئەوەی لە پرۆژەکەدا بەکاری بێنێت. بەیانی چاوەڕوانی هیچ کەس مەکە و برۆ بۆ لای. ئەو دەرفەتە ئێستا لەبەردەستە، بەخێرایی لەدەست دەچێت، هەوڵ بدە دوانەکەویت!

"سەرەڕای ئامۆژگاری یەکەی باوکم، من لە جێ بەجێکردنیدا دوودڵ بووم. بازرگانەکان چەندین جل و بەرگی جوانیان لە خۆرهەڵاتەوە هێنابوو کە زۆر جوان و گرانبەها بوون. من و هاوسەرەکەم هەستمان کرد کە هەر دەبێت هەریەکێکمان دانەیەك لەو پارچە جلە جوانانە بکڕین. ئەگەر ڕەزامەند بوومایە لەسەر پاشەکەوتکردنی دەیەکی داهاتەکەم بۆ ئەو پرۆژەیە، لەو جل و بەرگە جوانانە و لە چەندین شتی تر بێ بەش دەبووین. لە بڕیاردانەکە دواکەوتم تا ئەو کاتەی پرۆژەکەم لەدەستچوو. دوای ئەوە زۆر پەشیمان بوومەوە. لەبەر ئەوەی دەرکەوت کە ئەو پرۆژەیە قازانجێکی هەبوو کە بەخەیاڵی هیچ مرۆڤێکدا نەهاتبوو. ئەوە سەربردەکەی من بوو کە ڕوونی دەکاتەوە چۆن ڕێگەم بە بەختەوەری دا لەبەردەستم ڕابکات."



Scanned by CamScanner

پیاوێکی ئەسمەر لەو کاتەدا ووتی: " لەو سەربردەیە، دەبینین چۆن بەختی باش چاوەڕوان دەبێت تاوەکو یەکێك دێت و دەرفەتەکە بۆ بەرژەوەندی خۆی بەکار دێنێت. ئێمە بۆ ئەوەی خاوەندارێتی تایبەت بەخۆمان دابمەزرێنین، پێویستە سەرەتایەك دابنێین. لەوانەیە ئەو سەرەتایە چەند دراوێکی زێڕ یان زیو بن کە مرۆڤ لەیەکەم پرۆژەی وەبەرهێناندا بەکاریان دێنێت. من ئێستا ژمارەیەکی زۆر ڕەشەوولاخم هەیە. لەسەرەتادا تەنیا خزمەتکارێك بووم و یەك گوێرەکەم بە دراوێکی زیوی، بۆخۆم کڕی. ئەوە سەرەتای سامانەکەی من بوو کە سەبارەت بەخۆم بایەخێکی زۆری هەبوو.

هەنگاونانی یەکەم بەرەو دامەزراندنی خاوەندارێتی تایبەت، هاوشێوەی ئەو بەختە باشەیە کە بۆ هەر مرۆڤێك دێتە پێش. ئەو هەنگاوە یەکەمینە، سەبارەت بە مرۆڤەکان گرینگترینە. لەبەر ئەوەی دەبێتە هۆی ئەوەی لە مرۆڤێك کە دەسکەوتی دارایی لە ماندووبوونی خۆیەتی، بگۆڕێت بۆ مرۆڤێك کە دەسکەوتەکانی لە قازانجی سەرمایەکەوە دەبێت. هەندێك کەس لە سەردەمی لاویدا ئەو هەنگاوە دەنێن و بەو شێوەیە پێش ئەوانە دەکەوون کە لەتەمەنێکی گەورەتردا هەنگاوەکە دەنێن یان ئەوانەی کە هیچ کات ئەو هەنگاوە تێپەڕناکەن، وەك باوکی ئەو بازرگانەی هاوڕێمان."

ئەگەر ئەو هاوڕێ بازرگانەمان لەتەمەنی لاویدا ئەو هەنگاوەی بنایە کاتێك دەرفەتەکەی لە پێش بوو، زۆر زیاتر چێژی لە ژیان وەردەگرت. خۆ ئەگەر ئەو بەختەوەری یەی ئێستا بۆ بەرگدرووەکە هاتووە، ببێتە هۆی



Scanned by CamScanner

ئەوەی هەنگاوی یەکەمی دەست پێ بکات، ئەوە دەبێتە سەرەتایەکی ڕاستەقینە بۆ بەختێکی زیاتر و سامانێکی زۆرتر".

لەو کاتەدا پیاوێکی تر هەستایەوە کە خەڵکی شارەکە نەبوو ووتی: " ڕێگەم پێ بدەن منیش بدوێم. من کەسێکی سووریم، زمانەکەی ئێوە بەباشی نازانم. من دەمەوێت ناوێك بۆ ئەو بازرگانە دابنێم ، کە لەوانەیە بەلای ئێوە بێ ڕێزی بێت ئەو ناوە بڵێم، بەڵام من دەمەوێت ئەو ناوەی بۆ دابنێم. بەداخەوە نازانم بە زمانی ئێوە چ ووشەیەك بەرامبەر ئەو ناوەیە. ئەگەر من بە زمانی سووری ناوەکە بڵێم، لەمەبەستی من تێناگەن. بۆیە بەڕێزان داواتان لێ دەکەم ئەو ناوەم پێ بڵێن کە ئێوە بەکەسێك دەڵێن هەمیشە ئەنجامدانی ئەو کارانە دوادەخات کە لەبەرژەوەندی خۆیدا بن"

لە هۆڵەکەدا یەکێك بەدەنگی بەرز ووتی: " دواخەر"

پیاوە سووری یەکە دەستی بەرزکردەوە و بەدەنگی بەرز ووتی:"ڕێك ئەوە مەبەستی منە، ئەو کەسە، کاتێك دەرفەتێکی دێتە پێش، سوودی لێ وەرناگرێت. بابەتەکە بۆ کاتێکی تر دوادەخات. دەڵێت لە ئێستادا چەندین کاری ترم لەبەر دەستە. بەڵام دەرفەتەکان چاوەڕێ ی ئەو جۆرە کەسانە ناکەن. لەبەر ئەوەی دەرفەت پێ ی وایە کە ئەگەر ئەو مرۆڤە ئارەزووی هەبێت بەختەوەر بێت، بەخێرایی کاردەکات. هەر مرۆڤێکیش لەکاتی دەرفەتەکاندا بەتەڕدەستی کارنەکات، وەك ئەو هاوڕێ بازرگانەی بەسەر دێت".



Scanned by CamScanner

بازرگانەکە لە شوێنی خۆی هەستایەوە و وەك ڕێزێك بۆ پیاوە سووری یەکە نوشتایەوە ووتی: "زۆر سەرسام بووم بەتۆ ئەی میوانی سووری بەڕێز، لەبەر ئەوەی دوودڵ نەبوویت لە ووتنی ڕاستی یەکان".

لێرەدا (ئەرکاد) ووتی: "ئێستاش ڕێگەمان پێ بدەن گوێبیستی سەربردەیەکی تر بین لەبارەی دەرفەتەکان. کێ ئەزموونێکی تری لەو بارەیەوە هەیە و دەتوانێت بۆمان باس بکات؟".

پیاوێك لەناوەڕاستی تەمەنیدا بوو، کراسێکی سووری لەبەردابوو ووتی: "من بازرگانی بە ئاژەڵانەوە دەکەم. ووشتر و ووڵاخ و هەندێك جاریش مەڕو بزن دەکڕم. ئەو سەربردەیەی باسی دەکەم، هیچ گومانێك نامێڵێتەوە کە دەرفەتێك هاتبووە پێش بۆ من، لە ساتێکدا کە بەهیچ شێوەیەك پێشبینیم نەدەکرد. لەوانەیە هەر لەبەر ئەو هۆیەش ڕێگەم دا لەبەر دەستم ڕابکات. لەدواتریشدا خۆتان بڕیار لەسەر ڕووداوەکە دەدەن.

لەیەکێك لەشەوەکاندا، کاتێك بەرەو شار دەگەڕامەوە لەدوای سەفەرێکی پڕ لە شەکەتی کە ماوەی دە ڕۆژی خایاند لە گەڕان بەدوای کڕینی ووشتردا، زۆر تووڕە و زویر بووم لەبەر ئەوەی هیچ ووشترێك دەست نەکەوتبوون بیانکڕم و لەهەمان کاتدا بینیم دەرگاکانی شار داخراوون. لەو کاتەی خزمەتکارەکان خێوەتەکانیان هەڵدەدا بۆ ئەوەی ئەو شەوە بە بێ ئاوی و بە خۆراکێکی کەمەوە لەوێدا بەسەر بەرین، جوتیارێکی بەتەمەن هاتە پێش کە بەهەمان شێوەی من لەدەرەوەی دەرگاکانی شار گیری خواردبوو.



Scanned by CamScanner

ئەو جوتیارە هاتە لام ووتی: "گەورەم، لە هەڵس و کەوتت وادیارە تۆ بازرگانی ئاژەڵان بیت. ئەگەر بۆچوونی من ڕاست بێت، ژمارەیەکی زۆر ئاژەڵم هەن بەتۆیان بفرۆشم. باشترین ڕانە مەڕم تازە کڕیوون، بەڵام بەداخەوە ئافرەتەکەم زۆر نەخۆشە و لەسەر جێگا کەوتووە. ناچارم بەزووترین کات بگەڕێمەوە. ئەگەر مەڕەکانم بکڕیت، خۆم و خزمەتکارەکانم دەتوانین بەخێرایی ووشترەکانمان باربکەین بۆ ئەوەی بەزووترین کات و بێ دواکەوتن بگەڕێینەوە."

شەوەکە ئەوەندە تاریك بوو، تەنانەت لەتوانامدا نەبوو ڕانەمەڕەکەی ئەو جۆتیارە ببینم. بەڵام بەهۆی دەنگی ئاژەڵەکانەوە زانیم کە ژمارەیان یەکجار زۆرە. دڵخۆش بووم کە گرێبەستێکی لەو جۆرە لەگەڵیدا ئەنجام بدەم دوای ئەوەی ماوەی دە ڕۆژ بوو بەدوای چەند ووشترێکدا دەگەڕام بۆ ئەوەی بیانکڕم و دەستم نەکەوتبوون. لەبەر ئەوەی بارودۆخەکەی تایبەتی بوو، نرخێکی زۆر گونجاوی لەسەر ڕانە مەڕەکە دانا. من لەسەر گرێبەستەکە ڕازی بووم و دڵنیابووم بەیانی یەکەی کاتێك ئەو مەڕانە بەرەو شار دەبەین، قازانجێکی زۆریان لێ دەکەم.

" دوای ئەوەی ڕێککەوتین، داوام لە خزمەتکارەکان کرد چراکان ئامادە بکەن بۆ ئەوەی ئاژەڵەکان بژمێرین، دوای ئەوەی جۆتیارەکە ووتبووی کە ژمارەیان نۆسەد سەرە مەڕە. کورتەی سەربردەکە ئەوەیە کە زەحمەتی زۆرمان چەشت نەمانتوانی ژماردنی ئەو هەموو ئاژەڵانە لەو شەوەدا تەواو بکەین و وادەرکەوت ژماردنی هەموویان کارێکی ئەستەم بێت. بۆیە بە



Scanned by CamScanner

جوتیارەکەم ووت بەیانی هەموویان دەژمێرم و ئینجا نرخەکەت پێ دەدەم.

"جۆتیارەکە پاڕایەوە ووتی: تکات لێ دەکەم دوو بەشی نرخەکەم ئێستا پێ بدە بۆ ئەوەی بتوانم سەفەر بکەم و هاوسەرەکەم ڕزگار بکەم. زیرەکترینی خزمەتکارەکانی خۆم لای تۆ جێدەهێڵم بۆ ئەوەی لەژماردنیان یارمەتیت بدەن و متمانەیان پێ بکەیت و بەیانی یەکەش دراوەکانی تریان پێ بدەیت.

" بەڵام من زۆر بە کەللەڕەقی ڕەتم کردەوە هیچ بڕەپارەیەکی لەو شەوەدا پێ بدەم. بەیانی یەکەی بەر لەوەی لەخەو هەستم، دەرگاکانی شارەکە کرانەوە و چوار بازرگانی ئاژەڵ هاتبوون کە بەدوای کڕینی ئاژەڵدا هاتبوون. زۆر بەپەرۆش بوون بە نرخێکی زۆر، ئەو ئاژەڵانە بکڕن، لەبەر ئەوەی شارەکە گەمارۆ درابوو خۆراك لە شارەکە کەم بووبوو. بەو هۆیەوە جۆتیارەکە بە سێ ئەوەندەی نرخەکەی من ئاژەڵەکانی فرۆشت. ئەوە دەرفەتێکی دەگمەنی بەختی باش بوو بۆ من هاتبوو، ڕێگەم پێدا لەبەر دەستم ڕابکات".

(ئەرکاد) ووتی: " بەڕاستی سەربردەیەکی نامۆیە. چ پەندێك لەو سەربردەیە وەردەگیرێت؟"

کورتاندرووەکە هەستایەوە ووتی: " پەندەکە لەوەدایە کە ئەگەر قەناعەتی تەواومان بە گرێبەستێك هەبوو، بە ڕاستەوخۆیی نرخەکەی بدەین. کاتێك گرێبەستەکە سەرکەوتوو بێت، پێویستە وەك ئەوەی چۆن خۆت لە دوژمنێك دەپارێزیت، بەو شێوەیە خۆت لە خاڵە لاوازەکانی خۆت



Scanned by CamScanner

بپارێزیت.. ئێمەی مرۆڤ، ئەگەری گۆڕانمان هەیە. بەداخەوە پێویستە ئەوە بڵێم کە ئێمەی مرۆڤ لەکاتی بەهەڵەداچوون، زیاتر کەللەڕەق دەبین و لەو کاتانەش کە حەق بەلای ئێمە دابێت، دوودڵ و ڕاڕا دەبین و ڕێگە بەدەرفەتەکان دەدەین لەبەردەستمان ڕابکەن. هەمیشە ڕا و بۆچوونی یەکەم ڕاسترە. بەڵام من هەمیشە زەحمەتی دەکێشم لە ناچارکردنی خۆم لەسەر تەواوکردنی گرێبەستێکی بە قازانج، لەکاتی ئەنجامدانیدا. بۆیە، بۆ ئەوەی خۆم لە خاڵە لاوازەکانم بپارێزم، پێشەکی یەکی ڕاستەوخۆ لە نرخەکە دەدەمە بەرامبەرەکەم. ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی لەتوانامدا نەبێت پاشگەز ببمەوە و دەرفەتە باشەکە لەدەست بدەم".

دیسانەوە پیاوە سووری یەکە هەستایەوە سەر پێ ووتی: "ڕێگەم پێ بدەن، دەمەوێت جارێکی تریش بەشداری بکەم. ئەو سەربردانە هەموویان لەیەك دەچن. هەموو جارێك لەبەر هەمان هۆ، دەرفەتەکان ڕادەکەن. هەموو جارێك ئەو بەختە باشە دێتە پێش و گرێبەستێکی باشی لەگەڵ خۆیدا هێناوەتە لای کەسێك سیفەتی دواخستنی کارەکانی هەیە. هەموو جارێکیش ئەو کەسە دوودڵ دەبێت لە بڕیاردان. نایەوێت بڵێت ئێستا باشترین کاتە و پێویستە بەخێرایی سوود لەو دەرفەتە ببینم. کەواتە چۆن مرۆڤ پێشبینی بکات بەو ڕێگەیە سەرکەوتوو بێت؟"

بازرگانی ئاژەڵ وەڵامی دایەوە ووتی: " بەڕاستی ووتەکانت زۆر جوان بوون. لەو هەموو سەربردانەدا، بەهۆی (دواخستن)، بەختی باش و دەرفەتەکان ڕایان کرد. لەناخی هەموو مرۆڤێکدا گیانی دواخستن هەیە.



Scanned by CamScanner

ئێمە حەز بە دەوڵەمەندی دەکەین، بەڵام ئەو هەلانە چەند زۆرن کە دەرفەتەکان تیایاندا دەردەکەوون، و ئەو گیانی دواخستنەی لەناخماندا هەیە دوورمان دەخاتەوە. ئەگەر گوێرایەڵی ئەو ناخەی خۆمان بین، دەبینە کوشندەترین دوژمنی سەرسەختی خۆمان.

لە سەردەمی لاویدا، بەو شێوازە هەستم بەبابەتەکە نەدەکرد کە ئەو برا سووری یە باسی کرد. لەسەرەتادا، لەو باوەڕەدابووم کە بڕیارە لاوازەکانم هۆکاری زەرەرمەندبوونم بووە لە بازرگانیدا. دواتر، هۆکارەکەم بۆ کەللەڕەقی خۆم دەگەڕاندەوە. بەڵام لەکۆتاییدا، حەقیقەتی بابەتەکەم بۆ دەرکەوت. من ڕاهاتبووم لەسەر دواخستنی بابەتەکان بەجۆرێك کە پێویستی بەو دواخستنە نەبوو لەوکاتانەی کە دەبوایە بڕیاری خێرا و یەکلاکەرەوە بدەم. کاتێك ئەوەم بۆ دەرکەووت، زۆر ڕقم لەو نەریتە بووەوە. بەهاوشێوەی گوێدرێژێکی کێوی قۆڵبەستکراو، خۆم ڕزگارکرد لەو دوژمنە سەرسەختە بۆ ئەوەی ڕێگەی سەرکەوتن بگرمە بەر".

لێرەدا پیاوە سوری یەکە ووتی: " سوپاس بۆتۆ! بەڵام دەمەوێت پرسیارێك ئاڕاستەی بازرگانەکە بکەم. تۆ نایابترین بەرگت پۆشیوە کە لەپۆشاکی هەژارەکان ناچێت. هەروەها وەك کەسێکی سەرکەوتوو دەدوێیت. کەواتە پێمان بڵێ، تا ئێستاش گوێ لە فەرمانی دواخستن دەگریت کاتێك ناخت بەگوێچکەتدا دەیچرپێنێت؟"

بازرگانەکە ووتی: "منیش هاوشێوەی هاوڕێمان بازرگانی ئاژەڵ ناچاربووم بەسەر دواخستندا زاڵ بم. بۆم دەرکەوت ئەو دواخستنە دوژمنێکە خۆی مەڵاسداوە بۆ ئەوەی ڕێگریی لە بەدیهێنانی ئامانجەکانم



Scanned by CamScanner

بکات. ئەو سەربردەیەی بۆم باس کردن، تەنیا نموونەیەك بوو لە چەندین نموونەی تری هاوشێوە، کە دەتوانم بۆتان باس بکەم، بۆ ئەوەی بۆتان ڕوون بکەمەوە چۆن دواخستن چەندین دەرفەتی لەدەستداووم. زاڵبوون بەسەر ئەو حاڵەتەدا، ئەستەم نی یە. تەنیا پێویستە لێ ی تێبگەیت. هیچ کەسێك بە ئارەزووی خۆی ڕێگە بە دزێك نادات سندووقی دانەوێڵەکانی بدزێت. هەروەها هیچ مرۆڤێك بەئارەزووی خۆی ڕێگە بە هیچ دوژمنێك نادات کڕیارەکانی لێ دوور بخاتەوە و قازانجەکانی لەدەست بدات. کاتێك لەو کردارانە تێگەیشتم کە دوژمنەکەم لەدژی من ئەنجامیان دەدات، توانیم بەکەمێك بوێری یەوە بەسەریدا زاڵ بم. پێویستە هەر مرۆڤێك بەسەر گیانی دواخستنیدا زاڵ بێت، بەر لەوەی پێشبینی ئەوە بکات بەشی خۆی لە گەنجینەکانی بابل بەدەست دێنێت.

ڕای تۆ لەسەر ئەو بابەتە چی یە ئەرکاد؟ لەبەر ئەوەی تۆ دەوڵەمەندترین پیاوی بابلیت، زۆربەیان لەو باوەڕەدان کە تۆ لەهەموومان زیاتر بەخت یاوەرت بووە. لەگەڵ مندا هاوڕایت ئەگەر بڵێم هیچ مرۆڤێك ناتوانێت بە ئاستە هەرە بەرزەکانی سەرکەوتن بگات، ئەگەر بەتەواوی بەسەر گیانی دواخستنی ناخی خۆیدا زاڵ نەبێت؟"

(ئەرکاد) لەوەڵامدا ووتی:" ووتەی تۆ تەواو ڕاستە هاوڕێکەم. لەماوەی ژیانی خۆمدا، وەچە دوای وەچەم بینیوون، کە پێشکەوتنیان لە بازرگانی و زانست و فێربوون بەدەست هێناوە و بۆتە هۆی ئەوەی لە ژیاندا سەرکەوتن بەدەست بێنن. دەرفەتەکان بۆ هەموو ئەوانە هاتوونەتە پێش. هەندێکیان بەکاریان هێناوون و بەهەنگاوی جێگیر بەرەو پێشەوە چوون



Scanned by CamScanner

بۆ بەدیهێنانی ئارەزووەکانیان، بەڵام زۆربەیان دوودڵ بوون و بەو هۆیەوە لەکەسانی تر دواکەوتوون"

ئینجا (ئەرکاد) ڕووی بەرەو بەرگدرووەکە وەرگێڕا ووتی: "تۆ پێشنیاری ئەوەت کرد کە بەختی باش بکەین بە بابەتی گفتوگۆکانمان، دەتوانین گوێبیستی ڕای تۆ بین سەبارەت بە بابەتەکە؟"

بەرگدرووەکە ووتی: " من بابەتی بەختم لە گۆشەنیگایەکی ترەوە دەبینی. پێم وابوو کە شتێکی زۆر خوازراوە و لەوانەیە بەبێ هیچ ماندووبوونێك بۆ خاوەنەکەی بێتە پێش. بەڵام ئێستا هەستدەکەم کە لەوانەیە مرۆڤ خۆی ئەو ڕووداوانە بۆخۆی بێنێتە پێش. لەمیانەی ئەو گفتوگۆیەدا فێربووم کە ئەگەر مرۆڤ ئارەزوو بکات بەختێکی باش بۆخۆی بێنێتە پێش، پێویستە ئەو دەرفەتە بەکاربێنێت کە لەپێشیدا هەیە. بۆیە من لە ئێستا بەدواوە هەوڵ دەدەم بەباشترین شێوە سوود لەدەرفەتەکان وەربگرم".

(ئەرکاد) لەوەڵامدا پێ ووت: " تەواو لەو ڕاستی یانە تێگەیشتوویت کە لەو گفتوگۆیەدا دەرکەوتن. هەروەك بۆمان دەرکەوت، لە زۆربەی کاتەکاندا بەختی باش لەگەڵ دەرفەتەکان دەردەکەوێت و زۆر بەدەگمەن شێوەی تر وەردەگرێت. بۆ نموونە، ئەگەر هاوڕێ بازرگانەکەمان ئەو دەرفەتەی کە بۆی هاتبووە پێش بەکاری بهێنایە، بەختێکی باش یاوەری دەبوو. هەروەها بازرگانی ئاژەڵەکانیش، ئەگەر گرێبەستی کڕینەکەی تەواو بکردایە و بەو نرخە زۆرە بیفرۆشتایە، بەختێکی نایاب یارەری دەبوو.

" هاوڕێیان، ئێمە ئەو گفتوگۆیەمان کرد بۆ ئەوەی ئەو ڕێگایانە بدۆزینەوە کە بەهۆیانەوە دەتوانین بەختێکی باش بۆخۆمان دابین بکەین. من مەستدەکەم ئەو ئامانجەی مەبەستمان بوو، بەدەستمان هێنا، دەرەنجامی هەردوو سەربردەکە بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا ئەوە بوو کە بەختی باش، لەگەڵ دەرفەتەکاندا دەردەکەوێت. هیچ کام لەو چیرۆکانەی پەیوەستن بە بەختی باش، هەرچەندە زۆر بن، سەرکەوتنیان تیا بەدەست هاتبێت یان شکست، ناتوانن ئەو ڕاستی یە بگۆڕن. ڕاستی یەکەش ئەوەیە کە: دەتوانین لەڕێگەی بەکارهێنانی دەرفەتەکان، بەختی باش بۆخۆمان مسۆگەر بکەین.

" ئەوانەی سوورن لەسەر بەکارهێنانی دەرفەتەکان لە پێناوی باشترکردنی ژیانی خۆیاندا، ئەوانەن کە بەختی باش بۆ لای خۆیان کێش دەکەن. بۆیە پێویستە هەوڵ بدەین دەرفەتەکان بەکاربێنین و لە ئاستیاندا دەستەوەستان نەبین. لەبەر ئەوەی بەختی باش بەرەو ڕووی ئەو کەسە نایەت کە هەوڵی بۆ نەداوە.

" کارکردنی ئەرێنی بەرەو پێشەوەت دەبات. بەرەو ئەو سەرکەوتنانەی ئارەزووی بەدیهێنانیان دەکەیت".

---

بەختی باش، تەنیا بۆ ئەو کەسانە دێت کە دەرفەتەکان بەکاردێنن و لەبەرامبەریاندا دەستەوەستان نابن

---



Scanned by CamScanner

# ئەو پێنج یاسایەی
# مامەڵەکردن لەگەڵ دراودا ڕێکدەخەن.

"ئەگەر جانتایەکی پڕ لە زێڕتان لەبەردەم دانرابێت، لەگەڵ تابلۆیەکی تورپین کە چەند حیکمەتێکی لەسەر نوسرابێتەوە، کامەیان بۆخۆتان هەڵدەبژێرن؟"

ڕۆناکی ئاگری بەردەمیان، لەسەر ئەو ڕوخسارە ئەسمەرانە سەمای دەکرد کە لەوێدا ئامادە بوون.

هەموویان کە بیست و حەوت کەس بوون بەیەکەوە هاواریان کرد ووتیان: " زێڕ، زێڕ".

(کالاباب) ی پیر، ژیرانە خەندەیەکی کرد.

ئینجا بەدەستی ئاماژەی کرد ووتی: "گوێ بگرن، گوێ بگرن لە دەنگی ئەو سەگە کێویانەی لەشەودا دەخولێنەوە. ئەوانە لەئەنجامی برسێتی یەوە دەوەڕن. دوای ئەوەی خواردنیان پێ دەدەین چی دەکەن؟ شەڕدەکەن و لەیەکتر دەدەن. ئینجا زیاتر شەڕدەکەن و بەگژ یەکتردا



Scanned by CamScanner

دەچن بیّ ئەوەی بیر لەوە بکەنەوە کە لەڕۆژی دواتردا دەگەڕێنەوە و داوای خواردن دەکەنەوە.

" ڕێك وەك ئەوەی لەگەڵ منالّەکانمان ڕوودەدات. ئەگەر لەنێوان سامان و حیکمەتدا سەرپشکیان بکەین، چی دەکەن؟ حیکمەت فەرامۆش دەکەن و سامانەکەش تەخشان و پەخشان دەکەن، ئینجا لەڕۆژی دواتر دێنەوە و دەوەڕن، لەبەر ئەوەی هیچیان لەدەست نەماوە.

" زێڕ، تەنیا لای ئەو کەسانە دەمێنێتەوە کە لە یاساکانی تێدەگەن و پابەندیان دەبن"

بەهۆی تەووژمی بای ساردی شەوەکە، (کالباب) کراسەکەی بەدەوری قاچە لاوازەکانیدا پێچایەوە ئینجا ووتی: " لە دەرەنجامی ئەوەی کە ئێوە بەدرێژایی گەشتەکەمان خزمەتێکی دڵسۆزانەی منتان کردووە، هەروەها لەبەر ئەوەی بایەخێکی زۆرتان بە ووشترەکانی من داوە. هەروەها لەبەر ئەوەی ئێوە زۆر چالاکانە لەسەر زەوی گەرمی بیابان کارتان کردووە. ئینجا لەبەر ئەوەی چاونەترسانە بەگژ ئەو دزانەدا چوونەوە کە هەوڵیاندا کاروانەکەی من بدزن، ئەمشەو سەربردەی ئەو پێنج یاسایەتان بۆ باس دەکەم، کە چۆنیەتی دەسکەوتنی سامان، و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ سامان ڕێکدەخەن. ئەوەش سەربردەیەکە پێشتر ئێوە گوێبیستی نەبوون.

" بەبایەخەوە گویّ لەو چەند ووشەیە بگرن کە بۆتان باس دەکەم، ئەگەر لەمانای ووشەکان تێگەیشتن و بەباشی ئاگاداریان بوون، لە ڕۆژانی داهاتوودا بڕێکی زۆری دراوی تایبەت بەخۆتان دەبێت".

ئەستێرەکان بە ئاسمانی بابلدا دەدرەوشانەوە. لەدواوەی ئەو کۆمەڵەی کە لە بەرامبەریدا وەستابوون، ئەو ڕەشماڵانە دەردەکەوتن کە زۆر بەتوکمەیی بەزەویدا جێگیرکرابوون بۆ ئەوەی بەرگەی تەوژمی ڕەشەبای بیابان بگرن. لەتەنیشتیانەوە ئەو کاڵایانە بوون کە بەسەر یەکەوە دانرابوون و بە پێستە داپۆشرابوون. لەتەنیشت ئەو ڕەشماڵانە، پۆلێکی ووشترەکان بەسەر زەوی یەوە ڕاکشابوون.

سەرۆکی کۆڵبەرەکان ووتی: " پێشتر چەندین چیرۆکی نایابت بۆ ئێمە باس کردوون. ئێمە حەز دەکەین ئەو حیکمەتانەمان فێربکەیت کە دوای ئەوەی لەتۆ جیادەبینەوە بتوانین سوودیان لێ وەربگرین.

(کالباب) ووتی: "پێشتر باسی گەشتەکانی خۆم بۆ کردوون بۆ وولاتە بیانی یە دوورەکان. بەلاّم ئەمشەو حیکمەتی (ئەرکاد) تان بۆ باس دەکەم.

سەرۆکی کۆڵبەرەکان ووتی: " زۆرمان لەبارەی ئەو پیاوە بیستووە کە دەوڵەمەندترین پیاوی هەموو سەردەمەکانی بابل بووە"

(کالباب) ووتی: " ئەو بازرگانە، بەهۆی حیکمەتەکانی لەبارەی شێوازی کۆکردنەوەی سامان و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ سامانداء دەوڵەمەندترین کەس بووە. ئەمشەو، باس لەو حیکمەتە جوانەی دەکەم کە (نوماسیر) ی کوڕی بۆی باس کردووم، ئەوکاتەی لە شاری (نینیفی) منداڵ بووم:

من و خاوەن کارەکەم بەدرێژایی شەو لە کۆشکی (نوماسیر) مابووینەوە. من لە ئامادەکردنی فەرشە نایابەکان یارمەتیم دەدا.



Scanned by CamScanner

(نۆماسیر)، یەك بەیەکی فەرشەکانی تاقی دەکردنەوە، تا ئەو کاتەی دڵی (نوماسیر) مان ڕازی کرد لەهەڵبژاردنی ڕەنگەکاندا. دوای تەواوبوونی کارەکە زۆر دڵخۆش بوو، داوای لێکردین دانیشین و شتێك لای ئەو بخۆینەوە.

" ئینجا ئەو سەربردەیەی لە حیکمەتەکانی باوکی خۆی بۆ ئێمە گێڕایەوە، منیش وەك خۆی بۆ ئێوەی باس دەکەم:

"وەك خۆتان دەزانن لە شاری بابل نەریتێك هەیە کە بریتی یە لەوەی منالی دەوڵەمەندەکان لەگەڵ باوکیان بژین بۆ ئەوەی دواتر میراتەکەی وەربگرن. بەڵام ئەرکاد لەگەڵ ئەو نەریتە هاوڕا نەبوو، بۆیە کاتێك (نوماسیر) گەیشتە تەمەنی خۆی، پیٚ ی ووت:

" من هیوادارم تۆ لەدوای من، موڵکەکانم بگریتە دەست. بەڵام سەرەتا پێویستە بیسەلمێنیت کە توانای ئەوەت هەیە بەدانایی مامەڵەی لەگەڵدا بکەیت. بۆیە حەز دەکەم سەرتاسەری وولاّتانی تری جیهان بگەڕێیت و بیسەلمێنیت کە توانای بەدەستهێنانی سامانت هەیە، و پێگەیەکی بەرچاو بۆخۆت لەناو خەڵکیدا دروست بکەیت.

" ئینجا بۆ ئەوەی بە شێوازێکی باش لەو ئەرکەدا دەسبەکار بیت، دوو شتت پیٚ دەدەم کە من لێیان بیٚ بەش بووم لەوکاتەی لاوێکی هەژار بووم و هەوڵم دەدا سامانێك کۆ بکەمەوە.

یەکەم: ئەو جانتایەت پیٚ دەدەم کە پڕیەتی لە دراوی زێڕ، ئەگەر بە دانایی بەکاریان بێنیت، دەبنە هۆکاری سەرەکی سەرکەوتنی دوارۆژی خۆت.



Scanned by CamScanner

دووەم: ئەو تابلۆیە قوڕپینەت پێ دەدەم کە پێنج یاسای لەسەر نوسراوەتەوە، تایبەتن بە چۆنیەتی دەسکەوتنی سامان و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵیدا. ئەگەر لەکارەکانتدا پەیڕەویان بکەیت، داهاتێکی باش و دڵنیایی یەکی داراییت پێ دەبەخشێت.

" دوای دە ساڵ دەگەڕێیتەوە ماڵی باوکت، بۆ ئەوەی پێم بڵێین چیت کردووە. ئەگەر سەلماندت کە شایستەی، دەتکەم بە میراتگری موڵکەکانم، بە پێچەوانەوە موڵکەکانم بە هەژاران دەبەخشم.

بەو شێوەیە، (نوماسیر) سەفەری کرد و جانتایەکی دراوی زێڕ و تابلۆیەکی قوڕپینی داپۆشراو بە حەریر و. خزمەتکارەکەی و ئەسپێکی لەگەڵ خۆیدا برد.

دە ساڵەکە تێپەڕی و هەروەك ڕێك کەوتبوون، (نۆماسیر) گەڕایەوەماڵی باوکی و خوانێکی گەورەیان بەو بۆنەیە سازکرد، و چەندین هاوڕێ و خزمیان بانگهێشتی سەر خوانەکە کرد. دوای ئەوەی لەنانخواردنەکە تەواو بوون، دایك و باوکی لە لایەکی هۆڵە گەورەکەدا لەسەر کورسی یەکی بەرز دانیشتن و (نۆماسیر) لەبەردەمیاندا دانیشت بۆ ئەوەی هەواڵی چالاکی یەکانی خۆی باس بکات.

ئەو ئێوارەیە، ژوورەکە پڕبوو لە دووکەڵی ئەو چرا زەیتی یانەی ڕووناکی یەکی کەمیان بە ژوورەکە دابوو. ئەو خزمەتکارانەی بەرگێکی سپیان لەبەردابوو، بە گەڵای خورما هەوڵی لادانی دووکەڵەکەیان دەدا. هاوسەری (نوماسیر) و دوو منداڵە بچووکەکەی و هاوڕێکان و ئەندامانی



Scanned by CamScanner

تری خێزان، لەسەر فەرشەکە لە پشتەوەی (نوماسیر) دانیشتبوون. هەموویان تامەزرۆی بیستن بوون.

" (نوماسیر) بەڕیزەوە ووتی: باوکە، ئەو ئامۆژگاری یەم بەجێ هێنا کە بەر لە دەساڵ پێت ڕاگەیاندم. ئەوکات لەسەرەتای تەمەنی کارکردندا بووم. سەفەرم کرد بۆ ئەوەی پێگەیەك لەناو کۆمەڵگەدا بۆخۆم دروست بکەم لە جیاتی ئەوەی چاوەڕوانی سامانی تۆ بم.

تۆ بڕێکی زۆرت لە دراوی زێڕ بەمن بەخشی، هەروەها بڕێکی زۆریشت لە حیکمەتەکانت بەمن دا. سەبارەت بە زێڕەکە، بەداخەوە پێویستە دان بەوەدا بنێم کە نەمزانی مامەڵەی تەواوی لەگەڵدا بکەم. بەڕاستی بەهۆی ئەوەی ئەزموونم نەبوو، بەهاوشێوەی کەروێشکێکی کێوی لەیەکەمین دەرفەتدا لەبەردەستم ڕایکرد.

" باوکی خەندەیەکی پڕلە سۆزی کرد ووتی: کوڕەکەم بەردەوام بە، من تامەزرۆی بیستنی تەواوی ووردەکاری سەربردەکەی تۆم.

نوماسیر بەردەوام بوو ووتی: بڕیارم دا بچمە (نینیفی) لەبەر ئەوەی شارێکی گەشەسەندووبوو. لەو باوەڕەدابووم دەرفەتی خۆم لەو شارەدا بدۆزمەوە، بۆیە لەگەڵ کاروانێك ڕێککەوتم بۆ ئەوەی بەرەو ئەو شارە بڕۆم. لە ئەندامانی ئەو کاروانە چەندین هاوڕێم پەیدابوون. لەنێوان ئەو هاوڕێ یانەدا دوو پیاوی پۆشتە هەبوون کە ئەسپێکی سپی جوانیان هەبوو.

" لەوکاتەی بەڕێدا دەڕۆیشتین، پێیان ڕاگەیاندم کە ئەو ئەسپە، ئەسپێکی ڕەسەنە و لە (نینیفی) دا وێنەی نی یە و خواستی زۆری



Scanned by CamScanner

لەسەرە. بە نرخێکی زۆر بەرز لەوێدا دەفرۆشرێت. هەروەها پێیان ڕاگەیاندم کە بەنیازن دوای گەیشتنیان بە (نینیفی) بیفرۆشن.

ئینجا دوای ئەوە باسیان لەوە کرد کە ئامادەن بە نرخێکی گونجاو بە منی بفرۆشن، لەبەر ئەوەی کاتێك ئەوان لە شاری (نینیفی) بەکارە بازرگانی یەکانیان سەرقاڵ دەبن و کاتی ئەوەیان نابێت خۆیان بە فرۆشتنی ئەو ئەسپە سەرقاڵ بکەن. بەو هیوایەی کە من لە (نینیفی) بە نرخێکی زۆر بیفرۆشم، بیرۆکەکەم پەسەند کرد و ئەو بڕە پارەیەم پێدان کە لەبەرامبەر ئەسپەکە داوایان کردبوو.

بەڵام ئەوەی ڕوویدا ئەوەبوو کاتێك گەیشتینە شارەکە، بۆم دەرکەوت ئەسپەکە ئەسپێکی ئاسایی یە، بۆیە بڕێکی زۆری دراوەکانم لەدەستدا. دواتر دەرکەوت ئەم دوو پیاوە فێڵبازن و بەردەوام لەگەڵ کاروانەکاندا سەفەر دەکەن، بۆ ئەوەی بەدوای قوربانی یەکدا بگەڕێن و فریوی بدەن. بەو شێوەیە منیش یەکێك لە قوربانی یەکانی ئەوان بووم. ئەو ئەزموونە تاڵەی فریودانم، یەکەمین پەند و وانە بوو بۆ ئەوەی لەدواتردا ئاگاداری خۆم بم.

هەر دوای ئەو ڕووداوە وانەیەکی تری تاڵم پێدراو پەندێکی ترم لێ وەرگرت. لە کاروانێکدا، گەنجێکی تر زۆر لەگەڵم بەسۆز بوو. ڕێك هاوشێوەی خۆم بوو. کوڕە زەنگینێك بوو، لەسەفەردا بوو بۆ شاری (نینیفی) بۆ ئەوەی پێگەیەکی باش بۆخۆی بدۆزێتەوە. زۆری نەخایاند، پێ ی ڕاگەیاندم کە بازرگانێك مردووە دەتوانین بەنرخێکی کەم شوێنی کارەکەی بکڕینەوە، شوێنەکە بەهەموو کاڵا بەنرخەکان و کڕیارەکانی



Scanned by CamScanner

یەوە بۆ ئێمە دەبێت. ووتی بەنیوەیی دەبین بە هاوبەش لەو شوێنە، بەڵام سەرەتا پێویستە بگەڕێتەوە بۆ بابل بۆ ئەوەی پارەی پێویست بۆ ئەو پرۆژەیە لەگەڵ خۆی بێنێت. ئینجا قەناعەتی بەمن هێنا کە سەرەتا بە دراوەکانی خۆم ئەو شوێنە بکڕمەوە تا ئەوکاتەی دەگەڕێتەوە بۆ بابل. ڕێکەوتین لەسەر ئەوەی کە ئەو پارەیەی دواتر لەبەڕێوەبردنی شوێنەکە دەستمان دەکەوێت، بەکاری بێنینەوە. بەڵام بۆ ماوەیەکی زۆر، گەڕانەوەکەی بۆ بابل دواخست. دواتر بۆم دەرکەوت کە ئەو کەسە مرۆڤێکی سەرکێش و دەست بڵاو نەزانە. ناچار بووم کۆتایی بەهاوبەشی نێوانمان بێنم. بەڵام دوای ئەوەی کە پڕۆژەکە شکستی هێنا و تەنیا کاڵا بێ بەهاکان مابوونەوە و هیچ دراوێکیش نەمابوو بۆ ئەوەی کاڵای تری پێ بکڕین. منیش بەناچاری بە نرخێکی کەم پاشماوەی کاڵاکانم فرۆشتەوە یەکێك لە بازرگانەکان.

ڕۆژانی دوای ئەم ڕووداوە زۆر تاڵ بوون. بەدوای کاریکدا دەگەڕام و دەستم نەدەکەوت. بۆیە بێ بازرگانی و بێ کار مابوومەوە. ناچاربووم ئەسپەکەی خۆم بفرۆشم، هەروەها جلە گرانبەهاکانیشم فرۆشتن، بۆ ئەوەی خواردن و شوێنی حەوانەوەم دەسکەوێت. بەڵام ڕۆژ لەدوای ڕۆژ دۆخەکە ناهەموارتر دەبوو.

لە یەکێك لەو ڕۆژە تاڵانە، ئەو متمانەیەم بیرکەوتەوە کە بەمنت بەخشیبوو. تۆ منت بۆ شوێنێکی دوور ناردبوو بۆ ئەوەی ببم بە پیاو، بۆیە سووربووم لەسەر بەدیهێنانی ئامانجەکەی تۆ."



Scanned by CamScanner

لێرەوە، دایکی نوماسیر دەستی بە ڕوخساری یەوە گرتبوو، بەدەنگێکی نزم دەگریا.

نوماسیر بەردەوام بوو ووتی: " لەو کاتەدا، تابلۆ قوڕپینەکەم هاتەوە یاد کە بەمنت دابوو پێنج یاساکەی ساماندارى لەسەر نوسرابوو. بەبایەخەوە ئەو تابلۆیەم خوێندەوە. هەستم کرد کە ئەگەر لەسەرەتادا دەستم بەو حیکمەتانەوە بگرتایە، هەموو دراوەکانم لەدەست نەدەچوون. بۆیە هەموو یاساکانم لەیادەوەریمدا تۆمار کردن و بڕیارمدا کە ئەگەر ئەمجارەیان بەخت یاوەرم بوو، لەجیاتی ئەزموونی کەمی گەنجەکان، حیکمەتی پیرەکان بەکاردێنم.

## پێنج یاساکەی ساماندارى

١- سامان، بە ئاسانی و بە بڕێکی زۆر دەست هەر کەسێك دەکەوێت، بەو مەرجەی بەلایەنی کەم دەیەکی داهاتەکەی پاشەکەوت بکات بۆ ئەوەی خلوەنداری یەك بۆ دواڕۆژی خۆی و خانەوادەکەی بەدەست بێنێت.

٢- سامان، لە خزمەتی خاوەنەکەیدا کار دەکات، ئەگەر هۆکارێکی گونجاو بۆ گەشەکردنی بدۆزێتەوە بەجۆرێك بەردەوام لە زیادبووندا بێت.

٣- سامان لە ژێر پارێزگاری خاوەنەکەیدا دەمێنێتەوە. ئەگەر سووربێت لەسەر ئەوەی کە لە سنووری ئامۆژگاری کەسانی شارەزادا وەبەرهێنانی پێ بکات.
٤- سامان، زۆر بەخێرایی لەدەست ئەو مرۆڤە ڕادەکات کە لە بوارێکدا وەبەرهێنانی پێ بکات، شارەزایان بەپەسەندی نەزانن.
٥- سامان، لەدەست ئەو مرۆڤانە ڕادەکات کە داوای لێدەکەن بەرهەمێکی خەیاڵی هەبێت، یان بە ئامۆژگاری کەسانی فێڵباز فریو دەخۆن، یان لە وەبەرهێنانیدا پشت بە بێ ئەزموونی خۆیان و ئارەزووە سۆزداری یەکانیان دەبەستن.

" ئەمانە، ئەو پێنج یاسایە بوون کە پێویستە لە مامەڵەکردن لەگەڵ سامان و دراودا پەیڕەو بکرێن، هەروەك باوکم لە تابلۆ قوڕینەکەدا نووسیویەتی. بە بڕوای من، بەهای ئەو یاسایانە، لە بەهای خودی زێڕ زیاترە. دواتر ئەو بۆچوونەی من لە میانەی پاشماوەی سەربردەکەمدا زیاتر ڕوون دەبێتەوە.

ئینجا دووبارە ڕووی خۆی بۆلای باوکی وەرگێڕایەوە وتی: "باسی ئەو هەژاری و بێ ئومێدی یەم کرد کە بەهۆی بێ ئەزموونی خۆم ڕووبەڕوویان بوومەوە. بەڵام هەر زنجیرەیەکی مەینەتی یە کان، کۆتایی یەکی هەیە. سەبارەت بە خۆم، کۆتایی ئەو مەینەتی یانە لەوکاتەوە



Scanned by CamScanner

دەستی پێکرد کە وەك سەرپەرشتیاری ئەو کرێکارانە دەسبەکاربووم کە لە بونیادنانی شوورە تازەکانی شارەکەدا کاریان دەکرد.

ئینجا لەژێر ڕۆشنایی تێگەیشتنم لە یاسای یەکەم، لەیەکەمین داهاتی ئەو کارەمدا، یەکەمین دراوی مس م پاشەکەوت کرد و لەهەر دەرفەتێك کە دەهاتە پێش، دراوی زیاترم پاشەکەوت دەکرد، تاوەکو یەکەمین دراوی زیویم بەدەست هێنا. ئەو کردارە زۆر بە لەسەرخۆیی بەڕێوەدەچوو، بەتایبەتی بۆ کەسێك کە بیەوێت بژیت و ناچاربێت بڕێك لە دراوەکانی خەرج بکات. دان بەوەدا دەنێم کە زۆر لە خەرجی یەکانم کەم کردەوە لەبەر ئەوەی سووربووم بەر لەوەی دە ساڵەکە تەواو بێت، هەمان ئەو برە زێڕە پاشەکەوت بکەم کە تۆ پێت دابووم.

ڕۆژێکیان خاوەن کارەکە هاتە لام ووتی: " بەڕاستی دەبینم تۆ گەنجێکی، خەرجی زیاد لە پێویست ناکەیت! هیچ برە دراوێکت لە داهاتەکەت پاشەکەوت نەکردووە؟"

منیش لەوەڵامدا ووتم: "بەڵێ، پاشەکەوتم کردووە. لەبەر ئەوەی ئاواتی گەورەم ئەوەیە زێڕ کۆبکەمەوە بەئەندازەی ئەو زێڕەی باوکم پێی دابووم و بەنەزانی خۆم لەدەستم دا"

خاوەن کار ووتی: "ئەوە ئاواتێکی گرینگە و لەگەڵ تۆدا هاوڕام. کەوانە تۆ دەزانیت کە ئەو دراوانەی پاشەکەوتت کردوون، دەکرێت لەبەرژەوەندی تۆ کاربکەن و دراوی زیاتریان لێ پەیدا ببێت؟"

ووتم: " بەڵێ ئەوە دەزانم، بەڵام بەداخەوە ئەزموونی ڕابردووم سەبارەت بەو بابەتە زۆر تاڵ بوو. لەبەر ئەوەی بەهۆیەوە هەموو ئەو



Scanned by CamScanner

سامانەم لەدەستدا کە باوکم پێ ی دابووم، لەبەر ئەوە دەترسم هەمان شت سەبارەت بەو پاشەکەوتەم دووبارە ببێتەوە."

لەوەلامدا ووتی: " ئەگەر متمانەت بە من کرد، وانەیەکت لەبارەی چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ دراودا پێ دەدەم. تا کۆتایی ئەمساڵ، ئەو شوورە دەرەکیانەی شارەکە تەواو دەبن. دوای ئەوە، پێویستە دەرگای برۆنزی گەورە لە هەموو دەروازەکانی شارەکە دابنێین بۆ ئەوەی لە دوژمنانی پاشا پارێزراو بێت. ئینجا لەهەموو شاری (نینیفی) دا، ئەو برە کانزایە دەست ناکەوێت دەرگاکانی لێ دروست بکرێن. هەروەها، پاشا بیری لە دابینکردنی ئەو کانزایە نەکردۆتەوە. پلانەکەی من لێرەدایە: کۆمەڵێك لە ئێمە، برەپارەی پێویست کۆدەکەینەوە و کاروانێك رێکدەخەین بۆ کانە کانزایی یە دوورەدەستەکان، بۆ ئەوەی ئەو برە کانزایە بکڕن کە بۆ دروستکردنی دەرگاکان پێویستە و بیهێنینەوە بۆ (نینیفی). ئینجا کاتێك پاشا فەرمان دەدات دەرگاکان دروست بکرێن، تەنیا ئێمە لەتوانامانادا دەبێت ئەو کانزایە دابین بکەین. ئەو کاتە پاشا نرخێکی باش لەبەرامبەر کانزاکان بە ئێمە دەدات. خۆ ئەگەر پاشا کانزاکانی لە ئێمە نەکڕی، ئێمە ئەو کاتە لەتوانامانادا دەبێت کانزاکان بە نرخێکی گونجاو بەکەسانی تر بفرۆشینەوە.

منیش ئەوەم بە دەرفەتێك بینی بۆ ئەوەی یاسای سێ یەم جێ بەجێ بکەم. بەو شێوەیە لەژێر چاودێری کەسانی شارەزا پاشەکەوتەکەم بەکاردەخەم. ئەمجارەیان نائومێد نەبووم و پلانەکەمان سەرکەوتنی بەدەست هێنا و لەو گرێبەستەدا قازانجێکی باشم کرد.



Scanned by CamScanner

دوای ماوەیەک، بووم بەهاوبەشی کۆمەڵە کەسانێك کە چەندین پڕۆژەیان لەبەردەستدابوون. ئەوان زۆر شارەزا و کارامە بوون لە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ دراودا. بەر لەوەی هەر کارێکیان بکردایە، زۆر بەبایەخەوە گفتوگۆیان لەسەر دەکرد. ڕێگەیان بۆ هیچ ئەگەرێکی لەدەستدانی سەرمایەکانیان نەدەهێشتەوە. زۆر بەخێرایی لە خاڵە لاوازەکانیان ئاگادار دەبوونەوە.

بەهۆی تێکەڵبوونم لەگەڵ ئەو کۆمەڵەیەدا، فێربووم بە شێوەیەکی باش دراوەکانم بەکار بخەم بەجۆرێك قازانجەکەی مسۆگەر بێت. بەتێپەڕبوونی کات سامانەکەم زیاتر و زیاتر دەبوو. زۆر زیاترم دەسکەوت لەوەندەی کە لەدەستم دابوو.

لەو ماوەیەی کە بە مەینەتی و لەدەستدان، و خۆشی و دەسکەوتەکانەوە تێپەڕیم، چەندین جار ئەو یاسایانەم تاقی کردوونەتەوە کە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ سامان ڕێکدەخەن، هەمیشە دەرکەوتووە کە هەموویان ڕاستن.

لەبەر ئەوەی ئەو کەسەی یاساکان نازانێت، بەدەگمەن سامان لێ ی نزیك دەبێتەوە. ئەگەر نزیکیش ببێتەوە، بەخێرایی ڕادەکات. بەڵام ئەو مرۆڤەی پابەندی ئەو یاسایانە دەبێت، سامان بۆخۆی کێش دەکات و سامانەکەش بەهاوشێوەی خزمەتکارێك لەبەرژەوەندی ئەو کاردەکات.

" ئینجا (نوماسیر) بێدەنگ بوو، ئاماژەیەکی بۆ خزمەتکارێك کرد کە لە کۆتایی هۆڵەکە وەستابوو، ئەویش سێ جانتای قورسی لە پێست



Scanned by CamScanner

دروستکراوی، یەک بەدوای یەک هێنایە ژوورەوە و لەبەردەم (نوماسیر) دایینان. (نوماسیر) یەکێك لە جانتاکانی لەبەردەم باوکی دانا ووتی:

"تۆ، جانتایەکت بە من دا پڕبوو لە زێڕی بابل، ئەوە منیش لەجیاتی جانتایەکەی تۆ، جانتایەکت بۆ دەگەڕێنمەوە کە بەهەمان ئەندازە پڕە لە زێڕی شاری (نینیفی). پێم وایە ئەوە ئاڵوگۆڕێکی دادپەروەرانەیە.

هەروەها تۆ، تابلۆیەکی قوڕینت بە من دابوو کە چەندین حیکمەتی لەسەر نوسرابوو. لەجیاتی ئەو تابلۆیە، من دوو جانتای پڕ لە زێڕ بەتۆ دەدەم."

ئینجا (نۆماسیر) دوو جانتایەکەی تری لە خزمەتکارەکە وەرگرت و بەهەمان شێوازی جاری یەکەم، لەبەردەم باوکی دانا.

ئینجا ووتی: "باوکە، من ئەو کارەم کرد بۆ ئەوەی بیسەلمێنم کە بەهای ئەو حیکمەتانە، زۆر لەبەهای زێڕەکە زیاترە. بەڵکو بە سامان پێوانە ناکرێن. لەبەر ئەوەی بەبێ حیکمەت، مرۆڤ سامانەکەی لەدەست دەدات، بەڵام لەگەڵ هەبوونی حیکمەتدا، مرۆڤی بێ دەرەتان، سامان بەدەست دێنێت. ئەو سێ جانتایەش، بەڵگەی سەلماندنیەتی.

لە ڕاستیدا باوکە، ئەوەی من زۆر دڵخۆش دەکات ئەوەیە کە لەبەردەم تۆدا بوەستم و ئەم ووتانە ئاڕاستەی بەڕێزت بکەم، لەبەر ئەوەی ئەو حیکمەتانەی تۆ، بوون بەهۆی ئەوەی من دەوڵەمەند بم و لەناو خەڵکیدا شکۆ و پایەم هەبێت"



Scanned by CamScanner

باوکەکە، دەستێکی پڕ لە سۆزی لەسەر سەری کوڕەکەی دانا ووتی: "بەڕاستی کوڕی خۆم، وانەکەت زۆر بەباشی وەرگرتووە. من بەختەوەرم کەکوڕێکم هەیە شایانی ئەوەیە سامانەکەی خۆمی پێ بسپێرم."

لێرەدا (کالباب) لە گێڕانەوەی سەربردەکەی وەستا. ئینجا سەیرێکی گوێگرانی خۆی کرد وەك ئەوەی پرسیارێکیان ئاڕاستە بکات. ئینجا ووتی: "ئەو سەربردەیەی (نوماسیر) بۆ ئێوە چی دەگەیەنێت؟ کێ دەتوانێت بچێتە لای باوکی، یان باوکی هاوسەرەکەی و وەسفێکی جەکیمانەی بۆ باس بکات سەبارەت بە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ داهاتەکانی؟ تا ئێستاش لەو باوەڕە دان کە بەهۆی بەختەوەری یەوە هەندێك لە مرۆڤەکان خاوەنی زێڕن و هەندێکیشیان لەبێ بەختی یەوە خاوەنی هیچ نین؟ ئەگەر ئەوە بۆچوونی ئێوە بێت، بەهەڵە داچوون! مرۆڤەکان تەنیا ئەو کاتە سامانی زۆریان دەبێت کە لەو پێنج یاسایە تێ بگەن و پەیڕەوی ناوەڕۆکەکەی بکەن. جا لەبەر ئەوەی من لە تەمەنی لاویدا ئەو پێنج یاسایە فێربووم و پابەندیان بووم، لە ئێستادا بازرگانێکی زەنگینم. من ئەو سامانەم بەشێوەیەکی جادوویی کۆنەکردۆتەوە! ئەو سامانەی بەخێرایی دەستدەکەوێت، بەهەمان شێواز لەدەستدەچێت، بەلام ئەو سامانەی کەم کەم دەستدەکەوێت، لە دابینکردنی خۆشگوزەرانی بۆ خاوەنەکەی بەردەوام دەبێت، لەبەر ئەوەی بە زانین و هەوڵدان بۆ بەدیهێنانی ئامانج، بەرهەم هاتووە. کۆکردنەوەی سامان، بۆ ئەو کەسانەی بیرکردنەوەیەکی قووڵیان هەیە، ساڵ بەدوای ساڵ، تەنیا



Scanned by CamScanner

ماندووبوونێکی کەمی بەردەوام و جێگیری دەوێت. بەو شێوەیە ئامانجی خۆتان بەدی دێنن.

ئەو پێنج یاسایە، وەك پاداشتێکی مەزن هەژمار دەکرێت بۆ ئەو کەسانەی پەیڕەوی دەکەن. هەریەکێك لەو پێنج یاسایانە، پڕ لە حیکمەت و مانایە. جا بۆ ئەوەی بەهۆی گێڕانەوەی سەربردەکەی من، لەیادیان نەکەن، ئەو یاسایانەتان بەتەواوی بۆ شی دەکەمەوە. من هەریەکێك لەو یاسایانە بەتەواوی شارەزام. لەبەر ئەوەی لەسەردەمی لاویدا نرخیان دەزانم و هەوڵم داوە ووشە بە ووشەی شی بکەمەوە.

## یاسای یەکەم



**١- سامان، بە ئاسانی و بە بڕێکی زۆر دەست هەر کەسێك دەکەوێت، بەو مەرجەی بەلایەنی کەم دەیەکی داهاتەکەی پاشەکەوت بکات بۆ ئەوەی خلوەنداری یەك بۆ دوارۆژی خۆی و خانەوادەکەی بەدەست بێنێت.**


هەر کەسێك، دەیەکی داهاتەکەی بە شێوەیەکی بەردەوام پاشەکەوت بکات و ئەو پاشەکەوتە بەدانایی بەکار بخات، بێ گومان خاوەندارێتی یەك



Scanned by CamScanner

بەدەست دێنێت کە لە دواڕۆژدا داهاتێك بۆ خۆی و خانەوادەکەی مسۆگەر بکات. هەمیشە ئەو یاسایە دووپاتی ئەوە دەکاتەوە کە ئەو جۆرە مرۆڤە سامانی دەستدەکەوێت و زەنگین دەبێت. من دەتوانم ژیانی خۆم وەك بەلگەیەك بۆ سەلماندنی ڕاستی و دروستی ئەو یاسایە پێشکەش بکەم. هەرچەند زیاتر سامانم کۆکردبێتەوە، ئاسانتر سامانێکی زۆر زیاترم دەسکەوتووە. ئەو سامانەی پاشەکەوتی دەکەم، داهاتێکی زیاترم بۆ دێنێتەوە. ئەگەر ئێوەش ئەو کارە ئەنجام بدەن، هەمان دەرەنجام بەدەست دێنن.

## یاسای دووەم



**آ- ئەگەر خاوەنەکەی هۆکارێکی گونجاو بۆ گەشەکردنی بدۆزێتەوە سامان، لە پێناوی خاوەنەکەیدا کار دەکات، بەجۆرێك بەردەوام لە زیادبووندا بێت.**

لەڕاستیدا، سامان هاوشێوەی ئەو کرێکارەیە کە ئارەزووی کارکردنی هەیە. هەمیشە هەر دەرفەتێکی دەسکەوێت، تامەزرۆی ئەوەیە زیاد بکات. ئینجا سەبارەت بەهەر مرۆڤێك کە بڕێکی باش دراوی پاشەکەوتکراوی لەبەردەستدا هەبێت، دەرفەتێکی دێتە پێش بۆ ئەوەی



Scanned by CamScanner

وەبەرهێنانی تێدا بکات. بەتێپەڕبوونی کات، ئەو سامانە بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر زیاد دەکات.

## یاسای سێ یەم



**٣- سامان لە ژێر پارێزگاری خاوەنەکەیدا دەمێنێتەوە. ئەگەر سووربێت لەسەر ئەوەی کە لە سنووری ئامۆژگاری کەسانی شارەزادا وەبەرهێنانی پێ بکات.**

سامان، لەنزیک خاوەنەکەیدا دەمێنێتەوە، ئەگەر خاوەنەکەی پارێزگاری لێ بکات. لەهەمان کاتدا ئەگەر خاوەنەکەی فەرامۆشی بکات، لەدەستی ڕادەکات. ئەو کەسەی سەبارەت بە مامەڵەکردن لەگەڵ ساماندا ڕاوێژ بە مرۆڤە ژیرەکان دەکات، بەخێرایی فێر دەبێت چۆن سامانەکەی لەمەترسی لەناوچوون بپارێزێت و هەروەها چۆن بە شێوازێك بەکاری بێنێت کە چێژی لێ وەربگرێت و لەهەمان کاتدا گەشەی پێ بکات.



Scanned by CamScanner

## یاسای چوارەم



**٤- سامان زۆر بەخێرایی لەدەست ئەو مرۆڤە رادەکات کە لە بوارێکدا وەبەرهێنانی پێدەکات شارەزایان بەبەسەندی نازانن.**

سەبارەت بەو کەسانەی سامانیان هەیە، بەڵام کارامەیی بەکارهێنانیان نی یە، زۆربەی بەکارهێنانەکان لەبەر چاویاندا سوودبەخش دەردەکەوون. بەڵام زۆر جار ئەو بەکارخستنانە مەترسیدارن و ئەگەر وەك پێویست لەلایەن کەسانی شارەزا تاوتوێ بکرێن، دەردەکەوێت کە ئەگەری سوود و قازانجیان کەمە. بۆیە ئەو کەسەی ئەزموونێکی کەمی هەیە و پشت بە بۆچوونی خۆی دەبەستێت و سامانەکەی لەو بوارانەدا بەکار دەخات کە بەلایەوە نامۆن بێ ئەوەی راوێژ بەکەسانی تر بکات، لەکۆتاییدا هەست بە هەڵەی خۆی دەکات. بەهۆی بێ ئەزموونی خۆی، سامانەکەی لەدەست دەدات. بەڵام کەسی دانا و ژیر، سامانەکەی بەکاردەخات لە سنووری ئەو ئامۆژگاری یەی لەکەسانی پسپۆر و شارەزا وەری دەگرێت.



Scanned by CamScanner

## یاسای پێنجەم



**٥- سامان، لەدەست ئەو مرۆڤانە ڕادەکات کە داوای لێدەکەن بەرهەمێکی خەیاڵی هەبێت، یان بە ئامۆژگاری کەسانی فێڵباز فریو دەخۆن، یان لە وەبەرهێنانیدا پشت بە بێ ئەزموونی خۆیان و ئارەزووە سۆزداری یەکانیان دەبەستن.**

هەمیشە پێشنیارە وەهمییەکان ئاراستەی ئەو کەسانە دەکرێن کە تازە بە سامان ئاشنا بوون. ئەو پێشنیارانە بەجۆرێك دەردەکەوون وەك ئەوەی هێزێکی جادوویی ببێتە هۆی ئەوەی سامانەکەیان بە شێوەیەکی ئەفسانەیی زیاد بکات. لەو حاڵەتەدا خاوەنی سامانەکە هیچ بایەخ بە بۆچوونی ئەو کەسە بلیمەتانە نادات کە بێ گومان بە مەترسی یەکانی هەر پرۆژەیەکی جادوویی لەو جۆرە ئاشنان.

ئەو پیاوە دەوڵەمەندانەی شاری (نینیفی) تان بیرنەچێتەوە کە ڕێگەیان بەهیچ ئەگەرێکی لەدەستدانی سەرمایەکانیان نەدەدا و سامانەکەیان لەهیچ پرۆژەیەکدا بەکارنەدەخست کە قازانجێکی کەمی هەبێت.



Scanned by CamScanner

من بەو جۆرە کۆتایی بە باسکردنی ئەو پێنج یاسایە دێنم کە تایبەتن بە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ساماندا. بەو شێوەیە نهێنی یەکانی سەرکەوتنی خۆم بە ئێوە ڕاگەیاند.

لەڕاستیدا ئەوانە نهێنی نین بە ئەندازەی ئەوەی کە چەند ڕاستی یەکن پێویستە سەرەتا هەموو کەسێك فێریان بێت و ئینجا دواتریش پەیڕەویان بکات.

بەیانی دەچینە ناو شاری بابل. ئینجا سەیرکەن! سەیری ئاگرە درەوشاوەکەی سەر شوورەی ئەو شارە بکەن! ئێمە لە ئێستادا شارە زێڕینەکە دەبینین، بەیانیش هەریەکێك لە ئێوە دراوی دەستدەکەوێت. ئەو دراوەی لەڕێگەی خزمەتکردنی دڵسۆزانە و کارکردنی پاك دەستتان کەوتووە.

ئینجا بزانین دوای دە ساڵی تر، چیتان لەبارەی سەربردەی ئەو سامانە لادەبێت بۆ ئەوەی باسی بکەن؟

ئەگەر یەکێك لە ئێوە، هاوشێوەی (نۆماسیر)، لەژێر سایەی حیکمەتەکانی (ئەرکاد) بەشێك لەو دراوانە بەکاربخات بۆ ئەوەی خاوەنداریەکی تایبەت بۆخۆی دروست بکات، مانای ئەوەیە دوای دە ساڵی تر دەوڵەمەند دەبێت و پێگەیەکی لەناو خەڵکیدا دەبێت.

ڕەفتاری ژیرانە، بەدرێژایی ژیانمان لەگەڵ ئێمەدا دەمێنێتەوە و یارمەتیمان دەدات و دڵخۆشمان دەکات. بەهەمان شێوە، ڕەفتارە درێوەکان، بەدوامانەوە دەبن تا ئەو کاتەی ئازار و بەڵامان بەسەردا دێنن. ئەمانەش بەداخەوە شتگەلێکن لەیادکردنیان ئەستەمە. پێشەنگی هەموو



Scanned by CamScanner

ئەو ئازارانەی بەدوامانەوە دەمێننەوە، یادەوەری ئەو کارانەن کە دەبوایە ئەنجامیان بدەین و ئەو دەرفەتانەن کە بەکارمان نەهێناوون.

ئەو گەنجینەیەی لە بابلدا هەیە، تا ئەو ئاستە مەزن و گەورەیە کە هیچ کەسێك ناتوانێت بە قورسایی پارچە زێڕەکان بەهاکەی دەستنیشان بکات. ئەو گەنجینەیە، هەموو ساڵێك گەشە دەکات بۆ ئەوەی زیاتر بێت و بەهای بەرزتر بێتەوە. ئینجا بە هاوشێوەی ئەو گەنجینانەی لەهەموو شارەکانی تردا هەن، ئەو گەنجینەیە بە پاداشت هەژمار دەکرێت. پاداشتێکی گەورە و بەهادار، چاوەڕوانی هەر کەسێك دەکات کە ئامانجێکی هەبێت و سوور بێت لەسەر بەدەستهێنانی بەشی خۆی لەو گەنجینەیە.

هێزێکی جادوویی شاراوە لە ئارەزووەکانماندا هەیە. تۆ لە ڕێگەی پێنج یاسا تایبەتی یەکەی سامان، ئاراستەی ئەو هێزە بکە. بەو شێوەیە بەشی خۆت لە گەنجینەکەی بابل بەدەست دێنیت.



Scanned by CamScanner

# بازرگانی گەوهەرەکان لە بابل

پەنجا دراوی زێڕ! (ڕۆدان) ی وەستای ڕم و تیر لە شاری بابل، بە درێژایی ژیانی خۆی ئەو هەموو زێڕەی لەناو کیسەی دراوەکانیدا نەبینیبوو. بەهەنگاوی فراوان بەشەقامەکەدا لە کۆشکی پاشا دووردەکەوتەوە. زۆر کامەران بوو بەو هەموو بەخشینەی خاوەن شکۆ پێی دابوو. هەرجارێك کە لەگەڵ هەنگاونانیدا گوێبیستی زرینگەی بەریەککەوتنی دراوە زێڕەکانی دەبوو لەناو کیسەکەدا، دڵخۆش و ئاسوودە دەبوو. ئەو دەنگە بەلایەوە خۆشترین ئاواز بوو بەدرێژایی ژیانی گوێبیستی بووبێت.

پەنجا دراوی زێڕ! هەمووی موڵکی خۆیەتی! لەئەنجامی ماندووبوونێکی زۆرەوە توانیویەتی ئەو سامانە مەزنە بەدەست بێنێت، بۆیە ئەو دراوە زێڕانە هێزێکی زۆریان هەیە! دەتوانێت هەر شتێك مەبەستی بێت بیکڕێت. خانوویێکی گەورە، زەوی، مەڕو ماڵات، ووشتر، ئەسپ و گالیسکە، هەر شتێکی تر ئارەزووی بکات.



Scanned by CamScanner

کەواتە باشترین ڕێگا بۆ بەکارهێنانی ئەو زێڕە چی یە؟ ئەو ئێوارەیە، کاتێك لەو شەقامە دەڕۆیشت کە بەرەو ماڵی خوشکەکەی دەڕوات، جگە لەو دراوە زێڕانە بیری بەلای هیچ شتێکی تر نەدەچوو کە حەز بکات بەدەستی بێنێت، ئەوەتا ئێستاش بەدەستی هێناوون.

دوای چەند ڕۆژێك لەو ڕووداوە، شەوێکیان (ڕۆدان) ڕووی کردە شوێنی کارکردنی (ماتۆن) کە بازرگانی قوماش و گەوهەرە دەگمەنەکان بوو لەو شارەدا. (ڕۆدان) هیچ سەیری ئەو جۆرە جیاوازانەی کاڵاکانی نەکرد کە زۆر بەجوانی لەو شوێنەدا نمایش کرابوون. بەڵکو ڕاستەوخۆ بەرەو ژووری دانیشتن ڕۆیشت کە لەکۆتایی شوێنەکەدا بوو. بینی (ماتۆن) ی ئەرستۆکرات لەسەر فەرشێکی نایاب دانیشتووە و خزمەتکارە ڕەشپێستەکەی خوانی بۆ ڕازاندۆتەوە.

(ڕۆدان)، بە شێوازی کەسێکی کەودەن قاچەکانی دوور لەیەکتر، لەبەردەم (ماتۆن) وەستا. سینگی تووکنی لە درزێکی چاکێتە پێستەکەیدا دەرکەوتبوو. ڕاستەوخۆ ووتی: "دەمەوێت سەبارەت بە بابەتێکی دارایی ڕاوێژ بەتۆ بکەم، لەبەر ئەوەی نازانم چۆن یەکلایی بکەمەوە"

(ماتۆن) ی لاواز و ڕەنگ زەرد، خەندەیەکی پێشوازی یانەی سۆزداری بۆ کرد ووتی: "چ کارێکی درزێوت کردووە و ناچار بوویت داوای یارمەتی لە بازرگانێکی وەك من بکەیت؟ بێ بەختی لەکارەکەتدا ڕووی تێکردووی؟ یان کەسێك فریوی داویت و کالایەکی بردووە و نرخەکەی پێت نەداوە؟ من



Scanned by CamScanner

چەندین ساڵە تۆ دەناسم هیچ کات نەهاتووی سەبارەت بە کێشەکانت داوای یارمەتی لە من بکەی!"

(ڕۆدان) ووتی: " نا نا نەخێر، بابەتەکە تەواو جیاوازە لەوەی تۆ بیری لێ دەکەیتەوە. هەموو بابەتەکە ئەوەیە کە ئارەزووی ئامۆژگاری یەکانی تۆ دەکەم."

ماتۆن ووتی: " چی؟! تۆ دەڵێ ی چی؟! هیچ کەس نایەتە لای بازرگانی گەوهەرو قوماش بۆ ئەوەی داوای ئامۆژگاری بکات! بێ گومان گوێچکەکانم فریویان داووم"

ڕۆدان ووتی: " بەڵکو ئەوەی گوێبیستی بوویت، ڕاستی یەکەیە"

ماتۆن ووتی: "ئەوە ڕاستی یە من گوێبیستی دەبم؟! هەر بەڕاستی، ڕۆدان، وەستای ڕم و تیر، کارامەترین کەس لە پیشەکەیدا، دێتە لای ماتۆن بۆ ئەوەی داوای ئامۆژگاری بکات؟ زۆر کەس دێنە لام بۆ ئەوەی بکڕن و بفرۆشن، بەڵام هیچ کەس بۆ ئامۆژگاری نەهاتۆتە لای من! سەرەڕای ئەوەی من دەزانم کە هیچ کەس لە بازرگانێکی پیر باشتر نی یە بۆ ئەوەی ئامۆژگاری بەو کەسانە بدات کە ڕووبەڕووی گرفتی دارایی دەبنەوە"

ئینجا ووتی: " (ڕۆدان)، تۆ لەگەڵ مندا نان دەخۆیت، تۆ ئەم ئێوارەیە میوانی منی. ئینجا ئاماژەیەکی بۆ خزمەتکارە ڕەشپێستەکە کرد ووتی: "فەرشێك بۆ ئەو هاوڕێ یەم ئامادە بکە کە هاتووە ئامۆژگاری وەربگرێت. ئەو، میوانێکی تایبەتی یە. خواردنی زۆری بۆ بێنە. باشترین جۆری خواردنەوەی بۆ ئامادە بکە.



Scanned by CamScanner

ئێستاش پێم بڵێ ڕۆدان، چی تۆی نیگەران کردووە؟

ڕۆدان ووتی: " پاداشتی پاشا"

ماتۆن: " پاداشتی پاشا؟ پاشا پاداشتی بەتۆ داوە و ئەو پاداشتە تۆی نیگەران کردووە؟ کەواتە جۆری نیگەرانی یەکە چی یە؟"

ڕۆدان ووتی: "لەبەر ئەوەی پاشا زۆر دڵخۆش بوو بەو نەخشەی لەسەر ڕمە تازەکان دروستم کردبوو کە تایبەت بوون بە پاسەوانانی کۆشکی شاهانە، پەنجا دراوی زێڕی پێ بەخشیم، منیش ئێستا سەرم لێ شێواوە. ئەو کەسانەی ئارەزوو دەکەن لەگەڵمدا هاوبەش بن، هەراسانیان کردووم"

ماتۆن ووتی: " ئەوە ئاسایی یە. ژمارەی ئەوانەی دەیانەوێت زێڕیان دەسکەوێت، زۆر زیاترن لەوانەی زێڕیان هەیە. بۆیە ئارەزوو دەکەن ئەو زێڕە لەگەڵ ئەو کەسانەدا بەش بکەن کە بە ئاسانی دەستیان دەکەوێت. بەلام تۆ ناتوانیت پێیان بڵێیت نەخێر؟ یان ویست و بوێریت وەك دەست و بازووت بەهێز نی یە؟"

ڕۆدان ووتی: " بەزۆر کەس دەڵێم نەخێر، بەلام هەندێك جار ووتنی بەڵێ ئاسانە. مەگەر مرۆڤ دەتوانێت هاوبەشی لەگەڵ خوشکی خۆیدا ڕەت بکاتەوە کە بە دڵ خۆشی دەوێت؟"

ماتۆن ووتی: " بەلام بێ گومان خوشکت نایەوێت تۆ لە چێژی پاداشتەکەت بێ بەش بکات."

ڕۆدان: " ئەوە ڕاستە، بەلام خوشکم ئەو زێڕەی بۆ هاوسەرەکەی (ئارمان) مەبەستە، کە بە ئاواتی ئەوەیە ببینێت بۆتە بازرگانێکی

دەوڵەمەند. خوشکم هەست دەکات کە ئەوە دەرفەتێکە پێشتر نەماتۆن پێش. لێم دەپارێتەوە ئەو زێڕەی بەقەرز پێ بدەم، بۆ ئەوەی هاوسەرەکەی بەهۆیەوە ببێتە بازرگانێکی زەنگین و ئینجا دواتر لە قازانجەکانی، دراوە زێڕەکانم بۆ بگەڕێنێتەوە."

ماتۆن لەوەڵامدا ووتی: "ئەو بابەتەی تۆ باسی دەکەی، بەڕاستی پێویستی بە گفتوگۆکردن هەیە. هەمیشە سامان بەرپرسیارێتی دەخاتە ئەستۆی خاوەنەکەی و هەڵوێستی لەبەرامبەر هاوڕێکانی دەگۆڕێت، هەروەها ئەو مەترسی یە دەخاتە دڵی خاوەنەکەی کە لەدەستی بدات یان لە ڕێگەی فریودانەوە لێ ی بسەنرێت. جگە لەمانەش، هەستێکی پێدەدات کە هێز و توانای لەسەر کاری خێرخوازی بەتینتر دەبێت. بەهەمان شێوە، لەوانەیە ئەو دەرفەتانەی بێنە پێش کە لەئەنجامی نیازپاکی خۆی کێشەی بۆ دروستدەکەن.

پێشتر هیچت لەبارەی جۆتیارەکەی (نینیفی) بیستووە، کە لە زمانی ئاژەڵان تێگەیشتووە؟ نازانم ئاخۆ ئەو چیرۆکە لەو بابەتانەیە کە مرۆڤ حەز بکات بۆ وەستایەکی برۆنز بیگێڕێتەوە یان نا، بەڵام من بۆتۆی دەگێڕمەوە، لەبەر ئەوەی پێویستە تۆ بزانیت کە کرداری قەرز پێدان و قەرز وەرگرتن، تەنیا گواستنەوەی خاوەندارێتی سامان نی یە لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی تر.

ئەو جوتیارە، کە لە گفتوگۆی نێوان گیاندارەکان تێدەگەیشت، حەزی دەکرد هەموو ئێوارەیەك لە کێگەکە بمێنێتەوە بۆ ئەوەی گوێبیستی گفتوگۆکانیان بێت. ئێوارەیەك گوێبیستی گازاندەی

گاجووتەکە بوو کە بۆ گوێدرێژەکە باسی ڕەقی ئەو زەوی یەی دەکرد کە دەیکێڵێت: من هەموو ڕۆژێك لەبەیانی یەوە تا ئێوارە بەهۆی ڕاکێشانی ئەو گاسنە زۆر ماندوو دەبم. هەرچەندە گەرما بێت، یان قاچەکانم ژان بکەن، یان شانم بەهۆی نیرەکەوە بریندار بێت، ناچارم هەر بەردەوام بم لەکار. بەڵام تۆ ئاژەڵێکی بەختەوەریت. کورتانێکی ڕازاوەت بەسەر پشتەوەیە. هیچ کارێك ناکەیت جگە لەوەی کە خاوەنەکەمان دەبەیتە ئەو شوێنەی ئارەزووی دەکات. ئەو کاتانەش کە بۆ هیچ شوێنێك نەڕوات، بۆخۆت دەحەسێیتەوە و بەدرێژایی ڕۆژ گژ و گیای سەوز دەخۆیت."

هەرچەندە گوێدرێژ بە هەڵس و کەوتی ئازاربەخش بەناوبانگە، بەڵام لەگەڵ گاجووتەکەدا هاوڕێ یەکی بەسۆز بوو، بۆیە پێ ی ووت: "هاوڕێکەم، تۆ کارێکی زۆر دەکەیت و ماندوو دەبیت، بۆیە من یارمەتیت دەدەم و پلانێکت بۆ دادەنێم تاوەکو ڕۆژێك پشوو وەربگریت. کاتێك لەبەیانیدا خزمەتکارەکە دێت بۆ ئەوەی خەبەرت بکاتەوە، لەسەر زەوی یەکە ڕابکشێ و هەست بە ئازار بکە بۆ ئەوەی بڵێن گاجووتەکە نەخۆشە و توانای کارکردنی نی یە."

گاجووتەکە پلانی گوێدرێژەکەی جێ بەجێ کرد. لەبەیانی یەکەی خزمەتکارەکە هاتە لای جوتیارەکە و پێ ی ووت گاجووتەکە نەخۆشە و توانای کارکردنی نی یە.

جوتیارەکە ووتی: "گوێدرێژەکە لە شوێنی گاجووتەکە دابنێ بۆ ئەوەی جووت بکات، لەبەر ئەوەی پێویستە جووتکردنەکە بەردەوام بێت و نەوەستێت. بەو شێوەیە، هەرچەندە گوێدرێژەکە تەنیا ویستی پلانێك

بۆ یارمەتیدانی گاجووتەکە دابنێت، بەڵام ناچاربوو بەدرێژایی ئەو ڕۆژە لەجیاتی گاجووتەکە کار بکات. ئینجا کاتێك شەو داهات و گوێدرێژەکە لەجووتکردن ئازاد کرا، لەناخیدا پەست و نیگەران بوو، قاچەکانی ژانیان دەکرد و شان و ملی بریندار بووبوون.

" جوتیارەکە وەك هەموو ئێوارەیەکی تر لە کێڵگەکەدا مایەوە بۆ ئەوەی گوێبیستی گفتوگۆی نێوانیان بێت.

گاجووتەکە سەرەتا دەستی پێکرد ووتی: "تۆ هاوڕێ یەکی زۆر باشیت، لەئەنجامی ئامۆژگاری یە پڕ لە حیکمەتەکەی تۆ، ئەمڕۆ بەتەواوی حەسامەوە.

گوێدرێژەکە ووتی: "بەڵام من ئەو ئاژەڵە ساویلکە بووم کە بە یارمەتیدانی هاوڕێ یەك دەستی پێکرد و بەکارکردن لە شوێنی ئەو کۆتایی پێ هات. بەڵام پێویستە تۆ جارێکی تر بگەڕێیتەوە سەر ڕاکێشانی گاسنەکەی خۆت، لەبەر ئەوەی من گوێبیستی خاوەنەکەمان بووم بە خزمەتکارەکەی ووت ئەگەر ئەمجارە گاجووتەکە نەخۆش کەوتەوە سەری دەبڕین.

منیش هیوادارم خاوەنەکەمان سەرت ببڕێت، لەبەر ئەوەی تۆ هاوڕێ یەکی تەمبەڵیت."

ئینجا (ماتۆن) ووتی: " ڕۆدان تۆ دەتوانیت پێم بڵێیت پەند لەو چیرۆکە چی یە؟"

ڕۆدان لەوەڵامدا ووتی: "بەڕاستی چیرۆکێکی جوانە، بەڵام من نەمتوانی لە پەند و وانەکەی تێبگەم"



Scanned by CamScanner

ماتۆن ووتی: "من دەمزانی پەندەکە نادۆزیتەوە، هەرچەندە زۆر سادە و ئاسانە. بەکورتی بەو شێوەیە: ئەگەر ویستت یارمەتی هاورێ یەکی خۆت بدەیت، بەجۆرێك یارمەتی بدە کە لەجیاتی ئەو، کۆڵەکە بەشانی خۆت دانەدەیت"

ڕۆدان ووتی: " من پێشتر بیرم لەو لایەنە نەکردۆتەوە. بەڕاستی پەندێکی حەکیمانەیە. من نامەوێت کۆڵی هاوسەری خوشکم بەشانی خۆمدا بدەم. بەڵام ڕاستی یەکەم پێ بڵێ، تۆ قەرزت بە زۆر کەس داوە لەبەرامبەر برێك لە قازانج بۆ ئەوەی پرۆژەی تایبەت بەخۆیان ئەنجام بدەن، هیچ کات ئەوانە پابەندی ئەو گرێبەستانە نابن؟"

(ماتۆن) بە خەندەی کەسێکی خاوەن ئەزموون ووتی: "ئایا گرێبەست سەرکەوتوو دەبێت ئەگەر خاوەن قەرز نەتوانێت سەرمایەکەی خۆی و قازانجەکانی بگەڕێنێتەوە؟ مەگەر پێویست نی یە وریا و ئاگادار بم و بزانم ئاخۆ جارێکی تر سەرمایەکەم لەگەڵ قازانجەکانی بۆم دەگەڕێتەوە، یان لەلایەن کەسێکی نەزان تەخشان و پەخشان دەکرێت و من بەبێ سامان دێڵێتەوە و خۆیشی دەکەوێتە ژێر قەرزێك کە توانای دانەوەی نەبێت؟ من ئێستا ئەو چەك و مەروونانەت[1] نیشان ئەدەم کە لای خۆم پاراستوونم تاوەکو خۆیان سەربردەی خۆیان باس بکەن"

---

[1] مەروونە: بەو شتە دەووترێت کە وەك بارمتە لە بری قەرز لای خاوەن قەرز دادەنرێت. لە بنەڕەتدا لە ووشەی (مرهون)ی عەرەبی وەرگیراوە. "وەرگێڕ"



Scanned by CamScanner

ئینجا (ماتۆن) سندووقێکی گەورەی هێنا کە بە پێستە داپۆشرابوو بە برۆنز نەخشێنرابوو، لەسەر زەوی یەکە داینا و لەبەر دەمی سندووقەکە هەڵتوترکا. ئینجا هەردوو دەستی لەسەر سندووقەکە دانا.

ماتۆن ووتی: "قەرزم بەهەر کەسێك دابێت، یان ڕەهنێك یان چەکێکم لێ وەرگرتووە و لەناو ئەو سندوقە تایبەتی یەی خۆم پاراستوومە بۆ ئەوەی ئەگەر لە بازرگانی یەکەیدا سەرکەوتوو نەبوو، بەلایەنی کەم قەرزەکە بگەڕێنێتەوە. ئەگەر قەرزەکە گەڕایەوە، منیش چەکەکە یان مەروونەکە دەگەڕێنمەوە. بەڵام ئەگەر قەرزەکە نەگەڕایەوە، ئەوە لای خۆم دەمێنێتەوە بۆ ئەوەی هەمیشە ئەو کەسەم بیر بخاتەوە کە پەیمانەکەی بەرامبەر من بەجێ نەهێناوە.

جا بەگوێرەی ئەم وانانەی کە فێریان بووم، من بەشداری لە پرۆژەکاندا دەکەم بە پێدانی قەرز بەو کەسانەی موڵکێکیان هەیە کە بەهایەکەی لەو قەرزە زیاترە کە داوای دەکەن. ئەوان زەوی، یان گەوهەر، یان ووشتر، یان هەر شتێکی تریان هەیە کە دەتوانن ئەگەر پرۆژەکەیان شکستی هێنا. لەکاتی دانەوەی قەرزەکەدا بیفرۆشن هەندێك لەو مەروونانەی کە لەلام ماونەتەوە بەهاکەیان لەبەهای ئەو قەرزانە زیاتر بووە کە پێم داوون. هەندێکی تریان تەنیا بەڵێنێك بوون کە خاوەنەکانیان لەئەستۆی خۆیان گرتووە کە ئەو قەرزە بەگوێرەی ڕێکەوتنەکە بدەنەوە، یان شتگەلێکم پێ بدەن لەجیاتی ئەو قەرزەی کە لەلایان ماوەتەوە. بەو شێوەیە گەڕانەوەی قەرزەکانم مسۆگەر دەکەم و هەندێك جار قازانجەکانیشیان لەگەڵدا دەگەڕێنەوە.



Scanned by CamScanner

هەندێك كەس تواناى دەسكەوتنى دراويان هەيە. بەهاوشێوەى تۆ كار دەكەن و قەرزەكانيان دەدەنەوە. ئەوانە داهاتێكى جێگيريان هەيە. لەبەرئەوەى كە دەستيان پاك بێت و ڕووبەڕووى نسكۆيەك نەبنەوە، من دەزانم كە تواناى ئەوەيان هەيە قەرزەكانم بدەنەوە لەگەڵ ئەو بەشە قازانجەى كە پێشتر لەسەرى ڕێكەوتووين. ئەو جۆرە قەرزانە پشت بە كاركردن و ماندووبوونى مرۆڤەكان دەبەستن.

هەندێكى تر هەن هيچ موڵكێكيان نى يە و تواناى بەدەستهێنانيشيان نى يە. ژيان زەحمەتە و هەميشە پڕە لەو كەسانەى ناتوانن خۆيان بگونجێنن. بەداخەوە من قەرز بەو كەسانە نادەم ئەگەر كەمێكيش بێت، تەنيا ئەگەر كەسێكى ناسراو دەسبەرداريان بكات."

ئينجا (مارتۆن) سەرى سندووقەكەى لادا و ڕودان سەرى نزم كردەوە بۆ ئەوەى تيابووەكانى ببينێت.

لەسەرەوەى سندووقەكە، ملوانكەيەكى برۆنزى هەبوو بە دەسماڵێكى قورمزى پێچرابوو. ماتۆن هەڵيگرت و بەنەرمى دەستى بەسەر داهێنا وتى: " ئەو ملوانكەيە بۆ هەميشە لەناو سندووقەكەى مندا دەمێنێتەوە، لەبەر ئەوەى خاوەنەكەى مردووە. منيش لاى خۆم وەك يادگارى يەك پارێزگارى لێ دەكەم لەبەر ئەوەى خاوەنەكەى هاوڕێ يەكى نزيكى خۆم بوو. بەيەكەوە كارى بازرگانى سەركەوتوومان ئەنجام داوە. دواى ئەوە هاوسەرگيرى لەگەڵ ئافرەتێكى ڕۆژهەلات ئەنجام دا. ئافرەتێكى جوان بوو، بەلام وەك ئافرەتانى ئێمە نەبوو. زۆر دەست بلاو بوو. ئەم هاوڕێ يەم زۆر بەدەست بلاوى دراوەكانى خەرج دەكرد بۆ ئەوەى ئارەزووەكانى

بەجێ بێنێت. ڕۆژێك هاتە لام زۆر دڵتەنگ بوو دوای ئەوەی هەموو سامانەکەی لەدەستدابوو. منیش پێم ووت یارمەتیت ئەدەم جارێکی تر بەسەر کارەکەتدا زاڵ بیتەوە. سوێندی بۆ خواردم کە هەوڵ دەدات ئەو کارە بکات. بەڵام ئەوە ڕووی نەدا. ئینجا دوای مشت و مڕێك لەنێوانیاندا، ئافرەتەکە چەقۆیەکی لە دڵی دا و بووە هۆی ئەوەی ئەویش چەقۆی لێ بوەشێنێت"

ڕۆدان پرسی: " ئەی ئافرەتەکە چی؟"

مارتۆن دەسماڵە قورمزی یەکەی هەڵگرت ووتی: " ئەوە هی ئافرەتەکەیە، لەبەرامبەر بڕێك پارەدا بەمەروونە لای خۆم هێشتمەوە. تاڵی پەشیمانی وایکرد ئەو ئافرەتە خۆی فڕێداتە ناو ڕوباری فورات. بەو شێوەیە هیچ کام لەم دوو قەرزە بۆ من ناگەڕێنەوە. کەواتە ئەو سندووقە دووپاتی ئەوەت بۆ دەکاتەوە، قەرز دان بەکەسانێك کە لە ناو هەڵچوونە دەروونی یەکاندا دەژین مەترسیدارە. لەبەر ئەوەی ناتوانن قەرزەکانیان بدەنەوە.

ئینجا گوستیلەیەکی نەخشێنراوی دروستکراو لە ئێسکی هەڵگرت ووتی:" بەڵام بابەتەکە لێرەدا تەواو جیاوازە. ئەو گوستیلەیە تایبەت بە جوتیارێکە، ئەو فەرشانەم لێ دەکڕین کە هاوسەرەکەی دروستی دەکرد. جارێکیان کلۆ (کوللە) هەموو بەرووبوومەکەی خواردبوو، هیچ خۆراکیان نەمابوو. منیش یارمەتیم دا تاوەکو بەرهەمی تازەیان پێگەیشتەوە و قەرزەکەی بۆ هێنامەوە. جارێکی تر هاتە لام ووتی لە وولاتێکی دوور ئەو جۆرە بزنە هەیە کە تووکێکی نەرم و درێژی هەیە. فەرشی زۆر جوانتر و



Scanned by CamScanner

نایابتری لیٚ دروست دەکریٚت لەوانەی لە بابل هەیە. ئارەزووی ئەوەی هەبوو میٚگەلیٚك لەو بزنانە بکریٚت. بەڵام سەرمایەی پیٚویستی بۆ ئەو کارە نەبوو. بەو شیٚوەیە ریٚکەوتین لەو پڕۆژەیەدا هاوبەشی یەکتر بین. من سەرمایەی پیٚویستم بۆ ئەو کارە پیٚدا لەبەرامبەر ئەوەی دوای ئەوەی هاوسەرەکەی فەرشەکان دروست دەکات و دەیانفرۆشیٚت، بەشیٚك لە قازانجەکەم پیٚ بدات. ئینجا ئەو گوستیلەیەی پیٚدام وەك دەستەبەری یەك لەبەرامبەر مافی من لەو گرێبەستەدا. ئیٚستا خەریکە میٚگەلەکەی بەرهەمی دەبیٚت و لە ساڵی داهاتوودا هەموو پیاوماقووڵانی بابل بەو فەرشە نایابە سەرسام دەکەم کە جوانترینە و لەپیٚناویدا دراوی زۆر دەدەن بۆ کڕینیان. بەم نزیکانەش ئەو گوستیلەیە بۆ جۆتیارەکە دەگەڕیٚنمەوە. لەبەر ئەوەی سوورە لەسەر ئەوەی ڕاستەوخۆ قازانجەکەم پیٚ بدات"

ڕوودان لیٚ ی پرسی: "مەگەر هەندیٚك لەوانەی قەرز لە کەسانی تر وەردەگرن، بەو جۆرە ڕەفتار دەکەن؟!"

مارتۆن وتی: "ئەگەر قەرزەکەیان لە پیٚناوی پڕۆژەیەك بیٚت کە قازانجی لیٚ بکەن، کاتیٚك پڕۆژەکەیان سەرکەوتوو دەبیٚت، ڕاستەوخۆ قەرزەکە دەگەڕیٚننەوە. بەڵام ئەگەر قەرزەکەیان بۆ خەرجکردنی بیٚت لە کارە دزیٚوەکان، من ئاگادارت دەکەمەوە کە لەوانەیە سامانەکەت بۆ نەگەڕیٚتەوە"

ئینجا ڕۆدان بازنەیەکی زیٚڕی هەڵگرت کە بە چەند یاقووتیٚکی زۆر جوان نەخشیٚنرابوو، وتی: " باسی ئەو بازنەیەم بۆ بکە"



Scanned by CamScanner

مارتۆن بە گاڵتەیەکەوە ووتی: "ئافرەتان سەرنجی ڕۆدانی هاوڕێ ی منیان ڕاکێشاوە؟!"

ڕۆدان ووتی: "هاوڕێکەم من زۆر لەتۆ بچووکترم!"

مارتۆن ووتی: "تۆ ڕاست دەڵێیت، بەڵام ڕۆمانسیەت لێرەدا لە شوێن و پێگەی خۆیدا نەماوە. خاوەنی ئەو بازنەیە ئافرەتێکی قەڵەو بوو ڕوخساری پڕ لە چورچ و لۆچ بوو. زۆری دەووت و کەم لێ ی تێدەگەیشتم تا ئەو ئاستەی خەریك بوو بەدەستی یەوە شێت بم. سامانێکی زۆری هەبوو، هەروەها هاوبەشێکی باش بوو بۆ من تا ئەو کاتەی پشێوی کەوتە ژیانیانەوە. هەوڵی دەدا کوڕەکەی بکاتە بازرگان. بۆیە هاتە لام و داوای قەرزی لێ کردم لەسەر ئەو بنەمایەی کە لە قازانجەکانیدا هاوبەش بم. بڕیاربوو ئەو قەرزە بە کوڕەکەی بدات بۆ ئەوەی لەگەڵ کاروانچی یەك ببێتە هاوبەش لە فرۆشتنی ئەو ووشترانەی بڕیاربوو لەشارێکی تر بیانفرۆشێتەوە.

کاروانچی یە بێ ویژدانەکە، لە شارێکی دوورەدەستدا کوڕە بەستەزمانەکەی بەبێ هاوڕێ و دراو جێهێشتبوو. بەر لەوەی کوڕەکە لەخەو هەڵسێت، شارەکەی جێهێشتبوو. لەوانەیە دوای چەندین ساڵی تر ئەو کوڕە قەرزەکەی بێنێتەوە بۆ ئەوەی بازنەکە بۆ دایکی بگەڕێنێتەوە. تا ئەو کاتەش من هیچ قازانجێکم دەست نەکەوتووە. بەڵام دان بەوەدا دەنێم کە ئەو بازنەیە شایانی پێدانی ئەو قەرزەبوو".

ڕۆدان ووتی: "ئەو ئافرەتە داوای لە تۆ کرد سەبارەت بەبەکارهێنانی ئەو قەرزە ئامۆژگاری بکەیت؟



Scanned by CamScanner

مارتۆن ووتی: " نەخێر بەپێچەوانەوە. پێ ی وابوو کوڕەکەی خۆی، بەهێزترین و دەوڵەمەندترین پیاوی بابلە! ئەگەر ئاماژەم بە پێچەوانەی ئەو بۆچوونەی بکردایە، زویر دەبوو، لەوانەیە سەرزەنشتیشی دەکردم. من هەستم بەو مەترسی یە دەکرد کە ئەو کوڕە بچووکە بێ ئەزموونە ڕووبەڕووی دەبێتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو بازنەیەی وەك دەستەبەری لای من دانا بۆ مسۆگەرکردنی گێڕانەوەی قەرزەکە، لەتوانامدا نەبوو داواکاری یەکەی ڕەت بکەمەوە".

ئینجا مارتۆن بەردەوام بوو لە ووتەکانی و پەیکەری ووشترێکی بەدەستەوە گرت ووتی: "ئەوە تایبەتە بە (نیباتۆر)ی بازرگانی ووشترەکان. ویستی جگە لە کۆمەڵە ووشترەکانی خۆی کۆمەڵە ووشترێکی تر بکڕێت. ئەو پەیکەرەی بۆ هێنام وەك بەڵگەیەك لەسەر ئەوەی کە قەرزی لەمن وەرگرتووە. منیش تەواوی ئەو بڕە پارەیەم پێدا کە پێویستی پێ هەبوو، بەو مەرجەی بەشێك لە قازانجەکان بدات بە من. ئەو بازرگانێکی زانا بوو. متمانەم بە کارەکانی هەبوو، بۆیە هەرکاتێك داوای کردبایە قەرزم پێ دەدا. چەندین بازرگانی تر هەن کە بەهۆی کردار و ڕەوشتی جوانیان متمانەیان پێدەکەم، لەبەر ئەوەی باش دەزانن چۆن قازانجی مەزن بەدەست بێنن، بۆیە منیش هەمیشە هاویەشیان لەگەڵدا دەکەم. ئەو بازرگانە باشانە، سەرچاوەی هێزی شارەکەی ئێمەن. هەروەها منیش سوودمەند دەبم ئەگەر یارمەتیان بدەم بۆ ئەوەی پارێزگاری لە ڕەوتی بازرگانی بکەم بۆ ئەوەی بابل لە گەشەسەندنی بەردەوامدا بمێنێتەوە"



Scanned by CamScanner

ئینجا ماتۆن قاشێکی بەدەستەوە گرت کە ڕەنگێکی فەیرۆزی هەبوو
ووتی: خاوەنی ئەو قاشە هیچ بایەخی بۆ ئەوە نەبوو ئاخۆ دراوەکانی
دەگەڕێنێتەوە یان نا. منیش کاتێك لەسەر ئەو بابەتە سەرزەنشتم کرد،
لەوەڵامدا ووتی: "من چۆن ئەو دراوانەی تۆ دەگەڕێنمەوە لەکاتێکدا
بەختی ڕەشم بەدوامەوەیە؟ هەروەها تۆش سامانێکی زۆرت هەیە!."

ماتۆن ڕووی لە ڕۆدان کرد ووتی: "لێرەدا پێویستە من چی بکەم؟
ئەو قاشە موڵکی باوکی بوو. باوکی پیاوێك بوو زەوی و مێگەلی
ئاژەڵەکەی بە مەروونە دانابوو بۆ ئەوەی پاڵپشتی لە پرۆژە بازرگانی
یەکانی کوڕەکەی بکات. کوڕەکە لەسەرەتادا سەرکەوتنی بەدەست
هێنابوو، پەرۆشی ئەوە لەکەللەی دابوو سامانێکی مەزن کۆبکاتەوە. بەڵام
بەهۆی نەبوونی ئەزموون و زانیاری پێویست، هەموو پرۆژەکانی
شکستیان هێنا.

گەنجەکان ئاواتی گەورەیان هەیە. لەوانەیە ڕێگە کورتەکان بگرنە بەر
بۆ ئەوەی سامان کۆبکەنەوە و هەموو ئەو شتانە بەدەست بێنن کە
ئارەزووی دەکەن. زۆر جار بۆ ئەو مەبەستە قەرز وەردەگرن. بەڵام
لەئەنجامی بێ ئەزموونی خۆیان، ناتوانن هەست بەوە بکەن کە ئەو
قەرزانەی گەڕاندنەوەیان ئەستەمە، هاوشێوەی قۆرتێکی قووڵ وایە کە
لەوانەیە مرۆڤ بەخێرایی بخزێتە ناوی و دواتر بۆ چەندین ساڵ پەلەقاژە
بکات تا بتوانێت خۆی ڕزگار بکات. بەڕاستی ئەو جۆرە قەرزە، قۆرتی
پەشیمانی و مەینەتی یە. لەبەر ئەوەی ڕۆناکی خۆر بە پەلەهەورەکان
دادەپۆشرێت و شەویش بەهۆی خەوزڕان خەمۆك و خامۆش دەبێت. بەڵام



Scanned by CamScanner

سەرەڕای ئەوەش، من قەرزکردن هاندەدەم ئەگەر لەمەبەستێکی حەکیمانەدا بەکار بێت. من خۆم یەکەمین سەرکەوتنی ڕاستەقینەم لە ڕێگەی قەرزکردنەوە بەدەست هێنا.

ماتۆن بەردەوام بوو ووتی: " بەلاَم لەو حاڵەتەدا کەسێکی وەك من دەبێت چی بکات؟ ئەو گەنجەی باسی دەکەین هیچی بەدەست نەهێناوە و بێ ئومێد بووە. هەروەها هیچ هەوڵێکی نەداوە بۆ ئەوەی ئەو قەرزە بداتەوە. منیش دڵم نەهات باوکی لە زەوی و مەڕوماڵاَتەکەی خۆی، بێ بەش بکەم"

ڕۆدان ووتەکانی پێ بڕی ووتی: " تۆ شتگەلێکم بۆ باس دەکەیت کە چێژ لە گوێگرتنیدا وەردەگرم، بەلاَم تا ئێستا هیچ وەلاَمێکم بۆ پرسیارەکەی خۆم دەست نەکەوتووە. ئایا ئەو پەنجا دراوە زێڕەی خۆم، بەقەرز بە هاوسەری خوشکم بدەم؟ ئەو دراوانە لای من بایەخی زۆریان هەیە"

لەوەلاَمدا ماتۆن ووتی: " من ڕێز لە خوشکی تۆ دەگرم. ئەگەر هاوسەری خوشکت بێتە لام و داوای قەرزی بڕەپارەیەکی لەو جۆرە بکات، پێویستە لێ ی بپرسم ئاخۆ لەچیدا بەکاری دێنێت.

جا ئەگەر وەلاَمی دامەوە کە ئارەزووی ئەوە دەکات وەك من ببێتە بازرگان و کڕین و فرۆشتنی گەوهەر و زێڕ بکات، لێ ی دەپرسم: ئەزموونی چیت لە ڕێگاکانی بازرگانیدا هەیە؟ دەزانیت لە کامە شوێن دەتوانیت بەکەمترین نرخ کالاَکان بکڕیت؟ هەروەها دەزانیت لەکوێ لەتواناتدا



Scanned by CamScanner

دەبێت بە زۆرترین نرخ بیانفرۆشیتەوە؟. ئەگەری ئەوە هەیە ئەو خزمەی تۆ، بە (بەڵێ) وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە؟"

ڕۆدان ووتی: " نەخێر، ناتوانێت، لەبەر ئەوەی زۆر لە پیشەسازی ڕم و تیردا یارمەتی داووم، بەڵام بەدەگمەن لە کڕین و فرۆشتندا یارمەتی داووم"

ماتۆن ووتی: " کەواتە پێ ی دەڵێم: ئەو مەبەستەی تۆ قەرزی بۆ دەکەیت، لە حیکمەتەوە سەرچاوەی نەگرتووە. لەبەر ئەوەی پێویستە بازرگان زانیاری تایبەتی لەبارەی بازرگانی یەوە هەبێت. ئەو ئاواتە، ئەگەرچی شایستەی ڕیزگرتنە، بەڵام ئاواتێکی کردەیی نی یە، بۆیە هیچ بڕە پارەیەکی بەقەرز پێ نادەم.

ئینجا ماتۆن بەردەوام بوو ووتی: " بەڵام ئەگەر گریمانەی ئەوە بکەین کە لەوەڵامدا ووتی (بەڵێ)، زۆر یارمەتی بازرگانەکانم داوە و دەزانم چۆن سەفەر بکەم بەرەو (سمیرنا) و بەنرخێکی کەم ئەو فەرشانە بکڕم کە ئافرەتان لەو شارەدا لەماڵەوە دروستی دەکەن. هەروەها زۆر کەسی دەوڵەمەند و زەنگین لە شاری بابل دەناسم و دەتوانم ئەو فەرشانەیان بە نرخێکی زۆر پێ بفرۆشم، ئەوکاتە پێ ی دەڵێم: مەبەستەکەت زۆر حەکیمانەیە و ئاواتەکەت لەجێ ی خۆیەتی. بۆیە خۆشحاڵ دەبم لەو بازرگانی یەی تۆدا بەشدار بم. پەنجا دراوی زێڕت بەقەرز پێ دەدەم، بەمەرجێك بتوانیت مەروونەیەك بەمن بدەیت بۆ ئەوەی گەڕانەوەی دراوەکانم مسۆگەر بکەم. بەڵام ئەگەر ئەو لەوەڵامدا ووتی: هیچ دەستەبەری یەکم نی یە جگە لەوەی کە من پیاوێکم پێگە و ناوبانگی



Scanned by CamScanner

خۆم هەیە و بەڵێن دەدەم قەرزەکەی تۆ بدەمەوە، لەوەڵامدا دەڵێم: من زۆر ڕەنجم کێشاوە لە پەیداکردن و کۆکردنەوەی هەر دانەیەك لەو دراوانە. ئەگەر لەکاتی سەفەرکردنی تۆدا بەرەو (سمیرنا)، ئەو دراوانەی من دزران، یان لەکاتی گەڕانەوەدا فەرشەکانت دزران، لەو حاڵەتەدا هیچ ڕێگەیەکت نی یە بۆ ئەوەی بەهۆیەوە دراوەکانم بگەڕێنیتەوە و سامانەکەم لەدەست دەچێت.

بۆیە هەروەك دەبینیت ڕۆدانی هاوڕێم، سامان، کاڵای بازرگانە. زۆر ئاسانە بەقەرز بیدەیت بەکەسێکی تر. بەڵام ئەگەر نەزانانە بەقەرزی بدەیت، دوای ئەوە زۆر ئەستەمە بتوانیت بیگەڕێنیتەوە. هەمیشە بازرگانی لێزان ئارەزووی سەرکێشیکردن ناکات. بەلکو ئارەزووی ئەوە دەکات گەڕانەوەی سامانەکەی مسۆگەر بکات.

ئینجا ووتی: "زۆر کارێکی پیرۆزە کاتێك یارمەتی ئەو کەسانە دەدەین کە کەوتوونەتە ناو کێشەوە، جوانتریشە کاتێك یارمەتی ئەوانە دەدەین کە بەختی باش پشتی تێکردوون. بەهەمان شێوە کارێکی باشە ئەگەر یارمەتی ئەو کەسانە بدەین کە لەسەرەتای ڕێگە دان و بەرەو پێشچوونێك بەدی دێنن بۆ ئەوەی زەنگین بن. بەڵام پێویستە ئەو یارمەتیدانە بەڕێگایەکی حەکیمانە بێت بۆ ئەوەی وەك گوێدرێژی جۆتیارەکەمان بەسەر نەیەت، ئەگینا لەجیاتی ئەوەی یارمەتی پێشکەش بە کەسەکە بکەین، ناچار دەبین کۆڵی ئەویش بەشانی خۆماندا بدەین.

ڕۆدان ببوورە، جارێکی تریش لە وەڵامەکەی تۆ چوومە دەرەوە. بەڵام گوێ لە وەڵامەکەم بگرە: ئەو پەنجا دراوە زێڕە بۆخۆت پاشەکەوت



Scanned by CamScanner

بکە. ئەوەی لەماندووبوونی خۆت بەدەستی دێنیت و ئەوەی بە پاداشت بەتۆ دەدرێت، موڵکی تایبەتی خۆتە و هیچ کەس ناتوانێت ناچارت بکات لەگەڵ تۆدا بەشدار بێت ئەگەر بە ئارەزووی خۆت نەبێت. ئەگەر ویستت بەمەبەستی بازرگانی بەشداری پێ بکەیت لەگەڵ کەسێکی تردا، زۆر بە وریایی لەچەند بوارێکدا بەشداری پێ بکە. من حەز لە سامانێك ناکەم بەکارنەخرێت، لەهەمان کاتدا حەز ناکەم سەرکێشی مەترسیدار ئەنجام بدەم. تۆ چەند ساڵ لە دروستکردنی ڕم وتیردا کارت کردووە؟"

ڕۆدان: " سێ ساڵی تەواو"

ماتۆن: "کەواتە جگە لەو دراوانەی پاشا بەتۆی داوە، چەندت لەکاری خۆت پاشەکەوت کردووە؟"

ڕۆدان: " سێ دراوی زێڕ"

ماتۆن: " تۆ دەتەوێت پێم بڵێیت کە هەر ساڵێك تۆ خۆت لە ئارەزووەکانی ژیان بێ بەش کردووە بۆ ئەوەی یەك دراوی زێڕ پاشەکەوت بکەیت؟"

ڕۆدان: " بەڵێ، بەو جۆرەیە"

ماتۆن: "ئەوە مانای ئەوەیە تۆ پەنجا ساڵ کارت دەکرد بێ ئەوەی ئارەزووەکانت بەجێ بێنیت و چێژ لە ژیان وەربگریت، بۆ ئەوەی پەنجا دراوی زێڕ پاشەکەوت بکەیت؟"

ڕۆدان: "ئەگەر تەمەن دەرفەت بدات و لەوکارەدا بمێنمەوە"

ماتۆن: " کەواتە بە بڕوای تۆ خوشکت حەز دەکات تۆ پاشەکەوتی پەنجا ساڵی خۆت لەکارکردنی بەردەوام لەبەردەم کوورەی بڕۆنزدا،



Scanned by CamScanner

بخەینە مەترسی یەوە بۆ ئەوەی هاوسەرەکەی خۆی تاقی بکاتەوە و بیێتە بازرگان؟"

رۆدان: " ئەگەر بەهەمان ئەو شێوازەی تۆ گفتوگۆی لەگەڵدا بکەم، لەو باوەڕە دانیم ئەو کارە پەسەند بکات"

ماتۆن: " کەواتە برۆ لای خوشکت و پێ ی بڵێ: ماوەی سێ ساڵ ڕۆژانە لەبەیانی یەوە تاکو شەو کارم کردووە. هەروەها خۆم لە زۆرێك لە خۆشی یەکانی ژیان بێ بەش کردووە کە زۆر تامەزرۆیان بووم. ئینجا لەهەر یەك ساڵی تەواودا، تەنیا یەك دراوی زێرم پاشەکەوت کردووە. لەبەر ئەوەی تۆ خوشکی منیت و زۆر لە دڵمەوە نزیکیت، من ئاواتەخوازم هاوسەرەکەت پێ بنێتە ناو کارێکی بازرگانی یەوە و بەهۆیەوە بتوانێت سامانێکی زۆر کۆبکاتەوە. جا ئەگەر هاوسەرەکەت پرۆژەیەکی بازرگانی خستەڕوو کە ماتۆن ی هاوڕێم بەبۆچوونی خۆی پەسەندی کرد کە پرۆژەیەکی گونجاوە، من لەو حاڵەتەدا خۆشحاڵ دەبم پاشەکەوتی یەك ساڵی تەواوی کارکردنی خۆم بخەمە ناو ئەو پرۆژەیە بۆ ئەوەی دەرفەتی ئەوەی هەبێت توانای خۆی لەسەرکەوتندا بسەلمێنێت."

ماتۆن بەردەوام بوو ووتی: " چیم بەتۆ ووت، برۆ ئەوە بکە. ئەگەر ئەو پیاوە تامەزرۆی سەرکەوتن بێت، لەتوانایدا دەبێت بەو تاکە دراوە ئەوە بسەلمێت، بەڵام ئەگەر شکستی هێنا، ئەوکاتە تەنیا ئەو برەپارەیە قەرزاری تۆ دەبێت کە ئەگەری ئەوە هەبێت ڕۆژێك لە ڕۆژان بیگەڕێنێتەوە.



Scanned by CamScanner

من بازرگانێکی دەوڵەمەندم، هۆکارەکەشی ئەوەیە کە سامانێکی زیاترم هەیە لەوەی کە لە بازرگانی یەکەمدا بەکاری دێنم. حەز دەکەم ئەو سامانە زیادەیەم لە پێناوی یارمەتی کەسانی تردا بەکار بێنم. ئەوەش لە ڕێگەی بەشداریکردنیان بەبەشێك لەو سامانە لە پرۆژە بازرگانیەکانیاندا. بەو شێوەیە سامانی زیاتر بەدەست دێنم. هەروەها حەز ناکەم سەرکێشی بکەم و ئەو سامانەم بخەمە مەترسی یەوە کە زۆر لە پێناو بەدیهێنانیدا هەوڵم داوە و خۆم لە خۆشی یەکانی ژیان بێ بەش کردووە بۆ ئەوەی بەدەستی بێنم. بۆیە هیچ بڕێك لەو سامانەی خۆم نادەم بە هیچ کەسێك ئەگەر متمانەم بە گەڕانەوەی نەبێت. بەهەمان شێوە، قەرز بەهیچ کەس نادەم ئەگەر بەتەواوی دڵنیا نەبم کە بەشی خۆم لە قازانجە بازرگانی یەکانی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ وەردەگرمەوە.

ڕۆدان، من هەندێك لە نهێنی یەکانی پەیوەست بە سندووقی چەك و مەروونەکانم لای تۆ باس کرد. لەمیانەی ئەو نهێنی یانەدا، تۆ دەتوانیت لە خاڵە لاوازەکانی مرۆڤ و پەرۆشیان تێبگەیت بۆ قەرز کردنی سامانێك کە هیچ داهاتێکیان بۆ دانەوەی نەبێت. لەو گۆشە نیگایەوە دەتوانیت ببینیت کە تەنیا ئەگەر دراویان لەبەر دەستدا بێت، ئاواتیان بەدیهێنانی دەسکەوتی مەزن و گەورەیە. ئەوەش تەنیا ئاواتێکی وەهمی یە و توانا و شارەزایی پێویستیان نی یە بۆ بەدیهێنانی.



Scanned by CamScanner

تۆ لەئێستادا، ئەو سامانەت لەبەردەستدایە کە پێویستە بەکاری بێنیت لەبەرژەوەندی خۆت بۆ ئەوەی دەسکەوتی زیاترت بۆ دەستەبەر بکات. تۆ لەوە نزیك بوویتەوە هاوشێوەی من ببیتە بازرگان. جا ئەگەر پارێزگاریت لەو سامانەی خۆت بکەیت، داهاتی زۆر مەزن لەبەرژەوەندی تۆدا بەدوای خۆی دێنێت و دەبێتە سەرچاوەیەکی گەورەی کامەرانی بۆ تەواوی ژیانت. بەڵام ئەگەر ڕێگا بدەی لەبەر دەستت ڕابکات، دەبێتە سەرچاوەیەکی مەینەتی و پەشیمانی بەردەوام بۆ تەواوی ژیانت.

ئێستا پێم بڵێ: " گرینگترین ئارەزووی تۆ سەبارەت بەو سامانە چی یە؟"

ڕۆدان: "پارێزگاری لێ بکەم و لەمانەوەی دڵنیابم."

ماتۆن:"ووتەیەکی حەکیمانەیە. ئارەزووی یەکەمی تۆ پەیوەستە بە پارێزگاری. تۆ لەو باوەڕە دایت کە ئەگەر ئەو سامانە بە هاوسەری خوشکی خۆت بدەیت، لەمانەوەی دڵنیادەبیت و مەترسی ئەوەی لەسەر نابێت ئەگەری لەدەستدانی هەبێت؟"

ڕۆدان: " بەڵکو بەبۆچوونی من پێچەوانەی ئەمەیە. لەبەر ئەوەی هیچ لەبارەی حیکمەتی پارێزگاریکردن لە سامان نازانێت"

ماتۆن:"کەواتە ڕێگا مەدە سۆزێکی کاتی بەسەر بیرکردنەوەتدا زاڵ بێت و ناچارت بکات سامانی خۆت بدەیتە دەست کەسێکی تر. ئەگەر



Scanned by CamScanner

پێویست بێت لەسەر تۆ یارمەتی خانەوادەکەت، یان هاوڕێکانت بدەیت، ڕێگەی تر بدۆزەوە بێ ئەوەی سامانی خۆت بخەیتە مەترسی لەناوچوون. بیرت نەچێت سامان لەدەست ئەو جۆرە کەسانەی هونەری پارێزگاری نازانن، بەخێرایی ڕادەکات. ئینجا سەرەڕای ئەوەی تۆ بەو شێوەبە سامانی خۆت بەهەدەر دەدەیت، دەرفەتیش بەکەسانی تر دەدەیت بۆ ئەوەی سامانەکەی تۆ بەفیڕۆ بدەن.

ئێستاش پێم بڵێ: دووەم ئارەزووی تۆ سەبارەت بەو سامانە چی بە؟

ڕۆدان: "سامانی زیاتری لێ بەرهەم بێنم".

ماتۆن: " بۆ دووەمین جاریش ووتەکانت حەکیمانە بوون. لەبەر ئەوەی پێویستە خۆت ئامادە بکەیت بۆ ئەوەی ئەو سامانە زیاد بکات و گەشە بکات. بەکارخستنی سامان بە دانایی بەر لەوەی کەسێکی وەک تۆ بەتەمەندا بچێت، دەبێتە هۆی گەشەکردنی لە ڕێگەی قازانجەکانیەوە. جا ئەگەر سەرکێشی بە لەدەستدانی ئەو سامانەوە بکەیت، مانای ئەوەیە سەرکێشی بە قازانجەکانیشی یەوە دەکەیت. بۆیە ڕێگا مەدە هیچ پرۆژەیەکی خەیاڵی فریوت بدات لەو پرۆژانەی کە خاوەنەکانیان لە باوەڕەدان بەجۆرێك لە جۆرەکان قازانج و دەسکەوتی زۆر مەزن بەدەست دێنن. لەبەر ئەوەی هەندێك لەو پرۆژانە لەلایەن کەسانێکی خەیاڵی یەوە دەخرێنە ڕوو کە هیچ لەبارەی یاساکانی بازرگانی و سامانپارێزی یەوە



Scanned by CamScanner

نازانن. بۆیە پێویستە زۆر ئاگاداربیت و هیوایەکی زۆرت بە دەسکەوتەکانی ئەو پرۆژانە نەبێت و لەوانەیە لەو حاڵەتانەدا باشتربێت ئەو سامانە لای خۆت بمێنێتەوە. جا ئەگەر بەشداریت بەو سامانە کرد لەگەڵ کەسێکدا بۆ ئەوەی قازانجێك بەدەست بێنیت، پێویستە دەستەبەری گونجاوی هەبێت بۆ مسۆگەرکردنی گەڕانەوەی سەرمایەکە و قازانجەکانی.

هەمیشە هەوڵ بدە لەگەڵ ئەو کەسانەدا مامەڵە بکەیت کە لە پرۆژەکانیاندا سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە. لەوانەیە سامانەکەی تۆ، قازانجێکی زۆری لێ بکەوێتەوە ئەگەر لەژێر سەرپەرشتی و کارامەیی ئەواندا بەکاربێنرێت. هەروەها لەوانەیە دانایی و لێزانی و شارەزایی ئەوان یارمەتیت بدەن لەسەر پارێزگاریکردن لە سامانەکەت و دڵنیاییت پێ بدەن.

ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی لە بێ بەختی و نەهامەتی دوور بکەویتەوە و یارمەتیت دەدات پارێزگاری لە سامانەکەت بکەیت و گەشەی پێ بدەیت.".

لەو کاتەی ڕۆدان ویستی سوپاس و پێزانینی خۆی لەسەر ئەو ئامۆژگاری یانە بخاتە ڕوو، ماتۆن گوێ ی پێ نەدا، بەڵکو ووتی: "ئەو پاداشتەی خاوەن شکۆ بەتۆی داوە، فێری حیکمەتێکی زۆرت دەکات.



Scanned by CamScanner

ئەگەر ویستت پارێزگاری لەو پەنجا دراوە زێڕە بکەیت، بەڕاستی پێویستە زۆر وووریا بیت. لەبەر ئەوەی زۆر پرۆژە هەن هانت دەدەن دراوەکانت تیا بەکار بێنیت و گوێبیستی ئامۆژگاری زۆر دەبیت بۆ ئەوەی قازانجی مەزن بەدەست بێنیت. پێویستە خۆت لەو سەربردانە بپارێزیت کە لەناو سندووقی چەك و قەرزەکانی مندا هەبوون. بەر لەوەی هەر دراوێکی زێڕ کیسەکەت جێ بهێڵێت، پێویستە دڵنیا بیت کە ڕێگایەکت لەبەردەستدا هەیە بۆ ئەوەی بتوانیت بیگەڕێنیتەوە. لەکۆتاییدا هەرکاتێك پێویستت بە ئامۆژگاری تر هەبوو، بگەڕێوە بۆ لای من و منیش بەخۆشحاڵی یەوە ئامۆژگاریت دەکەم. بەر لەوەی ئێرە جێبێڵیت، ئەو ئامۆژگاری یە بخوێنەوە کە لە سەر سندووقی قەرزەکانی خۆم نووسیومەتەوە. ئەم وتەیە بەسەر هەموو کەسێکدا جێ بەجێ دەبێت کە مامەڵە لەگەڵ ساماندا دەکات."

---

**ئاگادارییەکی کەم، باشترە لە پەشیمانییەکی زۆر**

---



Scanned by CamScanner

# شوورەکانی بابل

(بانزار)، ئەو پیاوە پیرەی سەردەمانێك جەنگاوەرێکی چەلەنگ بوو، لەو ڕێڕەوە پاسەوانی دەکرد کە بەرەو بەرزترینی شوورەکانی بابلی کۆن دەچوو. لەسەر لوتکەی ئەو شوورانەدا، ئەو سەربازە چاونەترسانە جێگیربووبوون کە بەرگریان دەکرد بۆ ئەوەی دوژمن نەتوانێت بێتە ژوورەوە. مانەوەی ئەو شارە مەزنە و پاراستنی دانیشتوانەکەی، لەئەستۆی ئەو سەربازانەدا بوو.

لە پشتەوەی ئەو شوورانەدا دەنگەدەنگی پیاوانی سوپای هێرشبەر و حیلەی ئەسپەکان و دەنگی ئەو مەنجەنیقانەی بەر دەرگا بڕۆنزی یەکان دەکەوتن، گوێچکەیان کەڕ دەکرد.

لەسەر ئەو شەقامەی کە دەکەوێتە پشتەوەی دەروازەکان، ڕمهاوێژەکان ڕیزیان بەستبوو بۆ ئەوەی بەرگری لە شارەکە بکەن لەو حاڵەتەی ئەگەر دەرگاکان بکەونە خوارەوە. ئەو ڕمهاوێژانە ژمارەیان وەك پێویست نەبوو، لەبەر ئەوەی سوپای سەرەکی بابل لەگەڵ پاشادا لەهەڵمەتێك بۆ سەر دوژمنان بەرەو شوێنێکی دووری ڕۆژهەڵات



Scanned by CamScanner

ڕۆیشتبوون. لەبەر ئەوەی پێشبینی نەدەکرا لەوکاتەدا شارەکە هێرشی بکرێتە سەر. بۆیە ژمارەی بەرگریکاران کەم بوون. سوپای مەزنی ئاشووری یەکان، بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو لەباکوورەوە هاتبوون. پێویست بوو لە ئێستادا شوورەکانی بابل لەبەردەم ئەو هێرشەدا خۆڕاگرین.

لە نزیك (بانزار) ی پاسەوان، ژمارەیەکی زۆر لە هاولاتیان هەبوون، ڕوخساریان لە ترسان زەرد هەلگەڕابوو، تامەزرۆی بیستنی هەواڵەکانی شەڕ بوون. لە ترس و تۆقینێکی بێدەنگدا، کوژراوو بریندارەکانیان دەبینی کە بە ڕێڕەوەکەدا لە بەرەکانی جەنگ دووردەخرانەوە.

ئەو ناوچەیە، خاڵی هێرشی یەکلاکەرەوە بوو. دوای سێ ڕۆژ لە گەمارۆدانی شارەکە، لەناکاو دوژمن تەواوی سوپاکەی هێنایە ئەو ناچەیە و هێرشەکانیان لەسەر ئەو دەروازەیە چڕکردەوە.

هێزە بەرگیریکارەکان لەسەرەوەی شوورەکەوە، بەهۆی تیرە زەیتی یە ئاگرینەکانەوە ڕێگریان دەکرد لە هەوڵی سەرکەوتنی سەربازانی دوژمن بۆ سەر شوورەکە و هەر یەکێکیان هەوڵی سەرکەوتنی شوورەکەی بدایە، دەخرایە خوارەوە. هەزاران تیرهاوێژی دوژمن، تیرەکانیان ئاڕاستەی هێزەکانی بەرگری سەر شوورەکان دەکرد.

بانزار ی پیر، لەشوێنێك وەستاوە کە توانای زانینی هەواڵەکانی هەیە. یەکەم کەس بوو گوێبیستی بەرپەچدانەوە تازەکەی هێرشە دڕندانەکەی دوژمن بێت.



Scanned by CamScanner

بازرگانێکی پیر هاتە لای بانزار، کە دەستەکانی دەلەرزین و لێ ی پاڕایەوە ووتی: " پێم بڵێ! پێم بڵێ کە ئەوان ناتوانن بێنە ناو شارەکە. لەبەر ئەوەی کوڕەکانم لەخزمەتی خاوەن شکۆدا چوون و هیچ کەسێك نی یە پارێزگاری لە هاوسەرە پیرەکەم بکات. هەموو سامانم تالآن دەکەن. هیچ خۆراکێکمان بۆ نامێنێتەوە. ئێمە بەتەمەندا چووین و ناتوانین بەرگری لەخۆمان بکەین. بەهۆی تەمەنی زۆرمان ناکرێت ئێمە بە کۆیلە بگرن و لەبرسان دەمرین. توخوا پێم بڵێ کە ئەوان ناتوانن بێنە ناو شارەکە."

پاسەوان ووتی:" ئارام بەرەوە ئەی بازرگانی بەسۆز. شوورەکانی بابل بەهێزن. بگەڕێوە بۆ شوێنی خۆت و بەهاوسەرەکەت بڵێ شوورەکانی بابل تۆ و سامانەکەت دەپارێزن، هەروەك چۆن گەنجینە گرانبەهاکانی خاوەن شکۆ دەپارێزن. لە شوورەکە نزیك بەرەوە بۆ ئەوەی تیرێکت لەو تیرانە بەرنەکەوێت کە بەسەرماندا دەڕۆن".

ئینجا ئافرەتێك هاتە پێشەوە، منالێکی شیرەخۆرەی لەباوەش گرتبوو و لە پاسەوانەکەی پرسی: : هەواڵەکان چین جەنابی پاسەوان؟ ڕاستیم پێ بڵێ بۆ ئەوەی بگەڕێمەوە و هاوسەرە بەستەزمانەکەم دڵنیا بکەمەوە. ئەو بەهۆی برینە قووڵەکانی زۆر بە ئازارە و تای گرتووە، بەڵام سەرەڕای ئەوەش سوورە لەسەر ئەوەی زرێکە و تیرەکەی بەدەستەوە بێت بۆ ئەوەی پارێزگاری لە من و منالەکەمان بکات. ئەو دەڵێت ئەگەر دوژمن شوورەکان ببڕێت، ئارەزووی تۆڵەسەندنەوەیان زۆر دڕندانەیە"



Scanned by CamScanner

پاسەوان ووتی: " دڵنیابە کچی خۆم، تۆ ئێستا دایکیت و جارێکی تریش دەبیتەوە بەدایك، شوورەی بابل تۆ و منداڵەکانت دەپارێزێت. ئەو شوورانە زۆر بەرز و بەهێزن. مەگەر گوێبیستی هاواری سەربازەکانی ئێمە نیت چۆن زەیتی سووتێنەر بەسەر سەربازەکاندا دەڕێژن؟"

ئافرەتەکە ووتی: " بەڵێ، دەبیستم. بەڵام دەنگی ئەو مەنجەنیقانەش دەبیستم کە بەر دەرگا بڕۆنزی یەکان دەکەوون"

پاسەوان ووتی: " کچەکەم، بگەڕێوە لای هاوسەرەکەت. پێ ی بڵێ دەرگاکان زۆر بەهێزن و بەرگەی مەنجەنیقەکان دەگرن. هەروەها ئەگەر سەربازەکان بتوانن سەر شوورەکان بکەوون، ڕمهاوێژەکان لە چاوەڕوانیدان و سینگیان هەڵئەدڕن. لەڕێگادا ئاگاداری خۆت بە و خێرا خۆت لە پشت ئەو کۆشکانەدا حەشار بدە."

ئینجا (بانزار) خۆی دایە تەنیشتێکەوە بۆ ئەوەی ڕێگا بۆ ئەو سەربازانە چۆڵ بکات کە تازە بە چەکەکانیانەوە دەگەیشتنە لای شوورەکە. لەوکاتەی دەنگی زرێ بڕۆنزی یەکان و هەنگاوی سەربازەکان بەرز دەبووەوە، کچێکی بچووك پشتێنی پاسەوانەکەی ڕاکێشا.

بە ترسەوە پرسیاری لە پاسەوانەکە کرد: " بێ زەحمەت پێم بڵێ، ئێمە لەمەترسیدانین؟ من گوێبیستی ژاوەژاوێکی مەترسیدارم. دەبینم پیاوەکان خوێنیان لێ دێت. من زۆر دەترسم. چی بەسەر خانەوادەکەمان و دایکم و برا بچووکەکەم و برا شیرەخۆرەکەم دێت؟"

پاسەوان ووتی: " بچکۆڵەکەی من مەترسە. شوورەکانی بابل تۆ و دایك و براو برا شیرەخۆرەکەت دەپارێزێت. ئەو شوورەیە بەجۆرێك



Scanned by CamScanner

دروستکراوە کەسانی وەك تۆ بپارێزێت. هەر بۆ ئەو مەبەستە (سەمیرەمیس)ی شاژن بەر لە سەد ساڵ دروستی کردووە. هیچ کات هیچ کەس ناتوانێت ئەو شوورەیە ببڕێت. بگەڕێوە لای دایکت و پێ ی بڵێ شوورەی بابل دەتان پارێزێت و پێویستە هیچ کات نەترسن."

ڕۆژ لەدوای ڕۆژ، بانزار لەشوێنی خۆی دەوەستا و چاودێری ئەو سەربازانەی دەکرد کە بەڕێڕەوەکەدا بەرەو شوورەکە سەردەکەوتن، بۆ ئەوەی بمێننەوە و شەڕ بکەن. دوای ئەوەش یان بە برینداری و یان بە کوژراوی دەگەڕانەوە. بەردەوام و بێ پچڕان دەورووبەری ئەو پاسەوانە پڕبوو لەو هاووڵاتی یانەی دەترسان و بەپەرۆش بوون بۆ ئەوەی بزانن ئاخۆ شوورەکان بەرگەی ئەو شەڕە دەگرن. بانزاریش بەردەوام هەمان ئەو وەڵامەی دەدانەوە کە وەڵامی سەربازێکی دێرین بوو: " دڵنیا بن، شوورەی بابل پارێزگاریتان لێ دەکات"

هێرشەکە بۆ ماوەی سێ هەفتە و پێنج ڕۆژ زۆر دڕندانە بەردەوام بوو، بەدەگمەن دەوەستا. ئەو ڕێڕەوەی بانزار لێ ی وەستابوو هەمیشە پڕ لە هاوڵاتی بوو. لەئەنجامی هاتووچوونی نەپچڕاوەی سەربازەکان بۆ سەر شوورەکە و گەڕانەوەیان. لە ڕێڕەوەکەدا خوێنی بریندارەکان و قوڕ و لیتە تێکەڵ بەیەکتر بووبوون. هەموو ڕۆژێك ژمارەیەکی زۆر لە کوژراوانی دوژمن لەبەردەم شوورەکەدا کەڵەکە دەبوون، لەشەویشدا، هاوڕێکانیان، بەرەو بەرەکانی پشتەوەیان دەبردن و دەیانناشتن.

لەناکاو، لەشەوی پێنجەمی هەفتەی چوارەمدا، دەنگەدەنگی پشتەوەی شوورەکان کەم بووەوە. لەگەڵ دەرکەوتنی یەکەم تیشکی

بەرەبەیانی ڕۆژی دواتردا، دوای ئەوەی تەپ و تۆزی پاشەکشەی هێزەکانی دوژمن نیشتەوە، زەوی یە ڕاخراوەکەی دەرەوەی شوورەکان دەرکەوت.

هاوارێکی زۆر بەرز لەدەمی ئەو سەربازانە دەرچوو کە بەرگریان لە شارەکە دەکرد. بابەتەکە هیچ لێکدانەوەیەکی هەڵەی هەڵنەدەگرت، لەبەر ئەوەی هاوارەکە لەلایەن ئەو سەربازانە دووبارە کرایەوە کە لە پشتەوەی شوورەکەدا بوون. تەنانەت لەتەواوی شارەکەدا هاوارێکی لە شێوەی ڕەشەبا هەڵیکرد.

خەڵکی هەموویان لەماڵەکانیان هاتنە دەرەوە و شەقامەکان پڕ لە هاوڵاتی بوون. ترسی شاراوەی چەندین هەفتە، دەروازەیەکی بینی یەوە بۆ ئەوەی لە شێوەی دڵخۆشی یەکی لەناکاو بتەقێتەوە. مەشخەڵی سەرکەوتن لەسەر کۆشکە بەرزەکانی سەر شوورەی بابل هەڵکران. ستوونی دووکەڵە شینەکان بە ئاسماندا بەرز بوونەوە بۆ ئەوەی موژدەی سەرکەوتن بەهەموو شوێنێك بگەیەنن.

شورەکانی بابل جارێکی تریش لووتی دوژمنێکی ستەمکاری سەرسەختی شکاند، کە سوور بوو لەسەر ئەوەی گەنجینەکانی تالآن بکات و هاولآتی یەکانی بەکۆیلە بکات.

***

سەدە دوای سەدە، بابل وەك خۆی مایەوە لەبەر ئەوەی بەتەواوی پارێزراو بوو، هەروەها لەبەر ئەوەی جگە لەوە هیچی تری قبوولڵ نەبوو.



Scanned by CamScanner

شوورەکانی بابل نموونەیەکی ناوازەی پێویستی و ئارەزووی پارێزگاریکردن بوو بۆ مرۆڤ. ئەو ئارەزووە ڕەسەنەی لە ڕەگەزی مرۆڤدا ڕەگی داکوتاوە. ئێستاش ئەو ئارەزووە وەك جاران بەهێزە، بەڵام ئێمە پلانی باشتر و فراوانترمان بۆ ئەو مەبەستە ئامادە کردووە.

ئێمە لەو سەردەمەدا، لە پشتەوەی شوورەکاندا، سامان و وەبەرهێنانەکانمان پارێزراوون، دەتوانین خۆمان لە مەینەتی یە چاوەڕوان نەکراوەکان بپارێزین کە لەوانەیە ڕووبەڕوومان ببنەوە.

---

ئێمە، بەبێ پارێزگاری
ناتوانین بەرگە بگرین

---



Scanned by CamScanner

# بازرگانی ووشترەکان لە بابل

هەرچەند مرۆڤ زیاتر هەست بە برسێتی بکات، باشتر بیردەکاتەوە، هەروەها هەستیاری بۆ بۆنی خواردنەکان زیاد دەکات.

بێ گومان (تارداد) ی کوڕی (ئەزۆر) بەو جۆرە بیری دەکردەوە. لەبەر ئەوەی بۆ ماوەی دوو ڕۆژی تەواو هیچ خۆراکێکی تام نەکردبوو، جگە لە دوو هەنجیری بچووك نەبێت کە لەسەر شوورەی یەکێك لە باخەکان دەستی کەوتبوون. لەتوانایدا نەبوو هەنجیری زیاتر لێبکاتەوە، بەر لەوەی ئافرەتە تووڕەکە دەرکەوێت و بەرەو شەقامەکە ڕاوی بنێت. تا ئێستاش کە خەریکە وەك پیشەی هەمیشەیی خۆی بەناو گۆڕەپانی بازاڕدا دەسووڕێتەوە، قیژەی ئەو ئافرەتە بەگوێچکەیدا دەزرینگێتەوە. ئەو دوو دانە هەنجیرە، دەستەکانی پاراست لەوەی کە میوەکان لەناو سەبەتەی فرۆشیارەکان بدزێت.

دوای ئەوەی بازاڕی جێهێشت، لەبەردەم چێشتخانەیەك دەهات و دەچوو، بەو هیوایەی کەسێکی ناسیاو ببینێت بتوانێت قەرزی لێ وەربگرێت ئەگەر تاکە دراوێکی مسیش بێت، بۆ ئەوەی خەندەیەکی ئەو



Scanned by CamScanner

پاسەوانە مچ و مۆرە ببینێت کە پاسەوانی لە چێشتخانەکە دەکات، لەهەمان کاتدا خواردنێکی پێ بکرێت. ئەو دەزانێت کە ئەگەر ئەو دراوەی لا نەبێت، لە چێشتخانەکە پێشوازی لێ ناکرێت.

تووشی سەرسوڕمان هات کاتێك لەناکاو خۆی لە بەرامبەر ئەو پیاوەدا بینی یەوە کە هیچ کات ئارەزووی نەدەکرد ڕوخساری ببینێت. (داباسیر)، بازرگانی ووشترەکان، بالآیەکی بەرز و لاواز. لەنیوان هەموو ئەو هاوڕێ و کەسانەی کە تارکاد قەرزی لێ وەرگرتبوون، هەمیشە بینینی داباسیر زیاتر نیگەرانی دەکات. لەبەر ئەوەی لەتوانایدا نەبووە بەڵێنەکانی سەبارەت بەدانەوەی قەرزە بچووکەکانی لەبەرامبەریدا بەجێ بێنێت.

داباسیر لەگەڵ بینینی تارکاد ڕوخساری گەشایەوە ووتی: "سلاو لە تارکاد، ئەو پیاوەی بەدوایدا دەگەڕام بۆ ئەوەی دوو دراوە مسەکەم بۆ بگەڕێنێتەوە، کە نزیکەی مانگێکە بەقەرز پێم داوە، هەروەها ئەو دراوە زیوی یەی بەر لەوکاتە بەقەرز پێم دابوو. ئەوەتا زۆر بە ئاسانی بەیەکتر گەیشتین. تۆ لەو بارەیەوە چی دەڵێیت کوڕی خۆم؟ ".

تارکاد لەشەرمان ڕوخساری سوور هەڵگەڕا، بەهۆی بەتاڵی گەدەیەوە لەتوانایدا نەبوو مشت و مڕ بکات، بۆیە بەلاوازی یەوە ووتی: " زۆر داوای لێبوردن دەکەم لەبەر ئەوەی ئێستا دراوی مس و زیویم لا نی یە بۆ ئەوەی قەرزەکەت بۆ بگەڕێنمەوە "

داباسیر بە پێداگری یەوە ووتی: " کەواتە ئێستا بڕۆ بۆم بێنە. بێ گومان تۆ لەتواناتدا هەیە هەندێك دراوی مس و دراوێکی زیو ئامادە بکەیت بۆ ئەوەی چاکەی هاوڕێ یەکی دێرینی باوکت بدەیتەوە، کە لە



Scanned by CamScanner

کاتێکدا یارمەتی دایت زۆر پێویستت بەو یارمەتی یە هەبوو، مەگەر وانی یە؟"

تارکاد ووتی: " بەدبەختی بەدوامەوەیە، بۆیە ناتوانم قەرزەکە بدەمەوە."

داباسیر ووتی: " بەدبەختی! تۆ سەبارەت بەلاوازی خۆت، لۆمەی بەخت دەکەیت. بەدبەختی دوای هەرکەسێك دەکەوێت کە زیاتر بیر لە قەرز کردن بکاتەوە و بیر لە دانەوەی قەرز نەکاتەوە. کوڕی خۆم من برسیم بووە. وەرە دانیشە تا من نان دەخۆم و سەربردەیەکت بۆ باس دەکەم"

تارکاد مەترسی لە و ڕاشکاویی یە ئازاربەخشەی داباسیر هەبوو؛ بەلام بەلایەنی کەم ئەوە داوەتکردنیەتی بۆ چوونە ژوورەوەی چێشتخانەیەك کە هیواخوازە لێ ی بچێتە ژوورەوە.

داباسیر، تارکادی لەگەڵ خۆیدا بردە گۆشەیەکی دووری چێشتخانەکە و لەسەر فەرشێکی بچووك دانیشتن.

کاتێك (کۆسکۆر) ی خاوەنی چێشتخانەکە بەخەندەوە بەرەو ڕوویان هات، داباسیر هەروەك هەمیشە بەوە ناسراوە قسە لەڕووە، ووتی: سڵاو لەپیاوە قەڵەوەکە، قاچە بزنێکی برژاوو نانێکم بۆ بێنە، لەگەڵ هەموو جۆرە سەوزەکان. من زۆر برسیم و خواردنێکی زۆرم دەوێت. ئەم هاوڕێ یەی منیشت بیرنەچێت، گۆزەیەك ئاوی بۆ بێنە، با ئاوەکە سارد بێت لەبەر ئەوەی ئەمڕۆ ڕۆژێکی گەرمە"



Scanned by CamScanner

دڵتەنگی، تەنگی بە تارکاد هەڵچنیبوو. ئایا پێویستە لەو چێشتخانەیە دانیشێت و ئاوی سارد بخواتەوە، لەکاتێکدا پیاوەکە بەبەرچاوی ئەوەوە قاچە بزنێکی تەواو دەخوات؟ هیچی نەووت، هەروەها نەیتوانی بیر لەهیچ ووتەیەك بکاتەوە.

بەڵام داباسیر هیچی لەبارەی بێدەنگی نەدەزانی. هەمیشە بەدەم خەندەوە دەستی بۆ کڕیارانی چێشتخانەکە بەرز دەکردەوە و سڵاوی لێ دەکردن، هەموویان داباسیر دەناسن. ئینجا دەستی بە ووتەکانی کرد ووتی:

"کاروانچی یەك بۆی باس کردم ووتی لە شاری (ئورفا) پیاوێکی دەوڵەمەند هەیە، تابلۆیەکی بەردی هەیە کە تا ئەو ڕادەیە بەتەختەیی بڕاوەتەوە زۆر تەنك و ڕوون بووە. مرۆڤ لەکاتی سەیرکردنیدا ئەو شتانە دەبینێت کە لە پشتەوەی تابلۆ بەردەکەدا هەن. ئەو پیاوە زەنگینە بەردەکەی لە پەنجەرەی ماڵەکەی داناوە بۆ ئەوەی لە باران بیپارێزێت. هەروەك کاروانچی یەکە باسی کرد، ئەو بەردە ڕەنگی زەردە. پیاوە زەنگینەکە ڕێگەی پێدابوو سەیری ئەو بەردە بکات و دەرەوەی ماڵەکەی بەجۆرێکی زۆر جیاواز لەحەقیقەتی خۆی بینیبوو."

" تۆ سەبارەت بەو بابەتە چی دەڵێیت، تارکاد؟ تۆ لەو باوەڕە دایت کە دەکرێت جیهان بە ڕەنگێکی تری جیاواز لەحەقیقەتی خۆی ببینرێت؟"

تارکاد، کە هەموو هەستی لەلای قاچە بزنە قەڵەوەکەی بەردەم داباسیر بوو ووتی: " پێم وایە لەوانەیە".



Scanned by CamScanner

داباسیر ووتی: " زۆر باشە، من دەزانم ئەوە ڕاستە. لەبەر ئەوەی من پێشتر جیهانم بەڕەنگێکی جیاواز لە ڕەنگی خۆی دەبینی، ئەو چیرۆکەی بۆت دەگێڕمەوە، باس لەوە دەکات چۆن من توانیم جارێکی تر جیهان بەڕەنگی ڕاستەقینەی خۆی ببینم".

لێرەدا یەکێك لەوانەی لەنزیکیانەوە دانیشتبوو بە هاوڕێکەی ووت: " داباسیر یەکێك لە چیرۆکەکانی باس دەکات"، ئینجا فەرشەکەی خۆی هێنایە نزیکی ئەوان. هەندێك پیاوی تریش لەوانەی لەناو چێشتخانەکەدا بوون هاتنە لایان و خواردنەکانی خۆیان لەگەڵ خۆیاندا هێنا و لە شێوەی نیوەبازنەیەك دانیشتن. دەنگی خواردن و فڕێدانی ئێسقانەکانیان لەگوێچکەی تارکاد دا دەزرنگایەوە، بەتەنیا ئەو هیچ خواردنێکی لانەبوو، داباسیر داوای لێ نەکرد لەگەڵیدا نان بخوات و تەنانەت لەتە نانێکیشی پێ نەدا.

داباسیر دەستی پێکرد ووتی: "ئەو چیرۆکەی بۆتانی دەگێڕمەوە..."، ئینجا کەمێك وەستا بۆ ئەوەی پارویێکی گەورەی قاچە بزنەکە ئاوا بکات، پاشان بەردەوام بوو: "...ڕووداوەکانی بۆ سەرەتای ژیانی خۆم دەگەڕێتەوە، چۆن توانیم ببم بە بازرگانی ووشترەکان. کەستان ئەوە دەزانن کە من ڕۆژێك لە ڕۆژان لە سووریا کۆیلە بووم؟"

لێرەدا دەنگەدەنگی سەرسام بوون سەبارەت بەو پرسیارە لەناو گوێگرەکاندا بڵاو بووەوە، داباسیر ئەو سەرسامی یەی بە ئاسایی وەرگرت.



Scanned by CamScanner

ئینجا دوای ئەوەی پارویێکی تری لە قاچە بزنە سوورکراوەکە ئاواکرد، بەردەوام بوو ووتی: " ئەو کاتەی لاو بووم، فێری پیشەی باوکم بووم، کە لە پیشەسازی زینی وولاخەکاندا کاری دەکرد. لەگەڵ باوکم کارم دەکرد و پاشان هاوسەرگیریم کرد. لەبەر ئەوەی بەتەمەن بچووک بووم و وەك پێویست شارەزا نەبووم، تەنیا ئەوەندە داهاتم هەبوو بتوانم بژێوی ژیانی هاوسەرە بەڕێزەکەم دابین بکەم، ئارەزووی زۆرم بۆ ئەو شتە باش و خۆشانە هەبوو کە لەتوانامدا نەبوو بیانکڕم. دواتر بۆم دەرکەوت کە لەتوانامدا هەیە شتەکان بکڕم و دواتر نرخەکانیان بدەم. ئەوان متمانەی تەواویان بەمن دەکرد، سەرەڕای ئەوەی لەکاتی خۆیدا قەرزەکانم پێ نەدەدان.

: جا لەبەر ئەوەی ئەوکات بچووك بووم و ئەزموونم نەبوو، نەمدەزانی ئەو کەسەی زیاتر خەرج دەکات لەوەی کە بەدەستی دێنێت، ڕەشەبای ڕووچوون بەناو ئارەزووە لاوەکی یەکان بەسەر خۆیدا دێنێت و بێ گومان بەو هۆیەوە ڕووبەڕووی ماندووبوون و سەرشۆڕی دەبێتەوە. بەو جۆرە بوارم بە ئارەزووەکانی خۆمدا و جوانترین و گرانبەهاترین پۆشاکم لەبەر دەکرد، هەروەها چەندەها شتگەلی جوانکاریم بۆ هاوسەرە باشەکەم کڕی. ئەو خەرجیانەی من، لەدەرەوەی سنووری داهاتەکانم دابوون.

" بەپێ توانا قەرزەکانم دەدایەوە. تا ماوەیەکی کەم کارەکان باش بەڕێوە دەچوون. بەڵام بەتێپەڕبوونی کات بۆم دەرکەوت داهاتەکانم بەو ئەندازەیە نین کە بژێوی خۆمانی پێ دابین بکەم و قەرزەکانیشی پێ بدەمەوە. لێرەدا خاوەن قەرزەکان بەدوامەوە بوون بۆ ئەوەی نرخی کاڵا



Scanned by CamScanner

گرانبەهاکانیان پێ بدەمەوە تا گەیشتمە ئەو ئاستەی ژیانم تاڵ بوو. ناچار بووم لەهاوڕێکانم قەرز بکەم. بەڵام نەمتوانی قەرزەکانی ئەوانیش بدەمەوە. دۆخەکە لە خراپەوە بەرەو خراپتر دەچوو. هاوسەرەکەم منی جێهێشت و گەڕایەوە ماڵی باوکی. منیش بڕیارم دا بابل جێبهێڵم و بەرەو هەر شارێکی تر بڕۆم کە تیایدا گەنجێکی وەك من دەرفەتگەلی باشتری دەستدەکەوێت.

" ماوەی دوو ساڵی تەواو لەگەڵ بازرگانە کاروانچی یەکاندا کارم کرد بێ ئەوەی هیچ سەرکەوتنێك بەدەست بێنم. ڕۆژێکیان بە ڕێکەوت چاووم بە پۆلێك لە ڕێگرەکان کەوت کە بە بیاباندا دەڕۆیشتن و بەدوای ئەو کاروانانەوە بوون کە چەکدار نین، منیش چوومە پاڵیان. کارێکی لەو جۆرە بۆ کەسێکی وەك من شیاو نەبوو کە باوکێکی خاوەن پێگەی هەبێت لەناو خەڵکیدا، بەڵام من ئەو کات جیهانم لە میانەی بەردێکی ڕەنگاوڕەنگەوە دەبینی و هەستم بەو ئاستە نزمە نەدەکرد کە تیایدا نقووم بووبووم.

" لەیەکەمین کاری ڕێگریدا سەرکەوتنمان بەدەست هێنا و بڕێکی زۆرمان لە زێڕ و حەریر و کاڵای گرانبەها دەسکەوت و لە شاری (جەنیر) فرۆشتمان و دراوەکانمان لە شتگەلی بێ سوود، تەخشان و پەخشان کرد.

" لە جاری دووەم، سەرکەوتوو نەبووین. هەر لەگەڵ ئەوەی دەستمان بە هێرش کرد بۆ سەر یەکێك لە کاروانەکان، ژمارەیەك ڕمهاوێژ دەرکەوتن کە ئەرکی پاراستنی ئەو کاروانەیان پێ سپێررابوو.



Scanned by CamScanner

سەرکردەکەیان کوشتین و ئێمەشیان بەرەو سووریا برد و بەرگەکانیان لەبەر کردینەوە و وەك کۆیلە ئێمەیان فرۆشت"

" سەرۆك هۆزێکی سووریا منی بە دوو دراوی زیو کڕی. بە قژی بڕاوم و بەو کلاوەی بەسەرمەوە بوو، زۆر جیاوازیم لەگەڵ کۆیلەکانی تر نەبوو. لەبەر ئەوەی گەنجێکی سەرکێش بووم، پێم وابوو بابەتەکە تەنیا سەرکێشی یەکی ترە و هیچی تر، تا ئەو کاتەی خاوەنەکەم منی لەبەردەم چوار هاوسەرەکەی خۆی ڕاگرت و پێ ی ووتن کە دوای ئەوەی لە پیاوەتیم دەخات، دەتوانن بە ئارەزووی خۆیان کارم پێ بکەن.

" تەنیا لەو کاتەدا، هەستم کرد ئیتر ئەوە کۆتایی منە. لەبەر ئەوەی ئەو پیاوانەی لە بیاباندا دەژیان، زۆر ستەمکار بوون و تامەزرۆی شەڕ بوون. منیش لەبەردەستی ئەواندا بووم و هیچ چەکێکم لانەبوو و هیچ ڕێگەیەکیش بۆ ڕاکردن نەبوو.

زۆر دەترسام و لەشوێنی خۆم وەستابووم، لەوکاتەی چوار ئافرەتەکە زۆر بەووردی سەیری منیان دەکرد. پرسیارم لەخۆم دەکرد ئاخۆ دەتوانم پێشبینی ئەوەیان لێ بکەم بەزەییان بەمندا بێتەوە؟. (سیرا)، ئافرەتە گەورەکەیان بوو. کاتێك سەیری کردم، جگە لە تێڕامانێکی خەمگین، هیچ بەزەیی یەك بەڕوخساری یەوە دیارنەبوو. دووەمیان کە زۆر بەرچاو بوو، بێ بایەخانە سەیری دەکردم وەك ئەوەی سەیری کرمێك بکات. دوو ئافرەتە بچووکەکە بەجۆرێك لەشەرمەوە پێدەکەنین، وەك ئەوەی بابەتەکە بۆ ئەوان تەنیا گاڵتەیەکی سەرنجڕاکێش بێت و هیچی تر.



Scanned by CamScanner

"هەستم دەکرد وەك ئەوەی ساڵێك بێت لەچاوەڕوانیدا بم تاوەکو بڕیارم لەسەر دەدرێت. وا دەردەکەوت هەر ئافرەتێك چاوەڕوانی بۆچوونی ئەویتر بکات. لەکۆتاییدا (سیرا) ووتی: " سەبارەت بە و کۆیلانەی لەپیاوەتی خراوون، ژمارەیەکی زۆرمان هەیە، بەڵام ووشترەوانەکانمان کەمن و ئەو کەمانەش بێ سوودن، تەنانەت من ئەمڕۆ ویستم سەردانی دایکە نەخۆشەکەم بکەم، هیچ کۆیلەیەکم نەبینی یەوە متمانەی پێ بکەم ووشترەکەم بۆ ڕابکێشێت. پرسیار لەو کۆیلەیە بکە ئاخۆ دەتوانێت ئەو کارە بکات؟

"بەو شێوەیە خاوەنەکەم پرسیاری لێ کردم: "چی لەبارەی ووشترەوە دەزانیت؟

منیش بەجۆرێك وەڵامم دایەوە کە تامەزرۆییم بۆ ئەوکارە بشارمەوە ووتم: " دەتوانم فەرمانی پێبکەم نزم بێتەوە سەر زەوی، هەروەها دەتوانم باری لێ بار بکەم و لە سەفەرە دوورەکاندا لەگەڵیدابم. ئەگەر پێویستیش بکات، دەتوانم کەژاوە و پێداویستی یەکانی ئامادە بکەم و چاکیان بکەمەوە"

خاوەنەکەم ووتی: " وادیارە ئەو کۆیلەیە شیاوی ئەو کارەیە. کەواتە (سیرا) ئەگەر ئارەزوو دەکەیت، ئەو کۆیلەیە بکە بە ووشترەوانی ووشترەکەی خۆت.

"بەو شێوەیە لەو کارەدا دەسبەکاربووم و کەوتمە ژێر فەرمانی (سیرا). لە سەفەرێکی دووردا بەرەو دایکە نەخۆشەکەی، ووشترەکەم بۆ ڕاکێشا. ئەو دەرفەتەم بەهەل زانی بۆ ئەوەی سوپاسی بکەم و پێم



Scanned by CamScanner

ڕاگەیاند کە من بەکۆیلەیی لەدایك نەبووم و کوڕی پیاوێکی ناودار بووم لە شاری بابل. هەروەها بەشێکی زۆری سەربردەی خۆم بۆ گێڕایەوە. وەڵامەکانی بۆ من مایەی بێ ئومێدی و نیگەرانی بوون. دوای ئەوە زۆر بیرم لە ووتەکانی کردەوە. لەبەر ئەوەی ئەو ئافرەتە ووتی:

" چۆن دەتوانیت بڵێیت من کەسێکی ئازادم، لەکاتێکدا لاوازی خۆت بووە تۆی بەو ڕۆژە گەیاندووە؟ ئەگەر مرۆڤ لەناخی خۆیدا گیانی کۆیلەیی هەبێت، لەکاتی لەدایکبوونیدا هەرچی یەك بووبێت، مەگەر دوای ئەوە دەبێتە کۆیلە؟ یان ئەگەر مرۆڤ لەناخی خۆیدا گیانی کەسێکی ئازادی هەبێت، هەرچەند بەدبەختی بەدوایەوە بێت، مەگەر لە شارەکەیدا خاوەن ڕێز و پێگەی خۆی نابێت؟

ئیتر بەو شێوەیە، بۆ زیاتر لە ساڵێك کۆیلە بووم و لەگەڵ کۆیلەکاندا مامەوە، بەڵام لەتوانامدا نەبوو لەگەڵیاندا تێکەڵ بم. ڕۆژێکیان، (سیرا) پرسیاری کرد: بۆچی بەتەنیا لە خێوەتەکەی خۆتدا دەمێنیتەوە، لەکاتێکدا کۆیلەکانی تر بەیەکەوە کۆدەبنەوە؟

منیش لەوەڵامدا ووتم: " بیر لەووتەکانی تۆ دەکەمەوە. من پرسیار لەخۆم دەکەم ئایا بەڕاستی گیانی کۆلەیی لەناخی مندا هەیە؟ من ناتوانم لەنزیکیان بم، بۆیە بەتەنیام".

وەڵامی دامەوە ووتی: "منیش دەبێت بەتەنیا بمێنمەوە. ئەو پیاوە، سەرەڕای ئەوەی منی خۆش نەویستووە، هاوسەرگیری لەگەڵ مندا کردووە. ئافرەتیش ئارەزووی ئەوەی دەکات هاوسەرەکەی خۆشی بوێت. لەبەر ئەوەی من نەزۆکم و هیچ کوڕ و کچێکم نی یە، دەبێت



Scanned by CamScanner

بەتەنیا بمێنمەوە. بەڵام ئەگەر من پیاو بوومایە، مردن بەلامەوە باشتر بوو لەوەی کۆیلە بم، چی بکەم کاتێك نەریتی هۆزەکەمان بەو شێوەیە کە هەموو ئافرەتەکان کەنیزەن.

لەناکاو پرسیارم لێ کرد: " ڕای تۆ ئێستا سەبارەت بە من چی یە؟ گیانی پیاوەتیم تیایە، یان گیانی کۆیلەیی؟"

وەك خۆدزینەوە لەپرسیارەکەی من، پرسیاری لێ کردم: "ئارەزووی ئەوە دەکەیت ئەو قەرزانە بدەیتەوە کە لە بابل قەرزت کردوون؟

منیش ووتم: " بەڵێ، ئارەزووم هەیە، بەڵام هیچ ڕێگایەکم نی یە".

ووتی: "ئەگەر تۆ چەندین ساڵت بەڕێ کردووە بێ ئەوەی هیچ هەوڵێکی پێویست بدەیت بۆ دانەوەی قەرزەکان، مانای ئەوەیە تۆ گیانی کۆیلەیی لەناختدا هەیە. لەبەر ئەوەی ئەو کەسەی ڕێزی خۆی نەگرێت، ڕێزی ناگیرێت، هەروەها ئەو کەسەی قەرزەکانی ناداتەوە، ناتوانێت ڕێزی خۆی بگرێت".

ووتم: " بەڵام من دەتوانم چی بکەم لەکاتێکدا من لێرە کۆیلەم؟"

ووتی:"کەواتە لێرە بمێنەوە، تۆ پیاوێکی لاوازیت"

منیش زۆر بەتوندی وەڵامم دایەوە ووتم: " من لاواز نیم"

ووتی: " کەواتە بیسەلمێنە"

ووتم : "چۆن"

ووتی: "مەگەر پاشای گەورەمان، بەهەموو توانای خۆی شەڕ لەگەڵ سەرجەم دوژمنانی خۆی ناکات؟ مەگەر قەرزەکانی تۆ دوژمنەکانت نین؟. هەر ئەو قەرزانەن کە تۆیان ناچار کرد بابل جێبهێڵێت. تۆ ئەگەر وەك



Scanned by CamScanner

پیاوێك دژی قەرزەکانت وەستابایەتەوە، لەتواناتدا هەبوو سەرکەویت، ئەوکات پێگەیەکت لەناو پیاواندا دەبوو. بەلاّم تۆ ئەو گیانەت لەناختدا هەڵنەگرتبوو ڕووبەڕوویان ببیتەوە. ڕێگەت بە شکۆی خۆتدا بکەوێت و ببیتە کۆیلەیەك لە سوریا.

زۆر بیرم لەو تۆمەت و دەستەواژە زبرانەی ئەو کردەوە، هەوڵم دا ئەو بەڵگانە کۆبکەمەوە کە دەیسەلمێنن من لەناخی خۆمدا کۆیلە نیم، بەلاّم دەرفەتم نەبوو ئەو بەڵگانەی بۆ بخەمە ڕوو. دوای سێ ڕۆژ، خزمەتکارەکەی (سیرا) هاتە لام و بۆلای خانمەکەی بردم.

کاتێك لەبەرامبەریدا وەستام، ووتی: " دایکم ئەمجارەش زۆر نەخۆش کەوتۆتەوە. دوو کەژاوە بۆ دوو ووشتری هەرە باش ئامادە بکە و چەند گۆزە ئاوێك و پێداویستی یەکانی سەفەرێکی دووری لێ ببەستە. خزمەتکارەکەش خۆراك ئامادە دەکات. ووشترەکانم ئامادە کردن، بەلاّم سەرسام بووم بەو هەموو خۆراکەی خزمەتکارەکە ئامادەی کردبوو، سەرەڕای ئەوەی شوێنی دایکی خاتوونەکە بەو شێوەیە دوور نەبوو، لەوانەیە ڕێگاکە ڕۆژێك کەمتر بخایەنێت. خزمەتکارەکە لە ووشترەکەی دواوە سوار بوو. منیش ووشترەکەی خاتوونم ڕادەکێشا. کاتێك گەیشتینە ماڵی دایکی خاتوونەکەم، شەو داهاتبوو. (سیرا) خزمەتکارەکەی بەڕێکرد و پێ ی ووتم:

"داباسیر، ئایا گیانی پیاوێکی ئازاد لەناخت دایە یان گیانی کۆلەیی؟"

منیش یەکسەر ووتم: " گیانی پیاوێکی ئازاد لەناخم دایە خاتوونەکەم"



Scanned by CamScanner

ووتی: " کەواتە ئەوە دەرفەتی تۆیە بۆ ئەوەی بیسەلمێنیت. گەورەی تۆ ئاگادار نی یە. ئەم ووشترانە بەرە و ڕاکە. لەو جانتایەدا جل و بەرگی تێدایە بۆ ئەوەی خۆت نەناس بکەیت. من پێ ی دەڵێم تۆ ووشترەکانت دزیوە و ڕات کردووە لەوکاتەی من سەردانی دایکم دەکرد"

منیش ووتم: " لەناخی تۆدا گیانی شاژنێك هەیە، من هیوادارم ڕۆژێك لە ڕۆژان کامەرانت بکەم"

لەوەلامدا ووتی: " ئافرەتێکی هەلاتوو بەرەو شارێکی دوور و لەنێوان خەڵکی بیانیدا ، کامەران نابێت"

بۆ ئەو سەفەرە هیچی ترم پێویست نەبوو جگە لەوەی لەناخی دڵمەوە سوپاسی بکەم، ئینجا لەتاریکایی شەودا دوور ڕۆیشتم بێ ئەوەی هیچ لەبارەی ئاڕاستەی سەفەرەکەم بزانم، تەنیا ئەو هەستە شاراوە نەبێت کە بەرەو بابل ئاڕاستەی دەکردم. بەهێزێکی زۆر و بوێری یەوە بەناو بیابان و گردەکاندا ڕۆیشتم، خۆم لەسەر پشتی یەکێك لە ووشترەکان و ئەوەی تر بەدوامەوە بوو. بەدرێژایی ئەو شەوە و ڕۆژی دواتریش نەوەستام. هێز و بوێریم لەمەترسی ئەو چارەنووسەبوو کە ڕووبەڕووی کۆیلەیەك دەبێتەوە دزی لەخاوەنەکەی کردبێت و ڕایکردبێت.

" لە درەنگانێکی ئەو ڕۆژەدا، گەیشتمە شوێنەواری شارێکی چۆڵ، کە هاوشێوەی بیابان بوو. ووردەبەردە تیژەکان قاچی ووشترەکانیان بریندار کردبوو. بەهۆی زامی قاچەکانیان و ماندووبوونیان بەدرێژایی ئەو ڕێگایە، خێراییان کەم دەکردەوە. هیچ مرۆڤێك و هیچ ئاژەڵێکم لەو ناوەدا نەبینی.



Scanned by CamScanner

لەتوانامدا هەبوو لەوە تێبگەم کە بەهۆی سەختی ژیان لەو شوێنەدا، ئەو شارە چۆڵ کراوە.

" ئەوە یەکێك بوو لەو سەفەرانەی بەدەگمەن پیاوەکان لێ ی ڕزگار دەبن بۆ ئەوەی دواتر باسی بکەنەوە. ڕۆژ لەدوای ڕۆژ، هێمنتر دەڕۆیشتین. هەروەها خۆراك و ئاویشمان لا نەمابوو. گەرمی تیشکی خۆر بێ بەزەییانە ئێمەی دەسووتاند. لەکۆتایی ڕۆژی نۆیەمدا، لەسەر پشتی ووشترەکە خزامە خوارەوە. هەستم دەکرد لەتوانامدا نی یە سوار ببمەوە و بێ گومان لەنێو ئەم کەلاوانەدا وون دەبم و دەمرم.

لەسەر زەوی یەکە ڕاکشام و خەوتم، لەگەڵ یەکەمین تیشکی خۆری ئەو بیابانە خەبەرم بووەوە.

هەستامەوە سەر پێ و دەورووبەری خۆم پشکنی. کزە بایەکی نیمچە سارد لەو بەیانی یەدا هەبوو. ووشترەکانیش لەنزیك منەوە ڕاکشابوون. لەو دەورووبەرەدا چەندین شوێنەواری خانوو بە لم و بەرد داپۆشرابوون. هیچ ئاسەوارێکی ئاو بەدی نەدەکرا و هیچ شتێك لەو شوێنەدا نەبوو مرۆڤ و ئاژەڵ بیخوات.

دەبێت کۆتاییم لەو شوێنە هێمن و بێدەنگە بێت؟ هەستم کرد بیرکردنەوەم لە پێشتر باشترە. بەڵام ئەندامانی جەستەم، بایەخێکی ئەوتۆیان نەمابوو. لێوە خوێناوی یەکانم و زمانی ووشك بووم و گەدەی بەتاڵم، هیچ کامیان ئەو ئازارەیان نەبوو کە پێشتر هەستم پێ دەکرد.



Scanned by CamScanner

ئینجا سەیری ئەو بیابانە ڕاخراوەی بەردەمی خۆم کرد، هەمان پرسیار لەمێشکمدا زرنگایەوە: " ئایا من گیانی کۆیلەیی لەناخمدا هەیە یان گیانی کەسێکی ئازاد؟".

زۆر بە ڕوونی هەستم کرد ئەگەر خاوەنی گیانی کۆیلەیی بم، ملکەچ دەبم و لەسەر لمی بیابان ڕادەکشێم هەتا دەمرم. بۆ کۆیلەیەکی هەڵاتوو، ئەوە گونجاوترین کۆتایی یە.

بەڵام ئەگەر گیانی کەسێکی ئازاد لەناخمدا هەبێت، چی ڕوودەدات؟ بێ گومان بەهێزەوە بەرەو بابل ڕێگاکە دەبڕم و قەرزەکان بۆ ئەو کەسانە دەگێڕمەوە کە متمانەیان پێ کردم، و کامەرانی بۆ هاوسەرەکەم دابین دەکەم و دڵنیایی بۆ باوکم دەگێڕمەوە.

(سیرا) پێ ی ووتم: قەرزەکانت، دوژمنەکانی تۆن، ئەوان بوون بەهۆی ئەوەی بابل جێبهێڵیت. بەڵێ، ئەوە ڕاستی یەکەیە. بۆچی ڕەتم کردەوە وەکو پیاو شەڕ بکەم؟ بۆچی ڕێگەم بە هاوسەرەکەم دا بگەڕێتەوە ماڵی باوکی؟

ئینجا شتێکی سەیر ڕوویدا. هەموو جیهانم بە ڕەنگێکی تر بینی، وەك ئەوەی پێشتر لە پشتەوەی بەردێکی ڕەنگاوڕەنگەوە ئەو جیهانەم بینیبێت و لەناکاو ئەو بەردە لابچێت. لەکۆتاییدا، بەها ڕاستەقینەکانی ژیانم بینین.

لە بیاباندا بمرم! نەخێر، ئەوە من نیم! لە گۆشەنیگایەکی تازەوە ئەو شتانەم بینین کە پێویست بوو ئەنجامیان بدەم. سەرەتا پێویستە



Scanned by CamScanner

بگەڕێمەوە بابل و بەهەموو ئەو کەسانە ڕابگەیەنم قەرزیان لای منە، کە دوای چەند ساڵێك لە گەڕان و بێ بەختی و نەهامەتی، هاتوومەتەوە بۆ ئەوەی لەکەمترین ماوەدا قەرزەکانیان بدەمەوە. ئینجا دوای ئەوە خانوویێك بۆ هاوسەرەکەم دروست بکەم و ببم بە کوڕێك کە باوکان شانازی پێوە دەکەن.

قەرزەکانم، دوژمنەکانم بوون، بەڵام ئەو کەسانەی من قەرزاریان بووم، هاوڕێ ی من بوون لەبەر ئەوەی باوەڕیان پێ کردم و متمانەیان پێ هەبووم.

زۆر بە لاوازی لەسەر قاچەکانم دەوەستام. برسێتی چی یە؟ ئەی تینووبوون مانای چی یە؟ ئەمانە تەنیا دوو بەربەستی بچووك بوون لەسەر ڕێگەی گەڕانەوەم بۆ بابل. لەناخمدا گیانی کەسێکی ئازاد کلّپەی دەکرد. ئەو کەسە ئازادەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی بەسەر دوژمنەکانیدا زاڵ بێت و پاداشتی هاوڕێکانیشی بکات. زۆر ووره بەرز و زۆر بەهیوا بووم.

دوو ووشترەکە، کاتێك بانگم دەکردن، لەبەرامبەر ئاوازە جیاوازەکەی دەنگی مندا چاویان ئەبڵەق بوو. دوای هەوڵ و ماندووبوونێکی زۆر، توانیان هەستنەوە سەر قاچەکانیان. ئینجا بەکولەمەرگی یەکی زۆر، ڕێگایان بەرەو باکوور گرتەبەر. لەبەر ئەوەی هەستێك لەناخمدا پێ دەووتم کە بەو ئاڕاستەیە دەگەینەوە شاری بابل.



Scanned by CamScanner

لەکۆتاییدا ئاومان دۆزی یەوە. بە شارێکدا تێپەڕین، زەوی یەکی بە پیتی هەبوو، گژ و گیای لێ ڕوابوو، درەختی بەرداریشی هەبوو. ڕێگەی بابلمان دۆزی یەوە، لەبەر ئەوەی گیانی پیاوی ئازاد، وەك زنجیرەیەك کێشە لە ژیان دەڕوانێت کە پێویستە چارەسەریان بکات. بەڵام گیانی کۆیلەیی، دەپاڕێتەوە و دەڵێت: "من لەتوانامدا هەیە چی بکەم؟ من تەنیا کۆیلەیەکم" .

ئێستاش پێم بڵێ تارکاد؟ گەدەی بەتاڵت، بیرکردنەوەی تۆی ڕۆشن نەکردۆتەوە؟ ئێستا ئامادەیت ئەو ڕێگەیە بگریتە بەر کە ڕیز و پێگەی خودی خۆت بۆ دەگێڕێتەوە؟ ئێستا ئامادەیت ژیان بە ڕەنگە ڕاستەقینەکەی خۆی ببینیت؟ ئارەزووی گێڕانەوەی قەرزەکانت هەیە، هەرچەندە زۆرن، بۆ ئەوەی جارێکی تر ببیتەوە پیاوماقوولێکی شاری بابل؟

گەنجەکە چاوەکانی گەشانەوە. هەستایەوە سەر ئەژنۆکانی ووتی: " بەڕاستی دیدگایەکی تازەت بەمن بەخشی، بە ڕاستی من ئێستا هەست بە گیانی کەسێکی ئازاد دەکەم، لەناخمدا کڵپە دەکات"

لێرەدا یەکێك لە گوێگرەکان پرسیاری کرد: " بەڵام چۆن دوای گەڕانەوە، ئەو کارانەت بەجێ هێنا ؟"



Scanned by CamScanner

داباسیر لەوەڵامدا ووتی: "لەهەر شوێنێك ویست هەبێت، ڕێگایەك پەیدا دەبێت. من لەو کاتەدا، ویستێکی بەتینم لا دروست بوو، بۆیە بەدوای ڕێگادا گەڕام. سەرەتا، سەردانی هەموو ئەوانەم کرد کە قەرزاریان بووم و داوای مۆڵەتێکم لێ کردن تاوەکو دەتوانم داهاتێك بەدەست بێنم و قەرزەکانیان بدەمەوە. زۆربەیان پێشوازی یان لێ کردم و هەندێکیشیان جوێنیان پێ دام. بەڵام هەندێکی تر ویستیان یارمەتیم بدەن. یەکێکیان، یارمەتی یەکی ڕاستەقینەی پێدام کە زۆر پێویستم پێ هەبوو. (ماتۆن) ی گەوهەرفرۆش. دوای ئەوەی زانی من ووشترەوانیم کردووە لە سووریا، منی نارده لای بازرگانێکی ووشترەکان لە(نیباتور). ئەو بازرگانە لەلایەن خاوەن شکۆ ڕاسپێررابوو ژمارەیەکی زۆر ووشتر بکڕێت بۆ مەبەستی چالاکی یەکی سەربازی مەزن. منیش ئەزموونی خۆم لەو بوارەدا بەباشترین شێوە بەکارخست. بەرە بەرە توانیم هەموو دراوە مسی و زیوی یەکان بۆ خاوەن قەرزەکان بگەڕێنمەوە. ئینجا دوای ئەوە و لەکۆتاییدا توانیم سەرم بەرز ڕابگرم و هەستم کرد بوومەتە پیاوێك کە پێگەیەکی بەرزی لەناو پیاواندا هەبێت.

جارێکی تریش داباسیر سەیری خواردنەکەی کردەوە و بەدەنگێکی بەرز بانگی کرد: "کوسکوور، تۆ چەند تەمبەڵیت!. چێشتەکە سارد بۆتەوە. گۆشتی زیاترم بۆ لەسەر خەڵووزەکە دابنێ. پارچەیەکی



Scanned by CamScanner

گەورەش بۆ تارکاد بێنە. تارکاد کوڕی هاوڕێ دێرینەکەم برسی یە و لەگەڵ من نان دەخوات."

بەو جۆرە چیرۆکەکەی داباسیر بەکۆتا هات. بازرگانی ووشترەکان لە بابلی کۆن. داباسیر، گیانی ڕاستەقینەی خۆی دۆزی یەوە دوای ئەوەی حەقیقەتە گەورەکەی زانی. ئەو حەقیقەتەی لەدێر زەمانەوە زانراوە و لەلایەن مرۆڤە داناکان بەکار هاتووە.

ئەو حەقیقەتە، لەهەموو سەردەمەکاندا ڕێنمایی مرۆڤەکانی کردووە بۆ ئەوەی لە کێشەکانیان بێنە دەرەوە و بەرەو سەرکەوتن بڕۆن. ئەو ڕێڕەوە بەردەوام دەبێت لە پێناوی ئەوانەی حیکمەتی تێگەیشتنیان لە هێزە جادوویی یەکەی هەیە. بۆ هەموو مرۆڤێك بەردەستە بەکاری بێنێت، ئەگەر ئەو دێرەی خوارەوە بخوێنێتەوە:

---

**لەهەر شوێنێك ویست هەبێت، ڕێگا هەیە.**

---



Scanned by CamScanner

# تابلۆ قوڕینەکانی بابل

**سانت سویتنیز کۆلیج**

**نیۆوارک-ئۆن-ترینت**

**نۆتنگهام**

٢١/ئۆکتۆبەر/١٩٣٤

پرۆفیسۆر فرانکلین کالدۆیل،

نێردەی زانستی بەریتانی،

میلا، میزۆپۆتامیا.

بەڕێز پرۆفیسۆر:

لەسەر هەمان ئەو کەشتی یەی نامەکەی تۆی گەیاند، پێنج دانە تابلۆ قوڕینەکان گەیشتن، کە لەئەنجامی ئەو هەڵکەندنانەی دوایی لە شوێنەواری بابلی کۆن دۆزیتانەوە. بەڕاستی ئەو تابلۆیانە سەرسامیان کردم، لە کردنەوەی هێماکانیاندا چەندین کاتژمێری بەچێژم لە دیاریاندا بەڕێکرد. دەبوایە بەخێرایی وەڵامی نامەکەی تۆ بدەمەوە، بەڵام دواکەوتم



Scanned by CamScanner

تاوەکو بتوانم هێما و ئاماژەکانی سەر ئەو تابلۆیانە ئاشکرا بکەم. بەهاوپێچ لەگەڵ ئەو نامەیەدا، وەرگێڕان و لێکدانەوەی دەقی تابلۆکان بۆتۆ ڕەوانە دەکەم.

تابلۆکان گەیشتن بێ ئەوەی زیانێکی بەرچاویان بەرکەوتبێت، سوپاس بۆ ئەو پارێزکاری یە نایابەی کە بۆ ئەو تابلۆیانە ئامادەتان کردبوو.

دڵنیام سەرسام دەبیت بەو چیرۆکانەی کە ئەو تابلۆیانە دەیانگێڕنەوە بەهەمان ئاستی سەرسامبوونمان لە تاقیگەکەدا. مرۆڤ پێشبینی ئەوە دەکات ئەو ڕابردووە دوور و تاریکە باس لە سەرکێشی و ڕۆمانسیەت بکات هەروەك لە (هەزار و یەك شەوە)دا بینیمان. بەڵام بابەتەکە تەواو پێچەوانەی ئەوەیە. کاتێك ئەو تابلۆیانە باس لە کێشەی کەسێك دەکەن کە ناوی داباسیرە،ئەو کێشەیەی تایبەت بە دانەوەی قەرزەکانی بوو، ئەو کاتە هەستم کرد کە بارو دۆخ و ئەگەرەکانی پەیوەست بەو جیهانە کۆنە، لەماوەی ئەو پێنج هەزار ساڵەدا گۆڕانکاری یەکی بەرچاوی بەسەردا نەهاتووە هەروەك پێشبینیمان دەکرد.

هەروەها مایەی سەرسامی یە کە ئەو هێما و ئاماژە کۆنانە، بوونە هۆی توورەبوونم، هەروەك قوتابیەکان دەڵێن. لەبەر ئەوەی من مامۆستای زانکۆم، پێم وابوو مرۆڤێکی بیرمەندم و لە زۆربەی بوارە جیاوازەکاندا زانیاری پێویستم هەیە. بەڵام ئەوەتا، ئەو پیاوە کۆنە لەژێر شوینەوارەکانی بابل دێتە دەرەوە بۆ ئەوەی هۆکارێك باس بکات کە پێشتر من نەمبیستووە. هۆکارێك بەهۆیەوە مرۆڤ دەتوانێت قەرزەکانی



Scanned by CamScanner

بداتەوە و لەهەمان کاتدا داهاتی پێویست پاشەکەوت بکات بۆ پڕکردنی کیسەی دراوەکانی.

لەو باوەڕە دام ئەوە بیرۆکەیەکی زۆر ناوازە و گرینگە تاقیکردنەوە ئەنجام بدەین ئاخۆ ئەو شێوازانە بەهەمان ئاستی سەرکەوتنی لە بابلی کۆندا، لە جیهانی ئێمەشدا سەرکەوتن بەدەست دێنێت. بۆیە من و هاوسەرەکەم پلان دادەنێین بۆ ئەوەی ئەو شێوازە لە ژیانی تایبەتی خۆماندا تاقی بکەینەوە، کە لەوانەیە بارو دۆخمان بەهۆیەوە باشتر بێت.

هیوای بەختێکی باش بۆتۆ دەخوازم لەو پڕۆژە گرینگەدا، بە ئامەزرۆیی یەوە چاوەڕوانی دەرفەتێکی ترم بۆ ئەوەی یارمەتیت بدەم.

**هاوڕێ ی دڵسۆزت،**

**ئەلفرید ئێچ شرۆسبێری،**

**بەشی شوێنەوار**



Scanned by CamScanner

## تابلۆی یەکەم

من ناوم (داباسیر)ە. دواى ئەوەی من لە سوریا کۆیلە بووم، ئێستا گەڕاومەتەوە. لەناخی دەروونمدا بڕیارم داوە هەموو قەرزە زۆرەکانم بەتەواوی بدەمەوە و ببم بە کەسێکی زەنگین، و کەسێك کە لە نیشتمانی خۆم لە بابل شایستەی ڕێز بم. ئێستا دانیشتووم بۆ ئەوەی لەسەر ئەو تابلۆیە تۆمارێکی هەمیشەیی بۆ باری دارایی خۆم بنووسمەوە. بۆ ئەوەی یارمەتیم بدات لەسەر بەدیهێنانی ئەو ئارەزووانەی کە مافی خۆمە پێیان بگەم.

بەپێ ی ئەو ئامۆژگاری یە بەنرخەی هاوڕێ ی خۆشەویستم بازرگانی گەوهەر (ماتۆن) بەمني داوە. بڕیارم داوە پلانێکی وورد جێ بەجێ بکەم. کە هەروەك بۆی باس کردووم، هەر مرۆڤێك بەهۆیەوە لە قەرزەکانی ڕزگاری دەبێت و لەهەمان کاتدا دەبێتە هۆی ئەوەی زەنگین بێت و ڕێز لەخۆی بگرێت.

ئەو پلانە، سێ ئامانج لەخۆ دەگرێت. کە هەموو ئارەزووەکانی من و تەواوی هیوای منن.

یەکەم/ ئەو پلانە، گەشەکردنی دواڕۆژم مسۆگەر دەکات.



Scanned by CamScanner

بەپێ ی ئەو پلانە. پێویستە دەیەکی داهاتەکانم بۆخۆم پاشەکەوت بکەم. ئەوەش بە پێ ی ووتەی (ماتۆن) ی بەڕێز کاتێک ووتی:

" ئەو پیاوەی ژمارەیەکی زۆر لە دراوی زێڕ و زیوی لە کیسەدا هەبێت. پیاوێکی بەسوودە بۆ خانەوادەکەی و دڵسۆزە بۆ پاشایەکەی.

" هەروەها ئەو پیاوەی تەنیا دوو دراوی مسی لە کیسە دایە و لەوە زیاتر پاشەکەوت ناکات. پیاوێکە هیچ بایەخێکی لەلای خانەوادەکەی و پاشایەکەی نییە"

" بەلام ئەو پیاوەی هیچ دراوێك لە کیسەکەیدا نییە. پیاوێکی دڵڕەقە بۆ خانەوادەکەی و خیانەتی لە پاشاکەی کردووە".

"بۆیە ئەو پیاوەی ئاواتی ئەوەیە بە ئامانجەکەی بگات. پێویستە پارێزگاری لە کیسەکەی بکات و بە پڕ لە دراوی بیهێڵێتەوە. بەو جۆرە دڵی پڕ لە خۆشەویستی دەبێت بۆ خانەوادەکەی و پڕ لە دلسۆزی دەبێت بۆ پاشایەکەی".

دووەم/ بە پێ ی ئەو پلانە. لەتوانامدا دەبێت پۆشاك بۆ هاوسەرەکەم دابین بکەم دوای ئەوەی دڵسۆزانە لەماڵی باوکی گەڕایەوە بۆ لای من. لەبەر ئەوەی (ماتۆن) دەڵێت: کاتێك پیاو بایەخ بە هاوسەرەکەی دەدات. ڕێزگرتن لەناخیدا دەچێنێت و هێزێکی پێ دەدات بۆ ئەوەی بەئامانجەکانی بگات.



Scanned by CamScanner

بۆیە، حەوت بەش، لە دە بەشی داهاتەکانم بۆ کڕینی خۆراك و پۆشاك و پێویستییەکانی تر تەرخان دەکەم، بۆ ئەوەی ژیانمان لە خۆشی و کامەرانی و چێژوەرگرتن بەتاڵ نەبێت. بەڵام (ماتۆن) زۆر دووپاتی ئەوەی کردەوە کە لەو ڕێژەیە زیاتر لەو لایەنە گرینگە خەرج نەکەم. نهێنی سەرکەوتنی پلانەکە لێرەدایە. پێویستە لە سنووری ئەو بڕە پارەیە دیاریکراوەدا بژین و هیچ کات لەوە زیاتر بەکارنەهێنم و شتێك نەکڕم لەو بڕە پارەیە زیاتری پێویست بێت.

## تابلۆی دووەم

سێیەم/ لەژێر سایەی ئەو پلانەدا لەتوانامدا دەبێت لەڕێگەی داهاتەکانمەوە، قەرزەکان بدەمەوە.

ئینجا، هەرجارێك مانگ پڕدەبێت، دوو بەش لە دە بەشی داهاتەکانم بە دادوەرانە لەنێوان ئەوانەدا دابەش دەکەم کە متمانەیان پێ کردم و قەرزیان پێدام. بەو شێوەیە، لەکاتی دیاریکراودا هەموو قەرزەکانم دەدەمەوە.

بۆیە، لەسەر ئەو تابلۆیەدا ناوی هەموو خاوەن قەرزەکان و بڕی قەرزەکەیان تۆمار دەکەم.

فاهرۆی بەرگدروو: دوو دراوی زیو لەگەڵ شەش دراوی مس.

سنجاری دارتاش: یەك دراوی زیو.



Scanned by CamScanner

ئاهمارِ ی بەرگدروو: دوو دراوی زیو لەگەڵ شەش دراوی مس.
زانکاری هاوڕێم: سێ دراوی زیو لەگەڵ یەك دراوی مس.
ئەسکامیری هاوڕێم: یەك دراوی زیو لەگەڵ سێ دراوی مس.
هارنسیر ی زەرینگر: شەش دراوی زیو لەگەڵ دوو دراوی مس.
دیاربیکەر (هاوڕێ ی باوکم): چوار دراوی زیو لەگەڵ یەك دراوی مس.

ئەلکاهادی خاوەنی خانوو: چواردە دراوی زیو.
ماتۆن ی بازرگانی گەوهەر: نۆ دراوی زیو.
بیرجیك ی جۆتیار: یەك دراوی زیو لەگەڵ حەوت دراوی مس.
" لێرە بەخوارەوە، تابلۆیەکە شکاوە و ناخوێندرێتەوە"

## تابلۆی سێ یەم

من قەرزاری ئەو کەسانەم بە کۆی بڕە پارەی سەد و نۆزدە دراوی زیو لەگەڵ سەد و چل و یەك دراوی مس. جا لەبەر ئەوەی من ئەو بڕە پارەیە قەرزار بووم و هیچ سەرچاوەیەکم بۆ دانەوەی ئەو قەرزانە نەبوو، دەبەنگی خۆم ئەو بیرۆکەیەی پێدام ڕێگە بە هاوسەرەکەم بدەم بگەڕێتەوە ماڵی باوکی و منیش شارەکەم جێبهێڵم و لە شوێنێکی تر بەدوای دەوڵەمەندبوونێکی ئاساندا بگەڕێم، بەڵام جگە لە مەینەتی هیچی ترم دەست نەکەوت و خۆم بە کۆیلەیی بینییەوە.



Scanned by CamScanner

ئێستاش، دوای ئەوەی (ماتۆن) چۆنیەتی دانەوەی قەرزەکانی بۆ باس کردم بە جیاکردنەوەی بڕە پارەی بچووک بچووک لە داهاتەکانم، هەستم کرد چەند دەبەنگ بووم کاتێك لەئەنجامی هەڵە و سەرکێشی یەکانی خۆم ڕامکردبوو.

بۆیە سەردانی خاوەن قەرزەکانم کرد و بۆم ڕوون کردنەوە کە هیچ سەرچاوەیەکی داهاتم نییە بەهۆیەوە قەرزەکانیان بدەمەوە، جگە لەتوانای کارکردنی دەستی خۆم نەبێت. هەروەها بۆم باس کردن کە بەنیازی ئەوەم دوو بەش لە دەبەشی داهاتی کارکردنم جیابکەمەوە و بەیەکسانی بەسەریاندا دابەش بکەم. ئەو ڕێژەیەش بەپێ ی سنووری تواناکانی خۆم دانراوە و ناتوانم لەوە زیاتریان پێ بدەم. جا ئەگەر ئارام بگرن، لەکاتی دیاریکراودا هەموو شایستەکانیان بۆ دەگەڕێنمەوە.

ئاهمار زۆر بەتوندی سەرزەنشتی کردم و جوێنی پێدام، لەکاتێکدا من بە باشترین هاوڕێ ی خۆم هەژماردەکرد. ئەووم جێهێشت و زۆر هەستم بەشەرمەزاری کرد. بیرجیك ی جۆتیار داوای لێکردم سەرەتا قەرزەکەی ئەو بدەمەوە، لەبەر ئەوەی زۆر پێویستی بە یارمەتی یە. ئەلکاهاد ی خاوەنی خانووەکەم سووربوو لەسەر ئەوەی قەرزەکەی بۆ یەکلایی بکەمەوە، ئەگینا دەبێتە سەرچاوەی بێزارکردنم.

ئەوانی تر هەموویان ڕەزامەندی خۆیان نیشاندا لەسەر پێشنیارەکەی من. بەو جۆرە زیاتر سووربووم لەسەر دانەوەی قەرزەکان. من قەناعەتی ئەوەم لا دروست بووە کە دانەوەی قەرز



Scanned by CamScanner

زۆر ئاسانتره له خۆدزینه‌وه. جا له‌به‌ر ئه‌وه‌ی له‌توانامدا نییه داواكاری هه‌موو خاوه‌ن قه‌رزه‌كان به‌جێ بێنم. بڕیارمداوه به‌بێ جیاوازی و به‌وپه‌ڕی بێ لایه‌نی یه‌وه مامه‌ڵه‌یان له‌گه‌ڵدا بكه‌م.

## تابلۆی چواره‌م

ئه‌وا بۆ جارێكی تریش مانگ پڕبوو. به‌وپه‌ڕی توانامه‌وه كارم كرد و هاوسه‌ره باشه‌كه‌م پاڵپشتی نیازی مني كرد له‌دانه‌وه‌ی قه‌رزه‌كاندا. به‌هۆی سووربوونمان له‌سه‌ر ئه‌و پلانه توانیم له مانگی ڕابردوودا نۆزده دراوی زیو كۆبكه‌مه‌وه له ڕێگه‌ی فرۆشتني چه‌ند ووشترێكی باش.

ئه‌و بڕه دراوانه‌م به‌پێی پلانه داڕێژراوه‌كه دابه‌ش كرد. به‌و شێوه‌یه. ده‌یه‌كی دراوه‌كانم بۆخۆم پاشه‌كه‌وت كرد. ئینجا به‌یارمه‌تی هاوسه‌ره‌كه‌م. حه‌وت به‌ش له ده‌به‌شه‌كه‌م بۆ بژێوی ژیان و پێداویستی یه‌كان جیاكرده‌وه. له‌كۆتایشدا ئه‌و دوو به‌شه‌ی مایه‌وه. به‌یه‌كسانی به‌سه‌ر خاوه‌ن قه‌رزه‌كانم دابه‌ش كرد.

ئاهمار م نه‌بیني. به‌ڵام دراوه‌كانم لای هاوسه‌ره‌كه‌ی بۆ جێهێشت. بیرجیك. زۆر دڵخۆش بوو تا ئه‌و ئاسته‌ی خه‌ریك بوو ده‌ستم ماچ بكات. به‌ته‌نیا ئه‌لكاهاد ی پیر. نیگه‌رانی ده‌ربڕی و



Scanned by CamScanner

ووتی پێویستە بەخێرایی یەکی زیاتر قەرزەکەی بدەمەوە. منیش لەوەڵامدا پێم ووت: تەنیا ئەگەر بەبێ دڵەڕاوکێ کار بکەم، دەتوانم خێراتر قەرزەکەیان بدەمەوە. ئینجا هەموو خاوەن قەرزەکانی تر سوپاسیان کردم و هەوڵ و ماندووبوونی منیان بەرز نرخاند.

لەسەر ئەو بنەمایە، لەکۆتایی مانگی یەکەم، قەرزەکانم بە ڕێژەی چوار دراوی زیو کەم بوونەوە و منیش بووم بە خاوەنی دوو دراوی زیو کە مافی هیچ کەسی تریان بەسەرەوە نەبوو. بۆیە بەجۆرێك هەستم بە دڵخۆشی کرد کە ماوەیەکی زۆر بوو ئەو هەستەم نەبینیبوو.

مانگێکی تر تێپەڕی، وەك هەمیشە چالاکانە کارم کرد. بەڵام سەرکەوتنێکی بەرچاووم دەست نەکەوت. توانیم ژمارەیەکی کەم ووشتر بکڕم. تەنیا یانزە دراوی زیووم دەسکەوت. بەڵام سەرەڕای ئەوەش، من و هاوسەرەکەم، پابەندی پلانەکە بووین، ئەگەرچی نەمانتوانی جل و بەرگی تازە بکڕین و تەنیا بڕێکی کەم خواردنمان خوارد. جارێکی تریش دەیەکی ئەو یازدە دراوەمان پاشەکەوت کرد و لەسەر حەوت بەش ژیانمان بەڕێکرد. بەڵام سەرسام بووم کاتێك بینیم ئەهمار بەو بڕە دراوانە ڕازی بوو هەرچەندە لە جاران کەمتر بوو. بەهەمان شێوە بیرجیك دڵخۆش بوو. ئەلکاهاد تووڕە و نیگەران بوو، بەڵام کاتێك پێم ووت ئەگەر بەدڵی نەبێت، دراوەکان بەیەکێکی تر دەدەم، پەشیمان بووەوە و



Scanned by CamScanner

دراوەکانی قبووڵ کرد. ئەوانی تریش هەموویان وەك پێشتر بە دراوەکان ڕازی بوون.

دوای تێپەڕبوونی مانگێکی تر زۆر دڵخۆش بووم. لەبەر ئەوەی توانیم ژمارەیەکی زۆر ووشتر بکڕم. بەو جۆرە داهاتەکەم زیاتر بوو گەیشتە بیست و دوو دراوی زیو. من و هاوسەرەکەم توانیمان لەو مانگەدا پێویستی یەکانمان لە جل و بەرگ و پێڵاو بکڕین. هەروەها گۆشتی ئاژەڵ و گۆشتی مریشکمان خوارد.

توانیم زیاتر لە هەشت دراوی زیو بە خاوەن قەرزەکان بدەمەوە. ئەمجارەیان تەنانەت ئەلکاهاد یش ڕەخنەی نەبوو.

بەڕاستی ئەو پلانە زۆر نایابە کە قەرزەکانمان دەداتەوە و بڕێك سامانیش بەهۆیەوە پاشەکەوت دەکەین.

سێ مانگی تەواو تێپەڕ بووە بەسەر دواین جار کە نووسینەوەم لەسەر ئەو تابلۆیە کردووە. لەهەر یەکێك لەو مانگانەدا دەیەکی داهاتەکانم پاشەکەوت کردووە و خۆم و هاوسەرەکەم لەسەر حەوت بەشی داهاتەکەمان ژیاوین، سەرەڕای ئەوەی کە هەندێك جار بەو هۆیەوە زەحمەتیمان کێشاوە. هەروەها هەموو مانگێك دەیەکی داهاتەکەم داوەتەوە بە خاوەن قەرزەکانم.

لە ئێستادا من خاوەنی بیست و یەك دراوی زیووم و بەو هۆیەوە سەربەرزم لەناو هاوڕێکانمدا.



Scanned by CamScanner

جگە لەوەش، هاوسەرەکەم زۆر باش بایەخی بەماڵەکەمان داوە و ئێستا جلی جوانتر لەبەر دەکات. ئێمە زۆر خۆشحاڵین کە بەیەکەوە دەژین.

بەڕاستی ئەو پلانە تایبەتمەندی زۆری هەبوون کە لەهەژمار نایەن. مەگەر کۆیلەیەکی بۆ پیاوێکی خاوەن پێگە و ڕێز نەگۆڕیوە؟

## تابلۆی پێنجەم

دوای ئەوەی جارێکی تریش مانگ پڕ بوو، کاتێکی زۆر تێپەڕیوە بەسەر دوایین نووسینم لەسەر ئەو تابلۆیە. لە ڕاستیدا دوانزە مانگ تێپەڕیوە. بەڵام ئەمڕۆ، ئەو تۆمارکردنە فەرامۆش ناکەم، لەبەر ئەوەی لەو ڕۆژەدا دوایین قەرزم بەدەستی خاوەنەکەی گەیاندەوە. ئەمڕۆ ئەو ڕۆژەیە کە لەگەڵ هاوسەرەکەم ئاهەنگ دەگێڕین و چێژ وەردەگرین لەبەر ئەوەی بە ئاماجی خۆمان گەیشتین.

لەدوایین سەردانیم بۆ لای خاوەن قەرزەکان شتگەلی زۆر ڕوویانداوە، کە لەوانەیە هەرگیز لەبیریان نەکەم. ئاهمار دەپاڕایەوە و داوای لێخۆشبوونی دەکرد سەبارەت بە جوێن و ووتە



Scanned by CamScanner

زیرەکانی و ئینجا ووتی لەهەموو کەس زیاتر حەزی کردووە هاوڕێ ی من بێت.

بەڵام ئەلکاماد ی پیر زۆر نیگەران نەبوو لەوەی کە ڕوویدا بۆیە ووتی: " ڕۆژانێك، تۆ هاوشێوەی قوڕێکی نەرم بوویت. هەرکەسێك دەیتوانی بەئارەزووی خۆی شێوەت بگۆڕێت. بەڵام ئێستا لە پارچەیەك برۆنز دەچیت کە لای کەسانی تر بەهای خۆت هەیە. جا ئەگەر هەر کاتێك پێویستت بە زێڕ و زیو هەبوو، وەرە بۆلای من.

تەنیا ئەو منی لە پلەیەکی بەرز ڕانەگرت، بەڵکو زۆرینەیان ڕێزیان دەگرتم. هەروەها هاوسەرەکەشم بەجۆرێك سەیری دەکردم، متمانەی زیاترم بەخۆم پەیدا کرد.

کەواتە چ جۆرە پلانێکە بەهۆیەوە بەو سەرکەوتنە گەیشتم. هەموو قەرزەکانی منی دایەوە. جگە لەوەش، کیسەی دراوەکانم پڕ بوو لە زێڕ و زیو. بۆیە ئامۆژگاری هەر کەسێك دەکەم ئارەزووی سەرکەوتنی هەبێت. ئەو پلانە بەکار بێنێت. پلانێك بتوانێت کۆیلەیەك بگەیەنێتە ئەوەی قەرزەکانی بداتەوە و کیسەکەی پڕ لە زێڕ بکات، مانای ئەوەیە یارمەتی هەر کەسێك دەدات بتوانێت سەربەخۆ بژیت. من بەش بەحاڵی خۆم، وازم لەو پلانە نەهێناوە، لەبەر ئەوەی قەناعەتی تەواووم بەوە هەیە کە ئەگەر زیاتر لەگەڵیدا بڕۆم، دەبم بەدەوڵەمەندێکی ناودار.



Scanned by CamScanner

سانت سویتنیز کۆلیج

زانکۆی نۆتنگهام

نیووارک—ئۆن—ترینت

نۆتنگهام

٧ ی نۆڤەمبەر ١٩٣٦

پرۆفیسۆر فرانکلین کالدۆیل،

نێردەی زانستی بەریتانی،

هیلا، میسۆپۆتامیا.

*ڕێزدار، پرۆفیسۆر:*

*ئەگەر لەکاتی گەڕانی بەردەوامت لە شوێنەوارەکانی بابل، تارمایی یەکی هاولاتی یەکی دێرینت بینی، کە بازرگانی ووشترەکان بووە لە بابلی کۆن و ناوی داباسیر بووە، داواکاری یەکم لە بەڕێزت هەیە.*

*بە تارمایی ئەو هاوولاتی یە ڕابگەیەنە کە ئەو نووسینەی لە سەردەمی خۆی لەسەر تابلۆ قوڕینەکاندا نەخشاندوویەتی، سوپاس و*



Scanned by CamScanner

پێزانینێکی بەدرێژایی ژیان بەهۆیەوە وەرگرتووە لەلایەن دوو هاوسەر، کە مامۆستای زانکۆن لەبەریتانیا.

لەوانەیە ئەو نامەیەت لەبیر مابێت کە ساڵێك بەر لە ئێستا بۆتۆم ڕەوانەکرد و تیایدا باسم کرد کە خۆم و هاوسەرەکەم بڕیارمان داوە ئەو پلانەی داباسیر پەیڕەو بکەین بۆ ئەوەی لە کێشەی قەرزە کەڵەکەبووەکانمان ڕزگارمان بێت و لەهەمان کاتدا بڕێك پارە پاشەکەوت بکەین. لەوانەیە هەست بەو تەنگژە دارایی یە بکەیت کە تێ ی کەوتبووین، سەرەڕای ئەوەی هەوڵمان دەدا لەهاوڕێکانمان بیشارینەوە.

لەو ساڵانەی ڕابردوودا، بەهۆی ئەو قەرزە کەڵەکەبوانە زۆر شەرمەزاریمان چەشتووە. هەروەها مەترسی ئەوەمان هەبوو هەندێك لە خاوەنی کۆگاکان ئابڕوومان ببەن و بەناچاری زانکۆ بەجێ بێڵین.

بۆیە من و هاوسەرەکەم هەوڵماندا (بنس بە بنس) بەسەر یەکەوە بنێین، هەرچەندە زاڵبوون بەسەر ئەو حاڵەتەدا زۆر زەحمەت بوو.

لە پێشتردا هەندێك جار ناچار دەبووین بۆ بژێوی خۆمان قەرز وەربگرینەوە، بەو هۆیەوە هیچ کات قەرزەکانمان کەم نەدەبوونەوە.

بابەتەکە بەجۆرێك گەشەی سەندبوو بوو بوو بەبازنەیەکی بەتاڵی ناهەموار و هەمیشە بەرەو خراپتر دەچوو. سەرەڕای ئەو هەموو تێکۆشانە، لە دانەوەی ئەو قەرزانە بێ ئومێدبووین. هەروەها لەتوانامان‌دا نەبوو بۆ خانووێکی تر بگوازینەوە کە خەرجی کەمتر بێت، لەبەر ئەوەی قەرزاری خاوەنی ئەو خانووە بووین کە تیایدا نیشتەجێ بووین. هیچ



Scanned by CamScanner

ئاسۆیەکی ڕوونمان لەبەرچاو نەبوو ڕێگەیەک بدۆزینەوە بۆ ئەوەی دۆخەکە بەرەو باشتر بچێت.

دواتر یەکێک لە هاوڕێکانی تۆ هاتە لامان، ئەو بازرگانی ووشترەکان بوو لە بابل! پلانێکی بۆ ئێمە دارشت کە بەهۆیەوە توانیمان ئامانجەکەمان بەدی بێنین. زۆر بەنەرم و نیانی ئێمەی هاندا بۆ ئەوەی پابەندی پلانەکەی ئەو بین. لیستێکمان بەتەواوی قەرزەکانمان ڕێکخست و نیشانی هەموو خاوەن قەرزەکانمان دا و بۆم ڕوون کردنەوە کە ئەستەمە بتوانم قەرزەکانیان بدەمەوە، ئەگەر دۆخەکە بەو شێوازە بەرێوە بچێت. لە میانەی ئەو ڕوونکردنەوانەی لەبارەی خەرجی و داهاتەکانم بۆم خستنەڕوو، توانیان لەبابەتەکە تێبگەن. ئینجا ئەو تاکە ڕێگەیەم بۆ باس کردن کە بەهۆیەوە دەتوانم هەموو قەرزەکان بدەمەوە. ئەویش لە ڕێگەی تەرخانکردنی بیست لەسەدای داهاتی مانگانەم بۆ ئەوەی هەریەک بەڕێژەی خۆی بەسەر خاوەن قەرزەکان دابەشی بکەم. بەو شێوەیە دەتوانم لەماوەی دوو ساڵ قەرزەکانم بدەمەوە. هەروەها لەو ماوەیەدا هیچ پێداویستی یەک بەقەرز ناکڕین بۆ ئەوەی قەرزی ترمان لەسەر کەڵەکە نەبێت.

بەڕاستی خاوەن قەرزەکان لەگەڵ ئێمەدا نەرم و نیان بوون. سەوزە فرۆشەکە، کە پیاوێکی دانابوو، ڕێگەیەکی بۆ ئێمە باس کرد بۆ ئەوەی یارمەتیمان بدات بە ئامانجەکەمان بگەین: " ئەگەر لەگەڵ هەموو پڕۆژەکانتدا بە پارەی حازر مامەڵە بکەیت و بڕێک لە قەرزەکانیشت



Scanned by CamScanner

بدەینەوە، زۆر باش دەبێت. بەڵام ئەگەر ئەو کارە نەکەیت، هیچ کات ناتوانیت قەرزەکانت کەم بکەیتەوە."

لەکۆتاییدا واژووی تەواوی خاوەن قەرزەکانم کۆکردەوە و لەسەر ئەوە ڕێکەوتین کە ئەگەر ئێمە بەشێوەیەکی بەردەوام لەسەدا بیستی داهاتەکەمان بۆ دانەوەی قەرزەکان تەرخان بکەین، لەتوانایاندا نەبێت هەراسانمان بکەن و کێشەمان بۆ بنێنەوە. ئینجا دوای ئەوە دەستمان کرد بە دانانی پلانێك بۆ ئەوەی لە سنووری ڕێژەی لەسەدا هەفتای داهاتەکەمان بژین. هەروەها بڕیارماندا سووربین لەسەر ئەوەی لە سەدا دەی داهاتەکەمان پاشەکەوت بکەین. بە بیرۆکەی پاشەکەوتکردنەکە زۆر دڵخۆش بووین.

ئەو بابەتە هاوشێوەی ئەنجامدانی سەرکێشی یەك بوو بۆ ئەوەی گۆڕانکاری دروست بکەین. لەڕاستیدا چێژمان لە دۆزینەوەی ئەو ڕێگەیە بینی کە بەهۆیەوە لە سنووری سەدا هەفتای داهاتەکانمان بە ئارامی دەژین. بۆ ئەوەی بتوانین خەرجی یەکانمان ئەو سنوورە تێپەڕنەکات، شوێنی نیشتەجێ بوونمان بۆ خانووێك گواستەوە کە کرێ یەکەی کەمتر بوو. هەروەها بۆ نموونە، دەسبەرداری ئەو جۆرە چایە بووین کە بەلامانەوە خۆشتر بوو. ئیتر بەو شێوەیە لەهەموو بابەتەکان گۆڕانکاریمان ئەنجامدا. زۆر سەرسام بووین کاتێك بینیمان لەتوانامان‌دا هەیە جۆری تر لە کاڵا و پێداویستی یەکان بکڕین و لەهەمان کاتدا نرخیشیان کەمتر بێت.



Scanned by CamScanner

ئەوە چیرۆکێکی دوورودرێژە و بەو تاکە نامەیە بەکۆتا نایەت، بەڵام هەرچۆنێك بێت، لەجێبەجێکردندا ئاسانە. بەڕاستی دڵخۆش بووین کاتێك هەستمان کرد باری دارایمان بەرەو باشتر دەچێت. ئێستا وەك جاران لە دڵەڕاوکێ و نیگەرانیدا ناژین بەهۆی ئەو قەرزانەی کاتەکەیان هاتبوو لەتوانامانیدا نەبوو بیدەینەوە.

پێویستە ئەوە لەبیر نەکەم کاتێك بڕیارمان دا ڕێژەی لەسەدا دەی داهاتمان پاشەکەوت بکەین، توانیمان لەهەندێك کاتدا ئەوە جێ بەجێ بکەین. هیوادارم گاڵتە بە ووتەکانم نەکەیت، لەبەر ئەوەی وەك دەبینیت، ئەوە لایەنە جوانەکەی بابەتەکەیە. بەڕاستی مایەی خۆشحاڵی یە بڕێك پارە پاشەکەوت بکەیت بێ ئەوەی ناچار بیت خەرجی بکەیت. هەروەها خۆشحاڵی زیاتر ئەوەیە کاتێك دەبینیت ئەو پارەیە بەردەوام لە زیادبووندایە.

دوای ئەوەی بەهۆی ئەو پاشەکەوتکردنە ئارامی بۆ دەروونمان گەڕایەوە، لە پڕۆژەیەکی وەبەرهێناندا بەشداریمان بە پاشەکەوتەکە کرد و بەهەمان شێوە مانگانەش لە سەدا دەی داهاتەکەمان دەخستە ناو پڕۆژەکە. هەموو مانگێك، سەرەتا ئەو برە پارەیەم لە داهاتەکەم جیادەکردەوە.



Scanned by CamScanner

ئەوەی مایەی خۆشحاڵی ئێمە بوو، ئەو هەستە بوو کە سامانەکەمان بەردەوام لە زیادبووندایە. بەو شێوەیە، لەو کاتەی خانەنشین دەبم، برە پارەیەکی زۆرم لەبەر دەستدا دەبێت بۆ ئەوەی بتوانم بژێوی خۆم و خانەوادەکەم دابین بکەم.

سەرەڕای هەموو ئەوانەش، من لە ئێستاشدا بەردەوام مووچە کۆنەکەی خۆم وەردەگرم. ئەوە باوەڕناکرێت! سەرەڕای ئەوەی کە حەقیقەتێکە و هیچ گومانێکی تێدا نی یە. ئێمە ئێستا دەتوانین بەرە بەرە قەرزەکانمان بدەینەوە، هەروەها بەهای وەبەرهێنانەکەمان لە زیادبووندا یە. جگە لەمانەش، توانیمان پێشکەوتنێکی بەرچاو لەڕووی دارایی یەوە بەدەست بێنین. کێ باوەڕی دەکرد پیادەکردنی پلانێکی دارایی لەو شێوەیە، ئەو دەرەنجامە جیاوازانەی لێ بکەوێتەوە.

لە کۆتایی ساڵی داهاتوودا، کاتێك لە دانەوەی قەرزەکان تەواو دەبین، برەپارەیەکی زیاترمان لەبەر دەستدا دەبێت بۆ ئەوەی وەبەرهێنانەکەمان زیاد بکەین، جگە لەوەی برە پارەیەکیشمان دەبێت بۆ ئەوەی گەشت و سەیرانی پێ ئەنجام بدەین. ئێمە سوورین لەسەر ئەوەی ڕێگە نەدەین جارێکی تر خەرجی یەکانمان لە سەدا حەفتای داهاتەکانمان زیاتر تێپەڕبکات.



Scanned by CamScanner

لەوانەیە ئێستا بزانیت لەبەرچی دەمانەوێت سوپاسێکی تایبەت ئاراستەی ئەو پیاوە پیرە بکەین، کە ئێمەی لەو تەنگژە دارایی یە مەترسیدارە ڕزگارکرد.

ئەو پیاوە، لە مەینەتی و مەترسی یەکانی قەرز تێگەیشتووە. هەموو قۆناخەکانی بڕیوون. ویستوویەتی کەسانی تریش سوود لەو ئەزموونە تاڵەی وەربگرن، هەر ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی چەندین کاتژمێر بە نووسینەوەی ئەو تابلۆیانە خۆی خەریك بکات.

ئەو پیرە پیاوە، پەیامێکی ڕاستی بۆ هاوڕێ زەحمەتکێشەکانی خۆی هەبووە. پەیامێك، لەدوای پێنج هەزار ساڵ لەژێر شوێنەوارەکانی بابل زیندوو بۆتەوە. پەیامێکی ڕاست و زیندوو، وەك ئەو ڕۆژەی خزاوەتە ژێر خۆڵ.

هاوڕێ ی دڵسۆزت،

ئەلفرێد ئێج چرۆسبێری،

بەشی شوێنەوار.



Scanned by CamScanner

# ئەو پیاوەی لە بابل، باشترین بەختی هەبوو

(شارۆنادا) کە شابازرگانی بابل بوو، بە سواری ئەسپەکەیەوە لە پێشەوەی کاروانەکەیدا بەفیزێکەوە دەڕۆیشت. هەمیشە حەزی بە جل و بەرگی جوان دەکرد و پۆشاکی گرانبەها و سەرنجڕاکێشی لەبەر دەکرد. خولیای خاوەنداریێتی ئاژەڵە ڕەسەنەکانی هەبوو، زۆر بە سانایی سواری ئەسپە عەرەبی یە چوست و چالاکەکەی دەبوو. ئەگەر سەیرت بکردایە، ئەستەم بوو بتوانیت خەملاندن بۆ تەمەنە زۆرەکەی بکەیت. لە ڕوخساریدا هەستت دەکرد سەرقاڵی بیرکردنەوەیە و لە بابەتێك نیگەرانە.

ڕێگای گەڕانەوە لە دیمەشقەوە زۆر دووربوو. ئازارەکانی ڕۆیشتن بە بیاباندا زۆرن، بەڵام ئەوەیان بابەتی بیرکردنەوەی ئەو نەبوو. هەمیشە هۆزە عەرەبی یەکان زۆردار بوون و تامەزرۆی ڕێگرتن بوون لەو کاروانانەی کاڵای گرانبەهایان هەڵگرتبوو. بەڵام ئەوەش بابەتی بیرکردنەوەی ئەو نەبوو. لەبەر ئەوەی دڵنیابوو کە ژمارەی زۆری پاسەوانەکانی خۆی، پارێزگاری تەواو لە کاروانەکەی دەکەن.



Scanned by CamScanner

بەلاَم هۆکاری بیرکردنەوە و دڵەڕاوکێکەی، ئەو گەنجە بوو کە لەتەنیشتی یەوە بوو، لە دیمەشقەوە لەگەڵ خۆی هێنابوو. ئەو گەنجە ناوی (هەدان جۆلا) بوو، نەوەی (ئاراد جۆلا)، کە سەردەمێکی زۆر لەبازرگانیدا هاوبەشی بووە و هەستی دەکرد بەجۆرێك قەرزاری چاکەکانیەتی کە ناتوانێت پاداشتی بداتەوە. حەزی دەکرد، شتێك بۆ ئەو گەنجە بکات، لەجیاتی ئەو چاکەیەی باپیرەی لەبەرامبەریدا کردوویەتی. بەلاَم هەرچەند بیری لەو بابەتە دەکردەوە، بەهۆی خودی گەنجەکەوە بابەتەکە زەحمەت دەهاتە بەرچاو.

هەرکاتێك سەیری ئەو گوارە و گوستیلە و گەوهەرانەی دەکرد کە گەنجەکە بەخۆیەوە هەڵواسیبوون، لەدڵی خۆیدا دەیووت: " وادەزانێت گەوهەرەکان بۆ پیاوان دروست کراوون، سەرەڕای ئەوەی ئاکارە بەهێزەکانی باپیرەی خۆی هەڵگرتوون، بەلاَم باپیرەی، ئەو جل و بەرگە ڕازاوانەی نەدەپۆشی. سەرەڕای ئەوەش داوام لێکرد لەگەڵ مندا بێت بەو هیوایەی بتوانم یارمەتی بدەم بتوانێت لەسەر پای خۆی بوەستێت و لەو خەراباتە ڕابکات کە باوکی بەهۆی میراتەکەیانەوە بۆی دروست کردووە"

ئینجا هادان جۆلاَ بیرکردنەوەکەی پچڕاند ووتی: " بۆچی بەو هەموو ماندووبوونەوە هەمیشە لەگەڵ کاروانەکانتدا ئەو سەفەرە دوورانە دەکەیت؟ مەگەر تۆ هیچ کاتێکت بۆ چێژ وەرگرتن لەژیان تەرخان ناکەیت؟".

شاپۆنادا بەخەندەیەکەوە، ئەو دەستەواژەیەی دووبارە کردەوە ووتی: " چێژ وەرگرتن لە ژیان؟ ئەگەر تۆ شارۆنادا بیت، چی دەکەیت بۆ ئەوەی چێژ لە ژیان وەربگریت؟".

هادان ووتی: "ئەگەر سامانێکی هاوشێوەی ئەو سامانەی تۆم هەبوایە، وەك پاشاکان دەژیام، هیچ کات بەو بیابانە گەرمەدا سەفەرم نەدەکرد. بەو خێرایی یەی دراوەکان دەهاتنە ناو کیسەکەم، خەرجم دەکردن. نایابترین گەوهەر و پۆشاکم دەپۆشی. ئەو جۆرە ژیانە ئارەزووی منە. ئەوە ژیانێکی شایستەیە." ئینجا هەردوکیان دایانە قاقای پێکەنین.

شاپۆنادا، بەخێرایی و بێ ئەوەی بیر بکاتەوە ووتی: " بەڵام باپیرەت زێڕ و گەوهەری بەخۆیەوە نەدەکرد". ئینجا بە ڕوویێکی خۆشەوە ووتی: " بۆچی کەمێك لەکاتی خۆت بۆ کارکردن تەرخان ناکەیت؟"

هادان لەوەڵامدا ووتی: "کارکردن تەنیا بۆ کۆیلەکان هاتووە"

شارۆنادا، لەتووڕەییدا لێوی خۆی گەست و هیچی تری نەووت، بەبێدەنگی لە ڕۆیشتن بەردەوام بوو تا گەیشتنە ڕێڕەوێك کە بەرەو هەڵدێرێك دەچوو. لێرەدا ئەسپەکەی هێوور کردەوە و ئاماژەی بۆ دۆڵە سەوزەکە کرد ووتی:" سەیرکە، ئەوە دۆڵەکەیە. سەیری دوور بکە، لە خوارەوە زۆر بە زەحمەت شوورەکانی بابل و کۆشکە بەرزەکانی دەبینیت. جا ئەگەر تیژبین بیت، ئەو دووکەڵەش دەبینیت کە لە مەشخەڵە بەردەوامەکەی سەر شوورەکانەوە بەرز دەبێتەوە"



Scanned by CamScanner

هادان ووتی: "کەواتە ئەوە شاری بابلە؟ زۆر تامەزرۆی بینینی ئەو شارە بووم کە دەوڵەمەندترینی سەرجەم شارەکانی جیهانە. بابل، ئەو شارەی کە باپیرەی من سامانەکەی خۆی لەوێدا کۆکردەوە. ئاخ! ئەگەر ئێستا زیندوو دەبوو، لەو ئازارەدا نەدەبووین"

شارۆنادا ووتی:" بۆچی ئەو هیوایە دەخوازیت؟ تۆ لەگەڵ باوکت، خۆتان دەتوانن لەسەر ڕێبازەکەی ئەو بەردەوام بن؟"

لەوەلامدا ووتی: " بەداخەوە، هیچ کاممان ئەو بەهرەیەی باپیرەمان نی یە. من و باوکم، ئەو نهێنی یە نازانین کە بەهۆیەوە دراوی زێڕ بەدەست دێت"

لێرەدا شارۆنادا هیچ وەلامی نەدایەوە و ئەسپەکەی تاودا و بەرێڕەوەکەدا بەرەو دۆڵەکە ڕۆیشتە خوارەوە. لەبیرکردنەوەیەکی قووڵدا، کاروانەکەی لەناو تۆز و خۆڵدا نقووم کرد. دوای ماوەیەك، گەیشتنە ئەو ڕێگا سەرەکی یەی کە بەرەو کۆشکی پاشا دەچێت، ئینجا بەناو کێلگەکاندا بەئاراستەی باشوور دەڕۆیشتن.

شارۆنادا سەرنجی سێ پیاوی بەساڵاچووی دەدا کە خەریکی کێڵانی زەوی بوون. ڕوخساری ئەو سێ جوتیارە بەلایەوە نامۆ نەبوو. دەکرێت دوای چل ساڵ، هەمان ئەو پیاوانە کار لەو کێڵگەیەدا بکەن؟ هەستێك لەناخیدا پێ ی دەڵێت کە ئەوان هەمان ئەو پیاوانەن کە بەر لە چل ساڵ لەو کێڵگەیەدا کاریان دەکرد! ئێستا دەبینێت یەکێکیان بە دەستێکی لەرزۆکەوە دارجووتەکەی گرتووە و دوو پیاوەکەی تریش لەتەنیشت

گاجووتەکانەوە بە هێواشی هەنگاو دەنێن و بە قامچی یەکانیان هانیان دەدەن بۆ ئەوەی گاسنەکە ڕابکێشن.

چل ساڵ بەر لە ئێستا، ئیرەیی بەو پیاوانە دەبرد! زۆر بەکامەرانی یەوە شوێنی خۆی لەگەڵ ئاڵوگۆڕ دەکردن! بەڵام ئێستا! بە شانازی یەوە سەیرێکی زنجیرەی کاروانەکەی دوای خۆی کرد، ئەو هەموو ووشتر و گوێدرێژانە، کاڵا بەنرخەکانی دیمەشقیان هەڵگرتووە، کە تەنیا مشتێکن لە خرواڵی سامانەکانی.

ئینجا ئاماژەی بۆ ئەو پیاوانە کرد کە جووتیان دەکرد ووتی: "تا ئێستاش، هەمان ئەو زەوی یە دەکێڵن کە بەر لە چل ساڵ دەیان کێڵا".

هادان ووتی: " ڕاستە ئەوانە زەوی دەکێڵن، بەڵام چۆن زانیت هەمان ئەو پیاوانەن؟"

شارۆنادا ووتی: " ئەوکات، ئەوانم لێرە بینیوون"

لێرەدا بەخێرایی یادگاری یەکانی بیرکەوتنەوە. بۆچی نەیتوانیوە ڕابردووی خۆی لەبیر بکات و لە ئێستادا بژیت؟ ئینجا وەك ئەوەی سەیری وێنەیەکی کێشراو بکات، ڕوخساری دەم بەخەندەی جۆلای لەتەنیشت خۆیەوە بینی. لێرەوە، ئەو بەربەستە نەما کە لەنێوان خۆی و ئەو گەنجە ڕەشبینەی تەنیشتیدا هەبوو.

بەڵام چۆن یارمەتی ئەو گەنجە خاوەن پێگەیە بکات کە بیرۆکەی سامان بەهەدەردان لەمێشکی دایە و هەردوو دەستی پڕ لە زێڕ و گەوهەرن؟ سەبارەت بە کارکردن، لەتوانایدا هەیە چەندین دەرفەتی زۆر بۆ ئەو کرێکارانە دابین بکات کە ئارەزووی کارکردنیان هەیە، بەڵام شتێکی



Scanned by CamScanner

نی یە پێشکەش بەو کەسانەی بکات کە خاوەنی پلە و پێگەن و بۆ کارکردن نەخولقاوون. ئەوەتا ئێستا قەرزاری ئاراد جۆلایە بۆ ئەوەی کارێکی بۆ ئەنجام بدات، بەلام هیچ هەولّ و پەرۆشی یەك نابینێت بۆ ئەو یارمەتی یە. هیچ کات خۆی و ئاراد، ئەو حاڵەتەیان نەبینیبوو، لەو جۆرە مرۆڤانە نەبوون کە پەرۆشی یان بۆ کارکردن نەبێت.

لەناکاو بیرۆکەیەکی بۆ هات. کۆسپی زۆر لەبەردەم جیّ بەجیّ کردنی ئەوبیرۆکەیە هەبوون، لەبەر ئەوەی پێویستە پێگەی کۆمەلایەتی ئەو لەبەرچاو بگرێت. لەوانەیە بابەتەکە دلّڕەقانە بێت و هەمووان ئازار بدات، بەلاَم لەبەر ئەوەی لەو جۆرە پیاوانەیە کە بەخێرایی بڕیاری خۆیان دەدەن، هەموو کۆسپ و تەگەرەکانی وەلا نان و بڕیاریدا دەست بەکاربێت.

هەر بۆیە پرسیاری لە هادان کرد ووتی: " بەلاتەوە گرینگە بزانیت چۆن من و باپیرەت ئەو هاوبەشی یەمان دروستکرد کە دەرکەوت سامان و داهاتێکی زۆری لیّ بەدەست هاتووە؟"

گەنجەکە پرسیارەکەی فەرامۆش کرد و ووتی: " بۆچی تەنیا ئەو شێوازەم بۆ باس ناکەیت کە بەهۆیەوە ئەو هەموو دراوە زێڕانەتان کۆکردەوە؟ من تەنیا پێویستم بەوە هەیە".

شارۆنادا، وەلاّمی گەنجەکەی فەرامۆشکرد و لە ووتەکانی بەردەوام بوو ووتی: " من و باپیرەی تۆ، لەگەلّ ئەو پیاوانە دەستمان پێکرد کە زەوی دەکێلّن.



Scanned by CamScanner

ئەوکات، من لە ئێستای تۆ بەتەمەنتر بووم. کاتێك ئەو ڕیزەی تیایدا دەڕۆیشتم، لە کێڵگەکە نزیك بووەوە، (میگدۆ) گاڵتەی بە شێوازی کارکردنی ئەو پیاوانە کرد کە زەوی یەکەیان دەکێڵا. میگدۆی جوتیار، لەتەنیشتمەوە کۆت کرابوو کاتێك ووتی :" سەیری ئەم هاوڕێ تەمبەڵانە بکە، ئەو کەسەی دارجووتەکەی بەدەستەوە گرتووە، هیچ هەوڵێك نادات بۆ ئەوەی گاسنەکە بە قووڵی بچێتە زەوی یەوە، هەروەها ئەوانەی لەتەنیشت گاجووتەکان دەڕۆن، ناتوانن وابکەن هێڵی جووتەکە بە ڕاستی بڕوات. بەو شێوەیە چۆن چاوەڕوانی ئەوە دەکەن بەو کێڵانە ناهەموارە بەرهەمێکی باشیان دەسکەوێت؟"

هادان جۆلا، بەسەرسامی یەوە پرسیاری لە شارۆنادا کرد، ووتی:" تۆ ووتت میگدۆ لەگەڵ تۆدا کۆت کرابوو؟!"

شارۆنادا ووتی: " بەڵێ، دوو کۆتی برۆنزی لە ملمان کرابوو، زنجیرێك لە نێوانماندا هەبوو، (زابادۆ) ش لەتەنیشتی یەوە بوو، کە دزی مەڕەکان بوو، لە (حارۆون) ئاشناییمان پیدا کردبوو.

لە کۆتایی ڕیزەکەدا، پیاوێك هەبوو ناومان نابوو "چەتە" لەبەر ئەوەی ناوی خۆی بۆ ئێمە نەدرکاندبوو، بەڵام بۆچوونی ئێمە ئەوەبوو کە لەوانەیە چەتەی دەریا بێت بەهۆی ئەوەی کە شێوەی کەزی یە مارێکی بە شێوازی چەتەکانی دەریا لەسەر سینگی کوتابوو. ئێمە بە ڕیز دەڕۆیشتین وهەر ڕیزێك لە چوار کەس پێکهاتبوون"

هادان، وەك ئەوەی گومان لە ووتەکانی بکات لێ ی پرسی: "تۆش وەك کۆیلەکان کۆت کرابوویت!؟"

شارۆنادا ووتی: " باپیرەت بۆی باس نەکردوویت کە من ڕۆژێك لە ڕۆژان کۆیلە بووم؟"

هادان ووتی:" زۆر باسی تۆی دەکرد، بەڵام هیچ کات باسی لەو بابەتە نەکردووە".

شارۆنادا ووتی:" باپیرەی تۆ پیاوێك بوو، مرۆڤ لەتوانایدا هەبوو گرینگترینی نهێنی یەکانی خۆی لا بپارێزێت. تۆ بەهەمان شێوە پیاوێکیت کە دەتوانم متمانەت پێ بکەم، مەگەر وا نی یە؟" . ئینجا ڕاستەوخۆ سەیری ناو چاوەکانی کرد.

هادان ووتی: " تۆ دەتوانیت متمانەی تەواو بە من بکەیت، بەڵام بەڕاستی من سەرم سوڕماوە! کەواتە پێم بڵێ چۆن بویت بە کۆیلە؟"

شارۆنادا شانی خۆی تەکاند ووتی: " لەوانەیە هەر مرۆڤێك خۆی بە کۆیلەیی ببینێتەوە. من بووم بە قوربانی کارە ناهەموارەکانی برای خۆم، برایی من لە دەمەقاڵێ یەکدا هاوڕێ یەکی خۆی کوشت. باوکیشم لە کاردانەوەیەکی سەرشێتانەدا کە لەنائومێدی یەوە سەرچاوەی گرتبوو، منی وەك (مەروونە) لەلای هاوسەری کوژراوەکە دانا بۆ ئەوەی براکەم لە سزای یاسایی بپارێزێت. بەڵام لەبەر ئەوەی باوکم نەیتوانی دراوی زیوی پێویست کۆبکاتەوە بۆ ئەوەی من ئازاد بکات، ئافرەتەکە لەبەرامبەردا منی بە بازرگانێکی کۆیلەکان فرۆشت".

هادان جۆلا ووتی: " بەڕاستی ئەوە شەرمەزاری و ستەمێکی گەورەیە! بەڵام پێم بڵێ، دوای ئەوە چۆن ئازادی خۆت بەدەست هێنایەوە؟"



Scanned by CamScanner

شاڕۆنادا ووتی: " لەکاتی گونجاوی خۆیدا ئەوەشت بۆ باس دەکەم، بەڵام ئێستا کاتی نی یە، ڕێگەم بدە سەربردەکەم تەواو بکەم. ئەو کاتەی بەلای ئەو پیاوانەدا تێپەڕین کە زەویان دەکێڵا، گاڵتەیان بە ئێمە کرد، یەکێکیان کڵاوە دڕاوەکەی بەرز کردەوە و سەری شۆڕکردەوە و هاواری کرد: (لە شاری بابل بەخێرهاتنتان دەکەین ئەی میوانانی پاشا. خاوەن شکۆ لەلای شوورەی شارەکە چاوەڕ وانی ئێوە دەکات و خوانێکی گەورەی بۆ پێشوازی ئێوە ئامادە کردووە). ئەوانی تریش لەگەڵیدا بەگاڵتەجاڕی یەوە دایانە قاقای پێکەنین.

لەناکاو، لەئەنجامی ئەو گاڵتەیە هاوڕێ چەتەکەمان زۆر تووڕەبوو چاوەکانی سووربوون و چەندین جوێنی پێدان. منیش لێم پرسی: ئەو پیاوانە مەبەستیان چی بوو کە ووتیان پاشا لەلای شوورەکانی شار چاوەڕوانی ئێوەیە؟. ئەویش لەوەڵامدا ووتی: تۆ بەرەو شوورەی شارەکانی شار دەڕۆیت بۆ ئەوەی قرمید باربکەیت تاوەکو پشتت دەشکێ. هەروەها لەوانەیە بەر لەوەی پشتت بشکێت، لەژێر قامچی یەکاندا بمریت. بەڵام ناتوانن بە قامچی لە من بدەن لەبەر ئەوەی من دەیانکوژم.

ئینجا میگدۆ، خۆی خزاندە ناو گفتوگۆیەکە ووتی: چەوساندنەوەی کۆیلەکان لەلایەن گەورەکانەوە و لێدان و کارپێکرنی زۆر تا مردن، بەبۆچوونی من ڕاست نی یە. لەبەر ئەوەی گەورەکان ئەو کۆیلانەیان خۆشدەوێت کە لەکارکردندا دڵسۆزن و بەباشی ڕەفتاریان لەگەڵدا دەکەن.



Scanned by CamScanner

ئینجا زابادۆ ووتی: جا کێ ئامادەیە بەماندووبوون کار بکات؟ ئەو سێ پیاوە، بۆ کەسانێکی دانا زەوی دەکێڵن. ئەوان بەماندووبوون تامردن کار ناکەن، بەڵکو بەپێ ی توانای خۆیان کار دەکەن بێ ئەوەی خۆیان ماندوو بکەن.

میگدۆ وەلآمی دایەوە ووتی: تۆ ناتوانیت لەکارکردندا بەرەو پێش بڕۆیت ئەگەر خۆت ماندوو نەکەیت. ئەگەر یەك هیکتار زەوی بکێڵیت، مانای ئەوەیە لەو ڕۆژەدا کارێکی باشت کردووە و هەر گەورەیەك ئەوە دەزانێت. بەلآم کاتێك تەنیا نیوەی ئەو زەوی یە دەکێڵیت، مانای ئەوەیە خۆت لەکار دزیوەتەوە. من خۆم لەکار نادزمەوە. من حەز دەکەم کار بکەم و ئارەزووی ئەوە دەکەم کارێکی باش ئەنجام بدەم، کارکردن باشترین هاورێ یە لەژیانی خۆمدا پێ ی ئاشنا بوویم. کارکردن هەموو خێرو خۆشی یەکی بۆ من بەدی هێنابوو لە کێڵگە و مەڕومالآت و بەروبووم و شتی تر.

ئەمجارەیان زابادۆ گاڵتەی پێکرد ووتی: زۆر باشە، ئێستا ئەو شتانەی تۆ لەکوێن؟ من لەو باوەڕە دام باشتر ئەوەیە مرۆڤ زیرەك بێت و وابکات ڕۆژەکانی بەبێ کارکردن بەڕێ بکات. دەبینیت ئەگەر ئێمەیان بۆ کارکردن لای شوورەکان فرۆشت، لەوانەیە گۆزەیەك ئاو هەلگرم یان کارێکی سادە ئەنجام بدەم، لەکاتێکدا تۆ کە حەز بەکارکردن دەکەیت، پشتت لەژێر هەلگرتنی قرمیددا دەچەمێتەوە.

شارۆنادا لە ووتەکانی بەردەوام بوو ووتی: " بەدرێژایی ئەو شەوە، لەترس و تۆقیندا نقووم بووبووم. لەتوانامدا نەبوو بخەووم. هەوڵمدا لە



Scanned by CamScanner

پاسەوانەکان نزیك ببمەوە و کاتێك ئەوانی تر بەخەوداچوون، سەرنجی (جۆدۆسۆ)م بۆلای خۆم ڕاکێشا کە نۆرەی یەکەمی پاسەوانی لەئەستۆدابوو. ئەو یەکێك بوو لە ڕێگرە عەرەبەکان. لەو پیاوە بەدکارانە بوو کە ئەگەر کیسەی دراوەکانی تۆ بدزێت، ئەگەری ئەوە هەیە سەریشت ببڕێت.

بە ئەسپایی بەگوێمدا چرپاند ووتم: "جۆدۆسۆ، پێم بڵێ، ئەگەر هەیە بۆ مەبەستی کارکردن لە شوورەکانی بابل، ئێمە بفرۆشن؟"

بە ئاگاداری یەوە لێ ی پرسیم: " بۆچی دەتەوێت بزانیت؟"

منیش ووتم:"مەگەر تێناگەیت؟ من هێشتا لاوم، دەمەوێت بژیم. نامەوێت ئەوەندە کار بکەم ، یان لەژێر قامچیدا بمرم. دەرفەتێك هەیە بۆ ئەوەی کەسێکی باش من بکڕێت؟"

ئەویش بەگوێ ی منیدا چرپاند ووتی:" شتێکت پێ دەڵێم، تۆ کەسێکی باشیت و هیچ کێشەیەکت بۆ من نەناوەتەوە. بەزۆری ئێمە سەرەتا دەچینە بازاڕی کڕین و فرۆشتنی کۆیلەکان. بۆیە باش گوێبگرە ئێستا چیت پێ دەڵێم. کاتێك کڕیارەکان دێن، تۆ بڵێ من کرێکارێکی باشم و حەزم لەوەیە لای گەورەیەکی باش کاربکەم. هەوڵ بدە ئارەزووی کڕینت بکەن. لەبەر ئەوەی ئەگەر وا نەکەیت ئەوان تۆ بکڕن، لەڕۆژی دواتردا ناچار دەبیت قرمید لەپشتی خۆت بار بکەیت. ئەوەش کارێکی زۆر قورسە."

دوای ئەوەی جۆدۆسۆ دوورکەوتەوە، لەسەر زەوی یە گەرمەکە ڕاکشام. سەیری ئەستێرەکانم دەکرد و بیرم لە کارکردن دەکردەوە.



Scanned by CamScanner

ئەوەی میگدۆ باسی کرد کە کارکردن باشترین هاوڕێ ی ئەوە، ئەو پرسیارەی لا دروست کردم ئاخۆ بۆ منیش وابێت. گومانم نەبوو کە بۆ منیش زۆر باش دەبێت ئەگەر بەهۆیەوە بتوانم لەو تەنگژەیە ڕزگارم بێت.

کاتێك میگدۆ خەبەری بووەوە، هەواڵە خۆشەکانی خۆم بەگوێدا چرپاند. ئەوە تاکە تروسکایی هیوا بوو لەبەردەم ئێمەدا کاتێك بەرەو بابل دەڕۆیشتین. لە ئێوارەی ئەو ڕۆژەدا، گەیشتینە شوورەکانی بابل، ڕیزێك لە پیاوەکانمان بینی کە لە مێرووی ڕەش دەچوون و بە ڕێڕەوە لار و بەرزەکاندا هەڵدەگەڕان و دەهاتنە خوارەوە. کاتێك نزیك بووینەوە، سەرسام بووین بەو هەزاران پیاوەی لەوێدا کاریان دەکرد. هەندێکیان چاڵە ئاوی یەکانی دەوری شوورەکانیان هەڵدەکەنی، هەندێکی تریان قوڕو لیمیان تێکەڵ بەیەکتر دەکرد و قرمیدیان لێ دروست دەکرد، بەڵام ژمارە هەرە زۆرەکەیان قرمیدیان لەسەر پشتیان هەڵگرتبوو لە زنجیرەیەکی دووروودرێژدا بەسەر ڕێڕەوەکاندا بەرەو کۆشکەکە سەردەکەوتن.

سەرپەرشتیارەکان جوێنیان بەو پیاوانە دەدا کە بەخاوی بەڕێدا دەڕۆیشتن و بە قامچی لە پشتی ئەوانەیان دەدا کە لەڕیزەکە دەردەچوون. هەروەها ئەو کۆیلە بەستەزمانە ڕووتانەم بینین کە بەلادا دەچوون و لەژێر زنجیرەکانیان دەکەوتنە خوارەوە و توانای هەستانەوەیان نەبوو. جا ئەگەر لێدانی قامچی بۆ هەستانەوەیان سوودی نەبوایە، لەڕێڕەوەکان لایان دەدانە تەنیشتێك بۆ ئەوەی بەهۆی زامەکانیانەوە بناڵێنن تاوەکو گیانیان دەرئەچێت. دواتر بەخێرایی بەرەو خوارەوە ڕاپێچ دەکران بۆ ئەوەی لەگەڵ تەرمەکانی تر کۆیان بکەنەوە



Scanned by CamScanner

تاوەکو دواتر دەیان نێژن. کاتێك ئەو دیمەنە تۆقێنەرەم بینی، تەزوو بەهەموو گیانمدا هات. کەواتە ئەگەر لە بازاڕی کۆیلەکان شکستم خوارد، ئەو شوێنە چاوەڕێم دەکات!

جۆدۆسۆ، ڕاستی ووت. ئێمەیان بەناو دەرگاکانی شاردا بەرەو بەندیخانەی کۆیلەکان برد. لەبەیانی ڕۆژی دواتردا، بەرەو بازاڕیان بردین. هەموومان بەترس و لەرزەوە ڕیز بووبووین و زەبری قامچی یەکان وایکردبوو لەجووڵە نەوەستین تاوەکو کڕیارەکان پشکنینمان بۆ دەکەن. من و میگدۆ بەپەرۆشەوە لەگەڵ هەر کەسێك ڕێگەی بدابایەن گفتوگۆمان دەکرد.

کاتێك (چەتە) ی هاوڕێمان بەرگری کرد، بازرگانی کۆیلەکان سەربازەکانی بانگکرد و قۆڵبەستیان کرد و دڕندانە کەوتنە گیانی و پاشان دووریان خستەوە.

میگدۆ هەستیکرد بەم نزیکانە لەیەکتر جیا دەبینەوە. لەو کاتەی هیچ کڕیارێك لە نزیکمانەوە نەبوو، دووپاتی ئەوەی بۆ من کردەوە کە کارکردن لە داهاتوودا بۆ من زۆر گرینگە ووتی: هەندێکیان ڕقیان لەکارکردنە. بەڵکو بەدوژمنی خۆیانی دەزانن. باشتر وایە تۆ وەك هاوڕێ سەیری بکەیت و خۆشت بوێت. نیگەرانی ماندووبوون مەبە. ئەگەر خانوێکی جوانت دروستکرد، گرینگ نی یە ئەگەر لە بیری ئاو دوور بێت. بەڵێنم پێ بدە کە ئەگەر گەورەیەکت دۆزی یەوە کاری لەلا بکەیت، بەوپەڕی توانای خۆت کار بکەیت. خۆ ئەگەر ڕیزی لەوکارە زۆرەی تۆ نەگرت، نائومێد مەبە. لەیادت بێت کاری باش خێر و خۆشی بۆ ئەو پیاوە دێنێت



Scanned by CamScanner

کەئەنجامی دەدات و دواتریش دەیکات بە پیاوێکی مەزن. لێرەدا لە ووتەکانی وەستا کاتێك جوتیارێکی بەهێز هاتە لای ئەو تەلبەندەی ئێمە لای وەستابووین و دەستیکرد بە ووردبوونەوە لێمان.

میگدۆ لەبارەی کێڵگە و بەرهەمەکانی پرسیاری لێکرد و بەخێرایی قەناعەتی پێ هێنا کە بۆی بەسوود دەبێت. دوای مشت و مڕێکی زۆر لەنێوان بازرگانی کۆیلەکان، جۆتیارەکە کیسەیەکی پڕ لە دراوی لەژێر عەباکەی هێنایە دەرەوە. بەخێرایی میگدۆ دوای گەورە تازەکەی کەوت و لەبەرچاو وون بوون.

ئەو بەیانی یە ژمارەیەکی کەم لە کۆیلەکان فرۆشران، لەکاتی نیوەڕۆدا جۆدۆسۆ باسی لەوە کرد کە بازرگانی کۆیلەکان بێزار بووە و ناتوانێت تاکو شەو چاوەڕوان بێت. بۆیە ئەو کۆیلانەی دەمێننەوە، لەگەڵ ڕۆژئاوابووندا دەیانباتە لای بریکاری تایبەتی پاشا بۆ کڕینی بەندەکان. خەریك بوو نائومێد دەبووم، بەڵام لەناکاو پیاوێکی قەڵەو هاتە پێشەوە و پرسیاری کرد ئاخۆ هیچ کام لە ئێمە پیشەیی نانەوایی دەزانێت.

منیش کەمێك لێ ی نزیك بوومەوە ووتم: "بۆچی دەبێت نانەوایەکی زیرەکی وەك تۆ، داوای نانەوایەك بکات کە لەوانەیە وەك تۆ کارامە نەبێت؟ مەگەر بۆتۆ ئاسانتر نی یە پیاوێك لەگەڵ خۆتدا ببەیت حەز بە کارکردن بکات و ئینجا خۆت شێوازی کارکردنی خۆتی فێر بکەیت؟ سەیری من بکە، گەنجێکی بەهێزم و حەز بەکارکردن دەکەم. تەنیا دەرفەتێکم پێ بدە، هەموو توانای خۆم دەکەمە گەڕ بۆ ئەوەی زێڕ و زیو بخەمە ناو کیسەکەی دراوەکانت"



Scanned by CamScanner

زۆر سەرسام بوو بەو ئامادەیی و ئارەزووە زۆرەی من بۆ کار. بۆیە ڕاستەوخۆ دەستی بە مامەڵەکرد لەگەڵ ئەو بازرگانەی کە لەوکاتەی منی کڕیبوو، سەیرێکی منی نەکردبوو، بەڵام ئێستا بەهەموو توانایەوە باس لە بەهێزی من دەکات! تەنانەت هەستم کرد وەك ئەوەی خەریکی ئەوە بێت گاجووتێك بفرۆشێت! لەکۆتاییدا گرێبەستەکە ئەنجام درا و بەخۆشحاڵی یەوە بەدوای گەورەکەمدا دەڕۆیشتم و لەو باوەڕە دابووم بەختەوەرترینی پیاوەکانی بابل منم!

شوێنە تازەکەی خۆمم زۆر بەدڵ بوو. گەورەکەم کە ناوی (نانانید) بوو، فێری کردم چۆن بە دەستاڕەکەی ناو حەوشی ماڵەکەیان جۆ بهاڕم، و چۆن کوورەکە داگیرسێنم. ئینجا دوای ئەوە فێری کردم زۆر بەکارامەیی کونجی بهاڕم بۆ دروستکردنی کێکی هەنگوین. لە شوێنی داکردنی دانەوێڵەکان دەخەوتم. کابانی ماڵەکەی کەنیزەیەکی پیر بوو ناوی (سواستی) بوو، خواردنێکی باشی پێدەدام. هەروەها زۆر دڵخۆش دەبوو کاتێك لەئەرکە گرانەکان یارمەتیم دەدا.

لێرەدا ئەو دەرفەتەم بۆ هاتەپێش کە تامەزرۆی بووم، بەڵکو سوودێکی زۆر بە گەورەکەم بگەیەنم، بەو ئومێدەی ڕێگایەك بۆ ئازادبوونی خۆم بدۆزمەوە.

داوام لە (نانانید) کرد فێرم بکات چۆن هەویر ئامادە بکەم. ئەویش دڵخۆش بوو بەوەی ئامادەییم بۆکارکردن نیشان دەدەم و فێری ئەو کارەی کردم. دوای ئەوەی کارارمەیی خۆم لەو کارەدا نیشان دا، داوام لێکرد فێرم بکات چۆن کێکی هەنگوین دروست دەکرێت. زۆر بەخێرایی



Scanned by CamScanner

شارەزایی خۆم لەو کارەدا سەلماند، تا ئەو ڕادەیەی گەورەکەم زۆر دڵخۆش بوو بەوەی کە هەمیشە لەحەسانەوە دایە و کار ناکات. بەڵام (سواستی) سەری خۆی بادەدا و دەیووت: شتێکی باش نی یە پیاو بەبێ کار دانیشێت.

هەستم کرد کاتی ئەوە هاتووە شێوازێکی کۆکردنەوەی دراو بدۆزمەوە بۆ ئەوەی ئازادی خۆم بەدەست بێنمەوە. بۆیە بیرم لەوە کردەوە کە لەوانەیە نانانید ڕەزامەندی بدات بۆ ئەوەی بەدوای کارێکدا بگەڕێم و ڕۆژانە دوای نیوەڕۆ کار بکەم، بەو مەرجەی نیوەی کرێ ی کارکردنەکەم بۆ ئەو بێت. پاشان ڕاستەوخۆ ئەو بیرۆکەیەم بۆ هات ووتم بۆچی نان و کێکی زیاتر دروست نەکەم و بەناو شەقامەکانی شاردا بگەڕێم و بیفرۆشم؟

ئیتر پلانەکەی خۆم بۆ گەورەکەی خۆم بەو شێوەیە خستەڕوو ووتم: "ئەگەر بتوانم کاتەکانی دوای نیوەڕۆ، دوای ئەوەی ئەرکەکانم تەواو دەکەم، کارێك بکەم و سامانی زیاتر بۆتۆ کۆبکەمەوە، مەگەر دادپەروەری نی یە ئەگەر ئەو دراوانەی بەدەستی دێنم دابەشی بکەین بۆ ئەوەی بتوانم ئەو شتانە بۆخۆم بکڕم کە هەموو مرۆڤێك پێویستی پێ هەیە؟"

دانی پێدا و نا ووتی: "بەڵێ، ئەوە دادپەروەری یە". ئینجا دوای ئەوەی ووتم لە شەقامەکانی شاردا ئەو کێکانە دەفرۆشم کە خۆمان دروستیان دەکەین، زۆر دڵخۆش بوو ووتی: " زۆر باشە، بەو شێوەیە کار دەکەین: هەر دوو دانە کێك، بە یەك (بنس) دەفرۆشیت، ئینجا نیوەی دراوەکان بۆ من دەبێت بۆ ئەوەی نرخی ئارد و هەنگوین و ئەو دارانەی لێ



Scanned by CamScanner

بدەم کە لە برژاندنیاندا بەکاری دێنین. ئەو دراوانەی دەمێننەوە، نیوەی بۆ من دەبێت و نیوەکەی تریش بۆ تۆ.

زۆر بەو کارە دڵخۆش بووم کە بەهۆیەوە چارەگی چارەگی قازانجەکەی بۆخۆم دەبێت. ئەو شەوە تا درەنگانێك کارم کرد بۆ ئەوەی سینی یەك کێك دروست بکەم و هەنگوینیان بەسەردا بکەم. نانانید کراسێکی کۆنی پێدام بۆ ئەوەی ڕێکپۆش بم و (سواستی) کراسەکەی بۆ شوشتم و پاکی کردەوە.

ڕۆژی دواتر بڕێکی زیاتر کێکم ئامادە کرد کە زۆر جوان و بەرچاو بوون لەسەر سینی یەك ڕیزم کردبوون. لەو کاتەی بەشەقامەکاندا دەڕۆیشتم و بەدەنگی بەرز بانگم دەکرد، لەسەرەتادا هیچ کەس بایەخیان نەدا. خەریك بوو نائومێدبم، بەلاّم کۆڵم نەدا. دوای نیوەڕۆ، دوای ئەوەی پیاوەکان برسی بوون، کێکەکانم بازاڕی باشیان هەبوو بەخێرایی سینی یەکەم بەتاڵ بوو.

نانانید زۆر دڵخۆش بوو بەسەرکەوتنی ئەو پرۆژەیە و بەخۆشحاڵی یەوە بەشە قازانجەکەی منی دایە دەستم. بەم دەسکەوتە زۆر دڵخۆش بووم. میگدۆ ڕاستی فەرموو کاتێك ووتی گەورەکان ڕیز لە کاری باشی کۆیلەکانیان دەگرن. لەو شەوەدا، بەو سەرکەوتنە زۆر دڵخۆش بووم تا ئەو ڕادەیەی خەو نەچووە چاوەکانم تاوەکو دەسکەوتەکانی ماوەی یەك ساڵی تەواووم هەژمارکرد بۆ ئەوەی بزانم چەند ساڵم پێویستە بۆ ئەوەی ئازادی خۆم بکڕمەوە.



Scanned by CamScanner

لەبەر ئەوەی ڕۆژانە سینی یەک کێکم بەناو شەقامەکاندا دەگێڕا، بەخێرایی کڕیاری کڕیاری هەمیشەییم بۆ پەیدابوون. یەکێك لەو کڕیارانە، ئاراد جۆلا ی باپیرەی تۆ بوو. ئەو بازرگانی فەرشەکان بوو، فەرشی بە خاتوونی ماڵەکان دەفرۆشت و بەسەرانسەری شاردا دەسووڕایەوە. گوێدرێژێکی هەبوو، فەرشەکانی لێ باردەکردن و کۆیلەیەکی پێست ڕەشیش خزمەتی دەکرد. ڕۆژانە دوو دانە کێك بۆخۆی و دوودانەشی بۆ کۆیلەکەی دەکڕین. لەوکاتەی کێکەکەیان دەخوارد، لەگەڵ مندا گفتوگۆی دەکرد.

ڕۆژێکیان باپیرەی تۆ شتێکی پێ ووتم کە تا دواڕۆژی ژیانم لەبیری ناکەم. باپیرەت ووتی: (کوڕی خۆم، کێکەکەی تۆم زۆر بەدڵە، بەلام ئەوەی زیاتر بەدڵی منە ئەو شێوازەیە کە تۆ کێکەکەی پێ نمایش دەکەیت. ئەو گیانی کارکردنەی لەتۆدا هەیە، لەتوانایدا هەیە بەرەو سەرکەوتنێکی مەزنت ببات)

ئینجا شارۆنادا بەردەوام بوو ووتی: " بەلام هادا جۆلا، تۆ چۆن لەو ووشانەی هاندان تێدەگەیت کە ئاڕاستەی کۆیلەیەکی بچووکی فەرامۆشکراو دەکرێن، کە لە شارێکی گەورەی وەکو شاری بابلدا بەهەموو هێزو تواناکانی یەوە تێدەکۆشێت بۆ ئەوەی دەرچەیەك لەو ژیانە کۆیلەیی یە بدۆزێتەوە؟

دوای چەند مانگێك دراوە بچووکەکانم زیادیان کردبوو بەجۆرێك هەستم بە قورسایی کیسەی دراوەکانم دەکرد کە بە پشتێنەکەمدا هاتبووە



Scanned by CamScanner

خوارەوە. بەو شێوەیە بۆم دەرکەووت کە کارکردن باشترین هاوڕێ ی مرۆڤە، بۆیە من دڵخۆش بووم، بەڵام (سواستی نیگەران بوو.

ڕۆژێکیان (سواسی) ووتی: " مەترسیم هەیە تۆ ببیتە هۆی ئەوەی گەورەکەت زۆرترین کاتەکانی لە شوێنەکانی ڕابواردن بەسەر ببات"

ڕۆژێکیان زۆر دڵخۆش بووم کاتێك میگدۆ ی هاوڕیم بینی یەوە. سێ گوێدرێژی بەپێش خۆی دابوون، سەوزەیان لێ بارکرابوو بەرەو بازاڕ دەڕۆیشتن. میگدۆ ووتی: " من زۆر خۆم ماندوو ئەکەم. بۆیە گەورەی من ڕیزی لە کارەکەم گرتووە و ئێستا من بوومەتە گەورەی کارکەرەکان. سەیرکە، کاری بازاڕکردنی بەمن سپاردووە. هەروەها بەدوای خانەوادەکەی منیشی ناردووە. ئێستا کارکردن یارمەتیم دەدات بۆ ئەوەی ڕۆژێك بێت ئازادی خۆم بکڕمەوە و جارێکی تر کێڵگەی تایبەت بەخۆم هەبێت".

شارۆنادا بەردەوام بوو لە گێڕانەوەی سەربردەکەی ووتی: "بەزۆری دەچوومە دەرەوەی دەروازەکانی شار بۆ ئەوەی کڕیاری زیاترم دەسکەوێت لە سەرپەرشتیاری ئەو کۆیلانەی لە دروستکردنی شوورەکاندا کاردەکەن. زۆر ڕقم لەوە بوو ئەو دیمەنانە ببینمەوە، بەڵام هەستم کرد ئەو سەرپەرشتیارانە کڕیاری باشن. ڕۆژێکیان سەرسام بووم کاتێك زابادۆم بینی لەڕیزەکە وەستابوو بۆ ئەوەی سەبەتەکەی پڕ لە قرمید بکات. هەستمکرد لاواز بووە و چەماوەتەوە. بەهۆی لێدانی قامچی سەرپەرشتیارەکانەوە پشتی هەمووی برین و خوێن بوو. زۆر بەزەیم پیا هاتەوە و کێکێکم پێدا، هاوشێوەی ئاژەڵێکی برسی کێکەکەی خستە



Scanned by CamScanner

دەمیەوە. چاوچنۆکیم لە نیگاکانی خوێندەوە، بەخێرایی ڕۆیشتم بەر لەوەی سینی یەکەم بەتاڵ بکات.

ڕۆژێکیان ئاراد جۆلا لێ ی پرسیم: " بۆچی بەو هەموو ماندووبوونەوە کاردەکەیت؟". هەمان ئەو پرسیارەی ئەمڕۆ تۆ لە منت کرد، لەیادت ماوە وانی یە هادان؟

ئینجا لەوەلأمدا هەمان ووتەی میگدۆ م سەبارەت بە کارکردن بۆ دووبارە کردەوە. ئینجا بە شانازی یەوە کیسەی دراوەکانی خۆم نیشاندا و بۆم باسکرد چۆن پاشەکەوتم کردوون بۆ ئەوەی ئازادی خۆم بکڕمەوە.

پرسیاری کرد" کاتێك ئازاد دەبیت، چی دەکەیت؟"

منیش لەوەلأمدا ووتم: "ئارەزووی ئەوە دەکەم ببم بە بازرگان"

ئەوکاتە، متمانەی پێ کردم و شتێکی بۆ باسکردم کە هیچ کات گومانم لێ ی نەبووە : " تۆ نازانیت منیش وەك تۆ کۆیلەم. من ئێستا لەگرێبەستێکی هاوبەشی دام لەگەڵ گەورەی خۆم. "

لێرەدا، هادان جۆلا بە دوو چاوی پڕ لە تووڕەیی یەوە ووتی: "بوەستە!، من گوێبیستی بوختانگەلێکم، ناوبانگی باپیرەم لەگەدار دەکات! باپیرەی منکۆیلە نەبووە"

شارۆنادا، بێ ئەوەی ئارامی خۆی لەدەست بدات ووتی: "من ڕێزێکی زۆرم بۆ باپیرەی تۆ هەیە، لەبەر ئەوەی توانی بەسەر مەینەتی یەکانیدا زاڵ بێت و لە دیمەشق پێگەیەکی کۆمەلأیەتی بەرز بەدەست بێنێت. ئایا تۆش هەمان سیفەتی جوامێری ئەووت هەیە؟ ئایا تۆش ئەو جۆرە



Scanned by CamScanner

پیاوەیت ڕووبەڕووی ڕاستی یەکان ببیتەوە؟ یان بەلاتەوە باشترە لە گێژاوی وەهمە درۆینەکاندا بژیت؟"

هادان جۆلا، شێوەی دانیشتنی خۆی لەسەر زینی ئەسپەکەی گۆڕی و بەدەنگێکی پڕ لە سۆزی شاراوە ووتی: "باپیرەی من لای هەموو خەڵکی خۆشەویست بوو. کارە خێرخوازی یەکانی ئەو لەهەژمار نایەن. مەگەر لە ساڵی برسی یەتیدا کاروانەکانی ئەو بەهۆی دراوە زێڕەکانی یەوە دانەوێڵەی لە میسرەوە نەهێنایە دیمەشق و بەسەر خەڵکی دابەشی کرد تاوەکو هیچ برسی یەك لەو شارەدا نەما؟ ئێستاش تۆ هاتوویت بڵێیت ئەو لە شاری بابل جگە لە کۆیلەیەکی بێ بەها هیچی تر نەبووە؟"

شارۆنادا لەوەڵامدا ووتی: "ئەگەر هەر بەکۆیلەیی لە بابل بمابایەوە، دەکرا بووترێت کەسێکی بێ بەهایە، بەڵام کاتێك لەڕێگەی هەوڵە کەسی یەکانی یەوە و بەماندووبوونی خۆی بووە بە پیاوێکی مەزنی شاری دیمەشق، بەدبەختی یەکە وازی لێ هێنا و پێگەیەکی لەناو پیاواندا پەیدا کرد"

ئینجا چیرۆکەکەی تەواو کرد ووتی: " گرینگ ئەوەیە کە لەدوای ئەوەی بەمنی ڕاگەیاند کە ئەو کۆیلەیە، بۆی باس کردم چەند بەهیوایە ئازادی بەدەست بێنێت. ئێستاش دوای ئەوەی ئەوەندە سامانەی دەسکەوتووە بتوانێت بەهۆیەوە ئازادی خۆی بکڕێتەوە، شپرزە و نیگەرانە سەبارەت بەوەی ئاخۆ سەبارەت بەو بابەتە پێویستە چی بکات. لەبەر ئەوەی ئیتر لەوە زیاتر کاری فرۆشتن ناکات و مەترسی ئەوەی هەیە پاڵپشتی گەورەی خۆی لەدەست بدات"



Scanned by CamScanner

منیش نیگەرانی یەکەی ئەووم ڕەتکردەوە و پێم ووت: "بیرۆکەی پەیوەست بوونت بەگەورەکەتەوە لە ئێستادا ئیتر بیرۆکەیەکی پەسەند نی یە. جارێکی تر ئەو هەستە بۆخۆت دروست بکەوە کە تۆ کەسێکی ئازاد و سەربەخۆیت، بەهەستی کەسێکی ئازاد، سەرکەوتن بەدەست بێنە! وورەت بەرز بێت کە ئاواتی خۆت بەدی دێنیت و ئەوکات یارمەتیت دەدات بەئاواتی خۆت بگەیت!. هەستایەوە بڕوات و خۆشحاڵی خۆی دەربڕی لەبەر ئەوەی بەهۆی ترسنۆکی یەیەوە سەرزەنشتم کردووە.

ڕۆژێکیان، بۆ جارێکی تر چوومەوە دەرەوەی دەروازەکانی شار، کۆبوونەوەی کۆمەڵێکی زۆری خەڵکەکە سەرسامی کردم. لەیەکێکیانم پرسی چی ڕوویداوە، ئەویش لەوەڵامدا ووتی: "مەگەر نەتبیست؟ کۆیلەیەکی هەڵاتوو دەسگیر کراوە، کە یەکێك لە پاسەوانەکانی پاشای کوشتبوو. ئەمڕۆ بەهۆی ئەو تاوانەی سزا دەدرێت و بەرەو مردن دەبرێت. تەنانەت خودی پاشا خۆی لێرە ئامادە دەبێت.

جەنجاڵی یەکی زۆر لەدەوری شوێنی سزادانەکە هەبوو، تا ئەو ڕادەیەی مەترسی ئەوەم هەبوو ئەگەر نزیکتر ببمەوە سینی کێکەکانم لەدەست بدەم. بەسەر شوورەیەکدا سەرکەوتم بۆ ئەوەی بەسەر سەری ئامادەبوانەوە دیمەنەکە ببینم. بەختی ئەوەم هەبوو (نەبوو خوزنەسەر)ی پاشا ببینم کە سواری گالیسکە زێڕەکەی بووبوو. هیچ کات ئەو هەموو شکۆیەم نەبینیبوو، ئەو پۆشاك و پەردانەی لە حەریر دروستکرابوون و بەزێڕ ڕازابوونەوە.



Scanned by CamScanner

لەتوانامدا نەبوو کرداری لێدانی تاوانبارەکە ببینم، بەڵام دەمتوانی هاواری کۆیلە بەستەزمانەکە ببیستم. پرسیارێکم لا دروست بوو ئاخۆ چۆن پیاوێکی لەو ئاستە بەرزەی وەک پاشا دەتوانێت بەرگەی بینینی ئەو هەموو ئەشکەنجەدانە ببینێت. بەڵام کاتێک بینیم لەگەڵ هاوەڵەکانی پێدەکەنێت و گاڵتە دەکات، لەوە تێگەیشتم ئەو زۆر دڵڕەقە. هەروەها تێگەیشتم لەبەرچی ئەو ئەرکە نامرۆڤانەی وەک دروستکردنی شوورەکان، بە کۆیلەکان دەسپێرن.

ئینجا دوای ئەوەی کۆیلەکە لەژێر قامچیدا گیانی سپارد، سەرەوژێر لەسەر دارێکی بەرز هەڵیانواسی، بۆ ئەوەی هەموو خەڵکی بیبینن. دوای کەمبوونەوەی جەماوەرەکە، لەدارەکە نزیک بوومەوە. لەسەر سینگی نووکنی تەرمەکە، شێوەی مارەکەم بینی یەوە. تەرمی ئەو کۆیلە هاوڕێ یەمان بوو کە ناومان نابوو(چەتە).

کاتێک بۆ جاری دواتر ئاراد جۆلا م بینی یەوە، پیاوێکی جیاواز بوو لەوەی پێشتر بینیبووم. زۆر بە پەرۆشەوە سڵاوی لێ کردم ووتی: "سەیرکە، ئەو کۆیلەیەی هاوڕێ ی تۆ بوو، ئێستا پیاوێکی ئازادە! ووشەکانی تۆ لە جادوو دەچوون. لەبەر ئەوەی بەهۆیانەوە، فرۆشتەنی و قازانجەکانم زیاتر بوون. دڵی هاوسەرەکەمی پڕ لە خۆشی کرد. ئەو ئافرەتێکی ئازاد بوو، کچە خوشکی گەورەی من بوو. زۆر ئارەزووی ئەوەم کرد بەرەو شارێکی بیانی بڕۆین، کە هیچ کەس نەزانێت من ڕۆژێک لە ڕۆژان کۆیلە بووم. بەو جۆرە منداڵەکانم لە شەرمەزاری و



Scanned by CamScanner

سەرزەنشتکردن بەهۆی ڕابردووی ژیانی منەوە، بەدوور دەبن. هەروەها دەتوانم متمانە و کارامەیی خۆم لە فرۆشتندا بەدەست بێنمەوە".

شارۆنادا بەردەوام بوو ووتی: " زۆر دڵخۆش بووم لەبەر ئەوەی توانیم ئەگەر بە ڕێگەیەکی سادەش بێت، لەبەرامبەر هاندانەکەی بۆ من پاداشتی بدەمەوە.

لەیەکێك لە ئێوارەکان، (سواستی) هاتە لام زۆر نیگەران بوو ووتی: "گەورەی تۆ کێشەیەکی هەیە، منیش لەبارەیەوە زۆر نیگەرانم. چەند مانگێك لەمەوبەر، سامانێکی زۆری لە یەکێك لە پڕۆژەکانیدا لەدەستدا و بەو هۆیەوە نرخی هەنگوین و دانەوێڵەکانی بەجۆتیاران نەداوە. ئەوان ئێستا زۆر توورە بوون و هەڕەشەی لێ دەکەن."

منیش بەبێ بیرکردنەوە ووتم:" بۆچی دەبێت ئێمە نیگەرانی کێشەی ئەو بین لەکاتێکدا بەهۆی نەزانین و سەرکێشی خۆیەوە بۆی هاتۆتە پێش. خۆ ئێمە بەرپرسی ئەو نین".

سواستی ووتی: تۆ گەنجێکی زۆر دەبەنگیت، تۆ لەهیچ تێناگەیت. ئەو، بەڵێننامەی خاوەندارێتی تۆی لای یەکێك لەقەرزارەکانی بەمەروونە داناوە. بە پێ ی یاسا ئەو کەسە دەتوانێت داوای تۆ بکات و تۆ بەکەسێکی تر بفرۆشێتەوە. من نازانم ئێستا چی بکەم. ئەو پیاوێکی باشە. بۆچی؟ ڕووبەڕووی ئەو کێشەیە ببێتەوە؟.

نیگەرانی یەکانی سواستی بێ بنەما نەبوون. بەیانی یەکەی دواتر، لەوکاتەی نانم ئامادە دەکرد، خاوەن قەرزەکە گەڕایەوە کە پیاوێك بوو ناوی ساسی بوو. زۆر بە ووردی سەیرێکی منی کرد.



Scanned by CamScanner

ئەو پیاوە چاوەڕێ ی ئەوەی نەکرد گەورەم بگەڕێتەوە. بەڵکو بە سواستی ووت کە پێ ی بڵێت منی بۆخۆی بردووە. بەو شێوەیە بێ ئەوەی کارەکەی خۆم تەواو بکەم و بەو کراسەی لەبەرمدابوو کیسەی دراوەکانی پێدا هاتبووە خوارەوە، منی ڕاکێشا.

گەورەترین ئاواتی منیان پیشەکێش کرد هەروەک چۆن ڕەشەبا درەختێك پیشەکێش دەکات و دەیخاتە ناو دەریای بێ بن. بۆ جارێکی تریش، سەرکێشی و نەزانی منی خستەوە ناو مەینەتی یەکان.

ساسی پیاوێکی دڵڕەق بوو. لەوکاتەی بەرەو بازاڕ بەدوای خۆیدا ڕایدەکێشام، پێم ڕاگەیاند چۆن ئەو کارە باشانەم بۆ نانانید ئەنجام داوون و چۆن ئاواتەخوازم هەمان ئەو کارانە بۆ ئەویش ئەنجام بدەم. بەڵام کاردانەوەکەی هیوابەخش نەبوو، لەبەر ئەوەی ووتی: "من حەز بەو کارانە ناکەم، هەروەک چۆن گەورەی منیش حەزیان پێ ناکات. پاشا پێ ی ڕاگەیاندووەمن ڕەوانە بکات بۆ ئەوەی لە دروستکردنی بەشێکی ڕێڕەوە سەرەکی یەکەدا کار بکەم. بۆیە گەورەی خۆم منی ڕەوانە کرد بۆ ئەوەی کۆیلەی زیاتر بکڕم کە لێبڕاوانە کار بکەن و کارەکە بەخێرایی کۆتایی پێ بێنن. بەڵام خەیاڵی خاوە، هیچ مرۆڤێك ناتوانێت کارێکی مەزنی لەو جۆرە بەخێرایی تەواو بکات."

بیابانێك بێنە بەرچاوی خۆت هیچ درەختێکی تێدا نەبێت و تیشکی خۆری سووتێنەریش بەسەرتەوە بێت. تەنانەت ئەو ئاوەی لەناو ئەمبارەکانیشدا بوون بەو ڕادەیە گەرم بووبوو، خواردنەوەی ئەستەم بوو. ئینجا ڕیزی ئەو پیاوانە بێنە بەرچاوی خۆت کە بەناو کەندە قووڵەکەدا شۆڕ دەبوونەوە و بەزەحمەتەوە لەنگەرە قورسە پڕ لە قوڕەکانیان بۆ



Scanned by CamScanner

سەرەوە دەهێنایەوە و لەبەیانی یەوە تاکو شەو لەوکارەدا دەمانەوە. ئەو خواردنە بێنە بەرچاوت کە لە سینی سەر والآ لە پێشمان دادەنرا وەك ئاژەڵ لەدەوری کۆدەبووینەوە. هیچ چادرێکمان نەبوو بۆ خەوتن و تەنانەت پووش و پەلاشیش نەبوو لەسەری بخەوین. خۆم لەو حاڵەتەدا بینی یەوە.

کیسەی دراوەکانم لە شوێنێك حەشار دا و لە دڵی خۆمدا پرسیارم دەکرد ئاخۆ زیاتر دەژیم بۆ ئەوەی جارێکی تر دراوەکانم بێنمە دەرەوە.

لەسەرەتادا بە ویستێکی باشەوە کارم دەکرد. بەلآم دوای چەند مانگێك، وورەم ڕوخابوو. لەدواتردا بەهۆی تیشکی گەرمی خۆرەوە نەخۆش کەوتم، ئارەزووی خواردنم نەمابوو. زۆر بەدەگمەن گۆشت و سەوزەمان دەخوارد. لەشەودا خەووم زڕابوو.

لەو مەینەتی یەی خۆمدا پرسیارم لەخۆم دەکرد ئاخۆ پلانی زابادۆ باشترین نەبێت. مرۆڤ بۆخۆی لەکار ڕابکات و خۆی لەو ماندووبوونە ڕزگار بکات. بەلآم پاشان دوایین دیدارم هاتەوە یاد و لەوە تێگەیشتم پلانەکەی باش نەبوو.

ئینجا بیرم لە (چەتە) ی هاوڕێمان کردەوە. پرسیم ئاخۆ شەڕکردن باشتر نەبێت. بەلآم یادی جەستە بریندارەکەی تا ئێستاش لەبەرچاووم ماوەتەوە. بۆیە زانیم ئەو پلانەش بێ سوودە.

ئینجا دوایین دیداری میگدۆ هاتەوە یادم. چۆن هەردوو دەستی بەهۆی کارکردنی زۆرەوە ڕەق بووبوون، بەلآم دڵی بە ڕۆشنی مابووەوە. هەروەها کامەرانی بەڕوخساری یەوە دیاربوو. پلانەکەی ئەو باشترینی پلانەکان بوو.



Scanned by CamScanner

سەرەڕای ئەوەی من بەهاوشێوەی میگدۆ ئامادەبووم بۆ کارکردن، بەڵام بەهاوشێوەی من کاری نەدەکرد. کەواتە بۆچی کارکردن دڵخۆشی و سەرکەوتنم بۆ ناهێنێت؟ ئایا کارکردن کامەرانی بۆ میگدۆ فەراهەم کردووە، یان کامەرانی و سەرکەوتن بەڕێکەوت دەردەکەوون؟ ئایا دەبێت بەدرێژایی ژیانم کار بکەم بێ ئەوەی ئاواتەکانم بەدی بێنم، و بێ ئەوەی سەرکەوتن و کامەرانی بەدەست بێنم؟ مێشکم بەو هەموو پرسیارانە گێژی خواردبوو، هیچ وەڵامێکم لانەبوو. بەڕاستی زۆر سەراسیما و دڵتەنگ بووم.

دوای چەند ڕۆژێك، کاتێك خەریك بوو توانام لەدەست بدەم و پرسیارەکانیشم بێ وەڵام بوون، (ساسی) بەدوایدا ناردم. نێردەی پیاوێکی تازە هاتبوو بۆ ئەوەی من بکڕێت و بمباتەوە بابل. منیش کیسەی دراوەکانم لەژەوی هێنایە دەرەوە و بە عەبا شڕەکەم خۆم پێچایەوە و بەڕێکەوتم.

لەوکاتەی لەڕێگای گەڕانەوە بووین، هەمان ئەو ووشە و پرسیارانە لەناو مێشکم دەزرینگانەوە. بەهۆی نەخۆشی یەکەمەوە ووڕێنەم دەکرد وەك ئەوەی سروودێك بێت لەو سروودانەی لەشارەکەی خۆمدا (حاروون) گوێبیستی بووبم و ئێستا بیرم کەوتبێتەوە:

مرۆڤ هاوشێوەی گەردەلوول ڕاپێچ دەکرێت.
کە هاوشێوەی ڕەشەبا دێت و دەچێت.
هیچ کەس شوێنەکەی نازانێت.
هیچ کەس داهاتووی نازانێت.

ئاخۆ بۆ من نوسرابێت بەو شێوەیە ئازار بچێژم بەهۆکارێك کە نایزانم؟ ئەمجارەیان چ مەینەتی و مەرگەساتێك چاوەڕێم دەکات؟



Scanned by CamScanner

کاتێك گەیشتینە ماڵی گەورە تازەکەم، بێنە بەرچاوی خۆت چەند سەرسام بووم کاتێك بینیم ئاراد جۆلا چاوەڕێمە! دەستی گرتم، بۆ ئەوەی بتوانم لەئەسپەکە بێمە خوارەوە و وەك ئەوەی برایەکی خۆی بینیبێت کە ماوەیەکی زۆربێت وون بووبێت، لەباوەشی گرتم.

لەوکاتەی بەناو ماڵەکەدا دەڕۆیشتین حەزم دەکرد بەدوایەوە بڕۆم وەك کۆیلەکان کاتێك بەدوای گەورەکانیانەوە دەڕۆن، بەڵام قبووڵی نەکرد. دەستی لەسەر شانی من دانا ووتی: " لەهەموو شوێنێکدا بەدوای تۆدا گەڕام. دوای ئەوەی بێ ئومێد بووم، سواستی م بینی و هەموو شتێکی بۆ باس کردم و ناوی خاوەنەکەی تۆی پێدام. خاوەنی تۆ نرخێکی زۆری داواکرد، بەڵام تۆ شایانی ئەوەیت. فەلسەفەرو پرۆژەکەی تۆ، سەرچاوەی ئیلهامی من بوون و ئەو سەرکەوتنە تازەیان پێ بەخشیم.

منیش ووتەکانم پێ بڕی ووتم: " فەلسەفەی من نەبوو، فەلسەفەی میگدۆ بوو"

ووتی: " بەڵکو، ئەوە فەلسەفەی تۆ و میگدۆ بوو. زۆر سوپاس بۆ هەردوکتان، ئێمە ئێستا بەرەو دیمەشق سەفەر دەکەین و پێویستم بەتۆیە ببیتە هاوبەشی من. ئینجا بەسەرسامی یەوە ووتی: "سەیرکە، لەچرکەیەکدا جارێکی تر دەبیتەوە پیاوێکی ئازاد". دوای ئەم ووتەیەی، تابلۆیەکی قوڕینی لەژێر عەباکەیەوە دەرهێنا، کە بەڵێننامەی خاوەندارێتی من بوو، ئینجا بەرزی کردەوە و بە زەوی یەکەی دادا بۆ ئەوەی ببێتە سەد پارچە. ئینجا بەدڵخۆشی یەوە لەسەر پارچەکان وەستا و بەپێ یەکانی هەپڕوون بەهەپڕوونی کرد تاوەکو بوو بە خۆڵەمێش.

بەهۆی چاکەی ئەو پیاوە مەزنە، هەردوو چاووم پڕ لە فرمێسك بوون. زانیم کە لەبەرامبەر بەختەوەرترین پیاوی بابل وەستاووم.



Scanned by CamScanner

هەروەك بينيت، لەميانەی ئەم ڕووداوانەی کە باسم کرد، کارکردن سەلماندی کە باشترین هاوڕێ ی من بووە. ئارەزووی من بۆ کارکردن، منی دوورخستەوە لە کارکردن لە شوورەکان. هەر بەهۆی کارکردن، بۆچوونێکم لەمزری باپیرەت جێهێشت من هەڵبژێرێت بۆ ئەوەی هاوبەشی بکەم لەبازرگانیدا.".

لێرەدا هادان پرسیاری لێکرد: " کەواتە کارکردن، کلیلی نهێنی باپیرەم بوو بۆ دەسکەوتنی دراوە زێڕەکان؟"

شارۆنادا لەوەڵامدا ووتی: " لەو ساتەی باپیرەی تۆم ناسیوە، کارکردن تاکە کلیلی سەرکەوتنی ئەو بووە. بەڕاستی باپیرەی تۆ چێژی لە کارکردن وەردەگرت و ڕیز لەماندووبوونی دەگیرا و لەبەرامبەردا پاداشتەکەی وەرگرتەوە".

هادان لەبیکردنەوەیەکی قووڵدا بوو، دواتر ووتی: "ئێستا خەریکە بابەتەکەم بۆ ڕوون دەبێتەوە. کارکردن بووە هۆی ئەوەی هاوڕێ ی زۆر پەیدا بکات و بە سەرکەوتنەکانی و بە پیشەکەی سەرسام بوون. کارکردن بۆتە هۆی ئەوەی پلە و پایە و پێگەیەك لە شاری دیمەشق بەدەست بێنێت. کارکردن بۆتە هۆی ئەوەی هەموو ئەو شتە باشانەی دەسکەوێت، کەچی من لەو باوەڕەدابووم کارکردن تەنیا بۆ کۆیلەکان هاتووە!".

شارۆنادا ووتی: " ژیان پڕیەتی لە هەموو ئەو شێوازانەی بەهۆیانەوە مرۆڤ چێژ وەردەگرێت. هەر مرۆڤێکیش شوێنی تایبەت بەخۆی هەیە. من ئێستا زۆر دڵخۆشم لەبەر ئەوەی کارکردن تایبەت بە کۆیلەکان نی یە. لەبەر ئەوەی ئەگەر بەو شێوەیە بوایە، من چێژی هەرە گەورەی ژیانی



Scanned by CamScanner

خۆم لەدەست دەدا. من چێژ لە زۆر شت وەردەگرم، بەڵام هیچیان بەئەندازەی کارکردن چێژبەخش نین"

شارۆنادا و هادان جۆلا بەژێر سێبەری شووره گەورەکاندا تێپەڕین بەرەو دەروازە گەورە برۆنزی یەکانی بابل دەڕۆیشتن. کاتێك نزیك بوونەوە، پاسەوانەکان وەك ڕێزگرتنێك لە پێگەی ئەو پیاوە مەزنە هەستانەوە سەر پێ. شارۆنادا بە سەربەرزی یەوە پێشڕەویی کاروانە درێژەکەی دەکرد.

لێرەدا هادان جۆلا ووتی: " هەمیشە ئارەزووی ئەوەم کردووە پیاوێك بم وەك باپیرەی خۆم، سەرەڕای ئەوەی هیچ کات نەمزانیوە ئەو چ جۆرە پیاوێك بووە. تۆ ئەوەت نیشانی من دا. ئەوەتا منیش تێگەیشتم، من ڕێزێکی زۆرم بۆ باپیرەم هەیە و پیێ ی سەرسام بووم. هەستدەکەم بڕیارم داوە وەك ئەو بم. مەترسی ئەوەم هەیە هیچ کات نەتوانم چاکەی ئەوەت بدەمەوە کە کلیلی ڕاستەقینەی سەرکەوتنت بە من نیشان دا. لە ئێستا بەدواوە من ئەو کلیلە بەکاردێنم. بە سادەیی دەست پێدەکەم، چۆن ئەو بەسادەیی دەستی پێکرد. بەوشێوازە سوودی زیاتر دەبینم نەوەك بە پۆشاکی جوان و گەوهەر و زێڕ"

ئینجا ڕاستەوخۆ هادان گوارەکانی و گوستیلەکانی لەخۆی کردنەوە. ئینجا ئەسپەکەی هێمن کردەوە و کەمێك دواکەوت، ئەمجارەیان بە ڕێزێکی زۆرەوە بەدوای سەرۆکی کاروانەکە بەڕێ کەوتەوە.



Scanned by CamScanner

# پوختەیەك دەربارەی شاری بابل

ئەگەر لاپەڕەكانی مێژووی كۆن هەڵدەیتەوە، هیچ شارێكی تر نابینیت بە ئەندازەی شاری بابل لە دەوڵەمەندی و گەشەسەندندا ژیا بێت. تەنیا ناوەكەی، دەبێتە هۆی ئەوەی زەنگینی و شكۆمەندی بەخەیاڵماندا بێت.گەنجینەكانی زێڕو گەوهەری ئەو شارە زۆر گەورە بوون. بەو شێوەیە لەوانەیە بێتە بەر چاومان ئەو شارە لە كەش و هەوایەكی كەمەرەیی و گونجاو بووبێت و بە سەرچاوە سروشتی یەكانی وەك دارستان و كانەكان دەوروە درابێت. بەڵام لە ڕاستیدا بەو جۆرە نەبووە. بەڵكو لەتەنیشت ڕوباری فوڕاتەوە بووە. هیچ كان و هیچ دارستانێكی لەنزیكەوە نەبووە و تەنانەت بەردیش لەو ناوچەیە نەبووە بۆ ئەوەی خانووەكانی پێ دروست بكەن. لەسەر ڕێگایەكی سەرەكی بازرگانیش نەبووە و بارانەكانیش بەئەندازەی پێویست نەبوون بۆ ئەوەی كشتوكاڵ بكەن.

بابل، نموونەیەكی ناوازەی توانای مرۆڤ بووە لەسەر بەدیهێنانی ئامانجە گەورەكان بەبەكارهێنانی هۆكارە بەردەستەكان. هەموو ئەو



Scanned by CamScanner

سەرچاوانەی پاڵپشتی ئەو شارەیان کردووە، لەدەستکردی مرۆڤ بوون.
هەموو سامانەکانیشی دروستکراوی مرۆڤ بوون.

بابل تەنیا دوو سەرچاوەی سروشتی هەبوون: زەوی یەکی بەپیت و ئاوی ڕوبار. لەیەکێك لە داهێنانە ئەندازەیی یەکانی ئەو سەردەم و هەموو سەردەمەکانی تر، ئەوە بوو کە ئەندازیارە بابلی یەکان توانیان لەڕێگەی دروستکردنی بەنداوو ڕێڕەوی ئاویی مەزنەوە، ڕێڕەوی ئاوی فوڕات بگۆڕن. بەهۆی ئەو ڕێڕەوە ئاوی یانەی لە ڕوبارەوە بەرەو ئەو دۆڵە هاتوون، ژیانیان کردۆتە بەر زەوی ناوچەکە. ئەو کارە، لەڕیزبەندی یەکەمی کارە ئەندازەیی یەکانی مێژوو دانراوە. لەئەنجامی ئەو پرۆژەیەی کە جیهان هاوشێوەی بەخۆیەوە نەدیوە، بەرهەمێکی کشتوکاڵی زۆری لێ کەوتۆتەوە.

مایەی خۆشبەختی بابل بووە کە بەدرێژایی مێژووی بابل، پاشا یەك بەدوای یەکەکانی، هێرشی وولاتەکانی تر بۆ سەر شارەکە بەلایانەوە تەنیا ڕووداوێکی لاوەکی بووە. سەرەڕای ئەوەی ڕووبەڕووی شەڕی زۆر بۆتەوە، بەڵام هەموو شەڕەکان لە سنووری بەرگریکردن بووە لەدژی ئەو هێرشبەرانەی چاویان بڕیوەتە گەنجینە ئەفسانەیی کانی. یاسا ناوازەکانی بابل بەهۆی دانایی و دادپەروەری پاشاکانی بەزیندویی لەمێژوودا ماونەتەوە. لەبابلدا هیچ پاشایەکی لەخۆبایی نەبووە هەوڵی داگیرکردنی وولاتانی تری دابێت.

دوای ئەوەی ئەو کۆمەڵە مرۆیی یە چالاکە کشاونەتەوە کە شارەکەیان دامەزراندووە و بۆ هەزاران ساڵ پارێزگاری یان لێ کردووە، لە ئێستادا



Scanned by CamScanner

تەنیا شوێنوارێك ماوەتەوە. شاری بابل کەوتبووە کیشوەری ئاسیا ڕاستەوخۆ لە باکووری کەنداوی فارسی و لە دووری ٦٠٠ میل لە خۆرهەلاتی نۆکەندی سوێس. ئەو شوێنە دەکەوێتە سەر هێلی پانی ٣٠ پلە لەباکوری هێلی کەمەرەیی زەویدا. واتە بە کردەیی دەکەوێتە سەر هەمان هێلی شاری (یۆما) ەویلایەتی ئیریزۆنا ی ئەمەریکی. هەمان ئەو کەش و هەوایە شێدارەی هاوشێوەی ئەو شارە ئەمریکی یەی هەبووە.

لە ئێستادا ئەو دۆڵەی کە دەکەوێتە تەنیشت ڕوباری فورات، بۆتەوە بیابانێکی ووشك لەدوای ئەوەی کە شوێنێکی کشتوکاڵی پڕ لەدانیشتوان بووە. هەموو شارە گەورەکان و ئەو کاروانە بازرگانی یە زۆرانە لەو ناوچەیەدا وون بوون کە کالآی گرانبەهایان دەگواستەوە. ئێستا تەنیا ئەو هۆزە هەرەبی یانە لەو شوێنەدا دەژین کە ژیانێکی سادە بەدوای مەڕو مالآتەکانیان بەرێ دەکەن. لەنزیکەی سەرەتای مێژووی هاتنە دونیای مەسیحەوە هەر بەو جۆرەیە کە ئێستا دەیبینین.

ئەو دۆڵە، بووە بە کۆمەڵە گردۆڵکەیەکی لمی پەرت و بلأو لەو ناوچەیە. بۆ ماوەی چەندەها سەدە گەشتیاران هەر بەو جۆرەیان بینیوە. بەلأم لە کۆتاییدا شوێنەکە سەرنجی شوێنەوارناسەکانی بۆلای خۆی ڕاکێشا، کاتێك هەندێك لە پارچە قرمیدی شکاو پارچە گۆزە، لەئەنجامی باران بارین و داخزانی گردۆڵکەکان دەرکەوتن. لەدوای ئەوە چەند تیمێکی زانستی ڕەوانەی شوێنەکە کران و لەژێر سەرپەرشتی مۆزەخانە ئەورووپی و ئەمریکی یەکان کرداری گەڕان بەدوای شوێنەوارەکە دەستی پێکرد. بەخێرایی و بەهۆی ئامێرە تایبەتی یەکانی گەڕان بەدوای شوێنەوار،



Scanned by CamScanner

دەرکەوت ئەو گردۆڵکانە لەبنەڕەتدا چەند شارێکی کۆنن، بەتێپەڕبوونی کات شوێنوارەکانیان کەوتوونەتە ژێر گڵ.

بابل یەکێك لەو شارانەیە کە بۆ ماوەی نزیکەی بیست سەدە بەردەوام بەهۆی گەردەلوول و ڕەشەباکان، لمی بیابانی بەسەرداکراوە. هەروەها، هەر بەشێکی شوورەی شارەکە لەسەر زەوی مابێتەوە بە تێپەڕبوونی کات ڕوخاوە و بۆتەوە گڵ، کە لەبنەڕەتدا لە قرمید دروست کراوون. لە ئێستادا حاڵی بابل بەو شێوەیە، دوای ئەوەی ڕۆژانێك دەوڵەمەندترین شارەکانی جیهان بووە. گردۆڵکەیەك لە پاشماوەکان کە بۆ چەندەها سەدە بێ ژیان ماوەتەوە و تەنانەت ناویشی نەزانراوە، تا ئەو کاتەی لەڕێگەی لادانی ئەو لمەی لەو ماوەیە زۆرەدا بەسەر کۆشك و شەقامەکانیدا نیشتووە، دۆزراوەتەوە.

زۆربەی زانایانی شوێنەوار، شارستانی یەتی بابل و ئەو شارانەی لەو دۆڵەدا بوون بە کۆنترین شارستانی جیهان دەناسێنن. چەندین بەڵگەی یەکلاکەرەوە هەن دووپاتی ئەوە دەکەنەوە کە مێژووەکەی بۆ هەشت هەزار ساڵ بەر لە ئێستا دەگەڕێتەوە. ڕاستی یەکی سەرنجڕاکێش، لە سەبارەت بە چۆنیەتی دەستنیشانکردنی ئەو مێژووە هەیە. لە شوێنەوارەکانی بابلدا، وەسفی خۆرگیرانێك دۆزراوەتەوە کە لەو سەردەمەدا ڕوویداوە. زانایانی فەلەکناسی ئێستا زۆر بە ئاسانی ئەو ساتە وەختەیان دۆزیوەتەوە کە ئەو خۆرگیرانە لەبابل ڕوویداوە. ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی پەیوەندی لەنێوان ڕشۆژژمێری ئەو کات و ئێستا بدۆزنەوە.

بەو شێوازە، توانیمان بیسەلمێنین کە ٨ەشت هەزار ساڵ بەر لە ئێستا سۆماریەکان، کە لە ئیمپراتۆریەتی بابل نیشتەجێ بوون، لەو شارانە ژیاوون کە شوورەیان هەبووە. مرۆڤ دەتوانێت بیخەملێنێت ئەو جۆرە شارانە چەند سەدە ژیاوون. دانیشتوانی ئەو شارانە کەسانی زانا بوون و تا ڕادەیەك ڕۆشنبیر بوون. هەروەك مێژوو باسیان دەکات زانای ئەلەکناس و ئەندازیاریان هەبوون. هەروەها پێشینەی زانایانی بیرکاری و سەرمایەدارەکانی مێژوو بوون. هەروەها یەکەمین گەل بوون زمانێکی نوسراویان هەبووبێت.

پێشتر ئامارەمان پێدا کە سیستمێکی ئاودێری یان پەرەپێداوە و ئەو دۆڵەی کردۆتە بەهەشتێکی سەووز. پاشماوەی ئەو ڕێڕەوە ئاوی یانە تا ئێستاش بەرچاوون سەرەڕای ئەوەی بە لم داپۆشراوون. هەروەها هەندێك لەو ڕێڕەوانە بەجۆرێك فراوانن کە لەگەورەترینی ڕێڕەوەکانی ویلایەتی کۆلۆرادۆ و ئۆتاوای ئەمەریکی گەورەترن.

سەرەڕای ئەو کارەی ئەندازیارانی بابل ئەنجامیان داوە لە بەراوکردنی زەوی یەکانی ئەو دۆڵە، پرۆژەیەکی تریشیان بەو گرینگی یە ئەنجام داوە. بەبەکارهێنانی هۆکارەکانی سیستەمە فراوانەکانی لادانی ئاو، لەناوچەی بەیەکگەیشتنی هەردوو ڕوباری دیجلە و فورات توانیویانە پانتایی یەکی نلدی زۆلکاوەکان بۆ کشتوکاڵ بەکاربێنن و بیخەنە ژێر دەسەلآتی خۆیان.

مێژوونووسی یۆنانی (هیرۆدۆت)، لە لوتکەی گەشەسەندنی بابلدا توانیویەتی سەردانی ئەو شوێنە بکات. جگە لە هاووڵاتیانی بابل، ئەو مێژوو نووسە تاکە کەسێکی بیانی یە کە وەسفێکی زیندوی ئەو شارە و



Scanned by CamScanner

نەریتە تایبەتی یەکانی دانیشتوانەکەی کردبێت. هەروەها ئاماژەی بە بەرهەمەکانی گەنم و جۆی ئەو زەوی یە بەپیتەی شوێنەکە کردووە.

سەرەڕای ئەوەی مەشخەڵی شکۆ و ناوبانگی دانیشتوانی بابل لە ئێستادا کوژاوەتەوە، بەڵام حیکمەتەکانیان بۆ ئێمە ماونەتەوە. ئێمە قەرزاری شێوازی تۆمارکردنی زانیاری ئەوانین. لەبەر ئەوەی لەو سەردەمە دێرینەدا پیشەسازی کاغەز بوونی نەبووە. بەڵام لەجیاتی ئەوە، نووسینەکانیان لەسەر تابلۆ قوڕینەکان هەڵکەندووە. ئینجا دوای ئەوە لەناو کوورەکاندا سووریان کردۆتەوە بۆ ئەوەی ببێتە قرمیدێکی ڕەق. تابلۆکان شێوەی لاکێشەیان هەبووە، درێژی ئەو تابلۆیانە نزیکەی هەست ئینج و انی یەکەشیان شەش ئینج بووە، ئەستووریشیان تەنیا یەك ئینج بووە.

ئەو تابلۆ قوڕینانە،—هەروەك خۆیان ناویان ناوە— بەهەمان شێوەی بەکارهێنانی ئێمە بۆ هۆکارە تازەکانی نووسین، زۆر بەکارهاتووە. لەسەر ئەو تابلۆیانەدا، ئەفسانەکان، و شیعر، و مێژوو، و فەرمانە میری یەکان، و بەڵگەنامەی خاوەندارێتی، و کومپیالە و تەنانەت ئەو نامانەشیان لەسەر نوسراونەتەوە کە لەڕێگەی پۆستەچی شارە دوورەکان گوازراونەتەوە. لەڕێگەی ئەو تابلۆ قوڕینانەوە، زانیاری تایبەت بە ژیانی ئەوان بەئێمە گەیشتووە.بۆ نموونە، یەکێك لەو تابلۆیانە تۆماری تایبەت بە یەکێك لە بازرگانەکانی ئەو شارەیە. تیایدا نوسراوە: کڕیارێك مانگایەکی هێناوە و بە حەوت کیسە گەنم ئاڵوگۆڕی پێ کردووە، سێ دانەیان لەهەمان کاتدا



Scanned by CamScanner

پادەست کراوون و چوار دانەکەی تر به ئارەزووی کڕیارەکە بۆ کاتێکی تر لەلای ماونەتەوە.

زانایانی شوێنەوارناس، چەندین کتێبخانەی تەواویان دۆزیوەتەوە، کە هەزاران تابلۆی لەو جۆرەیان تێدابووە و لەشوێنێکی پارێزراوی ئەو شارانەدا حەشاردراوون.

هەروەها ئەو شوورە مەزنانەی دەوری هەریەك لەو شارانەیان داوە، یەکێکن لەو سەمەرانەی لە شوێنەکەدا هەن. زانایان، هەرەمی گەورەی میسریان بە یەکێك لە حەوت سەمەرەکانی جیهان داناوە. بۆ جاری یەکەم، شوورەکانی بابل لەسەرەتای مێژووی ئەو شارەدا لەلایەن (سەمیرەمیس)ەوە دروستکراوون. بەڵام ئامێرە تایبەتەکانی هەڵکەندن و گەڕان بەدوای شوێنەوارەکان، لەتوانایاندا نەبووە هیچ شوێنەوارێکی ڕەسەنی ئەو شوورانە بدۆزنەوە. بەهەمان شێوە زانایان نەیانتوانیوە بە وردی بەرزایی ئەو شوورانە دەستنیشان بکەن، بەڵام بە نزیکەی پەنجا تا شەست پێ مەزەندە کراوە و دەووترێت لە ڕووی دەرەوە بە قرمید داپۆشراوە و جگە لەوەش کەندێکی پڕ لەئاو بەدەوریدا دروستکراوە.

بەڵام ئەو شوورانەی لەدوای ئەوانەی پێشوو دروستکراوون و زۆر بەناوبانگن، شەش سەد ساڵ بەر لە هاتنی مەسیح، لەلایەن ( نەبوبوولاسر) دروستکراوون، بەڵام بەر لە تەواوکردنی ئەو شوورانە، مردووە، و لەدوای ئەو لەلایەن (نەبووخوزنەسەر) تەواو کراوون، ئەو پاشایەی کە لەمێژوودا ناوبانگی زۆری هەیە.



Scanned by CamScanner

بەرزی و درێژی ئەو شوورانە بەجۆرێکن باوەڕناکرێن. سەرچاوەیەک دەڵێت بەرزی یەکەی نزیکەی سەد و شەست پێ بووە، واتە بەئەندازەی باڵەخانەیەکی پانزە نهۆمی ئەو سەردەمەی ئێستامان بووە. هەروەها درێژی ئەو شوورەیە بە نزیکەی نۆ تا پانزە میل مەزندە کراوە. هەروەها لوتکەکەی بەئەندازەیەک پان بووە کە گالیسکەیەک بەسەریدا ڕۆیشتووە کە لەلایەن شەش ئەسپەوە ڕاکێشراوە. لەو شوورە و کۆشکە مەزنانە، لە ئێستادا تەنیا هەندێك بەشی ژێرەوەی شوورەکان و هەندێك لەکەندە ئاوی یەکان ماوون. جگە لە کاریگەری یە سروشتی یەکانی وەك ڕەشەبا و گەردەلوول و تێپەڕینی زەمەن بەسەر ئەو شوێنەوارەدا، عەرەبەکان لەڕێگەی هەڵکەندنی بەردی شوورەکان و بەکارهێنانەوەیان، زیانێکی زۆریان بەو شوێنەوارە گەیاندووە.

ژمارەیەکی زۆر لە سوپا داگیرکەرەکان، لەو سەردەمەی کە بەسەردەمی داگیرکردن ناسرابوو، بەرەو شوورەکانی بابل هێرشیان کردووە. زۆر لە پاشاکان گەمارۆیان خستۆتە سەر بابل، بەڵام هەمیشە شکستیان هێناوە، هەرچەندە سوپاکانی ئەو کات گاڵتەیان پێ ناکرێت.لالەبەر ئەوەی هەندێك لە مێژوونووسان دەڵێن ئەو یەکە سەربازی یانە لە دە هەزار سوار و بیست و پێنج هەزار گالیسکەی جەنگی و هەزار و دوسەد پۆلی سەربازی پیادە پێکهاتوون کە هەر پۆلێك لە هەزار سەربازی پیادە پێکهاتوون. هەر هێرشێکی لەو جۆرە پێویستی بە سێ ساڵ هەبووە بۆ ئەوەی ئامادەکاری بۆ بکرێت و پێداویستی یەکانی جەنگ و خۆراکی بۆ دابین بکرێت.



Scanned by CamScanner

لەسەردەمی خۆیدا شاری بابل بەجۆرێك ڕێك خرابوو كە زۆر لە پێكخستنی شارەكانی ئێستا چووە. شەقام و كۆگای تێدابووە. فرۆشیاری گەڕیدە، كالاكانیان لە شوێنە پڕ لەدانیشتوانەكان نمایش كردووە. لەناو شاریشدا، شوورەیەك هەبووە كۆشكەكانی پاشایەتی دەوردراوە. دەوونرێت ئەو شوورانەی بەدەوری ئەو كۆشكانەوە بوون، لەوانە بەرزتر بوون كە لەدەوری شارەكە دروست كرابوون.

بابلیەكان لە زۆربەی هونەرەكاندا كارامە بوون. لە هونەری وێنەكێشان و هەڵكەندن، پیشەسازی چنین، پیشەسازی زێڕ و هەروەها پیشەسازی چەك و كانزا و ئامێری كشتوكاڵیدا شارەزایی زۆریان هەبووە. زێڕینگرەكان جوانترینی خشڵ و گەوهەریان دروستكردووە. ژمارەیەكی زۆر لەو گەوهەرە هونەری یانە لەناو گۆڕی دەوڵەمەندەكاندا دۆزراونەتەوە وئێستا لە مۆزەخانە جیهانی یەكاندا نمایش دەكرێن.

لەسەردەمێكی زۆر دێرینی مێژوودا، ئەوكاتەی لەشوێنەكانی تری جیهاندا خەڵكی داریان بە تەورە بەردینەكان دەبڕی یەوە، شەڕكردن و ڕاویان بەوتیرانە بوو كە لە ئێسقان دروست كرابوون، بابلی یەكان تەور و تیری كانزایی یان بەكارهێناوە.

بابلی یەكان سەرمایەدار و بازرگانی ناوازە بوون. بەپێ ی زانیاری یەكانی ئێمە، ئەوان داهێنەری دراو بوون بۆ ئەوەی لەجیاتی ئالوگۆڕكردنی كالاكان بەكاری بێنن. هەروەها سەرەتا ئەوان كومپیالە و بەڵگەنامە نوسراوەكانیان بەكارهێناوون.



Scanned by CamScanner

هیچ کات هیچ سوپایەك دەستی بەسەر بابلدا نەگرتووە تاوەکو پێنجسەد و چل ساڵ بەر لە هاتنی مەسیح. تا ئەو کات شوورەکانی بابل بەرگریان لەو شارە کردووە. کەوتنی بابل، یەکێکە لە چیرۆکە هەرە سەرسوڕهێنەرەکان. (سایرس)، کە لەو سەردەمەدا یەکێك لە پاشا هەرە سەرسەختەکان بووە، بڕیاری داوە هێرش بکاتە سەر ئەو شارە بەو هیوایەی دەست بەسەر شوورەکانیدا بگرێت. (نبونیدۆس)، کە پاشای بابل بوو، پەیڕەوی ئامۆژگاری ڕاوێژکارەکانی کرد کە لەناو بابل چاوەڕێ نەکات و لە شوێنێکی دووری دەرەوەی بابل هێرش بکاتە سەر سوپای (سایرس). بەڵام دوای ئەوەی سوپای بابل بەتەواوی تێکشکا، (سایرس) بەدەروازە کراوەکانی بابلدا چووە ژوورەوە و بەبێ بەرگری دەستی بەسەردا گرت.

لەوکات بەولاوە، هێز و شکۆی بابل بەرە بەرە کەم بووەوە، تاوەکو لەکۆتاییدا و لەماوەی چەند سەدەیەکدا، بە چۆڵی و بەبێ دانیشتوان، بەهۆی گەردەلوول و ڕەشەباو باران، جارێکی تر لەژێر بیاباندا نقووم بوو. ئەو بیابانەی لەبنەڕەتدا سەرچاوەی شکۆمەندی ئەو شارەبوو. بابل کۆتایی هات، جارێکی تریش ناگەڕێتەوە. بەڵام شارستانیەت، زۆر قەرزاری بابلە.

زەمەن، شوورە مەزنەکانی بابلی سڕی یەوە، بەڵام حیکمەت و فەلسەفەی ئەو شارە، دەمێنێتەوە و ناسڕێتەوە.

((پێکەوتنامە))



Scanned by CamScanner

GEORGE S.CLASON

# RICHEST MAN IN BABYLON

(ئاخۆ دەبێت کتێبێك لە بیستەکانی سەدەی ڕابردوو نوسرابێتەوە، سەبارەت بە داهاتە داراییەکان چی پێشکەش بە وەبەرهێنەرەکانی ئەو سەردەمە بکات؟ بێ گومان زۆر پێشکەش دەکات. لەبەر ئەوەی ئەو کتێبە لە کۆمەڵێك بەسەرهات و چیرۆك پێکهاتووە کە لەلایەن (جۆرج کلارسۆن) نوسراونەتەوە و تیایاندا بنەما سەرەکییە داراییەکان دەخاتە ڕوو. بەڕاستی ئەو کتێبە، دیارییەکی ناوازەیە بۆ هەموو کەسێك، بۆ ئەوەی لە بواری ئابووریدا شارەزایی پەیدا بکات.

(لۆس ئەنجلۆس تایمز).

ئەوە داهاتووی تۆیە لەبەردەمت ڕاخراوە، بەچەشنی ڕێگایەك بەرەو زەوی یەکی فراوان. هەست دەکەیت بەدرێژایی ئەو ڕێگەیە بە ئاواتی ئەوەیت چەندین هیوا بەدی بێنیت و چەندین ئارەزوو تێر بکەیت.

بۆ ئەوەی ئەو هیواو ئارەزووانەت بەدی بێنیت، پێویستە لەمامەڵەکردن لە گەڵ ساماندا سەرکەوتوو بیت. ئەو بنەمایانە بەکار بێنە کە لە لاپەڕەکانی داهاتوودا باسکراوون. ڕێگە بۆ ئەو بنەمایانە خۆش بکە تاکو لە گیرفانە بەتاڵەکان ڕزگارت بکەن، و بەرەو ئەو ژیانە پڕ لە پیت و کامەرانییە ئاڕاستەت بکەن، کە گیرفانە پڕەکان لەتوانایاندا هەیە بەدی بهێنن.

یاساکانی سامان و دارایی، یاساگەلی جیهانین و بەهەمان شێوەی یاسای کێشکردنی زەوی نەگۆڕ و جێگیرن. هیوادارم ئەو یاسایانە، بیرکردنەوەیەکی جێگیر لای تۆ دروست بکەن، بۆ ئەوەی گیرفانێکی پڕت بۆ مسۆگەر بکەن و لەڕووی داراییەوە بەرەو پێشەوە هەنگاو بنێیت.

لە بڵاوکراوەکانی خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما

Scanned by CamScanner